# ئایەتە شەیتانییەکان

سەلمان ڕوشدی

وەرگێڕانی: شێروان فەتاح



**پێناسی کتێب**

- ناوی کتێب: ئایەتە شەیتانییەکان
- نووسینی: سەلمان روشدی
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێروان فەتاح
- خوێندنەوەی دەق: هیوا کوردۆ
- بابەت: رۆمان
- تیراژ: 1000 دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- شوێن و ساڵی لەچاپدان: سلێمانی – کوردستان 2011

## ئەم كتێبە

ئايەتە شەيتانيەكان رۆمانێكە لە نووسينى نووسەرى بەريتانيى بەرەچەڵەك هينديى سەلمان روشدى يە. يەكەمجار لە 26ـى سيپتەمبەرى ساڵى 1988 لە شارى لەندەن بلاَوكرايەوە، پاش 9 رۆژ لە دەرچوونى ئەم كتێبە هيندستان رێى لە هاتنەوەى سەلمان روشدى گرت، ئەو چاپو پەخشەيش كە ئەم كتێبەى چاپكرد هەزاران نامەو پەيوەندى تەلەفونيى هەرەشە بۆهات. هەريەك لە بەنگلادشو سودانو باشورى ئەفريقياو كينياو سريلانكاو تايلاندو تنزانياو سەنگافۆرە كتێبەكەيان قەدەغەكرد، لە هەريەك لە ئيسلام ئابادو لەندەنو تارانو بۆمباىو دەكاو ئەستەنبولو خەرتومو نيويۆركيش خۆپيشاندان لەدژى ئەنجامدرا. لەميانەى ئەم نارەزايى دەربرينەدا دوو رووداوى ديار روويداندا كە سەرنجى هەموو جيهانيان بەلاى خۆياندا راكێشا، يەكەميان لە 14ـى يەنايەرى 1989ـدا لە شارى برادفۆرى ئينگلتەرا ژمارەيەكى زۆر لەم كتێبە سوتێنرا، دووهەميان لە 14ـى فبرايەرى 1989ـدا خومەينى بە فەتوايەك خوێنى سەلمان روشدى حەلاَڵكرد، ئەم دوو رووداوە سەرنجى راگەياندنەكانى رۆژئاواى بەلاى خۆيدا راكێشا.

ئەوەى لەم كتێبەدا موسوڵمانانى بێزاركرد بەشى دووەمى رۆمانەكەيە، نووسەريش لە نووسينى ئەم بەشەيدا پشتى بەو دوو سەرگوزەشتەى پێغەمبەر بەستوە كە ئيبن ئيسحاقو تەبەرى دەيگێرنەوە. ئيبن ئيسحاق دەڵێت لەميانەى دابەزينى سورەتى (نجم)ـدا شەيتان دەچپێنێ بە گوێى پێغەمبەرداو ئەم ئايەتانەى بۆ زياد دەكات: "تلك الغرانيق العلى وان شفعاتهن لترتجى" مەبەست لە ئايەتى 18 و 19ـى سورەتى نەجمە كە

دەڵێت "أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزّى، وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى، أَلَكُمُ الذّكَرُ وَلَهُ الْأُنْثَى". بەپێی سەرگوزەشتەکە دەوترێت لەدوای ئەم ئایەتانە شەیتان ئەم وشانە دەچپێنێت بەگوێیدا "تلك الغرانيق العلى وان شفعاتهن لترتجى" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە قورئاندا بە باش ناوی بتەکان هێنراوە، دەوترێت پێغەمبەر هەوڵیداوە بەم ئایەتانە ناکۆکی نێوان خۆیانو دانیشتوانی مەککە کەمبکاتەوە، تەنانەت هەندێ لەو موسوڵمانانەی لە ترسی داپڵۆسینی دانیشتوانی مەککە هەڵهاتبوون بۆ حەبەشە، لەدوای ئەمە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە.

## گرنگی وەرگێڕانی ئەم کتێبە

مەبەستی سەرەکی لەپشتی وەرگێڕانی ئەم کتێبە ئەوەیە خوێنەری کورد ئاشنای ئەم ڕۆمانە ببێت، چونکە تائێستا خوێنەری کورد ئەم کتێبە ناناسێت، تەنانەت هەندێ کەس نازانن ئەم کتێبە ڕۆمانە، هەندێك پێیانوایە دەقێکی ڕەخنەییە، هەندێکی تر وایبۆدەچن ئایەتەکانی قورئانەو دەستکاری کراوە. ئامانجی منیش ئەوەیە خوێنەری کورد – بەوانەشی کە لەدژی ئەم کتێبەن– بیخوێننەوەو لە چییەتی ئەم کتێبە تێبگەن، ئەوجا بڕیاری خۆیانی لەسەر بدەن. ئێمە ئەگەر لەدژی شتێك بین نابێ لەخۆڕا لەدژی بین، دەبێ لەنزیکەوە بیناسین ئەوجا لەدژی بووەستین. بۆیە تەنها ئامانجی من لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە ئەوەیە هەمووومان پێکەوە ئەم کتێبە بناسین.

وەرگێڕی کوردی

## بەشی یەکەم

پێش بەرەبەیانی رۆژێکی گەردەلولاوی لە رۆژەکانی کانوونی دووەم، کە رەنگە رۆژی سەری سالێش بووبێت. فڕۆکەی (بوستان) لە مۆدێلی (جامبۆ جێت)، لە گەشتی ژمارە (ئەی.ئەی. 420) کە لە هیندستانەوە بۆ بەریتانیا بەڕێکەوتبوو، کەوتەخوارەوەو تەقییەوە. بەسەر ناوچەی نۆکەندی ئینگلێش لە نزیك لەندەن پەرش‌و بڵاو بوویەوە، بە بەرزییەکی زۆرەوە کە خۆی دەدا لە (29002) پێ.

لەم نێوانەدا، بەنێو ئەو هەوا ساردەی کە سەرەپارچەکانی فرۆکەکەو پارچەی سەرنشینەکانی وەك باران دەهاتنەخوارێ، دوو پیاو لە سەرنشینەکانی فڕۆکەکە دەفڕین، لەکاتێکدا تووشی دۆخێك بووبوون لە خەونی هەڵێتوپەڵێت دەچوو.

ئەم دوو پیاوە بریتی بوون لە فریشتە جوبریل کە ئەکتەرێکی ناوداری سینەمابوو لەگەڵ سەلاحەدین چمچا کە ئەکتەرێکی بەریتانی بە رەچەڵەك هیندی بوو.

لەم خەونە هەڵێتوپەڵێتانەدا کە رەنگە جۆرێك بووبێت لە (زڕەخەو)، فریشتە جوبریل بەدەم کەوتنەخوارەوەوە هەڵدەبەزییەوە. لەو کەش‌وهەوا بەستێنەرەدا هاواری دەکردو ستڕانێکی بێ مۆسیقای دەهۆنییەوە، لەخۆوە وشەی دەلکاند بە کلکی وشەوەو بەدەنگی بەرز دەیوت:

ئەگەر بتەوێت سەرلەنوێ لەدایکببیتەوە..

ئەوا سەرەتا دەبێت بمریت..
وەگەر بتەوێت بەسەر سنگ‌و بەرۆکی زەمینەوە بنیشیتەوە..
ئەوا سەرەتا دەبێ بفڕیت..
چۆن دەتوانیت زەردەخەنە بزربووەکەت بگێڕیتەوە..
بەرلەوەی تاڵی گریان بناسیت..
ئەی چۆن بەڕێزم بە نزیکبوونت لە یار خۆشحاڵ بیت..
ئەگەر پێشتر ئاهی تەنیایی‌و جودایت نەچەشتبێت؟
ئەگەر بتەوێ سەرلەنوێ لەدایك ببیتەوە..

سەڵاحەدین چمچایش کە لە نزیکیەوە سەراوپشت دەکەوتەخوار چاکەتێکی خۆڵەمێشی لەبەردابوو، هەردوو قۆڵی بەتوندی گیراندبووە لاتەنیشتی جەستەی، کڵاوێکی رەشی بازنەییشی لەسەردابوو کە دیمەنێکی ناقۆڵای پێبەخشیبوو. بە تورەیی وەڵامی ئەدایەوە: "خۆت‌و گۆرانیەکەت برۆنە ئامێزی شەیتانەوە، لە فیلمە سینەماییەکاندا لە پشتی سترانبێژە راستەقینەکانەوە دەوەستایت‌و واخۆت نیشان ئەدا کە تۆ گۆرانیەکە دەبێژی، وەکو وابێ ئەم دەنگە نەفرەتیەی خۆت بۆ ئەوە هێشتبێتەوە کە ئێستا بە گوێی منیدا بدەیت..".

فریشتە جوبریل بە خۆشحاڵییەوە لێی نزیکدەبوویەوە، لەکاتێکدا خۆی دەخستە چەند بارێکی گاڵتەئامێزەوەو پێیدەوت: "ئۆو، ئازیزم سەڵاح، ئەمە تۆی؟ زۆرباشە پیرە چمچا".

درێژە بە قسەکانی دەدات‌و دەڵێت: "هێی دەبەنگ، ئەوەتا ئێمە بەسەر لەندەنی شاجوانەوەین، ئەو نەفرەتییانەی ژێرەوەشمان ناتوانن بزانن چی روویدا. نازانن کە ئایا ئەم شتەی بەسەریاندا دەکەوێتەخوارێ ئەستێرەی کلکدارە یان هەورە

بریسکەیە یان نیعمەتێکی خواییە، ئەی هاوار، چ جۆرە دەستپێکێکە بۆ ساڵی نوێ؟ سوێند دەخۆم کارەساتێکی گەورە دەبێت". لەو ساتەداناڵەی تەقینەوەی فڕۆکەکە دەبیسترێت، دوابەدوای ئەوە شتگەلێکی هاوشێوەی ئەستێرەی وردووخاشبوو بڵاودەبێتەوە. سەرەتایەکی گەردوونیی نوێ، دەنگۆیەکی بچووککراوەی لەدایکبوونێکی ئەزەلی خۆنوێکار. فڕۆکەکە لە ناوەڕاستدا دەبێت بەدوو لەتەوە، وەك چۆن تۆوی گیایەك دووکەرت دەبێ‌و گۆپکە دەکات، یان وەك هێلکەیەك ژیانێکی پەنهان هەڵدەهێنێت.

پاڵەوانانی ئەو دیمەنەش جوبریلی قەڵمبازی فێڵباز بوو، لەگەڵ ئەو بەڕێزە چاکەتلەبەرەی ناوی سەلاحەدین چمچایە، هەردووکیان وەك ستووی جگەرەیەکی بێکەڵك دەکەوتنەخوارێ، لە هەموو لایەکەوە سەرەپارچەو کەلوپەلی فڕۆکەکەو پارچەی سەرنشینەکانی چواردەوری دابوون.

جوبریل‌و سەلاحەدین بەهۆی تەقینەکەوە نەختێك تووشی شۆك بووبوون. سەلاحەدین، هەروەك چۆن کۆرپە سەراوپشت لە منداڵدانی مێینەدا دێتەدەر، ئەویش بەو جۆرە دەکەوتەخوار. جاڕس‌و بێزار بوو لەوەی جوبریل ڕازی نەبوو بەو شێوەی ئەو بکەوێتەخوار، فریشتە جوبریل بەهەر چوار پەلییەوە پێشوازی لە هەوا دەکردو لەئامێزی دەگرت.

لەم نێوانەداو لەژێریانەوە ناوبەناو ناوچەی نۆکەندی ئینگلش دەردەکەوت، لەکاتێکدا هەورەکە خەریکبوو دەڕەوی‌و شەپۆلەکانیش هێواش هێواش دەیانبەست. ئەو دەنگ‌و هات‌وهوریای کە لە فریشتە جوبریلەوە دەهات بەڕێز سەلاحەدین چمچای بێزارکرد، بۆیە بە چەند هۆنراوەیەك وەڵامی دایەوە کە گوایە هی خۆیەتی. بەڵام ئەوەی فریشتە لە ئاسمانی تاری ئەو شەوە تاریکەدا گوێی

لێبوو، هیچ نەبوو جگەلە گۆرانییەکی کۆنو پارچە هۆنراوەیەکی ونبووی بەڕێز (جێمس تۆمسۆن) کە لەنێوان سالآنی (1700 – 1748) نووسیبووی. بەمجۆرە دەیهۆنیەوە: "بە فەرمانی خوایی، چمچا گەرووی سەربەست کردو دەستیکرد بە وتنی گۆرانی، لەکاتێکدا لێوەکانی کرژ بووبوو، بەهۆی سەرماوە رەنگی سورو شین هەلگەڕابوو، پاشان، هێندەی پێنەچوو هەستایەوەو، لە دەریای لازوردی هاتەدەر". فریشتە ترسا کاتێك گوێی لەو هۆنراوەیە بوو، بۆیە بەدەنگی بەرز کەوتە گۆرانی وتن: "ئاه، با پێلآوی ژاپۆنیو پانتۆلی ئینگلیزیم لەبەردابێ، با کلآوێکی سوری روسیم لەسەردابێ، بەلآم سەرەڕای ئەوانەش، دلّم هەر هیندستانییە". ئەم وشانەی بە ئینگلیزی دەدرکاند، وەك رێزدانانێك بۆ ئەو ولآتەی خەریکە دەبێتە میوانی.

ئەو گۆرانی گۆڕکێی نێوانیان، یان ئەو دۆخە هەلّێتوپەلّێتەی بەهۆی تەقینەکەوە تووشی بووبوون، هەرچۆنێك بێت ئەم دوو پیاوە (سەلآح جوبریل) و (فریشتە چمچا) لە چارەیان نووسرابوو تووشی ئەو کەوتنەخوارەوە فریشتەییە شەیتانییە بێکۆتاییە ببن، کەسێکیان لەبیری نەمابوو لە چ ساتەوەختێکەوە ئەم بەدگۆڕانە دەستپێکردووە.

وتت بەدگۆڕان؟ بەلّێ بەڕێزم! بەدگۆڕانێکی شپرزەی بێ هۆو بێ ئامانجیش نەبوو. چمچای سالارو سەنگین چاوی بەو راستییەدا هەلّهێنا. فریشتە جوبریلش بە کراسە قرمزیە تەنگەکەیەوە، کە بەنێو هەورەکەدا مەلەی دەکرد، نزیکببووەوە لە چمچا، خەریکبوو هاواری لێبکاتو بلّێت: لێم نزیك نەبیتەوە، دەی برۆ دووربە لێم، بەلآم هیچی بۆ نەوترا چونکە چمچا نەیهێشت ئەو وشانە بدرکێنێت، لەبری هاواریش، بالّەکانی کردەوە بەجۆرێك رێی بە فریشتەدا بە نێویدا تێپەڕێت، ئەمە

وایکرد سەری هەریەکیان بەرەورووی قاچی ئەوی تریان بێتەوە، بەمجۆرە تەپاوتلیان ئەدا، وەك ئەوەی دوچەرخەیەکن‌و بەرەو لێژایی ئەو تونێلـە دەچـن کـە دەیانبـات بۆسەر زەمینی شتە سەیرو سەمەرەکان. بەمـشێوە بـەردەوامبوون لـە نیـشتنەوە تـا گەیشتنە ناوچەی پەڵە هەورە سپییەکان کـە هـەرجارەو وێنەیـەکی تیـا دەبـوو بـە وێنەیەکی تر: دەمێك خواوەندی تیادەبوو بە گـا، دەمێـك ئـافرەتی تیـا دەبـوو بـە جاڵجاڵۆکە، دەمێکی تر پیاوی تیا دەبوو بە گورگ، هەندێ پەڵـە هـەوری تـریش لەشێوەی گیانلەبـەری چـەپخونو دوورەگ دەردەکـەوتن، یـەکێکیان لەشـێوەی گوڵێکی زەبەلاح بوو مـەمکی ئـافرەت بـە قەدەکەیـەوە شـۆڕبووبووەوە، شـێوەی یەکێکی تریان لە پشیلەی باڵدار دەچوو، چمچا لە دۆخێکی نیمچە بێهۆشدا بوو، هەستی دەکرد ئەویش لەگەڵ فریشتەدا کە قاچی لە ملە ئەرسـتۆکراتییەکەی ئـەم ئالاندووە بۆتە هەورێکی دوورەگ. ئەگەرچی فریـشتە کـاتی ئـەوەی بۆنەڕەخـسا هەست بەو گۆڕانکاریە فەسلەجیە بکات، بەڵام خێوی ژنێکـی جـوانی بینـی، کـە "ساری"[(2)]ـیەکی هیندی لەبەردابوو، بە هەردوو رەنگی سەوزو ئاڵتونی چـنرابوو، لوتیشی بە ئەڵماسێکی پرشنگدار رازاندبووەوە، لەکاتێکدا دیوی دەرەوەی پرچـی بە ماددەیەکی بریقەدار وەستاندبوو تاوەکو بەو بەرزاییەوە "بـا" نەیـشێوێنێت. ئـەم ئافرەتە بەسەر قاڵییەکی باڵگرتووەوە رەپ دانیشتبوو، ئەم ئافرەتەش کەسی تر نەبوو جگەلە "ریخا میرسانت".

جوبریل سڵاوی لێکردو لێی پرسی: "داخۆ رێگات بەرەو بەهەشت لێونبووە؟ یان چی روویداوە؟" بە لەرزۆکی‌و لە ترساندا نوکەپێی هاوییە چمچا. ئەویش هاواریکردو وتی: "ئەوە چییە بۆ خاتری دۆزەخ؟". جوبریل پێیوت: "ئەو ژنە

---

(2) ساری: پۆشاکێکی هیندییە. وەرگێڕی کوردی

نابینیت؟ یان ئەو قاڵییە باڵگرتووەی ژێری، ئەو نەفرەتییە نابینیت؟". دەنگی ژنەکە کە بە چپە قسەی بۆدەکرد، کەوتە بەرگوێیو وتی: نەخێر باجیۆ، چاوەڕوانی ئەوەی لێمەکە بە بەڵێ وەڵامت بداتەوە، چونکە جگەلە تۆ کەسی تر نامبینێت، من تەنها بۆ چاوانی تۆ دروستبووم.

جوبریل دووبارە کەوتە هاوارکردن بەسەر چمچاداو وتی: "پێمبڵێ دەبەنگ! دەتوانیت ئەو ژنە ببینیت یان نا؟" بەڵام سەلاحەدین نە گوێی لە هیچ بوو نە هیچیشی دەبینی، بۆیە هیچ وەڵامی نەدایەوە، جوبریل بە تەنها خۆی رووبەڕووی ئەو ئافرەتە دەبوویەوە. هەوڵیدا کۆتایی بە دۆخی هەبوونی ئەو ئافرەتە بهێنێتو پێیوت: "نەدەبوو ئەمەت بکردایە" ژنەکەش وەڵامی دایەوە: "نەخێر بەڕێزم، ئەوە گوناهە، شتێکی زۆر گەورەیە". پێکەنیو پاشان درێژەی بە قسەکانی دا: "دەتوانیت ئامۆژگارییەکانتم بەسەردا بخوێنیتەوە، چونکە تۆ لەو بوارەدا شارەزایت، دەتوانیت ئامۆژگاریە رەوشتییەکان بەم شێوەزارە خۆبەزلزانەی خۆت بخەیتەڕوو، چ شێوەزارێکی تۆیە، تۆیەك کە منت جێهێشت، تۆ هێڤی شادیو بەختەوەری من بوویت، تۆ خۆت لە پشتی پەڵە هەورەکەتەوە دەشاردەوە، لەکاتێکدا من لەنێو ئەو تاریکییەدا چەقیبووم، نابینابوومو هیچم نەدەبینی، وێڵو سەرگەردان بووم، هەموو ئەمانەش تەنها لەبەرئەوە بوو من تۆم خۆشدەویست. کاتێك تووشی ئەو نەخۆشییە بوویت، لە ترسی ئابڕوچوون سەردانم نەکردیت، بۆئەوەی بتپارێزم خۆمم لێدەشاردیتەوە، کەچی تۆ ئامادەنەبوونی منت کردە بیانویەك بۆ خۆشاردنەوەت لەپشتی ئەو هەورەوە، مەبەستم لە هەور ئافرەتە سەهۆڵیەکەیە. تۆ چ سەرسەرییەکی، من ئێستا لە پاش مەرگم نازانم چۆن بتبەخشم، من نەفرەتت لێدەکەم جوبریل، با ژیانت ببێتە دۆزەخ، هەمان ئەو دۆزەخەی کە منت تێفڕێدا،

نەفرەت لە خۆتو لە رەچەڵەکت هەی شەیتان، نەفرەت لەو خوایەش کە دەچیتەوە بەردەستی، دەبڕۆ بینۆشە بەو خوێنە رەنگاو رەنگەی کە ئێستا روخسارتی پۆشیوە"[1].

لەدوای ئەوە کۆمەڵێك هۆنراوەی گەوجانە هۆنرانەوە، جوبریل خۆی لێی تێنەدەگەیی، بەڵام لەمیانەی قسەکاندا توانی ناوێك جیابکاتەوە کە بۆ چەند جارێك دووبارەبوویەوە، ئەویش ناوی (لات) بوو.

خەمی سەڵاحەدین چمچا ئەوەبوو لە ژیان بەردەوام بێت، هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە فەسلەجیەش کە بەسەریدا دەهات، بەوپەڕی نائەقڵانییەوە دەیگێڕایەوە بۆ ئەو کاریگەرییانەی تەقینەوەکە لەسەری بەجێیهێشتووە. پاشان هەڵوێستێکی بێباکانەی نیشاندا لە بەرامبەر ئەو بیرۆکانەی بە مێشکیدا دەهاتن، بەتەواوی خۆی دابووەدەست ئیرادەی ژیان، ئەو ئیرادەیەی لە سەنتەری لەشیەوە بڵاوەی کرد، پاش ئەوەی کە جەستەی کرد بە ئاسنو گۆشتیشی کرد بە پۆڵا. دوای ئەوەی بەتەواوی کۆنترۆڵیکرد، هاتە دەرەوەو بەرەوڕووی فریشتە جوبریل رۆیشت، خۆی گیراندە هەردوو گونیو بە زارێکی توندەوە فەرمانی پێکرد دووبارە بفرێتو گۆرانی بلێت، جوبریل گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە بوو، بۆیە سەرەتا بەهێواشی دەرچوو و پاشان خێراییەکەی زیادکردو کەوتە فڕین. کاتێك خەریکی ئەمە بوو، بەبێ ویستی خۆی کەوتە وتنی گۆرانییەك زۆر لەو گۆرانیە دەچوو کە (ریخا میرسانت) دەیبیژا، ئەویش بە جۆرە زمانو ئاوازێك بوو هەرگیز پێشتر نەیبیستبوو.

جوبریل نکوڵی لە پەرجو نەدەکرد، بە پێچەوانەی چمچاوە کە بەردەوام حەزی دەکرد روونکردنەوەی لۆژیکی بۆ هەموو رووداوێك بدۆزێتەوە، ئەو

---

[1] لێرەدا نووسەر مەبەستی تێکەڵکردنی ئەودووانەیە، رەنگە بیەوێت گوزارشت لەو دۆخە بکات کە تێیدا فریشتەو شەیتان یەکدەگرن. وەرگێڕی عەرەبی.

هەمیشە دەیوت ئەو (هەڵبەست)ـە خودایيو ئاسمانیی بوو، وەگەر ئەو گۆرانییە نەبوایە نەیدەتوانی بفڕێت، ئەگەر ئەو فڕینەش نەبوایە بێگومان تووشی پێکدادان دەبوون لـەگەڵ ئەو شەپۆلـە بەستوانەی کە وەك بەرد وابوون، گەر بەر ئەو شەپۆلانە بکەوتنایە پارچە پارچە دەبوون. دواجار خێرایی نیشتنەوەیان گەلـێك خاوبووەوە، کاتێك لـەسەر کەناڵ نیشتنەوە بەجۆرێك خاو ببوونەوە، هەستیاندەکرد دوو کۆلارەنو شەماڵ یارییان پێدەکات، ئەو دوانە تەنها کەسێك بوون لـە رووداوی تەقینەوەی فڕۆکەکە رزگاریان بووبێ. پاش ئەوەی کە ئاو بەرەو کەناری بردن خەڵکی دۆزینییەوە، دواتر جوبریل لـە گەشتەکانیدا بۆ هەرکوێ دەچوو سوێندی دەخواردو دەیوت کە گوایە ئەوان بەسەر ئاوەکەدا هەنگاویان ناوەو شەپۆلـەکانیش بە هێمنی بەرەو کەناری بردوون، بەڵام چمچای کلاوخڕ نکوڵی لـەوە دەکردو دەیوت "ئەی خوایە ئێمە بەخت یاوەرمان بوو، مرۆڤ لـە ژیانیدا چەند جار چانسی ئەوەی هەیە بەختی هەبێت؟".

ئەوەی بەسەر چمچادا هات ئیرادە بوو، فریشتەش ملکەچی ئەو ئیرادە بوو. کامیان پەرجوی ئەفراند؟ ئەی کامیان جێبەجێی کرد؟ ئایا ئەو گۆرانییەی فریشتە دەیوتەوە، فریشتەیی بوو یان شەیتانیی؟! ئاسانتر بلێین: کامیان لـەویتر باشتر دەیهۆنییەوە؟

یەکەمین قسە لـە زاری فریشتە جوبریل هاتەدەر، پاش ئەوەی لـەسەر کەناری ئینگلـتش هۆشی هێنایەوە کە لـە نزیك گوێیەوە گیانلـەبەرێکی دەریایی لـە چەشنی ئەستێرەی دەریا وەستابوو: "هێی گەوجە، تۆ سەرلـەنوێ لـەدایکبوویتەوە، جەژنی لـەدایکبوونت پیرۆزبێت بەرێزم". بەڵام سەلاحەدین چمچا دەکۆکی، کاتێکیش وەك

هەر کۆرپەلەیەکی تازە لەدایکبوو چاوی هەڵهێنا، کەوتەگریانو دەستیکرد بە ڕشتنی فرمێسکی گێلانە.

***

بابەتی دۆنادۆنو گۆڕانکاری فەسلەجیو دووبارە لەدایکبوونەوە هەمیشە مێشکی جوبریلی قاڵکردبوو، ئەو جوبریلەی بەدرێژایی پازدە ساڵ گەورەترین ئەستێرە بوو لە مێژووی سینەمای هیندیدا، تەنانەت بەرلەوەش وەك پەرجو بەسەر خێوی ئەو نەخۆشیەدا زاڵبێت کە هەموان واچاوەڕوانبوون ناچاری بکات سەرجەم ئەو گرێبەستانەی بێ هەڵبوەشێنێتەوە کە پێشتر واژۆیکردبوون.

هەرچەندە ئەوەی ڕوویدا کەس پێشبینی نەدەکرد، چونکە ساغبووەوەو دووبارە گەڕایەوە بۆ کارکردن، لەپاش یەك هەفتەش دوای گێڕانی چلهەمین یادی لەدایکبوونی، لە ژیانە کۆنەکەی دەرچوو، لەپڕ ونبوو وەك ئەوەی بووبێت بە هەڵم و دواتر ڕەوییبێتەوە.

یەکەمین کەس تێبینی نەمانیان کرد ئەو چوار پیاوە بوون کە سپێردرابوون بە پاڵنانی ئەو کورسیە تایەدارەی بەکاریدەهێنا بۆ گواستنەوەی خێرا لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تری ناو ستۆدیۆکانی (د.و.راما).

ئەو بڕوای وابوو دەبێ وزەی خۆی بپارێزێتو بەباشی بیخاتەگەڕ، پیاوەکانی لەسەر کۆمەڵێك هێڵو بازنەو خاڵی وەك جفرە ڕاهێنابوو، کە خۆی بە منداڵی فێری بووبوو، چونکە خۆی بە منداڵی لە شاری بۆمبای کاری بارهەڵگری کردبوو، خواردنی خێرای دابەشکردبوو.

پاش ئەوەی دیارنەما، بەڕێوبەری کۆمپانیاکانو راویژکارە یاساییەکانییان بەرۆکی ئەو چوار پیاوەیان گرت، بۆیە ئەوان زەرەرمەندی یەکەم بوون لە ونبوونە پەنهانەکەی فریشتە، ئەوەبوو لەکاری خۆیان دەرکرانو کورسیەکە بە چۆڵی لە یەکێك لە گۆشەکانی ستۆدیۆکاندا مایەوەو بووە خۆراکی تەپوتۆز.

جوبریل چی لێهاتو لەکوێ ونبوو؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە بە یەکجار لەسەر زاری حەوت بەرهەمهێنەری سینەمایی دەوترایەوە، ئەو بەرهەمهێنەرانەی لەترسی ئەو زیانەی لە ئەنجامی راوەستانی کارەکانیان تووشی دێن تۆقیبوون، بەتایبەت لەو رۆژگارەدا کە خەڵکێکی کەم روویاندەکردە هۆڵەکانی سینەما، تەنها یەك ناو هەبوو، وەکو جادو گەرەنتی سەرکەوتنیانی دەکرد. خاوەنی ئەو ناوەش رۆیشتو لەبەرچاو ونبوو.

لەپاش هەواڵپرسینو تەلەفونکاری، تیمە ماتۆڕسوارو پیادەکان کەوتنەڕێ بۆ گەڕان بەشوێن تەرمەکەیدا. لە یەکێك لە حەوت ستۆدیۆکەی "راما"، خاتوو "بمبڵ پیلپ زربا" کە یەکێکە لە ئەستێرە وروژێنەرە ناودارەکانو بە "موشەکی ئاڵەت" ناسراوە، بەرامبەر بە دەستەیەك پسپۆڕی هونەری کە شەڕەپاڵیان بوو، بەجۆرێك لە لوتبەرزییەوە رایگەیاندو وتی: ئەمە شانسی منە، چونکە بڕیاربوو ئەمڕۆ گرتەیەکی سێکسی لەگەڵدا تۆماربکەم، لەڕاستیدا زۆر دەترسام کاتێك بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ لەو پیاوەو هەناسە پۆگەنەکەی نزیکببمەوە، کە هەناسەی وەك بۆنی ریخو تەرسی قالۆنچە وایە، خۆشبەختی ئەو لەوەدایە کە فیلمی سینەمایی "رۆح پاکژ ناکات". بەڵام دواجار لەلایەن دەستگای چاودێرییەوە رێگری لێکراو نەیانهێشت قسەکانی تەواوکات، بەپەلەو بە گریانەوە شوێنەکەی جێهێشت، لەڕاستیدا ئەو زۆریش هەڵە نەبوو لەبارەی بۆگەنی هەناسەی فریشتەوە، بەڵکو ئەو

وەسفەی ئەو کردی کەمترین شتە لەبارەی ئەو راستیەوە بوترێ. جوبریل دەردی دەمبۆگەنی لەگەڵدابوو، بۆنێك لە دەمیەوە دەهات لە بۆنی تێکەڵەی ژەنگی ئاسنو کبریت دەچوو، سەرەڕای ئەوەی ناوی فریشتە بوو، بەڵام پرچی رەشی کە وەك رەنگی پەڕی قەلەڕەش وابوو سیمایەکی خەمۆکی پێدەبەخشی.

پیاوەکانی پۆلیس نامەیەکیان لە خانووەکەی فریشتەدا دۆزییەوە تیایدا نوسرابوو: "ئێمە بوونەوەری هەواییین، رەگمان لە خەونەکاندا ریشەی داکوتاوەو، بەرەو هەورەکان کشاوە، کاتێکیش دەفڕین سەرلەنوێ لەدایکدەبینەوە، ماڵئاوا".

ئەم نامەیە لە یەکێك لە ژوورەکانی نهۆمی سەرەوەی ڤێلای (ئیڤرست) لە چیای "ملابار" بە فڕێدراوی دۆزرایەوە، بەرزترین خانووبوو بەسەر بەرزترین تەلارەوە لە بەرزترین ناوچەی شاردابوو، بەشێك لەم نامەیە لەژێر مانشێتی "جوبریل بە فڕین هەڵدێت" لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، رۆژنامەکان وێنەی ئەو خانووە ئەفسانەییەشیان بڵاوکردەوە کە ملیۆنەها دۆلاری تیا خەرجکرا تاوەکو بەو بەرزیەوە دروستبکرێت کە وەك رەشماڵێکی لادێی وابوو. ئەوەیشی روویدا، ئایا جوبریل سەرکەوت یان نیشتەوە، یان لەکوێ گۆشەگیر بوو، کەس نەیزانی، ئەگەرچی خاتوو میرسانت هەموو رۆژنامەکانی دەخوێندەوەو گوێی بۆ سەرجەم هەواڵەکانی رادیۆ دەگرتو تەماشای بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دەکرد، بەڵام نەیتوانی لە هەموو ئەم پەیامانەدا هیچ لایەنێك لەو راستیە ببینێت. کاتێکیش چپەو ورتەورت تەنگی پێهەڵچنی، کوڕەکەیو هەردوو کچەکەی بردو رۆشت بۆسەربانی خانووە بەرزەکەی لەو ناوچەیەی پێدەوترێ "ڤێلات ئیڤرست".

خاتوو میرسانت دراوسێی جوبریل بوو، لە شوقەیەکی ژێر شوقەکەی ئەودا دەژیا، ئافرەتێکی دەوڵەمەند بوو، سێزدە ساڵبوو شۆی کردبوو بە پیاوێك کە

لەبواری پیشەسازی ئامێردا سەنگی خۆیی هەبوو، جوانی ئەو ئافرەتە لە جۆرێکی زۆر تایبەت بوو، لە جۆرێك نیشانەی بەوەئەدا زۆر دەمێکە زەوی ژێرپێیی تێپەڕاندووە، خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزبوو، حەزی لە خواردنەوەی شەمپانیا بوو و ئارزوویشی لە ماسی دەکرد. دەیزانی چ شتێکی دەوێت، هەربۆیە دەیشیزانی چۆن بەپەلە بە دەستی بهێنێت، ریخا میرسانت ئەو نامە ماڵئاواییەی خوێندەوە کە جوبریل لەپاش خۆی جێیهێشت و رۆژنامەکانیش بلاویانکردەوە، بۆیە ئەویش نامەیەکی ماڵئاوایی تایبەت بەخۆی نوسییەوەو منداڵەکانی کۆکردەوەو رۆیشت بۆ ئاسمان. لە نامەکەیدا ئەمەی نوسیبوو: "سالآنێك بەر لە ئێستا بەهۆی ترسەوە شوومکرد، بەڵام ئێستا کارێك دەکەم نیشانەی ئازایەتییە".

کاتێ یەکێك لە دەرگاوانەکانی ناوچەی ڤێلات گەواهی دا وتی: لەم ناوەدا پیاسەم دەکرد لەپڕ لەشێك کەوتە خوارەوە، ئەو لەشەش لەشی کچە گەورەکەی میرسانت بوو، کەللەسەری تەواو پلیشایەوە. کاتێکیش تەماشای سەرەوەم کرد بینیم کوڕەکەی دەکەوێت، بەدوای ئەویشدا کچە بچووکەکەی هات. بە دەستم دەمم گرتو لێیان نزیکبوومەوە، پاشان جارێکی تر سەیری سەرەوەم کرد بینیم خانمیش خۆی هەڵدەدات. ئەو سارییەی کە لەبەریدا بوو وەك پەڕەشوتێکی گەورە دەشەکایەوە، شیاو نەبوو بۆ من تەماشای ژێرەوەی بکەم".

جوبریل پاش ئەوەی کۆچی کرد، وێنەکانی لە هەموو شوێنێك دەڕزانو دەخوسان. بەدهەڵوێستی نمایشکاری فیلمەکانی بووە هۆی ئەوەی فیلمەکانی بسوتێن، بەجۆرێك وایلێهات بووە ئەستێرەیەکی سوتاو کە لە ناخیەوە هەتا دەرەوەی جەستەی دەسوتا. ئەوە مەرگی خواوەند بوو، یان شتێك لەو بابەتە، لەکاتێکدا ئەو —لە ژیانیدا— بە روخسارە گەورەکەیەوە لە شەوە سینەماییە

دەستکردەکاندا پرشنگدارانە دەهاتەبەر دیدی ئەویندارانی، وەك ئەوەی بوونەوەرێکی ئاسمانی بێو کەوتبێتە پانتایی نێوان مەرگو پیرۆزی. تەنانەت هەندێ کەس پێیانوابوو ئەو کەسێکی پیرۆزە، چونکە فریشتە جوبریل زۆربەی ژیانی هونەری خۆی بۆ باوەڕداریێتی تەرخانکردبوو، رۆڵی ئەو کەسایەتیە ئایینیو خواوەندانەی دەبینی کە لەو نیمچە کیشوەرەدا باوبوون، ئەو هونەرە سینەماییەی ئەو تێیدا شارەزابوو دەتوانرێت بە سینەمای لاهوتی ناوبنرێت، هەرچەندە کە سنورە ئاینیەکانیشی دەبەزاند، بەڵام نەدەبووە مایەی تورەبوونی هیچ کەس. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی رۆڵی (کرشتا)ـی بینی، بەخۆیو زۆڕنایەکەوە لەنێو مانگا تێرو دارگوێزە هیندیە بڵندەکاندا سەمای دەکرد، بەو پچووکییەی خۆیەوە وەك کەسێکی داناو رەسەن دەهاتەپێش چاو. لە زۆرێك لەو گرتەو دیمەنانەدا لە ئاسمانەوە دەهاتەخوار، بەڵام بێئەوەی زۆر لێی دووربکەوێتەوە.

جوبریل بۆماوەی دەیەو نیوێك خاوەنی خوازراوترین روخساربوو، روخسارێك بوو هەرکەس ببینیایە دەستبەجێ دەیناسییەوە. سەبارەت بە هەوادارانیشی، سنورێك نەبوو لەنێوان ئەو کەسایەتیە راستەقینەی کە وەك ئەکتەرێك خاوەنیبوو، لەگەڵ ئەو کەسایەتییەی رۆڵی دەبینی، سەبارەت بەخودی جوبریلیش هیچ شتێك نەبوو لە کەسانی تری جیابکاتەوە، سەیر لەوەدابوو ئەو سیمایەکی ئەستێرەییو ناوداریێتی پێوە دیارنەبوو، تەنانەت پێڵوی چاوی بەجۆرێك پوکابوو وەك کەسێك دەهاتە پێشچاو تووشی شەکەتی بووبێت، جگەلەوەش کەپوی لەگەڵ دەمیدا نەدەگونجا، چونکە لێوەکانی زۆر ئاوسابوون، گوێیشی زیاد لە پێویست درێژبوو. بە کورتی روخساری روخسارێکی زۆر پەڕو چلێس بوو. بەڵام بەم روخسارە دەیتوانی دەربڕین لە زۆر شتی مەزن بکات کە ئەم نەخۆشیە

نیمچە کۆشندەی دوایی خەریکبوو لەناویبەرێت، سەرباری هەموو شتێك ئەو چلێسیەی روخساری تێکەڵبوو بەجۆرێك لە پیرۆزیو کەماڵ. بەڵێ، سەرەڕای جیاوازی بۆچوونەکان لەم بارەوە، لەو روخسارەدا جادوویەکی خوایی خۆی حەشاردابوو، بەهەرحاڵ ئەو بیرۆکەی گۆڕانکاری فەسلەجی مێشکی کۆنترۆڵ کردبوو، وەك مرۆڤە گۆڕاوەکان پێیوابوو هەر تاوێو دەچێتە جەستەی خواوەندێکەوە، کە ئەمەش سەیر نەبوو چونکە بیرۆکەی (دووبارە لەدایکبوونەوە)یش خۆی بۆخۆی نهێنییەکی یەزدانییە.

بەڵام هەمیشە بەو جۆرە ورد نییە، چونکە دۆخی خۆگۆڕکێی دنیاییش هەیە. چونکە فریشتە جوبریل ناوی راستەقینەی خۆی (ئیسماعیل نەجمەدین)ـەو لە گوندی (بونا) لەدایکبووە، لەسەر ناوی ئەو منداڵە ناونراوە ئیسماعیل، کە بۆتە قوربانی ئیبراهیمی باوکی، ناوی دووەمیش (نەجمەدین) واتە ئەستێرەی باوەڕ. دەستی لەم ناوە مەزنەش هەڵگرت تاوەکو ناوی یەکێك لە فریشتەکان لەخۆی بنێت، ئەویش جوبرائیلی فریشتەیە. کاتێکیش فڕۆکەی (بوستان) کەوتەدەستی رفێنەرەکان، سەرنشینەکان کەوتنە گێڕانەوەی بەسەرهاتی رابردوویان بۆ یەکتر، جوبریلیش کەوتە گێڕانەوەی نهێنیەکانی بۆ سەلاحەدین چمچا، پێیوت کە گوایە هەڵبژاردنی ئەم ناوە خوازراوە وەك رێزدانانێك بووە بۆ دایکە مردووەکەی — ئەو تەنها کەسەی کە تاکە مرۆڤێك بوو لە ژیانیدا خۆشیبوێت، چونکە لەبەرچاوی وەك فریشتەیەك وابوو: "تەنانەت پێیدەوتم فریشتەی ئاڵتونی، چونکە وادیاربوو زۆر ئێسکسوكو جوان بووم". لە تەمەنی منداڵیدا چووەتە شاری بۆمبایو لەوێ لەگەڵ باوکیدا ژەمە خواردنی نیوەڕوانیان بەسەر کرێکارانی ئەو شارەدا دابەشکردووە. جوبریل کەوتە شیکردنەوەی واتای نیشانەو جفرە شاراوەکان بۆ چمچا، ئەو

جفرانەی خۆراکهەڵگرەکان بەکاریاندەهێنا وەك (خاچی رەش‌و بازنەی سوررو خاڵی زەرد)، ئەو رێگایەی بە بیردا دێتەوە، کە لە ماڵەوە تا هۆڵی دابەشکردنی خواردنەکان دەیگرتەبەر، ئەو شوێنەی رۆژانە زیاتر لە سەد هەزار دەلایی بۆدەهات،کە هەندێکیان بە خرابی هەڵدەگیران. ئەو نیشانانە زمانی نهێنی ئەوان بووە، چونکە زۆربەشیان نەخوێنەواربوون. جوبریل درێژەی بە قسەکانی داو وتی: "بیهێنە بەرچاوی خۆت زیاتر لە سی تا چل ژەم دەخرایە سەر سینییەك‌و دەمانخستەسەر سەرمان، کاتێکیش شەمەندەفەرەکە رادەوەستا دەبووایە لەماوەی کەمتر لەدوو خولەکدا سەرکەوتینایە یان دابەزینایە، پاشان دەبووایە بەڕاکردن بگەڕاینایەتەوە بۆناو کوچەو کۆڵانەکان کە سەرڕێژبوون لە ئۆتۆمبێل‌و پاسکیل، لەگەڵ هەموو ئەم جوڵەو هەراوهوریایەشدا دەبوایە هاوارت بکردایە "وریابە خواردنم پێیە"، لە هەندێ رێگاشدا تووشی دزین دەهاتین، لەو شارەدا کە بەدەست برسیەتییەوە دەینالاند کەسانێك هەبوون پیشەیان دزینی ژەمە خۆراك بوو، بەڵام ئێمە باش دەمانزانی چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین‌و پەنامان نەدەبردەبەر پۆلیس".

کوڕو باوکەکە شەوانە بە شەکەتی دەگەڕانەوە بۆ کوخەکەیان کە دەکەوتە نزیك فرۆکەخانەیەك لە (سانتا کرێز)، کاتێك دایکی ئیسماعیل لەبەر رووناکییە سەوزو زەردو سورەکانی فرۆکە دۆکەڵدارەکاندا کوڕەکەیی دەبینی، بەپەلە دەیوت: "بینینی تۆ خەونەکانم بەدیدەهێنێت"، لەم ئاماژەشدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە شتێکی تایبەت لە کەسایەتی جوبریلدا هەبووە، چونکە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە هەستی دەکرد توانای ئەوەی هەیە ئارەزووی کەسانی دیکە بەجێبیهێنێت بێئەوەی هیچ بیرۆکەیەکی هەبێت لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی. کوڕو باوکەکە هەرگیز هیچ شتێك بەسەر زاریاندا نەدەهات کە ئاماژە بە خەمناکی‌و

بێزاری بدات، بەڵکو گشت خەمەکانیان لەژێر باری کارگەلێکی تردا زیندەبەچاڵ دەکرد. کاتێك جوبریل تەمەنی بوو بە نۆزدە ساڵ نەجمەدینی باوکی بووە ئەندام لە (دەستەی دابەشکارانی ژەمی نیوەڕوان) و (یەکێتی بارهەڵگرانی بۆمبای)، لە تەمەنی بیست ساڵیشدا باوکی مرد، کەوت بەسەر هێڵی شەمەندەفەردا لەو کاتەی ویستی خۆی لە هەڵمی راکێشەرەکە لادات، وەلێ ئەم گەنجە هەتیوە دەیزانی باوکی لە جەستەی خۆی دەرچووە بۆ ئەوەی بچێتە ئامێزی هاوسەرەکەیەوە، ئەو هاوسەرەی کە خۆشەویستییەکی زۆری پێبەخشیبوو، هەندێك کۆچبەر کاتێك کۆچدەکەن هەست بە ئاسودەیی دەکەن. رۆژێك دوای کۆچی باوکی چووە ئەو دیوی سنور بۆ بینینی (بابا ساحب مهاتری)، ئەم پیاوە کە ئەمینداری گشتی دەستەی دابەشکەران بوو، گەنجەکەی بانگکرد بۆلای خۆیو پێیوت: "هیچ شتێك مەڵێ، لە ئێستا بەدواوە دێیت لەلای من دەژیت، هاوسەرە ئازیزەکەمم ئاگادارکردووە، جا بۆیە لەو بارەیەوە مشتومڕم لەگەڵدا مەکە".

خانم مهاتری لەچاو (بابا ساحب)ـی مێردیدا ژنێکی زەبوون بوو، وەك قەڵەمدار وابوو. مێردەکەی کابرایەکی ورگن بوو، ورگی وەك باوەشە لاستیکێك وابوو. وەلێ خانم مهاتری سەررێژ بوو لە هەستو سۆزداری، کاتێك بابا ساحب دەگەڕایەوە بۆ شار خانم هەر بەزۆر بە هەردوو دەستی شیرینی دەکرد بە دەمیەوە، کە شەویش دەهات مێردەکەی هاواری دەکرد: "لێمگەڕێ ژنەکە خۆم دەتوانم بەدەستی خۆم جلەکانم داکەنم". ژنو مێردێکی نەزۆرك بوون هیچ منداڵیان نەبوو. جوبریل دەرکی بەوە کرد کە بابا ساحب دەیەوێت پشکێك لە قورسایی ئەو سۆزەی بەرکەوێت کە ژنەکەی خستبوویەسەر شانی. لەگەڵ ئەوەشدا ژنەکە رازی نەبوو وەك منداڵ مامەڵە لەگەڵ ئەو گەنجەدا بکرێت. بابا ساحب پیاوێکی

بەهەستو سۆز بوو، بەڵام ئەو سۆزو نەرموونیانیەی دەشاردەوەو خۆی بە توندڕەو نیشانئەدا.کاتێك هەولّی ئەدا دلّی گەنجە هەتیوەکە بداتەوە بانگیدەکرد بۆ ئۆفیسەکەی خۆیو باسی فەلسەفەی دووبارە لەدایکبوونەوەو سەرهەلّدانەوەی بۆ دەکرد، هەولّی ئەدا باوەڕی پێبهێنێت کە دایكو باوکی دووبارەو لە شوێنێکی تر دەست بە ژیان دەکەنەوە، لەوانەشە لە خواناسیدا گەیشتبێتنە قۆناغێکی باڵاو دەستیان گەیشتبێتەسەر کۆتایی دوا پلەی بلّندی.

مهاتری یەکەم کەس بوو سەرنجی فریشتە جوبریلی بەلای بیروباوەڕی دۆنادۆنی ئەزەلیدا راکێشا، نەك تەنها خۆگۆڕکێ. چونکە ئەو زانایەکی رۆحانی بوو، هەندێجار وایدەکرد لە شتومەکی سەر مێزەکە لە خۆیانەوە بجولێن، تەنانەت هەندێجار رۆحی دەهێنایەناو جامەوە، بەڵام بە ئیسماعیلی وت: "من ئێستا دەستم لە هەموو ئەم شتانە هەلّگرتووە، چونکە بەڕادەیەك تۆقیوم خەریکبوو ژیانم لەدەستدەم، جارێکیان رۆحێکم هێنایەناو جامەوە لە کەسێکی روخۆشو گاڵتەوگەپ دەچوو، ئەمەش هانیدام پرسیارگەلێکی زۆر گرنگی لێبکەم، بۆیە لێمپرسی ئایا خودا هەیە؟ کەچی ئەو رۆحە هاروهاجەی ناوجامەکە کە بەسەر مێزەکەوە جرتو فرتی بوو، لەپڕ راوەستاو نوزەی لەخۆی بڕی، پاشان لێمپرسی: ئایا شەیتان هەیە؟ لەناکاو جامەکە کەوتە لەرینو قاوقیژی، لەتاودا ناچاربووم گوێم داخەم، پاشان زیاتر لە جاران کەوتە جولّەو هەلّبەزو دابەزی دەکرد تا لە مێزەکەوە خۆی هەلّداو کەوتەخوارەوەو وردوخاش بوو، بوو بە هەزار پارچەوە، باوەڕئەکەی یان نا ئارەزووی خۆتە، من لەو ساتەدا گەورەترین وانە لە ژیانمدا فێربووم، ئەی مهاتری خۆت لە شتێك هەلّمەقورتێنە کە لە توانای هۆشی تۆدا نەبێ".

ئەم چیرۆکە کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر هەستی ئەو گەنجە جێهێشت، چونکە ئەو تەنانەت بەر لە مردنی دایكو باوکی باوەڕی بە بوونی جیهانێکی شاراوە هەبوو، هەندێجار لە جیهانی بینراو رادەماو هەستی دەکرد هەموو شتێك لەژێر ئەم هەوا هێلمیەدا درێژەی هەیە، بەوجۆرەی کە لە دەیا نۆی شتە بینراوەکان لەبەرچاو وندەبن. بڕوای بە خواو فریشتەو شەیتانو جنۆکە هەبوو. بەڵام ئاستی بینینی چاوەکانی بە لاواز دەزانی، چونکە تا ئێستا نەیتوانیوە یەکێك لەو خێوانە ببینێت، خەونی بوو رۆژێك بێتو چاویلکەیەکی سەوزی جادوویی دەستکەوێت تا بتوانێت بەهۆیەوە رووداوەکانی جیهانی ژێر زەویو ئەودیوی ئەو هەوا چڕە ببینێت، "نەعیمە"ـی دایکی زۆر چیرۆکی لەبارەی پێغەمبەرەوە بۆ گێڕابوەوە، زۆرجار هەستی بە ناواقعی ئەو چیرۆکانە دەکردو بە خۆیی دەوت: "چ پیاوێکە! چ فریشتەیەك دەبێ حەز نەکات قسەی لەگەڵ کات؟". هەندێجار دەکەوتە جۆرەها بیرکردنەوەوە کە پڕبوون لە کوفرو گومڕایی، جارێکیان کە لەنێوان خەوتوویيو ئاگاییدابوو خەیاڵی بەوەوە دەکرد بۆتە هاوسەری بابا ساحب مهاتری تاوەکو کاروباری بۆ بەجێبهێنێت، هەروەك چۆن پێغەمبەر خەدیجەی بۆ ئەو مەبەستە هێنا، کاتێك لەو خەوە بەخەبەرهات لە شەرمدا روخساری شینو مۆر هەڵگەڕا. دواتر تووشی دڵەڕاوكێ بوو، پێیوابوو هۆکاری ئەم خەوە بێزارکەرانە ئەوەیە رازو ناخی پاك نییە. بە تێڕوانینی خۆی بیروباوەڕە ئاینیەکەی لاوازبووەو هەستیدەکرد پێویستی بەوەیە گرنگی زیاتر بەم لایەنە بدات، بە تاییەت کە بابا ساحب مهاتری لای خۆی جێیکردۆتەوە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ئەو لەم جیهانەدا تاكو تەنها نییەو هێزێك هەیە دەیپارێزێ. کاتێکیش لە بەرەبەیانی بیستو یەکەمین ساڵیادی لەدایکبوونیدا بابا ساحب بانگی کرد بۆ ئۆفیسەکەی، گەلێك سەرسام بوو، چونکە مەزنترین

خەلاتی پێبەخشی. بابا ساحب پێی وت دیدارێکی لەگەڵ بەڕێز "د.و.راما" کە بەرهەمهێنەرێکی ئەفسانەیی بواری سینەمایە بۆ ڕێکخستووە، تاوەکو هەندێك تاقیکردنەوەی لەگەڵدا بکات. مهاتری پێی وت: گەنجێك بەو جوانیەی تۆ، گوناهە بەدرێژایی تەمەنی بارهەڵگری خواردن بێت، بڕۆ ببە بە ئەکتەری سینەمایی، تەنانەت ئەگەر بشبیتە لادەرێکی سێکسی، من لەلایەن خۆمەوە پێنج خولەکە لەکار لامبردویت.

ئیدی لەو دەمەوە ئیسماعیل نەجمەدین بووە فریشتە جوبریل. بەڵام لەماوەی چوار ساڵی سەرەتای کاریدا نەبووە ئەستێرە، بەڵکو لەو ماوەیەدا راهێنانی لەسەر کاری نواندن دەکردو زنجیرەیەك رۆڵی بەزمەساتی بینی، لەگەڵ ئەوەشدا بە هێمنیو لەسەرخۆ مایەوەو هیچ پەلەی نەکرد. ئەم کەمبایەخیەی ئەو واینیشان ئەدا وەك ئەوەی ئەو لەنێوەندی سینەمادا کارنەکات، چونکە ئەوانەی لەو نێوەندەدا کاردەکەن بایەخێکی زۆر بە خۆیانو ئەو بوارە دەدەن. هەندێ کەس پێیانوابوو ئەو یان گێلە یان بەرهەڵستکارە یان هەردووکیانە. بەدرێژایی ئەو چوار ساڵە نە لەسەر شاشەو نە لە دەرەوەی شاشە ماچی دەمی ئافرەتێکی نەکرد، لە دوو ژووری نیمچە چۆڵی نزیك ستۆدیۆکان دەژیا، بەردەوام دیمەنی ئافرەتێکی رووت ئەندێشەی داگیرکردبوو، بەڵام خۆی دووردەگرت لە بابەتی خۆشەویستیو ئارەزوو، بە هەموو توانایەکیەوە خۆی سەرقاڵدەکرد بە خوێندنەوەوە. خۆی تەرخانکرد بۆ فێربوونو تێگەیشتن لە کولتوورو رۆشنگەری. نهێنیەکانی یۆنانو رۆمانیای دەخوێندەوە، کە پشت ئەستوور بوون بە پرنسیپی نازناوی خواوەندەکان، چیرۆکی ئەو لاوەی خوێندەوە کە بووە گوڵو پاشان بوو بە ژنێکی جاڵجاڵۆکە. پاشان خۆی تەرخانکرد بۆ خوێندنی سۆفیگەریی لەلای (ئەنی بیسانت)و رێبازی یەکبوونی گەردوونو

چیرۆکی ئایەتە شەیتانیەکان، کە لە قۆناغی یەکەمی سەرگوزەشتەی پێغەمبەردا هاتووە، لەگەڵ ئەو شەریعەتو یاسا سیاسیو کۆمەڵایەتییانەی موحەمەد لەدوای گەڕانەوەی بە سەرکەوتوویی بۆ مەککە، ئەو یاساو شەریعەتانەی کە لە خێزانەکانی وەرگرتووە. هەروەها لەبارەی سوریالیزیشمەوە شتی خوێندەوە، لەبارەی ئەو فلّچەی کە دزە دەکاتە نێودەمی کچانەوە تاوەکو خۆشیانبوویێت، لەبارەی ئەو منداڵانەوە بەبێ روخسار لەدایکدەبن، لەبارەی ئەو منداڵانەی لە خەونەکانیاندا ئەزموونە دۆنادۆنییەکانی پێشووی خۆیان بیردەکەوێتەوە کە لە ژیانی پێشتریاندا بەسەریاندا هاتووە..

جوبریل گەلێك زانیاری دەخنییە مێشکی، کە نە سەرەتای هەبوو نە کۆتایی. لەو شەوانەدا بە ئێشکگیری دەمایەوە، هەستیدەکرد ئەم گڕوتینەی لەودایە لە هیچ کەسێکی تردا نییە، تەنانەت خۆیشی هەتا ئەو دەمە نەیدەزانی چۆن کەڵك لەو گڕوتینە وەربگرێت، ئەو نهێنیە مەزنەی کە، خۆشەویستی رەهایە.

بەڵام سەرکەوتنە چاوەڕوانکراوەکەی بەدەستهێنا، کاتێك لە بواری سینەمای لاهوتیدا کاریکردو بە پارەکانی بەشداریکرد لەگەڵ بەرهەمهێنەر (د.و.راما) لە بەرهەمهێنانی چیرۆکی (گانیش)، ئەو بۆخۆی رۆڵی ئەو خواوەندەی بینی کە سەری فیلی هەیە. بەم فیلمە ناوبانگی وەرگرتوو و بوو بە یەکێك لە ئەستێرە ناودارەکان، پاشان لە فیلمی سەرکێشیەکانی "هانومان"ـی پادشای مەیمونەکاندا رۆڵی بینی. دیاردەی سەرکەوتنی بووە هۆی ئەوەی لە جاران زیاتر باوەڕ بەوە بهێنێت کە فریشتە پارێزگاری لێدەکات، بەڵام هەر ئەم دیاردەیەش بووە هۆی ئەوەی ریخا میرسانت بناسێتو پەیوەندی سێکسی لەگەڵدا ببەستێت، ئەو پەیوەندیەی بەشێوەیەکی تراژیدی کۆتایی هات.

لە کۆڕو نێوەندەکانی ژناندا بووە کەسێکی سەرنجڕاکێش، لەو نێوەندەدا هێندە سەرنجی پەیداکرد دەستیدایە تێرکردنی ئارەزووەکانی، تەنانەت کار گەیشتەئەوەی هەندێ لەو ئافرەتانەی سێکسیان لەگەڵدا دەکرد داوایان لێدەکرد بە مێزەرەوە سێکسیان لەگەڵدا بکات. بەڵام ئەو وەك ڕێزدانانێك بۆ خودا ڕازی نەدەبوو.

بەو پێیەی لە ژینگەیەکی خواناسو پارێزەردا پەروەردە بووبوو تا ئەو کاتەش نەیدەتوانی لە سنوری جیاکەرەوەی نێوان چەندیەتیو چۆنایەتی پەیوەندیە سێکسیەکان تێبگات، سێکسی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانەدا کرد کە بەرلەوەی ژوورەکەیان جێبهێڵت ناویانی لەبیر دەچوەوە. هێندەی پێنەچوو بووە مێبازێك زۆر لێهاتووانە فڕو فێڵی دەکرد، پیاوێکی وەك ئەو کە لە سینەمادا ڕۆڵی خواوەندەکانی دەبینی، پێویستبوو دووربێت لە تاوانو گومان، ساحب مهاتری کاتێك لەسەر نوێنی مەرگ بوو بانگی کردو تکای تیاکرد ژن بهێنێت تاوەکو بیسەلمێنێت پیاوێکی ڕاستەقینەیەو خۆی دوور بگرێت لە قاوداخستنو ئابڕوچوونی نێو جیهانی خەیاڵو پارەو ئارەزوو، ئەو جیهانەی کە ئەو خۆی خستیە ناوییەوە. جوبریل بە زەردەخەنەیەکی توڕەوە ماڵئاوایی لێکرد، کە وایکرد لەو پیاوە بمرێت و دڵنیا نەبێت لە ڕاستی نییەتەکانی، لەڕاستیدا ئەو چێژە سێکسییە سامناکەی جوبریل نوقمی بووبوو، بووە هۆی زیندەبەچاڵکردنی مەزنترین بەهرەکانی کە بەهرەی خۆشەویستی ڕاستەقینەی ڕەهابوو، ئەو خۆشەویستیەی کە نازانێت گەڕانەوە چییەو لە ژیانیدا نەیتوانی ئیشی پێبکاتو بیقۆزێتەوە.

کاتێکیش ڕیخا میرسانت لەنێوجەرگەی هەورەکانەوە بۆی هاتەدەر، پێیوت: "کێشەی تۆ ئەوەیە هەمیشە پێویستت بە کەسێکە بتبەخشێ، تەنها خوداش لە نهێنی

ئەو گرێکوێرەیە تێدەگات، هەر تەنها ئەویشە دەزانێت بۆچی هەمیشە بەم ستایلە تاوانئاسا کۆچدەکەیتو خۆت دووردەخەیتەوە، بێئەوەی کەس لێپێچینەوەت لەگەڵدا بکات". جوبریل لەو کاتەدا ئارەزووی وابوو مشتومڕێکی لۆژیکیانە لەو بارەوە بکات، بۆیە ریخا هاواری لێکردو وتی: "پێتوایە ئەم بابەتەش بەهرەیەکی خودایە. تۆ هیچ نیت جگەلە کەسێك کە لەناو قوڕو لیتەوە بازتداو بەرەو باڵا سەرکەوتیت، تەنها خواش دەزانێ چ جۆرە دەردێکت لەگەڵ خۆت هێنا".

ریخا ئەو کاتە چووە ژیانی جوبریلەوە کە تەلارە بەهادارەکەی لە ناوچەی ڤێلات ئیڤرست کڕی، کاتێك بۆ یەکەمجار جوبریل ریخای بینی داوای لێکرد بێتو سەردانی بکات، تاوەکو ئەو کۆمەڵە فەرشو کەلوپەلە ناوازە دێرینانەی خۆیی نیشانبدات. مێردەکەی لە گەشتێکدابوو، کاتێك شەمپانیایان دەنۆشی ریخا سەرنجی رادەکێشاو دەیوروژاندو پێی دەوت: "نابێ خواوەندەکان لاوازبنو بەشداری بکەن لە مەینۆشین" جوبریلیش بە وتەیەك وەڵامی دایەوە کە پێشتر لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا خوێندبوویەوە کە لەگەڵ ئاغا خاندا ئەنجامدرابوو، وتی: "ئەم شەمپانیایە تەنها بۆ رواڵەتە، هەر ئەوەندەی دەکەوێتەسەر لێوم دەبێتە ئاو". هێندەی پێنەچوو ریخا لێوی دەخشاند لە لێویو لەنێو باوەشیدا دەتوایەوە.

جوبریل لە بەرامبەریدا هەستی بە خۆشەویستی نەدەکردو دڵسۆزیش نەبوو بۆی. کار گەیشتە ئەوەی ساڵیادی لەدایکبوونی لەبیر دەچووەوەو بەردەوام خۆی لە پەیوەندییە تەلەفونییەکانی دەشاردەوە. زۆر بەکەمی سەردانی دەکرد، ئەو کاتانەش کە سەردانی دەکرد ئەو سەرقاڵی بەرێکردنی میوانەکانی مێردەکەی بوو. ریخاش وەك هەموو ئافرەتێکی تر لێی خۆشبوو، بەڵام بە ئاسانی نا بەڵکو هەر بۆڵەی دەهاتو گلەیی ئەوەی لێدەکرد کە بۆچی وەها ساردە لەگەڵی. لەسەر ئەو

پەیوەندیانەی کە لەگەڵ ئافرەتی تردا هەیەتی شێتئاسا نەفرەتی لێدەکرد، کاتێ کە زۆر تورە دەبوو تۆمەتی ئەوەی دەخستەپاڵ گوایە ئەگەر خوشکی ببوایە ئەوا سێکسی لەگەڵ خوشکەکەی خۆیشیدا دەکرد، بێئەوەی هەست بە هیچ تاوانێك بکات. بەڵام لەدوای هەموو شەڕێك هەموو شتێکی لەبیر دەچووەوەو لێیدەبوری، پاشان داوای لێدەکرد هاوکاری بکات لە داکەندنی جلەکانی. جوبریل پێیوابوو بۆیە ریخا بەمجۆرە بۆڵەبۆڵ دەکات چونکە بەهۆی خیانەتکردن لە مێردەکەی هەست بە تاوان دەکات. بەڵام هەرگیز ئەم قسەی بەگوێی ریخادا نەئەدا، پیاوانەو بەبێدەنگ خۆی دەدایەبەر هێرشەکانی.

جوبریل هەمیشە دەگەڕایەوە لای، هەرچەندە کە دەیزانی بەناشرینی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، چونکە دواتر دڵی دەدایەوەو چێژی پێدەبەخشی، ریخا باش دەیزانی چۆن ئەم کارە دەکات.

دواتر خەریکبوو بمرێ، لە ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی ئاسیا سەرقاڵی نواندنی یەکێ لە فیلمەکانی بوو، گرتەکە وای پێویست دەکرد کە لەگەڵ ئەکتەرێکی تردا بێتەشەڕ، بەو جۆرەی بڕیاری لەسەردرابوو ئەکتەرەکەی بەرامبەری شەپازللەیەکی لە چەناگەی دا، کەوتەسەر زەوی‌و لە هۆشی خۆی چوو، چیتر هەڵنەسایەوە. هەموو ئەو کەسانەشی لەو فیلمەدا کاریاندەکرد، ئۆباڵی ئەو رووداوەیان خستەسەر شانی ئەکتەری زەبەلاحی بەریتانی (یۆستاس براون) کە شەپازللەکەی لێدا. بەڵام یۆستاس بە تێهەڵچوونێکی زۆرەوە لەدژی ئەو لێکدانەوە وەستایەوەو دووپاتی کردەوە ئەو بەتوندی لێینەداوەو هیچ مەبەستی نەبووە جوبریلی مەزن ئازار بدات.

لەڕاستیدا ئەوەی جوبریلی دا بە زەویدا شەپازللەکە نەبوو، چونکە پاش ئەوەی بە فڕۆکەیەکی سەربازی گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانەی بۆمبای، پشکنینی

وردی بۆکراو سەرئەنجام هیچ شتێکی لێدەرنەکەوت، لە بێهۆشیو سەرەمەرگیدا مایەوە.

ژمارەی خڕۆکەکانی خوێنی بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو دابەزی، وتەبێژی نەخۆشخانەکەش لە لێدوانێکیدا وتی: "ئەم بابەتە شتێکی پەنهانی تێدایە، ئەوەیشی رویدا بە هۆی ئیرادەی خواوە بوو".

جوبریل بەبێ هیچ هۆکارێکی روونو ئاشکرا هەموو بەشەکانی جەستەی تووشی خوێنبەربوون بوو، پاشان لە کۆمو چووکیەوە خوێن دەهاتەدەر، واچاوەڕوان دەکرا گوێو کەپوشی خوێنی لێبێت، بۆماوەی حەوت رۆژ بەم شێوەیە مایەوە، لەو ماوەیەشدا بەردەوام نەشتەرگەری گواستنەوەی خوێنی بۆ دەکرا. هەرچی دەرمان هەبوو لە جبەخانەی پزیشکیدا –بە ژەهری جرجیشەوە– بەکارهێنرا بۆئەوەی ئەو خوێنبەربوونە چاك بکرێ، هەرچەندە تاڕادەیەك باشتربوو بەڵام پزیشکەکان دەستیان لێشۆریو بە مردوو لە قەڵەمیاندا. تەواوی هیندستان سەردانی نەخۆشخانەیان کردو لە تەنیشت چرپاکەیەوە دانیشتن، هەواڵی تەندروستی ئەو لە پێشەکی هەموو هەواڵە رادیۆییو تەلەفزیۆنیەکاندا دەخوێنرایەوە، سەرۆکوەزیرانیش سەرجەم کارەکانی دواخستو بە فڕۆکە چوو بۆ سەردانی، کوڕەکەی سەرۆکوەزیرانیش لە تەنیشت نوێنەکەیەوە دانیشتو دەستیگرت بە دەستیەوە.

کەشێکی ترسناك سەرتاپای هیندستانی داگیرکردبوو، داخۆ چی بەسەر خەڵکیدا دێت گەر خودا ئەم سزایە لەسەر یەکێك لە بەناوبانگترینو سەربەرزترترین بەرجەستەکانی خۆی لانەبات، گەر جوبریل بەوشێوە لێدەکات داخۆ چی بۆ ئەوان داناوە؟ هەندێ کەس دەیانپرسی داخۆ هیندستان لەدوای مەرگی جوبریل بەردەوام دەبێت؟ لە مزگەوتو پەرستگاکاندا خەڵکی کەوتنە نوێژخوێندن،

نەك تەنها لـەبۆ مانەوەی ئەو ئەكتەرەی كە لـە سەرەمەرگدایە بەڵكو لـەپێناو ئایندەی هەموان، لـەپێناوی خۆیشیاندا.

تەنها كەسێك سەردانی جوبریلی نەكرد، تەنها كەسێك كە تەنانەت گوڵی نەبردو نامەی بۆ نەنارد، ئەو ئافرەتەبوو كە زیاد لـە هەموو كەس خۆشیدەویست، ریخا میرسانت دڵی بە كۆتوبەندی ئاسنین بەستەوەو وەك جاران درێژەی بە كاروباری ژیانی خۆی دا. بۆ تەنها جارێكیش ئەو تەنیاییە كوشندەی لـەلای هیچ كەس ئاشكرا نەكرد، بەڵكو پێچی بە خۆیو بە رۆحی ئەدا.

پاشان جوبریل چاكبووەوە، چاكبوونەوەی جوبریل وەك تووشبوونی گرێكوێرەیەكی سەمەرە بوو. چەندە خێرا تووشبوو هێندەش بەپەلـە چاكبووەوە، تەنها راڤەیەكی نەخۆشخانەش بۆ چاكبوونەوەی ئەوەبوو دەیانوت ئیرادەی خوایە. بەو بۆنەوە پشووی فەرمی راگەیەنراو یاری ئاگرینی لـە ئاسمانی شاردا تەقێنرایەوە. بەڵام جوبریل لـەپاش چاكبوونەوەی بەتەواوی گۆڕابوو، باوەڕی بە خودا نەمابوو!

جوبریل لـە نەخۆشخانە هاتەدەرو بەهاوكاری پۆلیس بەنێو حەشاماتی جەماوەردا تێپەڕی، ئۆتۆمبێلێكی مارسیدسی گرتو داوای لـە شۆفێرەكە كرد بەخێرایی دەرچێتو لـە ئۆتۆمبێلی ئەو كەسانە هەڵبێت كە دەكەونە شوێنیو بەپەلـە بیگەیەنێتە هۆتێل (تاج)، لـەوێ دابەزیو لـە نزیك مێزێك راوەستا، پڕبوو لـە خواردنی حەرامكراو و گۆشتی بەراز، قاپەكەی پڕكرد لـە بالـبۆرانو جامبۆنو لـوهام. پارچە باكۆن بەلادەمیا شۆڕدەبووەوە.

ئەو ماوەیەی كە نەخۆش بوو ساتبەسات لـە خودا دەپاڕایەوە لـە نەخۆشیو ئێشو ئازار رزگاری بكات، بەڵام بەتێپەڕبوونی كات تووشی تورەبوونو بێزاری دەبوو، ئەوجا هاواری لـە خودا دەكرد: "بەسە ئیتر خوایە، بۆچی سزای مەرگم

ئەدەی، ئەمە لەکاتێکدا من هیچ کەسێکم نەکوشتووە؟ تۆ تۆڵەسێنی یان میهرەبان؟ دواتر بۆیدەرکەوت کە هیچ بوونی نییە، ئەو قسانەشی کەوا دەیکات بۆ هەوا دەیکاتو بە بۆشیدا دەچێو هەموو ئەمانەش بە هۆی ئەو تاو گەرمیەیە کە تووشیبووە. لە ژیانیدا هێندەی ئەوکاتە ئازاری نەچەشتبووە، لەتاودا قسەی لەگەڵ هیچدا دەکرد، لەو رۆژە گومانایەشدا چاکبووەوە. بۆئەوەیش کە بیسەلمێنێ خودا نییە، لە بەناوبانگترین هۆتێلی ئەو شارەداو لەبەردەم مێزێکی سەرڕێژ لە خواردنی حەرامکراودا راوەستاو کەوتە خواردنی گۆشتی بەراز. کاتێك بۆ ساتێ چاوی لەسەر قاپەکە بەرزکردەوە بینی ئافرەتێك بەوردی تەماشای دەکات. پرچی زەرد بوو، هێندەی روخساری کاڵبوو، هێندەی رەوشنی بەفر سپی بوو. پێکەنینی بە سیماو هەڵسوکەوتی دەهات، جوبریلیش هاوکات لەگەڵ ئەوەی بەدەستی ئەملاولای دەمی دەسڕی هاواری لێکردو وتی: "ئەرێ تۆ لەو راستییە تێناگەیت؟ هیچ هەورە بروسکەیەك بوونی نییە، ئیدی هەر ئەوەیەو تەواو". کچەکەیش هات بۆلایو لە تەنیشتیەوە راوەستاو وتی: "تۆ هێشتا زیندووی، گەڕایتەوە بۆ ژیان، ئیدی هەر ئەوەیەو تەواو".

دواتر جوبریل ئەم رووداوەی بۆ ریخا گێڕایەوەو وتی: "ئەو کاتەی ئاوڕیدایەوەو هات بۆلام کەوتمە داوی خۆشەویستییەوە، ئەو ناوی (بلو باکۆن)ـە، ئەو کچە ئازاو بەناوبانگە پرچ کاڵەیە کە بەسەر چیاکانی ئیڤرستدا سەرکەوت، ئەو کچەی کە پێی دەڵێن شاژنی بەفر، قسەی لەگەڵ کردمو وتی: "ئەگەر ژیانی خۆت نەگۆڕی ئەوا ئامانجی گەڕانەوەت بۆ ژیان ناپێکی، ئەگەرنا تۆ بێهودە گەڕاویتەوە بۆ ژیان، منیش نەمتوانی بەرەنگاری ئەو پێشبڕکێیە ببمەوە". ریخاش وەڵامی دایەوەو وتی: "دیسانەوە گەڕاینەوە بۆ قسە هەڵێتوپەڵێتەکانت سەبارەت بە دۆنادۆن، ئەم

شته پڕوپوچانه چین بیریان لێدەکەیتەوە، تۆ چ شیێتێکی، ئێستا لە نەخۆشخانە دەرچوویتو لە مەرگ گەڕاویتەوە کەچی خێراو بێ یەکودوو بیر لە سەرکێشی تر دەکەیتەوە، لەگەڵ ئەو کچە سورباوەدا، جوبریل وانەزانی من نازانم تۆ چ جۆرە مرۆڤێکی، ئێستاش پێمبڵێ بزانم چیتدەوێ، دەتەوێ دیسانەوە بتبەخشم، یان چی؟ وەڵامی دایەوە: "پێویستم بە بەخشینی تۆ نییە"، شوقەکەی ڕێخای بەجێهێشتو ڕۆشت، ئەوەش دوایین جار بوو لەو شوقە بێتە دەر.

***

لەپاش سێ ڕۆژ دوای ئەو دیدارەی نێوان جوبریلو بلوباکۆن، بلوباکۆن سوار فڕۆکە بوو و سەفەریکرد. لەو دیوی سنوری کاتەوەو لەپشتی دەرگایەکەوە کە تابلۆیەکی لەسەربوو نووسرابوو: (بێزارمان مەکەن) سێ ڕۆژیان پێکەوە بەسەربرد، بەڵام لە کۆتاییدا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی جیهان ڕاستییەکەو لە ئارادایەو ئەوەیشی شایانی ڕوودان بێت ڕوودەدات، ئەوەیشی کە شایانی ڕوونەدان بێت ڕوونادات، کەشتییەکان دەڕۆنو خۆشەویستیش لە هۆڵی ترانزێتدا ڕوودەدات. جوبریل هەوڵێدا گوێی خۆی لەم جۆرە قسە تازانە کەڕکاتو بگەڕێتەوە بۆ ژیانی پێشوی خۆی.

بێباوەڕبوونی ڕێگر نەبوو لەوەی بەردەوامی بدات بە کارەکەی. سەرەڕای ئەو ئابڕوچوونەشی بەسەریداهات بە هۆی خواردنی گۆشتی بەرازەوە، ئەو ئابڕوچوونەی کە بە وێنەی فۆتۆگرافی گوازرایەوە بۆسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانو یەکەمین ئابڕوچوونیش بوو لە ژیانیدا. بەڵام سەرباری ئەوەش چەندین گرێبەستی بۆ نواندنی فیلم واژۆکردو گەڕایەوە بۆ کارەکەی.

دواتر، بەیانییەك كورسییە چەرخەدارەكە بە بەتاڵی لە شوێنی خۆی ڕاوەستابوو، جوبریلیش دیارنەبوو، سەرنشینێكیش كە خۆی ناونابوو ئیسماعیل نەجمەدین سوار فڕۆكەی (ئەی.ئەی.420) بووبوو كە بەرەو لەندەن هەڵفڕیبوو، فڕۆكەكەش ناوی (بوستان) بوو، بەناوی یەكێك لە باخچەكانی فیردەوسەوە ناونرابوو. فریشتە جوبریل لەپاش ئەم هەموو قسانەی كە بۆ سەلاحەدین چمچای كرد، درێژەی بە قسەكانی داو وتی: "ئەگەر بتەوێ سەرلەنوێ لەدایكببیتەوە، ئەوا سەرەتا دەبێ بمریت، منیش وەكو خۆم بە قۆناغی نیوە مەرگدا تێپەڕیوم، دوو جاریش تووشی ئەم بارودۆخە هاتووم، جارێكیان لە نەخۆشخانەكەو جارێكی تریان لە فڕۆكەكە، ئەگەر ئەم دوانە بخەمە سەریەك ئەوا من گیمێكی تەواوم بڕیووە، ئێستاش هاوڕێم ئەوەتا منو تۆ لە لەندەنی شاجوان پێكەوەین، پاش ئەوەی نوێبووینەتەوە. بووینەتە پیاوێكی نوێ لە ژیانێكی نوێدا، پێتچۆنە، ئایا ئەم شتە نەفرەتیە نایاب نییە؟" بۆچی سەفەری كرد؟ لەبەر ئەو ئافرەتە.

پێشبڕكێ‌و شتی نوێ‌و مەترسی هەردووكیان، ئەمیان لەگەڵ ئەوی تریان، پێداگری و هاتنەبوونی مەحاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە لەبەرئەوەی گۆشتی بەرازی خواردووە دەبێ سزا بدرێت، سزایەكی شەوانەو لێوانلێو لە هەست‌و خەوبینین.

***

ئەو فڕۆكەیەی بۆ لەندەن هەڵفڕی بەڕێز سەلاحەدین چمچایشی تێدابوو، لەسەر كورسییەكی تەنیشت پەنجەرە دانیشتبوو، لەو بەشەی كە تایبەت بوو بەو كەسانەی جگەرە ناكێشن. پیاوێك بوو لە تەمەنی چل ساڵیدابوو، قۆزبوو، دوو لێوی تایبەتی هەبوو بەردەوام بەجۆرێك دەیگەستن ئاماژەی بە بێزاری‌و دڵتەنگی

ئەدا، خاوەنی دوو ئەبرۆی پانی بازنەیی بوو، دەوری جوتێ چاویان دابوو کە بە بێزارییەوە دونیای پێ دەبینی.

کاتێك فڕۆکەکە کەوتەسەر بیابانەکانی دەوربەری کەنداوی فارس، چمچا خەوی لێکەوت، خەوی بە کەسێکەوە بینی بە پێستێکی شوشەیی داپۆشرابوو، ئەو کەسە تکای تیادەکرد لەو پێستە شوشەییە رزگاری بکات کە ناهێڵێت جوڵەبکات. چمچایش بەردێکی هەڵگرتو دەستیدایە شکاندنی شوشەکە، خوێن لە جەستەی ئەو کەسە نامۆیە فیشقەی کرد، چمچا هەوڵی ئەدا پارچە شوشە شکاوەکان بگرێتەوە، لەکاتێکدا کەسە نامۆکە لەتاو ئازار هاواریدەکردوناڵەی دەهات، پارچە گۆشتێکی زۆر لکابوو بە پێستە شوشەییە خاشبووەکەیەوە. چمچا بە دەنگی گارسۆنی فڕۆکەکە لەو خەوە ناخۆشە بەخەبەرهات کاتێك لێی پرسی: "حەزت لە هیچ هەیە بیخۆیتەوە بەڕێز؟ مەی دەخۆیتەوە یان شتی تر؟" تورەتور بە نیمچە خەوتوویی وەڵامیدایەوە: "باشە ئازیزم، تەنها جامێك ویسکیو کۆکام بۆبهێنە". فڕۆکەکە بەردەوامبوو لە فڕین، لەکاتێکدا کرێکارێکی قەتەری لەسەر کورسیەکەی تەنیشتی چمچا دانیشتبوو سەرقاڵی رادیۆ ترانزیستۆریە ئەنتیکەکەی بوو بێئەوەی قایش ببەستێ، چمچا هۆشداری دا کە دەبێ پابەندی رێنماییەکان بێتو قایشەکەی ببەستێ، بەڵام قەتەریەکە وەڵامی دایەوە: "جا بۆچی هاوڕێم ئەگەر خودا مردنی لە چارەم نوسیبێ ئەوا هەر دەبێ بمرم، پێچەوانەکەیشی راستە، کەواتە خۆبەستنەوە چ بەهایەکی هەیە؟" چمچا لە ناخەوە نەفرەتی لە هیندستان دەکردو بەڵێنی بە خۆی ئەدا کە ئەمجارە لێیدەرچوو چیتر ناگەڕێتەوە.

سەڵاحەدین کەوتە وەبیرهێنانەوەی یادگاریەکانی منداڵی خۆیو وێنەی (شانجێر چمچا والی) دەهاتەوە پێشچاو، ئەو سواڵکەرە زەبەلاحە زاڵەی هەمیشە بە

نهێنی چاودێری هەموو جموجۆڵێکی چمچای دەکرد، بە رادەیەك کە نەیدەتوانی تەنها بۆ ساتێکیش بە تەنیا بێت.

خانووەکەیان کتێبخانەیەکی گچکەی تیابوو، بەڵام باوکی رقی لە کتێب بوو، هەربۆیە پشتگوێی خستو لێگەڕا کرم تێیبات. باوکی لەمپایەکی جادوویی هەبوو، بەڵام دەستی تێوە نەئەدا، رێگەی بە کەسیش نەدەدا دەستی بۆ بەرێت، ئیدی هەر لەو کاتەوە سەلاحەدین هاتەسەر ئەو باوەڕەی ئەگەر ئەو ژینگەیە جێنەهێڵێتو لەو ماڵە هەڵنەیەت ئەوا باوکی هەموو ئاواتەکانی دەخنکێنێت. لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە خەونی بەوەوە دەبینی گەشت بکات بۆ لەندەنی شاجوان، ئەو لەندەنەی کەشێکی شێدارو نایابی هەیەو پڕە لە جونەیی ئەستەرلینی. بێزاربوو لە بۆمبایو تەپوتۆزی بۆمبای، بێزاربوو لەو شۆستانەی پڕبوون لە سواڵکەر. وایلێهات خۆشترین هۆنراوە لەلای ئەو ئەو هۆنراوانە بوون کە باسیان لە شارە رۆژئاواییەکان دەکرد. کاتێکیش تیپی کریکتــی بەریتانی سەردانی شاری بۆمبایی کرد تاوەکو رووبەڕووی تیپە هیندیەکە ببێتەوە، لە هەناویەوە ئاواتی دەخواست تیپە بەریتانیەکە بیباتەوە.

لە سێزدە ساڵیدا ئەو بڕوایە لە ناخیدا چەسپا کە یان دەبێ بۆمبای جێبێڵێت یان دەبێ بمرێت..

***

خەونە ئەستەمەکەی هاتەدی کاتێك باوکی بڕیاریدا بینێرێت بۆ بەریتانیا تاوەکو زانست فێربێت، (نەسرین چمچا والی)ـی دایکیشی خۆبەخشانە بەرلەوەی سەفەر بکات کەوتە ئامۆژگاریکردنیو داوای لێدەکرد شوێن پیسوپۆخڵی

بەریتانیەکان نەکەویت، چونکە ئەوان لە ئاودەستدا ئاو بەکارناهێنن‌و تەنها کلێنکس بەکاردێنن، ئەویش بەرپەرچی دایەوەو وتی: "ئینگلتەرا شارستانیەتێکی مەزنە، تۆ چۆن وا دەڵێیت؟".

نەسرین چمچا والی ژنێکی زەبوون بوو، دایکێکی دڵسۆزی نمونەیی بوو، جلە رەنگاورەنگەکانی سەرنجی هەموانی راکێشابوو، خەڵکی زۆر بە بێتاوانیی‌و پاکژیی ئەو ژنە سەرسامبوون، بەردەوام بۆ ئاهەنگەکانی بانگهێشتی دەکردن، سەلاحەدین رۆڵی دەرگاوانی دەبینی‌و پێشوازی لێدەکردن. لەو ئێوارەخوانانەدا ژمارەیەك میوزکژەن‌و گۆرانیبێژی بانگدەکرد، کاتێك سەلاحەدین گەشتی کرد بۆ بەریتانیا، دایکی بە زەردەخەنەیەکی خەمناکەوەماڵئاوایی لێکرد، هەوڵیئەدا فرمێسکەکانی بشارێتەوە..

سەلاحەدین لەگەڵ باوکیدا گەشتییان کردو لە یەکێك لە هوتێلەکانی بەریتانیادا مانەوە، دوو هەفتەیان لەوێ بەسەر برد بەرلەوەی سەلاحەدین بڕوات بۆ ئەو قوتابخانە ناوەندییەی کە بڕیاربوو تێیدا بەردەوامی بە خوێندن بدات. لەو ماوەیەدا باوکی ناچاری کرد بە رژدی بژی، لە رۆژێکدا تەنها یەك ژەم خۆراکیان دەخوارد.

دوای ئەوەی کە باوکی گەڕایەوەو لێیگەڕا بخوێنێت، سەلاحەدین بڕیاریدا ببێتە پیاوێکی "فول ئینگلیز"، هەرچەندە هاوەڵەکانی لە قوتابخانە گاڵتەیان بە دەنگی‌و شێوازی قسەکردنی دەکرد، هەر وتیوتییان دەهات‌و متمانەیان پێنەدەبەخشی، ئەمەش وایلێکرد هێندەی تر سوربێ لەوەی ببێتە یەکێك لەوان، لە ماوەیەکی کەمیشدا توانی ئەمە بەدیبهێنێت.

بژێوی‌و دەرامەتی سەخت‌و گران بوو، چونکە باوکی خەرجی کەمی بۆ دەناردو دەیوت گوایە بەو جۆرە دەیکاتە پیاوێکی راستەقینە.

دوای پێنج ساڵ، پاش ئەوەی خوێندنی دواناوەندی تەواوکرد، لە چاوەڕوانی دەستپێکردنی یەکەم ساڵی خوێندنی زانکۆدا، گەڕایەوە بۆ نیشتیمان تاوەکو ئەو ماوەیەی کاتی پشووە لەگەڵ دایك‌و باوکیدا بەسەربەرێت. دایکی تێبینی ئەوەی کرد کە چیتر هیچی بەدڵ نییەو رەخنە لە هەموو شتێکی ناوماڵ دەگرێت، رەخنە لە شێوازی گوزەران‌و شێوازی دروستکردنی خواردنیان دەگرێت. کاتێك وەڵامی ناڕەزاییەکانی دایك‌و باوکی دەدایەوە سەبارەت بەو هەڵسوکەوتەی دەیوت: "من هەرچۆنێك بم خەتای ئێوەیە". سەرباری ئەوانەش ناکۆکی نێوان خۆی‌و باوکی گەیشتە رادەی شەڕکردن‌و زویربوون. نەسرینی دایکی‌و (کاستوبرا)ـی باجی‌و (فالاب)ـی مێردی کە دەرگاوانیان بوو، هەوڵیاندا ئاشتیان بکەنەوە، بەڵام هەموویان شکستیان هێنا، کاتێك جەنگی نێوان هیندستان‌و پاکستان هەڵگیرسا، دایکی بڕیاریدا ئەو ئێوارەخوانانەی کە رۆژانە سازیدەکرد کەمبکاتەوە بۆ یەك ئێوارەخوان لە هەفتەیەکدا، واتە تەنها ئێوارانی هەینی ئێوارەخوانی سازدەکرد. لەدوای هەڵگیرسانی جەنگ بۆ رێگرتن لە هاتنەناوەوەی تیشك‌و بە مەبەستی پابەندبوون بە رێنماییەکانی ئاسایشەوە لە دژی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانیەکانی پاکستان، ناچاربوو پەنجەرە گەورەکانی ماڵەکەی بە قوماشی رەشی ئەستور بپۆشێت، سەلاحەدین هەر وەك جاران لەو ئێوارەخوانەی هەینیدا رۆڵی دەرگاوانی دەبینی‌و پێشوازی لە میوانەکان دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان جلی ئینگلیزی لەبەردابوو، لە یەکێ لەو ئێوارەخوانانەدا زەنگی ئاگاداری لێیداو میوانەکان بەڕاکردن هەر یەکێ‌و لە کونێ خۆی شاردەوە، یەکێ لەژێر نوێندا خۆی دەشاردەوە، یەکێکی تر لەناو

دۆلآبدا خۆی حەشاردەدا، بەلآم نەسرین چمچا والی بە تەنها لەنزیك مێزی خواردنەکە مایەوەو خەریکی جوینی تیکەیەك ماسی بوو، درکە ماسییەکی قوتداو کەوتە کۆکەکۆك، کەس نەیوێرا نزیکی بێتەوەو رزگاریکات، چونکە بۆردومان دەستیپێکردبوو، نەسرین کەوتو لەهۆش خۆی چوو، هێندەی پێنەچوو گیانی سپارد.

لەپاش کەمتر لە یەك ساڵ دوای مردنی نەسرین چمچا والی، شانجێر بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت ژنی هێنا، سەلآحەدین کە لە زانکۆی ئنگلستان بوو، نامەیەکی لە باوکیەوە پێگەیشت تێیدا ئەو هەواڵەی پێڕاگەیاندو داوای لێکرد خۆشحاڵ بێت، لانیکەم بۆئەوە خۆشحاڵ بێت باوکی ژنێکی هێناوە هەلگری هەمان ناوی دایکییەتی کە ئەویش نەسرینــە.

بەلآم سەلآحەدین بە نامەیەکی توندو لێوانلێو لە تێهەلچوونو تورەیی وەلآمی نامەکەی باوکی دایەوە. بەچوار دێڕ وەلآمی دایەوە، پوختەکەی بریتی بوو لەمە: "خۆت بەرپرسیاریت بەرامبەر بەم هەلوێستەتو ئەو رووداوانەی وەدووی ئەم هەلوێستەدا دێن"، پاش ساڵێك بێدەنگی سەلآحەدین نامەیەکی لە باوکیەوە پێگەیشت تێیدا لێی دەبووریێت، بەلآم سەلآحەدین ئەم نامەی بەتوندتر لەوەی پێشوو لە قەلەمدا.

کاتێك خوێندنی زانکۆی تەواوکرد، یەکەم شت پاسپۆرتو رەگەزنامەی بەریتانی دەرهێنا، بە باوکیشی وت سورە لەسەر مانەوە لە لەندەنو دەیەوێت ببێتە ئەکتەر، ئەمجارەیان کاردانەوەی باوکی پڕبوو لە تورەییو گالتەپێکردن، بۆی دەنووسێت و دەلێت: "وادیارە شەیتان چۆتە ناختەوەو کاری کردووەتەسەر ئەقڵت، واتلێهاتووە هەست بە هیچ جۆرە پەیوەندییەك ناکەیت، نەبە منەوە، نەبە

نیشتیمانەکەت، وەفاشت نەماوە بۆ یادی پیرۆزی دایکت، تەنانەت وەفات بۆ خۆت نەماوە. ژیانی خۆت لەژێر رووناکی شانۆکاندا دەبەیتەسەر، بەبەرچاوی بێگانەکانەوە ماچی ئافرەتە کاڵباوەکان دەکەیت، ئەو بێگانانە بۆئەوە پارەت پێدەدەن تەماشای سەرشۆڕییەکانت بکەن، تۆ چیتر کوڕی من نیتو بوویت بە ئاژەڵێکی دڕ، بوویت بە غول، بوویت بە شەیتانێك لە شەیتانەکانی دۆزەخ، تەنها پێمبڵێ، چۆن رووبەڕووی هاوڕێکانم ببمەوەو پێیانبڵێم تۆ بوویت بە ئەکتەر؟".

لە پەڕاوێزی نامەکەشدا تێبینییەکی بچووکی نووسیوە دەڵێت: مافی ئەوەت نەماوە لەمپا جادووییەکەت بە میراتی بۆ جێبێڵم.

پاشان نامەکانی باوکی کەمبوونەوە، تەنها چەند نامەیەکی کەمی لە باوکییەوە بۆدەهات کە هەڵگری هەمان ناوەڕۆکی ئازاربەخشی جاران بوون. بەڵام لە یەکێ لەو نامانەدا هاتووە دەڵێت: "شەیتان تەنها چۆتە جەستەتەوە کوڕم، ئەگینا رۆحت هێشتا پاکیزەیە، رۆحت لەلای ئێمە نیشتەجێیە، لەناو ئەو درەختەدایە کە ناوی تۆی لێنراوە، کاتێ لەو شەیتانە رزگارت دەبێ، بگەڕێرەوە بۆ ئێرەو لەناو ئەو درەختەدا بە شوێن رۆحە هەمیشەییەکەی خۆتدا بگەڕێ، چونکە هێشتا رۆحت لەناو باخچەیماڵەکەدا نەشونما دەکا"، لەو چەند نامانەی دواییدا ئاڕاستەی قسەکردنی باوکی گۆڕا، زۆری پێنەچوو ئەو نامانەش نەمان. ئەو کەسانەی لە شارەکەی سەڵاحەدینەوە دەهاتن بۆ ئینگلتەرا بە سەڵاحەدینیان دەوت گوایە باوکی بۆتە خواناسێك هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی ئاینی ئیسلام تەرخانکردووە، ئەم هەواڵەش سەڵاحەدینی زۆر بێزارکرد، بەرپرسیارێتی ئەو دۆخەشی خستەئەستۆی ژنە تازەکەی باوکی (نەسرینی دووەم)، چونکە پێیوابوو ژنێکی جادوبازی شەڕەنگێزە.

سالآنێك تێپەڕی، سەلاحەدینی ئەکتەر کە خۆی خۆیی دروستکرد، لەگەڵ ئەندامانی ئەو تیپە شانۆییەی کاری تیادەکات گەڕایەوە بۆ بۆمبای. تاوەکو لەسەر شانۆکانی بۆمبای، وەرگێڕانە هیندییەکەی شانۆگەری (ملیۆنێرەکان)ـی جۆرج برناردشۆ نمایشکەن.

سەلاحەدین چمچا پێنج رۆژ بەر لە کۆتایی سالّی 1960 (پامێلا لفلێس)ـی بینیبوو، لە یەکێك لەو ژوورانەی کە پڕبوون لەو کچە ئەکتەرانەی هەڵگری بیروباوەڕی ترۆتسکی بوون، پامێلا راوەستابوو و نیگای ماناداری ئاڕاستەی سەلاحەدین دەکرد، سەلاحەدینیش بەشبەحالّی خۆی بەدرێژایی ئەو ئێوارەیە تەماشای دەکرد، پامێلاش بێوچان زەردەخەنەی بۆدەکرد، وەلێ دواجار لەگەڵ پیاوێکی تردا ژوورەکەی جێهێشت، سەلاحەدین هەرکە چووە مالّەوە خەونی بەچاو و زەردەخەنەو کەمەری باریکی پامێلاوە دەبینی، خەونی بە رەنگی پێستییەوە دەبینی، بەدرێژایی دوو سالّ بە شوێنییەوە بوو.

ئینگلتەرا سامانی خۆی بە کۆچکردووەکان نادات لە دوای ناڕازیبوونێکی زۆر نەبێت..

سەلاحەدین شەوێك لەناکاو پامێلای خواست، چانسی ئەوەی پێنەدا دوودڵ بێت یان بیربکاتەوە. بەلام سەلاحەدین هەرگیز نەیتوانی بزانێت پامێلا چۆن بیردەکاتەوە، پامێلا کەسێکی سەیرو سەمەرەبوو، کاتێك سەلاحەدین تکای تیادەکرد دەرگای لێبکاتەوە، پامێلا هاواری بەسەردا دەکردو دەیوت: "لێمەگەڕێو وازملێبهێنە، تۆ هیچ پەیوەندییەکت بە منەوە نییە، من کاتێك خەمبارم حەزناکەم کەس ببینێت". بەلام هەستیدەکرد پێویستییەکی زۆری پێیەتی، چونکە هەر ئەو بوو وایلێدەکرد هەست بە بوونی خۆی بکات، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر پامێلا

پێی ڕاگەیاند دایكو باوكی بە خۆكوژی لەناوچوون، كاتێك ئەم پێی ناوەتە تەمەنی هەرزەكارییەوە، ئەوان پێكەوە خۆیان كوشتووە، بەهۆی ئەو قەرزانەی لەئەنجامی قوماركردنەوە هاتووەتەسەریان، ئیدی هیچیان بەمیراتی بۆ جێنەهێشتوە، جگە لەو دەنگە ئەرستوكراتییەی سەرنجی هەموو گوێبیستێكی بەلای خۆیدا رادەكێشا، ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی لەلایەن كچانی ترەوە ئیرەیی پێببرێت، لەكاتێكدا ئەو لەڕاستیدا مایەی خەمباریو بەزەیی بوو، چونكە هەستی بە تەنیاییو سەرلێشێواوی دەكرد. خۆكوشتنی دایكو باوكیشی وایلێكردبوو متمانەی بەهیچ كەس نەمێنێت، جگە لەو دۆخە تۆقێنەرە پەنهانە بێسنورەی ژیان تێیكەوتبوو.

سەلاحەدینو پامێلا هیچ منداڵێكیان نەخستەوە. پامێلاش ئۆباڵی ئەوەی دەگرتەئەستۆی خۆی، هەرچەندە سەلاحەدین پاش دە ساڵ بۆیدەركەوت كە هۆكاری راستەقینەی منداڵ نەبوونیان لە بۆماوەكانی ئەودایە، چونكە لە شیكاریدا ئەوە دەركەوت جیناتەكانی ناهاوسەنگو خراپن. هۆكاری ناكۆكییەكەی دواییشی گێڕایەوە بۆ ئەو كێشەیە، كێشەی منداڵ نەبوون.

سەلاحەدین لە بارێكدا هەندێ هاوڕێی خۆیی بینی، (فوین) بەدرێژایی بیستونۆ خولەك باسی ئەو منداڵانەی دەكرد كە هەتا مردن لێدراونو ئەو منداڵانەی بە خنجەر سەربڕاون، هێندەی پێنەچوو كەوتەهەڵدانی شەرابو پێك لەدوای پێك هەڵێئەدا تا وایلێهات زۆر بەتوندی قوڕقێنەی ئەدایەوە، لەو ساتەدا گەنجێك لە گۆشەیەكی دووری بارەكەوە هاواریكرد: "دەبێ لەو پاڵنەرە سیاسیانە تێبگەین كە لە پشتی ئەو رووداوەی ئاسام ـەوە بوون" كەسێكی تر وەڵامی دایەوە: "ئەی بۆچی ناڵێیت پاڵنەری ئابووری؟" كەسێكی تریش وتی: "هیچ هۆكارێكی

ئابووری نابێته بیانوییەك بۆ سەربڕینی منداڵ" ئەوەی یەکەم وەڵامی دایەوە: "ئەگەر تۆ ئەم قسە بە بڕواوە دەکەیت ئەوا تۆ لە ژیانتا برسییەتیت نەچەشتووە".

سەڵاحەدین چمچا گوێی بۆ ئەم مشتومڕە گرتبوو، لەپڕ رەنگی گۆڕاو هەستی بە خنکان دەکرد، بۆیە جۆرج دەستیگرتو بردیە دەرەوە، لەوێ لێی پرسی: "تۆ باشیت؟" سەڵاحەدین لەو ساتەدا هەناسەی بۆ گەڕابووەوە، بە هەناسە بڕکێوە وتی: "هیچ نییە، خەتای ئەو شەرابەیە، ئینجا من ماندوم" زینات و فوین کەوتبوونە شوێنیان. زینات سەیری دەکردو لە چاوانیدا نیگایەکی مانادار بەدەردەکەوت، نیگایەك دەربڕینێکی تری پێوە دیاربوو، جگەلە بەزەیی، دەربڕینێك نزیکتربوو لە خۆکوشتن! لەدواییدا زینات پێی وت: "توانیمان ئەو سەدەفە بشکێنین کە خۆتت پێدەپاراست". ئەویش وەڵامی دایەوە: "بۆچی لێمناگەڕێیتو وازملێناهێنیت، من کە لەم شارەدا لەدایکبووم‌و پەروەردە بووم هەست بە سەرگەردانی دەکەم، هەست بە گێژی دەکەم، چونکە لەهەمان کاتدا نیشتیمانمەو نیشتیمانیشم نییە، ئەم شارە تووشی دڵەفڕکێ‌و سەرئێشەم دەکات"! وەڵامی دایەوەو وتی: "تۆ چ گێژێکی، تۆ چوویتەوەسەر رەچەڵەکی خۆت". سەڵاحەدین لە یەکێ لەو شەوە بێدارانەی کەسیان تێیدا نەخەوتن لێی پرسی: "ئایا تائێستا هاوسەرگیریت کردووە؟" ئەویش پێکەنی‌و وتی: "باشە گێلەپیاو، من چ پێویستییەکم بە شوکردن هەیە؟ من هیچ پێویستم پێی نییە، چونکە من زۆر سەرقاڵم‌و کاتی شوکردنم نییە"، هەمان ئەو پرسیارەی ئاراستەی خۆی کردەوە، سەڵاحەدینیش وەڵامی دایەوە: "من ژنێکی دەوڵەمەندم هێناوەو خانوویەکی گەورەو نایابم هەیە لە ناوچەی (نیتینگ هێڵ)، لەو شوێنەی دز هەڵدەکوتێتەسەر هەموو شتێك، هەرلە ئامێری ڤیدیۆوە تا دەگاتە ئامێری دەنگ، تەنانەت سەگە نازدارە گرانبەهاکانیش دەدزن! هەژارەکان

سەگە گرانبەهاکان دەدزنو ناوی تریان لێدەنێن، لەسەر ئەو ناوە نوێیانە رایاندەهێننو دواتر لە فرۆشگا نایابەکانی سەگفرۆشیدا دایاندەنێن بۆ فرۆشتن یان بەرامبەر بە پارەیەکی زۆر دەیگێڕنەوە بۆ خاوەنە تۆقیوەکانیان".

پاشان زینات هەوڵیدا بزانێت سەلاحەدین پارە بەچی پەیدادەکات، کاتێکیش پێی وت لە رادیۆدا کاردەکاتو لاسایی دەنگە جۆراوجۆرەکان دەکاتەوە، دایە قاقای پێکەنینو سەرنجی میوانەکانی هوتێلەکەی راکێشا. کاتێ پێکەنینەکەی هێواش کردەوە پێی وت: "ئەی داماو، ئەو ئینگلیزە نەفرەتیانە تواناکانت هەڵدەگوشنو دەتکەنە کۆیلەی خۆیان".

زینات پێیوابوو ئەم کارەی ئەو مایەی پێکەنینە بەڵام سەلاحەدین وەڵامی دایەوە: "من بەهرەدارم لە لاساییکردنەوەی دەنگەکان، جا بۆ ئەم بەهرەیە بەکارنەهێنم بۆ پارەپەیداکردن؟".

پاشان باسی ئەوەی بۆکرد چۆن هاوەڵانی ناویاناوە (پیاوی هەزارو یەك دەنگ)، باسی ئەوەی بۆکرد چۆن دەتوانێت لاسایی هەموو شێوەزارەکان بکاتەوەو گوێگرانی رادیۆ والێبکات بڕوای پێبکەن کە ئەو بەڕاستی روسییە یان چینییە یان سیشیلییە یان تەنانەت سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانە، باسی ئەوەی کرد چۆن لە یەکێ لە شانۆگەرییەکانی رادیۆدا دەنگی سیو حەوت کەسی جۆراوجۆری دەرکردوە، چۆن خۆیو کچە هاوڕێیەکی جولەکەی ئەرمەنی کە ناوی (میمی مامولیان)ـە دەستیانبەسەر شەپۆلەکانی رادیۆی بەریتانیادا گرتووە، دەیوت ئەو کچە لە توانایدایە لاسایی زنجیرەیەك دەنگی ئافرەتی تەمەن جیاواز بکاتەوە، بەهۆی لێکچوونی بەهرەکانمانەوە جارێکیان ئەو ئافرەتە پێیوتم: "پێویستە منو تۆ ببینە هاوسەری یەك" بەڵام من پێموت: "من لەدژی جولەکە پەروەردە کراوم" ئەویش

بێباکانه شانی لەراندو وتی: "چی بکەم؟ تاوانی منی تیا نییه، هەموو مرۆڤێك خەوش‌و نەنگی خۆیی هەیه، بەڵام ئەگەر ببینه هاوسەری یەکتر ئەوا دەبینه کۆمەڵەی نەتەوه یەکگرتووەکان!". زینات وەکیل توانی هەرچی ئافرەت لە مێشکی سەڵاحەدین چمچادا هەیه دەرکات لەو ماوەی که لە بۆمبای مایەوه، یەکێ لەو ئافرەتانەی لە مێشکی دەریکرد کچه ئەکتەره جولەکەکه بوو، چونکه پێیوت: "تۆ و ئەو هیچ هەستێکتان نییەو تەنها لەڕێگەی دەنگتانەوه بوونتان هەیه، تەنها لەڕێگەی ئەو کەسایەتیانەی که رۆڵیان دەنوێنن!" سەڵاحەدین هەستی کرد زینات تا رادەیەك راستدەکات، چونکه بەبیریاهاتەوه چۆن میمی مامۆلیان به تین‌وتاسەوه حەزیدەکرد لە هەموو وڵاتانی جیهان سەروەت و خانووی هەبێت، هۆکاری ئەوەیشی گێڕایەوه بۆ ئەوەی ئەو پێویستی به رەگداکوتان هەیه تاوەکو هەستی رەشوڕووتی‌و دەربەدەری خۆی تێپەڕێنێت، ئەو هەستەی که رۆچۆته نێو ئاینی جولەکەوه.

هێندەی نەبرد زینات هەوڵیدا وایلێبکات رق لە بەریتانییەکان هەڵبگرێت‌و وتی: "وەك چۆن کۆیله ئاغاکەی خۆشدەوێت تۆش هەر بەوجۆره خۆشتدەوێن، سەڵاحەدین، کوڕم، ڤیروسیا هەرچۆنێك بیردەکەیتەوه یان لە هەر بارودۆخێکدایت، بگەڕێوه بۆ نیشتیمان بۆ خاتری قەشه بوترس".

بەڵام سەڵاحەدین دیسان باسی خواسته گەورەکانی خۆی لەبواری نواندندا بۆدەکرد، ئەو بوارەی که یەکەمجار لەڕێگەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی تایبەت به منداڵان تێیدا رسکا، ئەو بەرنامەیەش لە بەریتانیا کاردانەوەی جۆراوجۆی لێکەوتەوه، که زۆربەیان کاردانەوەی نەرێنی‌و ناڕەزایی بوون. وەختەبوو وایلێبکات چیتر بەردەوام نەبێت، زینات وتی: "سەڵاح تۆ زۆر قۆزیت، سینەمای هیندییش پێویستی به کەسێکی وەك تۆیه، بەتایبەت پاش ئەو بۆشاییەی فریشته جوبریل به

کۆچکردنی لەدوای خۆی جێیهێشت، تۆ لێرە دەتوانیت گرەو لە ئەکتەری مەزن (باشان) ببەیتەوە، تەنانەت دەتوانیت بەسەر خودی فریشتە جوبریلیشدا سەرکەویت". بەڵام سەلاحەدین لە وەڵامدا وتی: "هۆکاری راستەقینەی هاتنی من بۆ بۆمبای تەنها لەبەرئەوە نەبوو بەشداری لە نمایشکردنی شانۆگەری ملیۆنێرەکاندا بکەم، هۆکارێکی گەورەترو گرنگتر هەیە ئەویش ئەوەیە دەمەوێت شانجێر والیی باوکم ببینم، ئەو پیاوەی لەمپا جادوویەکەی لەلایە".

کاتێ زینات بیستی شانجێر والی باوکییەتی پێیوابوو شۆخی لەگەڵ دەکات، چونکە ئەم پیاوە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین پیاوانی بۆمبای‌و خەریکی بازرگانی پەیینە، یەکێکە لەوانەی لەناوچەی ئابرۆچووەکان دەژی، ئەو ناوچەی کە بەوە ناسراوە دانیشتوانەکەی بێسنور دەوڵەمەندن. کاتێکیش دڵنیابوو راستدەکات تکای تیاکرد هەرکاتێك چوو بۆسەردانی باوکی لەگەڵ خۆی بیبات تاوەکو بەچاوی خۆی ئەو پیاوە ئەفسانەییە ببینێت، بەڵام ئەم هۆشداریداو ئاگاداریکرد باوکی رێز لە خەڵکی بێگانە ناگرێت‌و رەنگە بەخراپی مامەڵەی لەگەڵ بکات، دواجار لەبەر پێداگری و سوربوونی زینات، سەلاحەدین رازیبوو لەگەڵ خۆی بیبات.

بەرێز شانجێر والی لەم ماوەی دواییدا پێنج رۆژ لە هەفتەیەکدا لەگەڵ هاوسەرە نوێکەی (نەسرینی دووەم) لە کۆشکێکی شورادراودا دەژیا، ئەو کۆشکەی خۆی ناوی نابوو (قەڵای سور)، کە دەکەوێتە ناوچەی (تەل بالی)و زۆربەی دانیشتوانەکەی ئەستێرەی سینەمایین. وەلێ دوو رۆژی کۆتایی هەفتەی بەیادی ژنە مردووەکەیەوە (نەسرین) لە دەچووەوە بۆ خانووە کۆنەکە. خەڵکی باسی ئەوەیان دەکرد گوایە ژنە تازەکەی رازی نییە لەگەڵی بێت بۆ ئەم خانووە کۆنە. هەندێ قسەو باسیش هەبوون کە گوایە لە ئیش‌و کارەکەیدا رووبەڕووی

کێشە بۆتەوە، گوایە حکومەت نیازیوایە دەستگرێت بەسەر دامەزراوە بازرگانییەکانیدا بەهۆی ئەو باجە نەدراوانەی لەسەری کەڵەکەبووە. سەلاحەدین لەگەڵ زینات وەکیلدا چوو بۆ ئەو خانووە کۆنەی لە ئێستادا دەرگای پۆلاینی گەورەی بۆ دانراوەو بە کۆنترۆڵ لەدوورەوە دەکرێتەوە. کاتێ دەرگاکانیان بۆکرایەوە یەکەم شت بەرچاوی سەلاحەدین کەوت ئەو دارگوێزە بوو کە باوکی پێیوابوو رۆحی ئەو لە هەناویدایە. لە دەروازەکەدا پیرەپیاوێك بەدەمیانەوە هات، سەلاحەدین ناسییەوەو بۆیدەرکەوت ئەو دەرگاوانە گەنجەی جارانە کە ناوی فالاب بوو، خۆی پێنەگیراو بە گریانەوە باوەشی کرد بە فالابدا، ئەویش لە بەرامبەردا زۆر سەرسام بوو بەوەی کە سەلاحەدین سەرباری بەسالاچوونی بەو خێراییە ناسیویەتییەوە. هێندەی پێنەچوو پێیڕاگەیاند کە شانجێر چمچا والیی باوکی بەڵێنی بەخۆیداوە ئەم خانووە بەتایبەت بهێڵێتەوە بۆ یادکردنەوەی نەسرینی دایکی سەلاحەدین.

هەربۆیە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر بەشەکانی ناوەوەی خانووەکەدا نەهێنابوو، کاتێکیش هەموان پێکەوە چوونە هۆڵەکەی پێشەوە سەلاحەدین بەتوندی هاواریکرد، چونکە خێوی دایکی بینی، زیناتیش تۆقی، چونکە ژنێکی زەبوونی درێژی بەسالاچوو لەبەردەمیان دەرتۆقی، سارییەکی لەبەردابوو بە پیتو وشە نەخشێنرابوو وەك ئەوەی لە کاغەزی رۆژنامە دروستکرابێ. ئەگەرچی فالاب وەستابوو و هیچ نیازێکی نەبوو، دەستی هەڵبڕیو نەیدەزانی چۆن ئەو بارودۆخە روونبکاتەوە. کاتێ سەلاح هاوسەنگی وەرگرتەوە فالاب پێیڕاگەیاند بەڕێز شانجێری باوکی رێی بە کاستوبرا داوە (ژنەکەی فالاب) جلوبەرگەکانی نەسرینی خوالێخۆشبوو لەبەربکات. فالاب درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

"سەلاحی کورِم تۆ دەزانیت دایکت ژنێکی سەخیو دڵفراوان بوو، ئەم ژنەی ئێستا بە بەردەمتا تێپەڕیو ونبوو کاستوبرای ژنی منە، ئەوەی کە لە منداڵێتا باجیی تۆ بوو! پێیشموانییە تۆ ناڕازی بیت بەوەی هەندێ لە جلەکانی دایکت لەبەرکات!".
سەلاح بە تێهەڵچوونەوە وەڵامی دایەوەو وتی بێگومان ناقایل نیم، هێندەی پێنەچوو کاستوبرا هاتەژوورەوە، هەرچەندە لەگەڵ سەلاحدا بە گەرمی سڵاویان لەیەك کرد، بەڵام دۆخەکە گەرمیو شڵەژانی پێوەدیاربوو. فالاب چوو بۆهێنانی بیرەو ساردەمەنی، لەو نێوانەدا زینات بە نهێنی بە سەلاحی وت پەیوەندیەکان لەم ماڵەدا جێی گومانەو پرسیار هەڵدەگرێت، چونکە فالابو کاستوبرا بەدرێژایی پێنج رۆژ تەنیا دەبنو لە دوو رۆژی کۆتایی هەفتەدا باوکی سەردانیان دەکات، لەپڕ سەلاح گوێی لە دەنگی باوکی بوو گلەیی لێدەکرد کەوا ساڵانێکی زۆرە دیار نییە تا وایلێهاتووە جیاوازی نەکات لەنێوان باجی کاستوبراو دایکیدا. کاتێ سەلاح تەماشای باوکی کرد بۆیدەرکەوت کە زۆر پیربووە بەڕادەیەك وایلێهاتووە لە سێوێکی گەنیوی سیسبوو دەچێت، وایلێهاتووە چیتر ناتوانێت وەك جاران خەڵك بترسێنێتو سامو کاریگەری بەسەر خەڵکەوە نەماوە. کاستوبرا هاتو سیگارێکی بەدەستەوەبوو تا بیکێشێت، هێندەی نەبرد باوکی لە تەنیشتییەوە دانیشتو دەستیکردە ملی، ئەوکات زینات وەکیل سەرسامییەکی زۆر بەچاوەکانیەوە دیاربوو، بەتایبەت پاش ئەوەی مێردەکەی کاستوبرا بە گالسکییەك شەرابەوە خۆی کرد بە ژووردا، بەڵام شانجێر چمچا والیی پیرەپیاو دەستی لانەبرد، سەلاح هەوڵیدا کۆمێنت لەسەر ئەو هەڵسوکەوتە بدات، بەڵام زینات بە چپە داوایلێکرد بێدەنگ بێت. بەڵام خۆیی پێنەگیراو وتی: "ئەی چی لەبارەی ژنە تازەکەتەوە ئەڵێی باوکی ئازیزم؟ پێموایە هەموو ئەم هەڵسوکەوتانەی تۆ قبوڵدەکات" پاشان بەدەنگی بەرز بەردەوامی

به قسەکانی داو وتی: "ئینجا ئەم کارە لە ماڵی دایکمدا دەکەیت؟ وەك زانیومە حکومەت بەهۆی بازرگانییە مایەپوچەکەتەوە بەشوێنتدا دەگەڕێت، با منیش ئەوەت پێڕاگەیەنم: تۆ نەك تەنها لە بازرگانیدا بەڵکو لە رۆحیشدا مایەپوچ بوویت، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەم کردەوە نەشازانەتە کە بە بەرچاوی مێردەکەیەوە لەگەڵ کاستوبرادا دەیکەیت، تۆ بێگومان بە پارە کڕیوتە، چەندیان پێدەدەیت تاوەکو بەمجۆرە ژیانیان ژەهراویکەیت؟ تۆ بێگومان پیاوێکی نەخۆشیت!" فالاب قسەی خۆی بەناوداهێناو وتی: "لەگەڵ رێزمدا گەورەم بەڵام ئەم قسانەی تۆ هەڵەن، تۆ ماوەیەکی زۆر لە ئێمە دابڕاویتو ئێستاش هاتوویتەوە لێکدانەوە چەوتو هەڵەکانتمان بەسەردا دەخوێنیتەوە، باوکی تۆ بەرامبەر بەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەینو بەرامبەر بەوەی دەیبینی کرێمان پێدەدات!". سەلاّح بە توڕەیی قیڕاندیو وتی: "چەندت پێدەدات بەرامبەر بەوەی ژنەکەت ببێت بە سۆزانی؟" کاستوبرا بە بێزارییەوە وەڵامی دایەوە: "هەرچەندە لە بەریتانیا پەروەردەبووە بەڵام بڕوانە چ دەبەنگێکە، ئێمە دایکتمان خۆشدەوێت، بەڵام وادیارە تۆ خۆشتناوێ، ئێمە بەمشێوە یادی دەکەینەوە هیچی تر نا". فالاب وتی: "ئەمە جۆرێکە لە پەرستنو رامانی رۆحی"، زینات وەکیل هاتەقسەو وتی: "بەسە ئیتر سەلاّح کۆتایی بەم مشتومڕە بهێنە". پاشان بەرەو ئەو قەنەفە چوو کە شانجێری پیرەپیاو لەسەری دانیشتبوو، لەسەر شانی قەنەفەکە دانیشتو درێژەی بە قسەکانی دا: "تۆ فریشتە نیت، ئینجا ئەم خەڵکە مافی خۆیانە هەرچۆنێك دەژین!" شانجێریش دەستی راتەکاندەسەر ئەژنۆی زینات، سەلاّحەدین ئەم هەڵسوکەوتەی زیناتی بە خیانەتێکی گەورە لەخۆی زانی، خیانەتێك کە شایانی لێبوردن نییە! شانجێری باوك بە زیناتی وت: "پێویستە لەسەر تۆ حوکممان لەسەر بدەیت، ئەو هاتووە تۆڵەم لێبکاتەوە،

منیش چانسی ئەوەی پێئەدەم ئەو کارە بکات، بەڵام ڕێگەی پێنادەم حوکمی تەواوی خۆی بدات، حوکمی تۆم پێ قبوڵە".

ئەو تۆمەتو تاوانانە چین کوڕەکە ئاڕاستەی باوکی کرد؟ تۆمەتی ئەوەی دایەپاڵ لە قۆناغی مێردمنداڵیدا سیخوری بەسەرەوە کردوەو چاودێری هەموو جوڵەو وەستانێکی کردوە، تۆمەتی ئەوەی هەوڵیداوە بیخاتە بارودۆخێکی نەخوازراوەوە، تۆمەتی پەشیمانبوونەوە لە پەرستنی ژنە تازەکەیو، تۆمەتی گومڕابوون بە پەرستنی خێوی ژنە کۆنەکەی، تۆمەتی خاوەنداریێتی لەمپا جادووییەکە، ئەو لەمپایەی وایلێکردوە ببێتە خاوەنی هەموو شتێك بێئەوەی هیچ خۆی ماندوکات، دواجار تۆمەتی ئەو بەڵێنەی کە لەم دواییانەدا بەسەرچوو، چونکە پەیمانی پێدابوو لەمپا جادووییەکەی پێبدات.

باوکی رووی قسەکانی ئاڕاستەکردو وتی: "دەبێ چیتر نەمخەیتەسەر شانت وەك ئەوەی توتیت لەسەرشان ناوە، من پیاوێکی بەساڵاچووەو لە دوایین قۆناغەکانی ژیانمدام، بەهەرحاڵ منو تۆ کۆپی یەکتر نین". لەو ساتەدا سەلاح چاوی کەوتەسەر ئەو دارگوێزەی تەمەنی چل ساڵە، ئەو دارەی کە باوکی پێیوابوو رۆحە پاکیزەکەی ئەو لەناو ئەو دارەدایە، سەلاح بەسەر باوکیدا قیڕاندیو وتی: "ئەو دارە بیڕەوە، بیکە بە تەختەو بیفرۆشە، بیفرۆشەو پارەکەی خەرجکە، چونکە من چیتر پێویستم پێی نییە". هەموان بێدەنگبوون، بۆ دەربازبوون لە شەرمەزاری، شانجێر پێشنیاریکرد گەشتێك بەنێو خانووەکەدا بکەن تاوەکو تەماشای ئەو شوێنەوارو پاشماوە ناوازانەی مێژووی موسڵمانانی هیندستان بکەن کە شانجێر زۆر شانازی پێوەدەکردن، بەڵام سەلاح سەبارەت بەو وێنانەی لەسەر بەرماڵەکان کێشرابوون، ئەو وێنانەی گوزارشتیان لە قارەمانێتی حەمزەی مامی پێغەمبەر دەکرد، پێیوابوو ئەو

وێنانە گوزارشت لە کێویبوونو دڕندەییو ئارەزووی خوێنڕێژی دەکەن، گوزارشت لەو کەسانە دەکەن چێژیی دڕندەییان لە ئازاردانی خەڵکی وەرگرتووە.

پاش ئەوەی لە گەشتەکە تەواو بوون، شانجێر هەستی بەسەربەرزی دەکرد کەوا لەبەردەم زینات وەکیلدا وادەرکەوت پیاوێکە شانازی بە رەگوڕیشەی خۆیەوە دەکات، ئینجا پێی وت: "ڕاستی من ئەمەیە، بەڵام بڕوانە کوڕەکەم چی پێکردم، خۆی کردوە بە کەسێك لاسایی بوونەوەرانێك دەکاتەوە کە بوونیان نییە، من ئێستا هیچ میراتگرێکم نییە میراتەکەمی بۆ جێبهێڵمو بەردەوامی بەو ڕێگایە بدات من لەسەری ڕۆیشتم، ئەو بەم شێوەیە تۆڵەم لێدەکاتەوە، ئەو ڕەگوڕیشەی خۆمم لێ زەوت دەکات، ئێستاش وەك لە سەرەتادا ڕێکەوتین دەبێ حوکمی خۆت بدەیت!".

زینات وەکیل بەرەوڕووی ڕۆشتو دەستی خستەسەر کوڵمیو سەری ماچکرد.

سەڵاحەدین بۆماوەی چەند ڕۆژێك ڕازی نەبوو زینات وەکیل ببینێت یان تەنانەت وەڵامی ئەو نامانەی بداتەوە کە لە هوتێل بۆی دادەنا، پاش ئەوەی بەو شێوە خیانەتی لێکرد. کاتی دیاریکراوی نمایشکردنی شانۆگەری (ملیۆنێرەکان) کۆتایی هات، کاتی ئەوە هات سەڵاح بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان، ئەو ڕۆژە سەڵاح گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی لە هوتێل، بینی زینات لەبەردەم دەرگای ژوورەکەیدا لەسەر زەوی دانیشتووەو چاوەڕێی دەکات. هەر لەو ڕۆژەدا پۆستێکی لە باوکییەوە بەدەست گەیشت، کە پارچەیەك تەختەو بڕێك پارەی نەختی تێدابوو، پارەکەش لە دراوی ڕۆپیێ نەبوو، بەڵکو جونەیی ئەستەرلینی بوو. کاتێ سەڵاح چووە ژوورەوە قسەی ئاڕاستەی زینات کردو وتی: "پێتوایە من خۆشمدەوێیت؟ پێتوایە من لەگەڵت دەژیم؟

من پیاوێکی خێزاندارم، من ژنم هەیە". زیناتیش وەڵامی دایەوە: "من نامەوێت لەپێناو مندا لێرە بمێنیتەوە، بەڵکو دەمەوێت شەرم لەخۆت بکەیتو لەپێناو خۆتدا بمێنیتەوە".

سەڵاح پێی وت: "داوا لە من دەکەیت شەرم لەخۆم بکەمو بمێنمەوە، لەکاتێکدا تۆ خۆت مانای شەرم نازانیت، لەڕاستیدا بێئابڕوییو بێشەرمی تایبەتمەندییەکی گشتگیرە لەناو هیندستانیەکاندا، پێویستە لەسەرتان جارێکی تر پێداچوونەوە بۆ واتای وشەی شورەیی بکەن". ئەویش وەڵامی دایەوە: "باشە، پێویست ناکات زیادەڕەوی بکەیت".

هەرچەندە ژنی ناو خەونەکان باڵای کورتتربوو و لە ژنە راستەقینەکە جوانتر نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چمچا هەر یەکەمجار ئەو کچەی بینی کە لە رێڕەوی فڕۆکەی بوستاندا دەهاتو دەچوو ئەو خەوە ناخۆشەی بیرکەوتەوە. چونکە لەپاش تۆرانی زینات وەکیل خەوێکی زۆر ناخۆشی بینی، ئەو ژنەی نێو فڕۆکەکە بە دەنگێکی ناسکو شێوەزارێکی کەنەدییانە قسەی دەکرد، چەندین بار تەقەمەنی لەشێوەی منداڵێکی نەجوڵاو دەگواستەوە، ئەو شتەش کە وەك قژی منداڵەکە دەردەکەوت لەڕاستیدا سەرەپەنجەی دینامیت بوو. کاتێ ئەوەی بۆدەرکەوت لە ترساندا خەریکبوو هاوار بکات، بەڵام بەناڕەحەت دانی بەخۆیداگرت، دووبارە گەڕایەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو رۆژنامەی بەدەستییەوە بوو، هێندەی پێنەچوو خەوی لێکەوت، دوای ماوەیەك چاوی هەڵهێنا تا جەربەزەیی دووەمی ئەو گەشتە تراژیدیە ببینێت، پیاوێکی ریشدار بە چاویلکەیەکی تاریکی هەرزانبەهاوە لە تەنیشتییەوە تێپەڕی، ئەو کەسەش فریشتە جوبریل بوو. ئەویش لەسەر هەمان فڕۆکە خۆیی خستووەتە بەرگی کەسێکی دیکەوە تاکو کەس

نەیناسیتەوە، لەکاتێکدا پیاوێك لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو پانتۆڵێکی لەو جۆرانەی لەپێدابوو کە یاریزانانی گەمەی پەیسبوڵ لەپێی دەکەن، کراسێکی ڕەشی بریقەداری لەبەردابوو وێنەی هەژدیهایەکی چینی لەسەر کێشرابوو. ئەو پیاوە هەستیکرد چمچا پێیدا دەڕوانێت. خۆی پێناساندو وتی من "یوجین دمدیم لە گاردی مەسیحی" چمچا لێی پرسی "مەبەستت ئەوەیە تۆ پیاوێکی سەربازییت؟" پیاوەکە بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوەو وتی "بەڵێ، بەڵێ، بەڕێزم من ئەفسەرێکی خزمەتکاری سوپای یەزدانم، من زانایەکی ئایینیم، بۆ هەڵمەتێکی مژدەبەخشانە لەگەڵ شاندێکدا هاتبوومە وڵاتە مەزنەکەی ئێوە تاوەکو قەڵاچۆی ئەو ڕێبازە داروینیانە بکەین کە لەناو نەوەی گەلەکەتاندا بڵاوبۆتەوە، من سپێردراوم بەوەی بەگژی داروین‌و کتێب‌و بۆچوونەکانیدا بچمەوە. ئەم ناو داروینە خودی شەیتان خۆیەتی، ئینجا من ڕازی نابم بەوەی باپیرەم مەیمون بێت لە چەشن‌و جۆری شمبانزی".

لەم نێوانەدا گلۆپەکانی ناو فڕۆکەکە کوژێنرانەوە تاوەکو فیلمێکی سینەمایی بۆ سەرنشینەکان نمایش بکرێت، دمدی لە فرەڕێسیەکەی بەردەوامبوو، چمچایش نەیتوانی بێزاری خۆی بەرامبەر بەو فرەڕێسیە بشارێتەوە. هێندەی نەبرد دمدی خەوی لێکەوت، خەریکبوو دەردی خەو یەخەی چمچایش بگرێت، بەڵام لەناکاو گلۆپەکانی فڕۆکەکە کرانەوەو چوار کەسی چەکدار بەنێو ڕێڕەوی فڕۆکەکەدا کەوتنە هاتووچۆ.

سەرنشینەکانی فڕۆکەکە بۆماوەی سەدو یازدە ڕۆژ بەندکران، پاش ئەوەی فڕۆکەکە ناچارکرا لە نیشتگەیەکی بچووکی پڕ لە خۆڵی بیابان و لە نزیك مێرگێکدا بنیشێتەوە، مێرگێك کە ڕەنگە هی یەکێك لە شێخەکان بێت. هەر ئەوەندەی فڕۆکەکە لەو شوێنە نیشتەوە، نیشتگەکە پڕبوو لە ئۆتۆمبێلی زرێپۆش‌و

هێزی سەربازیو ئۆتۆمێلی لیمۆزین، کە بە ئالاّ رازێنرابوونەوە، ئەمانە هەموویان بە پەرۆشەوەبوون بزانن چارەنووسی فڕۆکەکە چی دەبێت، ئایا دەتەقێتەوە یان نا؟ چوار رفێنەرەکەش لە گۆشەکانەوە هانیان ئەدانو دەستیان لەسەر پەلەپیتکەکە دانابوو، هاوکات لەگەلّ ئەودا قاوقیژو گریانی مندالّ لە سەرانسەری فڕۆکەکەدا دەنگی ئەدایەوە“ هەمووان تۆقیبوون. هێندەی پێنەچوو چوار رفێنەرەکە، کە لە سێ پیاو و ژنێك پێکهاتبوون، دۆخەکەیان کۆنترۆلّ کرد، هەر چواریان کەسانی جوانو کەشخەبوون، سێ کوڕەکە جاڕیاندا کە ناویان: دارا سینگو بۆتا سینگو بان سینگە، کچەکەش ناوی تاڤلین بوو.

چمچا بۆی دەرکەوت سێ پیاوەکە جەربەزەیی دەکەنو ئەگەرچی پیاوکوژن بەلاّم لێهاتوو نین، چونکە لە تەنیشت دەرگای فڕۆکەکەوە رادەوەستان تاوەکو خەلّکی بیانبینێت، بێئەوەی هیچ رێگایەکی خۆپارێزی پێویست بۆ ئەو جۆرە شوێنو کاتانە بگرنەبەر، چونکە نێچیرەوانێك بە ئاسانی دەیتوانی لە شوێنێکی وەهادا هەموویان بپێکێت. بەلاّم ژنەکە ئەو شتە روالّەتییە پڕوپووچانەی تێدەپەڕاندو بێزاربوو بەرامبەر بە هەلّسوکەوتی هاوەلّەکانی. ئافرەتێکی جوان بوو، بەلاّم هەولّی نەئەدا ئەو جوانییە دەرخات. چمچا لە دلّی خۆیدا وای بۆدەچوو کە ئەو مەترسیدارترینیانە، ئەو ئافرەتە وەك کوڕەکانی هاوڕێی بە شوێن جەربەزەییدا نەدەگەڕا تاوەکو لە تەلەفزیۆندا دەرکەوێت، بەلّکو بەوپەڕی وردییەوە کاری خۆی ئەنجامدەدا، تەنها ئەوبوو سەرجەم سەرنشینانی ناو فڕۆکەکەی تۆقاندبوو.

داواکاریی رفێنەرەکانیش شتێکی نوێو تازە نەبوو، وەك هەموو رفێنەرێکی تر داوای سەربەخۆیی نیشتیمانەکەیانو ئازادی ئایینییان دەکرد، داوای ئازادکردنی ژمارەیەك زیندانییو دادپەروەریو بڕێك پارەیان دەکرد تاوەکو پێی بچنە ولاّتێك کە

خۆیان دەستنیشانی دەکەن، زۆربەی سەرنشینەکانیش هاوخەمی خۆیانیان بۆ دەربڕین، گەرچی لەژێر هەڕەشەی کوشتنی ئەواندابوون.

هێندەی نەبرد رفێنەرەکان زۆربەی سەرنشینەکانیان ئازادکرد، تەنها پەنجا سەرنشینیان لەلای خۆیان هێشتەوە، رێگەیاندا بە ژنو منداڵو پیرەکان بچنە خوارەوە، دەرکەوت سەلاحەدین چمچا تەنها کەسێك بوو لەنێو ئەکتەرەکانی هاورێیدا کە رفێنەرەکان بڕیاریاندا بیهێڵنەوەو ئازادی نەکەن. یوجین دمدیی مژدەبەخشیش زۆر تێهەڵچوو کاتێك رێیان نەدا بچێتە خوارێو کەوتە قڕەقڕو جمێندان، تاڤلینیش هیچ چارێکی تری نەبوو بۆ بێدەنگکردنی جگەلەوەی قۆناغە تفەنگێك بکێشێت بەژێر چەناگەیدا، ئەم لێدانەش بووە هۆی ئەوەی پارچەیەك لە زبانی بقرتێت، ئەمەش ناچاریکردن بەرەلایکەن نەبادا تووشی گیانەلا بێت، بەمشێوە مژدەبەخشەکەیشیان ئازادکرد، پاش ئەوەی ئەو ئامرازەی لەدەستدا کە پیشەکەی خۆیی پێ بەڕێ دەکرد، ئازادی خۆیی وەدەستهێنا پاش ئەوەی زبانی لەدەستدا.

رۆژانە دووجار ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر دەهات بۆ فڕۆکەی "بوستان"و ئاو و خۆراکی بۆ دەهێنان، پاش ئەوەی کە لەنێو فڕۆکەکەدا هەموو ئامێرێکی پەیوەندی پچڕابوو، لەدوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەك هەندێ لەسەرنشینە بەندکراوەکان تووشی وڕێنە بوون، بەو پێیەش کە دەسەلاتداران وەلامی داواکارییەکانی رفێنەرەکانیان نەدەدایەوە سێ کوڕەکە تووشی سەوداسەرییەکی بێئەندازە بووبوون. تاڤلین بانگیکردنە گۆشەیەکی تری گۆشەکانی فڕۆکەکە، کاتێکیش گەڕانەوە بۆ پێگەی خۆیان تاڤلینیان لەگەڵدا نەبوو، شەرمەزاریشیان پێوە دیاربوو، پاش کەمێك تاڤلینیش گەڕایەوە شوێنی خۆی لەکاتێکدا کە **ئەو** پتەوییو خۆڕاگری پێوە دیاربوو، دەیویست بە بەرچاوی دەستبەسەرداگیراوەکانەوە بیسەلمێنێت کە شکست

ناتوانێت لە خۆراگری کەمبکاتەوە، بۆیە لەبەردەم هەمواندا راوەستاو جلەکانی لەبەر خۆیدا داکەند، جگەلە بۆمبو پشتێنی تەقەمەنی بە سەر سنگیو قاچییەوە، هیچی تری لەبەر خۆیدا نەهێشتەوە“ ریك بەو شێوەی چمچا لە خەوەکەیدا بینی. کچەکە لەو دۆخەدا هاواریکرد: "مێژوو لێماندەپرسێت ئەو دۆزە چییە کە لەپێناویدا تێدەکۆشن" جەستەی لەو بارەی کە تیایدا وەستابوو وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەدایەوە.

ڕۆژگارێك زەحمەت تێپەڕی، فریشتە جوبریل بە رێکەوت لەنێو گیرفانی پشتەوەی کورسیەکەدا چەند کاغەزێکی دۆزییەوە کە یوجین دمدی نوسیبوونیو بەرلەوەی دابەزێت لەوێ بەجێیهێشتبوون، ئەم ئەستێرە سینەماییەش کەوتە هەڵدانەوەو شەنوکەوکردنی ئەو کاغەزانە لەکاتێکدا کە خەو زۆری بۆهێنابوو، زۆر بەگران پێلۆەکانی هەڵدەهێنا. ناوەڕۆکی ئەو کاغەزانە ئەوەبوو زانایان سەرقاڵی دروستکردنی خوایەکی تایبەت بە خۆیانن، دروستکردنی هێزێکی یەکخراو هەموو جوڵەیەکی کارەباییو موگناتیسیو راکێشانو ململانێی هێزەکانی تیا کۆبوویێتەوە، بەواتایەکی تر پرسی هەڵبژاردن لەنێوان خوایەکی دەبەنگی نابەرجەستەو نێوان خوایەکی راستەقینەی بەرجەستەو زیندو! جوبریل بە چمچای وت: "کەس ناتوانێت داوای کلیلی بەهەشت لە شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی بکات"، هێندەی پێنەچوو بەدەم قسەوە دووبارە چاوی نوقاندو وتی: "مشتومڕێکی لەم جۆرە تووشی هڵنجدانو سەرگێژەم دەکات".

چمچا چیتر هەستی بە هەناسە هەڵماوییە بۆگەنەکەی فریشتە نەدەکرد، چونکە لە کەشێکی وەك کەشی ناو ئەو فڕۆکە رفێندراوەدا چەندین بۆنی ئارەقو هەناسەی دەم تێکەڵ دەبێ، کە بۆگەنێکی لەو جۆرە تێیدا ئاسایی دەبێت. فریشتە

جوبریل سەری خستەسەر شانی چمچاو چوار شەو و چوار رۆژ لـێی خەوت، کاتێکیش کە هۆشی هێنایەوە زانی چمچا بە هاوکاری ئەو رفێنراوەی تر کە لـە بزنی دارستان دەچێت و ناوی جالاندریـیە گواستویانەتەوە بۆسەر کورسییە چۆلەکانی دامێنی فڕۆکەکە، رۆیشت بۆ ئاودەستو لـەوێش بۆماوەی یازدە خولـەك میزی کرد، کاتێکیش گەڕایەوە بۆناو فڕۆکەکە ترسێکی زۆر بە روخسارییەوە دیاربوو.

پاش دوو شەوی تر چمچا تێبینی ئەوەی کرد کە جوبریل دیسانەوە زۆران لـەگەڵ خەودا دەکات، یاخود بلێین ئەو خەونانە دەبینێتەوە کە لـەکاتی نوستندا دەهاتنەخەوی. کەوتە ژماردنی هەشت لـوتکەی بەرزی جیهان، چمچا پێی وت: " بۆیە ئەم لـوتکانە دەژمێریت تاوەکو بنویت؟" جوبریل وەڵامی دایەوە: "نەخێر هاوڕێم، بەڵکو بۆئەوەی بەئاگایی بمێنمەوە".

جوبریل دەترسا بخەوێت. دانی بەوەدا نەدەنا کە ماوەیەکە هەرچی دەخەوێت خەونی سەیرو سەمەرە دەبینێتو خەونەکانیش زنجیرەیەکنو تەواوکەری یەکترن، لـە هەرکوێیەکدا هەستایەوە لـە خەوی داهاتوویدا تەواوی دەکات، سەرئەنجام جوبریل لـەلای چمچا دانی بەو راستیەدا نا و وتی: "ئەو خەونە سەیرو سەمەرانەی دێنە خەوم لـە کاسێتی ڤیدیۆیی دەچن، کاتێك بەخەبەردێم رادەوەستێت، هەر کاتێکیش دەخەوم لـەوێوە دەستپێدەکاتەوەو بەردەوام دەبێت، ئایا ئەمە مایەی شێتی نییە یان ئەمە خۆی خودی شێتییە؟" چمچا وەڵامی دایەوە: "تۆ وادەرناکەویت شێت بیت"، جوبریلیش وتی: "دەی بۆخاتری دۆزەخ ئەمە چییە لـە مێشکمدا روودەدات؟".

جوبریل لـە کاتی بەخەبەربوونیدا دەبووە کەسێکی زۆربلێ، لـەو فڕۆکەدا کە لـە تەنیشت مێرگی (زمزم) چەقی بوو، قسەی بۆ هەموان دەکردو پێی دەوتن کە

هەموویان مردوونو لەڕێی ئەوەدان دووبارە لەدایکببنەوە، لەڕێگەی دۆنادۆنەوە لەشێوەو دۆخی نوێدا دێنەوە بوون، روویکردە چمچاو وتی: "ڕات چییە سەبارەت بە دایکێك پەنجا منداڵی دوانە بەجارێك بخاتەوە؟" لەدایکبوونەوە لە دیدی جوبریلەوە وشەیەك بوو چەمكو واتای زۆری لەخۆدەگرت، هەر لە بوون بەخۆڵەوە تا دەگاتە لەدایکبوونەوە لە ژیانێکی نوێ، تا دەگات بە چەمکی دووبارە هەستانەوەی عیسا پاش ئەوەی لە خاچیاندا، دواتر هاتنەناوەوەی رۆحی ئەو بۆناو جەستەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی لەمیانیدا رۆحی مرۆڤەکان دەچێتە جەستەی گاکانەوە. فرە رۆڵەکانی یەك ژیان. بەڵام چمچا پێیوانەبوو هەموو ئەم گۆڕانکارییانە وابەستە بە مەرگەوە، بەڵکو پێیوابوو جۆرێکە لە گەڕانەوەی رۆح لە چەند دەروازەیەکی جۆراوجۆرو جیاوازەوە، جوبریل سوربوو لەسەر بۆچوونەکانیو وتی: "هەمووشتێکی دێرین دەبێ بمرێت، ئەگەرنا نوێبوونەوە نەدەبوو"، زۆرجار ئەو گفتوگۆیانە جوبریلی دووچاری گریان دەکردو بەلێشاو فرمێسکی بەچاودا دەهاتە خوار، هەتا چمچا دەهاتە گۆو دەیوت: "داماو رەنگە خودی دێرینی تۆ مردبێت، ئەو فریشتەیش کە خەو دەبینێت خەریکە لە جەستە کۆنەکەتدا لەدایکببێت!".

لە پاش تێپەڕبوونی سەدو یەك رۆژ جوبریل بۆ چمچا دواو وتی: "ئەرێ تۆ ناتەوێ بزانیت هۆکاری بوونی من لێرە چییە؟ رەنگە بە شێت لەقەڵەمم بدەیت، بەڵام من تەنها لەبەر ئافرەتێك لێرەم: ئافرەتێك کە مەزنترین ئەوینی ژیانی منە، سێ رۆژو نیو لەگەڵیدا مامەوە، پێموایە ئەو چەند رۆژە قوڵترین ئەزموونی ژیانم بوو، سوێندت بۆدەخۆم کاتێ ماچم دەکرد وەك ئەوە وابوو هەورە بریسکە لێم بدات. بڕوادەکەی یان نا ئارەزووی خۆتە، ئەو دەیوت گوایە بەهۆی ئەو وزە کارەبا

کەمەوەیە کە لە فەرشی ژوورەکەدایە، بەڵام ئەمە راست نییە، چونکە پێشتر چەندان ئافرەتی ترم لە هوتێل ماچکردووەو شتی وەهام بەسەردا نەهاتووە. بەڵام لەگەڵ ئەودا کارەبا رایدەچڵەکاندم بەجۆرێك کە لەتاودا هەڵدەبەزیمەوە!". جوبریل نەیدەزانی بە چ وشەیەك گوزارشت لە ئەزموونی خۆی بکات لەگەڵ ئەو ئافرەتە شاخەوانەی ناوی (ئالیلۆیا کاون) بوو. چمچا لەو نێوانەدا تاوێك پامیلای بیردەکەوتەوە، تاوێکی تر زینات وەکیلی وەبیردا دەهاتەوە، سەرئەنجام تووشی توڕەبوونو نائومێدی بوو، ئەگەرچی جوبریل تێبینی ئەوەی نەدەکردو سانایانە کوتای بە پشتیداو وتی: "بێتاقەت مەبە گێلە، زۆرمان نەماوە لێرە".

لە رۆژی دەیەمی پاش سەد، تاڤلین بەرەورووی ئەو رفێندراوە بزنئاساییە رۆیشت کە ناوی جالاندری بوو، بەسەریدا قیژاندیو وتی: "ئێمە لەپاش ئەو هەموو ماوەیە هیچ وەڵامێکمان لەو بەدڕەوشتانەوە بۆنەهاتووە، دەبێت قوربانییەك بدرێت، با تۆ یەکەم قوربانی بیت هەی یاریدەدەری بەدڕەوشتی ناپاك". جالاندری کەوتەهاوارو تکاکردن، بەڵام تاڤلین بە قژ رایکێشاو بردی بەرەو یەکێ لە دەرگاکانی فڕۆکەکە، جالاندریش بەدەستو ئەژنۆی بە شوێنیدا دەخشا و لە ترساندا پانتۆڵەکەی لە دواوە پیسکرد، کاتێکیش گەیشتنە لای دەرگاکە، تاڤلین فیشەکێکی نا بە پشتی سەریەوەو فڕیدایە دەرەوەو دەرگاکەی داخست.

مان سینگ هاواری لێکردو وتی: "ئێستا بۆکوێ بچین. ئەگەر بەهێزی هەورە بروسکەیش بڕۆین ئەوان هەر شوێنمان دەکەون، کەوتینە تەڵەوە!" تاڤلین بەناسکی وتی: "شەهیدبوون سەربڵندییەکی راستەقینەیە، دەبیتە هەسارەیەکی خۆرئاسا".

فڕۆکەکە جارێکی تر بەرەو رۆژئاوا بەڕێکەوت، گەیشتە سەروی چیاکانی ئەلبەوە، پاشان بەسەر فەرەنسادا تێپەڕیو بەئاڕاستەی کەناری بەریتانیادا رۆشت، لەوێوە پەیامی لاسلکییان پێدەگەیشت و پێیان دەوتن: "دەتانەوێ مۆڵەتی نیشتنەوە وەربگرن؟" وەڵێ ئەمان وەڵامیان نەدەدانەوە. لەو لایشەوە پێوەری سوتەمەنیەکە نیشانەی بە تەواوبوونی سوتەمەنی نێو فڕۆکەکە ئەدا، هەربۆیە دەمەبۆڵەیەك لەنێوان تاڤلینو مان سینگدا دروستبوو لە ئەنجامدا تاڤلین خەنجەرێکی کرد بە سکی مان سینگداو دای بە زەویدا، کاتێکیش تاڤلین هەستایە سەرپێ سەرنجی هەموو سەرنشینانی سەر فڕۆکەکەی بۆخۆی راکێشا، چونکە وەك هەموو جارێك دەستی بەو تەلەوە گرتبوو کە بە راکێشانی پەلەپیتکەی هەموو نارنجۆکەکانی دەورووپشتی جەستەی رادەکێشێت، داراو بۆتا بەرەوڕووی رۆیشتن، بەڵام بەر لە گەیشتنی ئەوان تاڤلین تەلەکەی راکێشاو دیواری فڕۆکەکە هەرەسیهێنا. مەرگ نەبوو، بەڵکو لەدایکبوونەوەیەکی نوێ بوو!

## بەشی دووەم
## ماهاوەند

دایکی جوبریل لە قۆناغی منداڵی جوبریلدا هەندێجار بە (شەیتان) بانگی دەکرد، ئەمەش پاش ئەوە هات کە زانی لەکاتی دابەشکردنی خۆراکدا بەسەر کرێکارانی بۆمبای چ کارێك دەکات، جوبریل بە دەستی ئەنقەست ئەو گۆشتەی بۆ موسوڵمانان دانرابوو دەیخستە نێو ژەمەخۆراکی هیندۆسەکانەوە، ئەوانیش بۆ یەکتر هەڵدەسانەوەو هێندەی نەدەما بە چەکەکانیان هێرش بکەنەسەر یەکتر، بەمجۆرە ئاژاوەو ئاشوبێکی گەورەی لەنێویاندا دەنایەوە، کە نە سەرەتای دەبوو نە کۆتا، لەگەڵ ئەوەشدا دوای هەموو شتێك دایکی جوبریلی لەئامێز دەگرتو لەباوەشیدا رایدەژەند، تا ئەو کاتەی خەوی لێدەکەوت، هێدی هێدی قەبارەی پانوپۆڕ دەبوو تا دەبووە زەبەلاحێکی بێپەڕوباڵ، تا وایلێدەهات قاچی لە بنی قولاّییەکان گیردەبوو، دەستەکانیشی لەدەوری خۆر دەجەڕاند! لە خەونەکانیدا شەیتانی دەبینی لە ئاسمانەوە دەکەوتە خوارو دەستی بە گەڵایەکی دارەکەی نزیك عەرشی خوداوە گرتووە[1]، هەوڵئەدات بەو بەرزییەوە بمێنێتەوە، بەڵام شکست دەهێنێتو دەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیاندا دەمێنێتو لە قولاّیی دۆزەخدا سترانو ئایەتە خۆشو کاریگەرەکانی دەهۆنێتەوە، لە وتنی گۆرانیەکاندا سێ کچەکەی (لات) و (منات) و (عوزا) بەشداری دەکەن، ئەوان لەدوایەوە گوتارەکانی جوبرائیل دووبارە

---

[1] لە دەقە عەرەبییەکەیدا وشەی (سدرة المنتهى) بەکارهاتووە، ئەم ناوەش لە قورئاندا هاتووەو بە دارێك دەوترێت لە تەنیشت عەرشی خودایە. وەرگێڕی کوردی

دەکەنەوەو دەڵێن: "ئای چەندە فرۆفیلمان بۆداناویت، بۆخۆت و ئەو بازرگانەی لە پشتی تەپۆڵکەکانەوە وەستاوە!". بەڵام بەرلە چیرۆکی ئەو بازرگانە چیرۆکێکی تر هەیە، کە جوبریلی گەورەی فریشتەکان سەبارەت بە کانیاوی زمزم دەیگێڕێتەوە، ئەو کانیاوەی جوبریل نیشانی (هاجەر)ـی ئەدات. ئیبراهیمی پێغەمبەر هاجەرو منداڵەکەیان لە بیاباندا جێیدەهێڵێت، هیچ شك نابەن بۆ خواردن و خواردنەوە جگەلە ئاوی ساردی ئەو کانیاوە، دواتر کاتێ (جەرهوم) ئەو کانیاوەی بە لیتاو و ئاڵتون پڕکردەوە، جوبریل جارێکی تر دەگەڕێتەوە تاوەکو شوێنی (موتتەڵیب)ـی نیشانبدات کە خاوەنی رەشماڵە سورو قرمزییەکانە، ئەویش باوکی (فرجل)ـی پرچ زێڕینە، ئەوەی دواجار دەبێتە باوکی بازرگانەکە، ئەو بازرگانەی ئێستا چیرۆکو بەسەرهاتەکەی دەگێڕینەوە.

کاتێ ئەو بازرگانە سەرکەوتووە گەیشتە چلو چوار ساڵی تەمەنی، کاتێ وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی بۆسەر لوتکەی شاخەکە سەردەکەوت، شارەکە لە خوار لاپاڵی شاخەکەدا ئاهەنگیان سازدەکردو جەژنیان دەگێڕا، بەڵام ئەو بە تەنها هەر بەردەوام دەبوو لە سەرکەوتن، ئەو بازرگانە ناوچاوانی بەرزبوو، لووتیشی وەك دەنوکی داڵوابوو، شان پانێکی سمت باریك بوو، باڵایەکی مامناوەندو دووچاوی گەورەی هەبوو، دوو پێڵوی درێژ چاویان شێواندبوو کە وەك پێڵوی کچ وابون! هەنگاوەکانی لە ئاست درێژی قاچیدا پان بوون، هەر بۆیە زۆر سوكو سۆڵو خێرابوو، وەك هەموو هەتیوێکی تر کە لە جوڵەدا سوكوسۆڵو خێران تاوەکو نەبنە ئامانجی ئەو کەسانەی بۆ چەوساندنەوەو دەربەدەرکردنیان قوتدەبنەوە. زۆربەی رۆژگاری لەو کێوە بەسەردەبرد، هەندێجار تەواوی مانگێك لە نزیك لوتکەی شاخەکە دەمایەوە، ئەم بازرگانەش ئەو پیاوەیە کە دواتر ناوی بووە (موحەمەد).

**تەواوی (مەدینەی جاهیلی)[1] لە خۆڵ دروستکرابوو، دانیشتوانەکەی لە سێ تا چوار تیرەی کۆچەری پێکهاتبوو، هیچ رەگ‌و ریشەو پەیوەندییەکیان بەو زەویەوە نەبوو. پێیانخۆشبوو لەو شوێنە بمێننەوە کە دووڕیانێکی کاروانە بازرگانیەکان بوو. کەسە دەوڵەمەندەکانیان تەلاری بەرزیان بۆخۆیان بوونیادنابوو، پەنجەرەکانیان شوشە بوو، بەڵام وەك هەر خانوویەکی تری ئەو شارە لە قوڕو خۆڵ دروستکرابوون. هەموو شتێکی ئەو شوێنە بریتیبوو لە خۆڵی پەرش‌و بڵاو. هەربۆیە ئاو دوژمنی سەرسەختی مەدینەی جاهیلی بوو، ئەو ئاوگێڕانەشی ئاویان دابەشدەکردو دەیانفرۆشت بە زۆڵ‌و بێژو لەقەڵەم ئەدران. لەو شارەدا تەنها چەند دارخورمایەك هەبوو کە بە چەقی زەویدا رەگیان داکوتابوو و بە شوێن شێدا دەگەڕان. ئاو تەنها لە چەند بەردەڵانو کانیاوێکدا دەستدەکەوت کە لەژێر زەوییەوە رەویان دەکرد، یەکێك لەو کانیاوانە کانیاوی ئەفسانەیی بیری زمزم بوو، دەکەوتە نزیك بەیتەوە، بەیتی حەجەرولئەسوەد[1]، ئەو کەسەی ئاوی ئەو بیرەی دەرئەکێشا ئەو ئاوکێشە بێزراوە بوو کە ناوی خالد بوو.**

**ئەو شارە بەڕاست بە شاری بازرگانان دادەنرا، هۆزی قورەیش رابەرایەتی دەکردن. لەو شارەدا یەکێ لە بازرگانەکان بوو بە بێغەمبەرو بووە دامەزرێنەری یەکێ لە ئایینە مەزنەکانی جیهان. ئەو لەم رۆژەدا، کە ریکەوت بوو لەگەڵ چلو چوارهەمینساڵیادی لەدایکبوونی، رووبەڕووی گەورەترین کێشمەکێشمی ژیانی بووەوە، دەنگێك چپانی بە گوێیداو پێی وت: "تۆ کێیت‌و هەقیقەتی تۆ چییە؟ تۆ پیاوی یان مشکیت؟" ئێمە پێشتر ئەو دەنگەمان گوێ لێبووە!**

---

[1] (المدینه الجاهلیه) واتە شاری نەزانی، بۆیە (مەدینەی جاهیلی)ـیم بەکارهێناوەتەوە چونکە ناوە، ناویش ناگۆڕدرێت‌و وەك خۆی بەکاردێتەوە. نووسەر مەبەستی لە شاری مەککەیە کە دەکەوێتە وڵاتی سعودیە. وەرگێڕی کوردی

[1] (بیت الحجر الاسود) واتەماڵی بەردە رەشەکە. وەرگێڕی کوردی

کاتی خۆی ئیبراهیم هاتە ئەم چەمەو هاجەرو ئیسماعیلی کوڕی پێبوو. ئیبراهیم لەو شوێنە وشكو بێ بەروبومەدا هاجەری جێهێشت. ئەو کاتەی جێیهێشت هاجەر لە ئیبراهیمی پرسی ئایا ئەم جێهێشتنەی ئەو بۆ ئەم ئیرادەی خودایە؟ ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی: "بەڵێ ئیرادەی خودایە". چ بەدڕەفتاریێکە، پیاوان لە مێژەوە خودا دەکەنە بەهانە بۆ هەموو شتێك! پاش ڕۆیشتنی ئیبراهیم، هاجەر کەوتە شیردانی ئیسماعیل هەتا شیری تیا نەما، ئەوجا بەنێو گردی سەفاو مەروادا کەوتەگەڕان بە شوێن ئیبراهیمدا، یان هەر مرۆڤ و ئاژەڵێکی تر، ئەوکات جوبریل هاتو ڕێی نیشانداو بردیەسەر ئاوی زمزم. بەمجۆرە هاجەرو منداڵەکەی توانیان بەردەوام بن لە ژیان.

بەڵام ئایا دانیشتوانی شارەکە ئاهەنگیان بۆ ئەو بۆنە دەگێڕا؟ بێگومان نەخێر، لەڕاستیدا ئەوان بۆ ئەوە ئاهەنگیان دەگێڕا چونکە ئیبراهیم سەردانی ئەو شوێنەی کردوە. هەموویان لەوێ کۆدەبونەوەو نوێژو خواپەرستییان دەکرد، بەڵام لە هەموو شتێك گرنگتر ئەوەبوو بۆ بازرگانیو خەرجکردنو پەیداکردنی پارە لەوێ کۆدەبوونەوە.

لەو ڕۆژەدا مەدینەی جاهیلی بۆنوبەرامی هەموو جۆرە عەترێکی لێوەدەهات. لەو ڕۆژەدا کە جەژنی ئیبراهیم بوو، حاجییەکان شەرابی خورمایان دەنۆشی، لە بازاڕە گەورەکەدا دەسوڕانەوە، لەنێو ئەوانەدا کەسێك هەبوو باڵای لە ماهاوەند درێژتر بوو، ریشێکی شیاوی هەبوو لەگەڵ زەبوونیی روخساریدا گونجابوو، ئەو کەسە (کەریم ئەبو سونبول)ـی گەورەی جاهیلییەکان و مێردی ئەو ژنە شاجوانە بوو کە ناوی (هیند)ـە. ئەم پیاوە سەرۆکی ئەنجومەنی شاربوو، دەوڵەمەندیی ئەو پیاوە بێئەندازە بوو، خاوەنی هەموو پەرستگاکانی ئەو شارەبوو،

جگەلەوەش چەندەها حوشتری هەبوو، ژنەکەیشی جوانترین ئافرەتی ئەو ناوچەیە بوو. کەواتە چ کەسێك ئەو پیاوە دودڵ دەکاتو متمانەبەخۆبوونی ناجێگیر دەکات، ئەوە تەنها ماهاوەندە[1]!

بازرگانەکان لە هەموو لایەکەوە هاتبوونو قەرەباڵغییان دروستکردبوو، ئەبو سونبول بەنێویاندا رێی خۆی خۆشکردو تێپەڕی. لە گشت لایەکەوە ژاوەژاو دەهاتو شاعیرەکان دەچوونەسەر سەکۆیەکی بەرزو هۆنراوەکانیان دەخوێندەوە کە لەسەر کێشی (رەجز) رێکخرابوون، لەدوای ئەوان کەسانێکی تر دەهاتنو هۆنراوەی خۆیان دەخوێندەوە کە کێشیان لەوانەی پێشووی خۆیان کاریگەرتربوو. واباو بوو ئەو حەوت هۆنراوەی لەو پێشبڕکێدا سەرکەوتوو دەبوو بە دیواری بەیتی مەزندا هەڵدەواسرا، بەیتی حەجەرولئەسوەد! کاتێ شاعیرێك بە تەنیشتی ئەبو سونبولدا تێپەڕی، ئەبو سونبول بەسەر ئاماژەی بۆ کرد، ئەو شاعیرە کابرایەکی زەبوونی ناقۆڵا بوو، تەماشای ئەبو سونبولی کردو لێی پرسی: "چ شتێك بێزاری کردویت پیرەپیاو؟" ئەبو سونبول وەڵامی دایەوە: "ئای لە تۆ چ لاوێکی، هێشتا ددانی شیرییت نەکەوتبوو ناوبانگت گەیشتە لوتکە، وریایی خۆتبە ئەگینا ددانە هەمیشەییەکانت لەبن هەڵدەکێشم"، گەنجەکە وەڵامی دایەوە: "تۆ هەر کاتێك ددانێکم هەڵکێشیت لەبریدا ددانێکی نوێو بەهێزتر دەڕوێتەوە، بەمجۆرە دەتوانم گاز بگرمو خوێنی گەرم بە لێشاو بڕژێنم". ئەبو سونبول وەڵامی دایەوە: "وادیارە تۆ حەزت لە تامی خوێن هەیە". گەنجەکە بێباکانە شانی لەراندو وتی: "من شاعیرم، شاعیریش دەبێت حەزی لە تامی خوێن بێت، چونکە ئەو دەمە دەبێت بە شاعیرێکی راستەقینە کاتێك بە شیعرەکانی دەتوانێت خەڵك بریندار بکات!".

---

[1] ماهاوەند Mahound: مەبەست لە پێغەمبەر موحەممەدە، نووسەر بەم ناوە لە رۆمانەکەیدا ئاماژەی پێدەدات. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کریستیانە توندڕەوەکان بەم ناوە ناوی پێغەمبەر موحەممەدیان هێناوە. وەرگێڕی کوردی

ئەو شاعیرە کەسی تر نییە جگەلە (بەعل) کە شاعیرێکی هەجوە. گەورەی جاهیلییەکان پێی وت: "ئەرکێکم هەیە حەزدەکەم بەتۆی بسپێرم! ئەم ئەرکەش ئەرکێکی ئەدەبییە، من سنوری خۆم دەزانم‌و تێیناپەڕێنم، چونکە شیعری هەجو لە دەرەوەی سنوری تواناکانی منە"، لەو نێوانەدا گەیشتبوونە بەردەرگای بەیتی حەجەرولئەسوەد، ئەبو سونبول درێژەی بە قسەکانی داو وتی: "ئینجا لە بیرت نەچێ کە من مافم بەسەرتەوە هەیە، ئایا ئێمە هەردووکمان پێکەوە خزمەتی هەمان ئاغا ناکەین؟!" لەو ساتەدا بەعلی شاعیر خوێنی هەڵچوو و ناوچاوانی سوربوو، بەتایبەت کاتێ پیرەپیاوەکە پاڵێکی پێوەناو بردییە ناو بەیتەوە، هەموو خواوەندەکان لەناو بەیتدا کۆکرابوونەوە، هەر لە خواکەی بەعلەوە تا دەگات بە خواوەندەکانی تری وەك قابیل‌و نەفروح‌و مەنناف‌و نەسرو قیزەح، تەنانەت ئەو خواوەندەی تریش کە بە (ئەڵلا) ناودەبرا، ئەو خواوەندەی جاهیلییەکان پێیانوابوو دەستێکی باڵای هەیە بەسەر هەموو خواوەندەکانی تردا، هەردووکیان لەژێر بتی (عوزا) و (منات)ـدا چۆکیان داداو هێندەی پێنەچوو کەوتنە بەردەم بتی (لات)ـی خواوەند، ئەو خواوەندەی دەسەڵاتی شان ئەدات لە شانی (ئەڵلا). ئەم خواوەندەو پەرستگاکەی لەلایەن خانەوادەی ئەبو سونبولی گەورەی جاهیلیەکانەوە بەڕێوەدەبرا یاخود بڵێین خانەوادەی هیندی ژنی، پەرستگای عوزا و مناتیش هەر لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبرا.

لەو شوێنەدا گەورەی جاهیلییەکان بەعلی شاعیری تۆقاندو شەقێکی هاوییە گورچیلەی‌و کوتای بە زەویدا، ئەویش لەتاو ئازاردا خۆی پێچ ئەدا، ئینجا بە بێزارییەوە پێی وت: "هیچ‌وپوچ من باش دەزانم تۆ سێکس لەگەڵ ژنەکەمدا دەکەیت، دەی هەستەو پێشمکەوە". کاکی شاعیر بە ئازارێکی زۆرەوە بە

سنگەخشیٚ خۆی پەلکێشکرد، کاتیٚ لە بەیت دەرچوون کەوتنەڕیٚ بەرەو شوێنێك هەریەکە لە خالدی ئاوکێش‌و سەلمانی فارسی‌و بیلالی کۆیلەی زەبەلاح تیّیدا وەستابوون، ئەو کۆیلە زەبەلاحەی کە ماهاوەند لە خاوەنەکەیی کڕی‌و باوەڕداری کرد، بیلال خاوەنی دەنگێکی بەهێزبوو شانی ئەدا لە شان قەبارەی. ئەوکات گەورەی جاهیلییەکان ئاماژەی بەو سیٚ کەسە داو وتی: "دەمەوێت هەجوە پیسەکانت ئاڕاستەی ئەم کەسانە بکەیت"، بەعلیش خۆی پێنەگیراو سەرەڕای ئێش‌و ترسەکانی گاڵتەئامێزانە پڕ بەدەم پێکەنی‌و وتی: "ئەم گاڵتەچییە هیچ‌وپوچانە دەڵێیت؟! شوێنکەوتەکانی ماهاوەند؟! ئایا پێتوایە خودا تاقانەکەی ماهاوەند سی‌و شەش خواکەی تۆ لەناو دەبات؟ ئەمە هەرگیز روونادات" ئەبو سونبول وەڵامی دایەوەو وتی: "زماندرێژی‌و بێئابڕوییت هەڵبگرە بۆ ئەوان‌و لە شیعرەکانتدا لە دژیان بەکاری بێنە. پێویستە بزانیت من دەمەوێت ئەو شیعرانە نمونەیەکی جوان بن لەڕووی رەوانبێژی‌و کارتێکردنەوە، مشتومڕم لەگەڵدا مەکەو چیت پێدەڵێم ئەوە بکە، رێگایەکی ترت لە بەردەمدا نییە".

لەو ماوەیەدا ماهاوەند دوژمنی یەکەمی ئەبو سونبول بوو، ئەوەی بیرکەوتەوە چۆن بیلالی زەبەلاح لەوپەڕی بەتواناییدا بوو، بەڕادەیەك خاوەنە کۆنەکەی کە بە ماهاوەندی فرۆشت هەوڵیدا بە ئەشکەنجەدان‌و بەردخستنەسەر سینگ ملکەچی بکات، لەمیانەی ئەشکەنجەدانیدا لێی دەپرسی: کێیە خواکەت؟ وەڵامی ئەدایەوەو دەیوت: ئەحەد، ئەحەد، ئەحەد[1]. لەو بارودۆخەدا مایەوە تا ئەو کاتەی ماهاوەند هات‌و کڕی‌و رزگاریکرد، ئەبو سونبول بیری دەکردەوەو لە دڵی خۆیدا دەیوت: بەعل بەهەڵەدا چووە گاڵتەی بەم گروپە دێت، منیش هەر

---

[1] ئەحەد واتە: تەنها، تاقانە، تاك‌و تەرا، یەکێکە لە ناوەکانی خودا کە لە قورئاندا هاتووە. وەرگێڕی کوردی

لەبەرئەوەیە ترسم لە ماهاوەند هەیە، چونکە شوێنکەوتەکانی زۆر خۆڕاگرو بەرهەڵستکارن. ماهاوەند خۆیشی پیاوێکی چاوچنۆکە، خەون بەوەوە دەبینێت ببێتە کوێخای یەکەمی مەدینەی جاهیلیی، بێگومان ئەو پلان بۆ ئەوە دادەنێت، ئەو کاتانەی دەچێتەسەر ئەو شاخەو خەڵوەت دەکێشێو بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە فریشتەی تیادەبینێت.

لە مەدینەی جاهیلیدا چەند دەستەو تاقمێك هەبوون تایبەت بوون بە رفاندنی ژنە حاجییەکان، بۆ بەردانیشیان داوای بڕێك پارەی زۆریان دەکرد، لە هەندێ نێوەنددا دەوترا گوایە ئەبو سونبول چاوی بە سەرکردەی ئەو تاقمانە دەکەوێتو لە رێکخستنی کاروباریاندا هاوکارییان دەکات، ماهاوەندیش لە پەیامەکەیدا وتویەتی: دەبێ هەموان یەك خودا بپەرستن، هیچی ترنا جگەلەو خودا، وەگەر ئاینێکی لەو جۆرە لەو وڵاتەدا بڵاوبێتەوە، ئەوا ئەبو سونبول هەموو شتێك دەدۆڕێنێت. ئەبو سونبول لەو ساتەدا لە ماڵەکەی خۆی دانیشتبوو، چەپڵەیەکی لێدا خزمەتکارەکەی هاتەژوورەوە، ئەبو سونبول بە شێوەزارێکی فەرمانئاسا پێیوت: پەیکانێك بنێرە بۆ ماڵی ماهاوەندی کاهین با بێتو دانوستانی لەگەڵ بکەین، دەبێ ئەو لانیکەم دان بە سیان لە خواکانی ئێمەدا بنێت، جا ئێمەش لە بەرامبەردا بە خودا تاقانەکەی ئەو رازی دەبین.

سێ قوتابیەکەی ماهاوەند: ئاوکێشەکەو، کۆچەرەکەو، کۆیلەکە، تەواوی کات سەرقاڵی ئەوەن بە ئاوی بیری زمزم خۆیان دەشۆرنو نوێژ دەکەن. خۆشەویستی ئەوان بۆ ئاو بەجۆرێك لە جۆرەکان خیانەتکردنە لە شارستانیەتی بیابان. لە شوێنێکی نەبینراوەوە بەعلی شاعیر چاودێری دەکردن، بەڵام سەلمان

پێیدەزانێتو بیلال ئاگادار دەکاتو دەڵێت: وادیارە بەعل دەیەوێت هێرشکاتە سەرمان!

بیلال بێباکانە زەردەخەنە دەیگرێت، لەم نێوانەدا خالدی ئاوکێش لە کاتی ئاو خواردنەوەدا دەبینێت حەمزەی مامی ماهاوەند پەشۆکی پێوەدیارەو بەرەورووویان دێت، حەمزە سەرباری ئەوەی تەمەنی شەست ساڵ بوو لە مەدینەدا بەوە ناسرابوو زۆرانبازی لەگەڵ شێردا دەکاتو یەکێکە لە دیارترین راوچییەکانی شێرو بۆتە نەهامەتی بۆ گیانیان. ئەگەرچی لەوانەیە هێندەش لە ئاست ئەو ئازایەتییەدا نەبێت کە ناوبانگی پێوەرگرتووە، ئەو ناوبانگەی کە پێدەچێ نەختێك لە پارەو سامانی خۆیی تیاخەرجکردبێت تاوەکو لەنێو خەڵکیدا بڵاوی بکاتەوە. حەمزە کە دەگاتە لای سێ گەنجەکە پێیانڕادەگەیەنێت ماهاوەند نەگەڕاوەتەوە. هەر یەك لە خالدو بیلال بەم هەواڵە نیگەران دەبن، وەلێ سەلمان بە هێمنی دەمێنێتەوە، پاش چەند ساتێك لەپڕ ماهاوەند دێتو لەسەر لێواری بیرەکە دادەنیشێتو پێیاندەڵێت پێشنیاریان بۆکردوم ڕێککەوین، خالد بێ بیرکردنەوە هاوار دەکاتو دەڵێت: ئەگەر ئەبو سونبول پێشنیاری کردوە با قبوڵی نەکەین. بیلالی باوەڕدار پێی دەڵێت: ئامۆژگاری پێغەمبەر مەکە، **ئەو** بێگومان قبوڵی نەکردوە. سەلمانی فارسییش دەپرسێت: چ جۆرە ڕێکەوتنێکە؟ ماهاوەند بەئارامی بزە دەیگرێتو دەڵێت: هەر باشە یەکێك لەم سیانەتان دەیەوێت تێبگات. درێژەی پێدەداتو دەڵێت: مەسەلەیەکی بچووکە، ئەبو سونبول دەیەوێت خودا چاکەیەکی بەرامبەر بکات، حەمزە سەیری برازاکەی دەکات، شەکەتیو ماندوبوون لە ناوچاوانی بەدیدەکات. خالد دووبارە بە هاوارەوە قسە بە ماهاوەند دەبڕێتو دەڵێت: چاوی بە هیچ ناکەوێت، خودا بچووکترین بەزەیی بەرامبەر بە ئەبو سونبول نانوێنێت. بەڵام حەمزە رایدەگرێت.

ماهاوەند درێژە بە قسەکانی ئەدات: "ئەبو سونبول داوای لە خودا وایە میهرەبانی بنوێنێت، وشەی میهرەبانیشی بەکارهێنا. میهرەبانی بنوێنێت‌و ددان بە سیاندا بنێت، سیان لەو سەدو شەست خواوەندەی ئەوان، ئەو دەڵێت ئەم سیانە شایانی پەرستنن" بیلال هاوار دەکات: "لا الە الا اللە" ماهاوەند تورە دەبێت‌و بە تێهەڵچوونەوە قسە بۆ شوێنکەوتەکانی دەکات‌و دەڵێت: "ئەی باوەڕداران ڕێبدەن با قسەکانم تەواوکەم، ئایا گوێ بۆ پێغەمبەرەکەتان ناگرن؟" ئەوان بێدەنگ دەبن‌و ئەمیش دووبارە درێژە بە قسەکانی دەدات‌و دەڵێت: "ئەبو سونبول داوای وایە لە خودا ددان بە لات و عوزا و مناتـدا بنێت، ئەویش لە بەرامبەردا ئێمەی پێ قبوڵ دەبێت‌و پەیمانمان لەگەڵدا دەبەستێت، جگەلەوەش منیان هەڵبژاردوە تا ببمە ئەندام لە ئەنجومەنی مەدینەی جاهیلی".

سەلمانی فارسی دەڵێت: "ئەمە تەنها داوێکە، ئایا ئەمە بوو ئەو سروشەی جوبریل لە شاخەکە بۆتی دابەزاند؟ بێگومان فێڵێك یان ساختەکارییەکی تێدایە" ماهاوەند سەری دەلەقێنێت‌و دەڵێت: "جوبریل قسەم بۆدەکات‌و منیش لەناو هەناوی خودو رۆحمەوە گوێم لە دەنگی دەبێت، بۆیە هیچ بوارێك بۆ هەڵەکردن نییە". سەلمان وەڵامی ئەداتەوە: "ڕەنگە جۆرە فێڵێکی نوێ بێت، ئەمە راست نییە، ئێمە ماوەیەکی زۆرە بە پشتبەستن بە ڕێنماییەکانی تۆ هەر دەڵێین: لا الە الا اللە، هیچ خوایەك نییە جگەلە ئەڵلا، ئەگەر ملکەچی ئەم ڕێکەوتنەش بین ئەوا لاواز دەبین‌و چیتر کەس باوەڕ بە قسەکانی تۆ ناکات". ماهاوەند بە پێکەنینەوە وەڵامی ئەداتەوە: "تۆ هێشتا لەناوماندا تازەیت، ئینجا تۆ خەڵکی ئێرە بە باشی ناناسیت، ئەی نابینیت هەتا ئێستا ئاوڕمان لێنادەنەوەو هیچ حسابێکمان بۆ ناکەن، ئەی ئەو هۆنراوەت نەخوێندەوە کە بەعلی شاعیر پیایدا هەڵگوتین؟ دەڵێت:

هێی تۆ پێغەمبەر باش گوێ بگرە بۆم
ئەو تاقانەییەی تۆ باسی دەکەیت
ئەو ئەحەد، ئەحەد، ئەحەدەی تۆ دەیفەرمویت
هیچ شتێك بۆ دانیشتوانی مەدینەی جاهیلی پێکەوە نانێت
تەنها بۆ دەستکەوتی خۆت وادەکەیت
خەڵکی لە هەموو شوێنێك گاڵتەمان پێدەکات

نیگەرانیو بێزاری بە روخساری حەمزەوە دەردەکەویتو دەڵێت: "تۆ جاران گوێت بەو قسانە نەئەدا کە لەبارەی ئێمەوە دەوترا، چیت بەسەرهاتووە لە پاش دیدارت لەگەڵ ئەبو سونبول؟" ماهاوەند وەڵامی ئەداتەوە: "من هەندێجار بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێ مەسەلەکە لەسەر خەڵك ئاسانکەم تاوەکو بەئاسانی باوەڕ بە قسەکانم بهێنن".

قوتابیەکان بە نیگایەکی گوماناوییەوە تەماشای یەکتریان کرد، ماهاوەند تێبینی کردنو بەسەریاندا قیڕاندیو وتی: "ئێوە هەمووتان تێبینی ئەوەتان کردوە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە باوەڕدار بۆ ئاینەکەمان کۆبکەینەوە، کاکە ئەم خەڵکە نایانەوێت دەست لە خواوەندەکانی خۆیان بەردەن"، هێندەی پێنەچوو هەستایەسەر پێو لێیان دوورکەوتەوە، رۆیشت تاوەکو بە تەنها خۆی لە رووی ئەو دیوی بیرەکەوە دەستنوێژ بگرێت، پاشان نوێژەکەی بکات، هەر کە لە نوێژ تەواو بوو هێندەی پێنەچوو گەڕایەوە بۆ ناویانو پێیوتن: "گوێم بۆ بگرن، ئەم پێشنیارە شایانی گرنگیپێدانە" خالد بەتاڵی وەڵامی ئەداتەوە: "نەخێر بەڵکو مامەڵەیەکی وروژێنەرە" حەمزە هەڵچوونەکەی خالد هێور دەکاتەوەو ماهاوەند دەگەڕێتەوە بۆ قسەکانیو دەڵێت: "داوا نەکراوە ئەم سێ خواوەندە لە هەمان ئاستی خوادا بن، تەنانەت

لاتـیش، بەڵکو داواکراوە گرنگییەکی مامناوەند بەم سێ خواوەندە بدرێت بەجۆرێك کە پلەیان لـە خودا کەمتر بێت، ئەبو سونبول داوادەکات ئەم سێ خواوەندە قبوڵ بکرێت، ئەوجا هەموو دانیشتوانی مەدینەی جاهیلی بە دەروونو رۆحیان لـەگەڵمان دەبن" سەلمان لـێیدەپرسێت: "دەی دوای ئەوە بەیتی مەزن لـەو بتانە پاکتاودەکرێت؟" ماهاوەند وەڵامی ئەداتەوە: "لـەسەر ئەمە رێنەکەوتوین". سەلمان بەداخەوە سەردەلـەقێنێتو دەڵێت: "ئەم فێڵە تەنها ئامانجی لـەناوبردنی تۆیە". بیلالیش ئاماژەی بەوەدا کە خودا یەکەو نابێ بە چوار. لـەکاتێکدا خالـد بە گریانەوە دەیوت: "ئەم قسانە چییە دەیکەیت ئەی پێغەمبەر، ئەم خواوەندانەی تۆ ناوت هێنان: لاتو عوزاو منات، هەموویان مێینەن. ئایا دەشێ خوای مێینەمان هەبێت؟".

حەمزە قسەی خۆی دەهێنێ بەناوداو مشتومڕەکە یەکلایی دەکاتەوەو بە ماهاوەند دەڵێت: برازا ئێمە ناتوانین لـە پرسێکی وەهادا بگەینە ئەنجام، باشتر وایە دووبارە بچیتەوە بۆسەر شاخەکەو لـەمبارەوە پرسو راوێژ لـەگەڵ جوبریلـدا بکەیت.

جوبرائیل لـە ترسا خەریکە دڵی لـە سنگی دێتەدەرو بەخۆی دەڵێت: "پێویستە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بزانم". ئەو لـەم ماهاوەندە بازرگانە دەترسێت، ئەرێ سەیر نییە گەورەی فریشتەکان لـە رووبەڕووبوونەوەی مرۆڤێکی دوایی هاتوو بترسێت و لـەبەری بلـەرزێت؟ وەڵامی پێ نییە بۆی، هیچ قسەیەکی بۆ ئەم پیاوە نییە تا بیکات، ئەوەتا ماهاوەند لـە چاوەڕوانی جوبریلـدایە و خۆی ئامادە دەکات تاوەکو سروشی لـێوەرگرێتو لـێی بپرسێت ئایا لـەنێوان تاکخواییو فرەخوایی دا کامیان هەڵبژێرێت، جوبرائیل قسە لـەگەڵ خۆیدا دەکاتو دەڵێت: "ئەوەتا من وەك گێلـێك وەستاوم، چی بلـێم بە ماهاوەند، فریامکەون! فریامکەون!".

ماهاوەند دەچێتەسەر بەرزایی شاخەکە، کاتێکیش دەگاتە ئەشکەوتەکە هەست بە ماندوێتی دەکاتو هێندەی پێناچێ خەوی لێدەکەوێت. بەڵام خەوێك بوو لە جۆرێکی جیاواز، جۆرێك بوو لە خەوتوویی‌و بەخەبەربوون، هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد دەچووە قوڵایی گیانییەوە. جوبریلیش لە بەرزییەوە دەرکەوت، ئەویش شڵەژابوو قسەی لەگەڵ خۆی دەکردو دەیوت: "ئەوەتا من لە هەناوی ئەم نووستوەوە دێمەدەر، من فریشتەم، من خودی دووەمی ماهاوەندم، منو ئەو بە پەتێك لە رووناکی پێکەوە بەستراوین، ناشتوانین خۆمان لێکتر جیابکەینەوە، کەس ناتوانێت جیاییکاتەوە کە کامیان خەون بەوی ترەوە دەبینین".

جوبریل هەست بە نائومێدی دەکات، چونکە وەڵامی پرسیارەکانی ماهاوەندی لا نییە. ماهاوەند لێی دەپرسێت: "ئەوان چەندین پەرجویان لە ئێمە بینیوە، بەڵام هێشتا باوەڕیان پێ‌نەهێناوین، بینیتیان کاتێ دابەزیتە مەدینەو سینەی منت کردەوە، بینیتیان کە چۆن دڵم بە ئاوی زمزم دەشۆریتو دەیگێڕیتەوە ناو جەستەم، سەرباری هەموو ئەوانەش ئەوان هێشتا بت دەپەرستن، ئەو شەوەش هاتیتو باڵت پێ‌گرتمەوە بۆ قودس، ئەی کە گەڕامەوە بەوردی هەموو ئەو شتانەم بۆ باس نەکردن کە بینیومە؟ بەڵام هێشتا هەر بۆلای لات دەچوون. شتەکان ئاسان بوو بۆیان، کاتێ باڵت پێگرتمەوە بەرەو باڵاو بردمت بۆلای عەرشی خودا، کاتێکیش خودا چل نوێژی بەسەر باوەڕدارانداسەپاند، ئەوە نەبوو لەسەر پێشنیاری موسا چەندجارێك گەڕامەوە تاوەکو لە خودا بپاڕێمەوە لەم ئەرکە کەمکاتەوە؟ ئەوەبوو خودا وەڵامی دایەوەو بە پێنج نوێژ رازی بوو! لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان مناتیان خۆشدەوێتو عوزایان پێ باشترە، چیم لەدەستدێ بیکەم، چ شتێکیان بەسەردا بخوێنمەوە!".

بەڵام جوبریل بە بێدەنگی دەمێنێتەوەو وەڵامی ناداتەوە، ماهاوەندیش بەردەوامە لە پرسیارەکانیو جەختیان لەسەر دەکاتەوە! دەڵێت: "ئایا دەکرێ وەك فریشتە ددان بە لاتو مناتو عوزادا بنێم؟ ئەرێ تۆ خوشکت نییە؟ ئایا ئەم ناوانە دەشێ ناوی کچی خوابن؟ ئایا رازیبم بە خەڵەتاندنی خۆمو خیانەتکردن لە پرنسیپەکەم لەپێناو کورسییەك لە ئەنجومەنی شار؟ بە خۆشی بێت یان زۆرەملێ! من ناتوانم رازیبم تەنانەت ئەگەر گەورەی جاهیلییەکان بەڕاستی بەوەفا بێ بۆ بەڵێنەکەی، من لاوازم لەکاتێکدا ئەو بە وەفایە، بەڵام ئایا لەپێناو ئەوەی دانیشتوانی مەدینە لایەنگریم بکەن، شایانی ئەوەیە رازیبم بە زیادکردنی سێ ناوی تر بۆ لیستی فریشتەکان؟ ئایا خودا قبوڵی نییە ددان بە سێ فریشتەدا بنێت لە بەرامبەر رزگارکردنی تەواوی مرۆڤایەتی؟ من هیچ نازانم، ئایا دواتر خودا شانازی بەم دەستکەوتەوە دەکات یان هەست بە رقو کینە دەکات، ئینجا من نازانم خودا چ جۆرە بوونەوەرێکە؟ ئەی من خۆم چ جۆرە بوونەوەرێکم؟!"

هێندەی پێنەچوو سروشەکە هاتەخوارەوە، ماهاوەندیش هەر وەك سەرەتا لە دۆخێکی نێوان خەوتو و بەخەبەردا بوو، هەستی بە کرژیو جەمامبوون دەکرد! بەڕادەیەك ئارەقی پشتە ملی بەلێشاو دەڕژا، دەستی دەکێشا تاوەکو فشار خاتەسەر سینگو سکی. پەرجوەکە دەستپێدەکات، وەك ئەوەی بە هەموو هێزێکیەوە شتێك لە هەناویدا بشارێتەوە، هەستیدەکرد ئەو هێزە گەشتۆتە کاکیلەکانی، چونکە ئەوانیش کەوتنە جوڵە، لێکدور دەکەوتنەوەو لێکنزیك دەبوونەوە، پاشان گەیشتە ژێ دەنگییەکان!

ئەوە دەنگی من نییە، من وشەی لەم جۆرە نازانمو ئەوە دەنگی من نییە، بەڵام دەنگێکە، چەندە بەربلاوبێت هێندە چاوەکانی ماهاوەند لەگەڵیدا بەربلاو

دەبن، ئەوەتا تارماییەك دەبینێت، جوبریل هێندە نابات بیری دەكەوێتەوە، بەڵێ ئەو من دەبینێت‌و منیش دەمم دەكرێتەوەو لێوەكانم دەجولێن، هێزێك دەیانجولێنێت، ئەو هێزە چییە؟ من بە خۆم نازانم‌و ئەم وشانە لـە زارم دێنەدەر:

گەمەیەكی خۆش نییە كەوا پێغەمبەری خودا بیت

بەڵام، بەڵام، بەڵام خودا دیار نییە

تەنها خودا خۆی دەزانێت من پێغەمبەری كێم؟!

ئەوەتا ئەوان لـە مەدینەی جاهیلی ئارامییان لێبڕاوەو چاوەڕوانی گەڕانەوەی ماهاوەندن، زیاترین كەس ئارامیی لێبڕاوە خالـدە، لـەكاتێكدا حەمزە لـەسەر زەوی دانیشتووەو یاریی بە بەرد دەكات. دانیشتوانی شارەكەو میوانەكانیشیان، رژاونەتە نێو بازاڕو ژێر چادرەكان‌و پێشبڕكێی شیعریی دەكەن. هێندەی پێ‌نەچوو خالـد كە لـە نزیك دەروازەی شار چاوەڕێی دەكرد، بە هەناسەبڕكێوە هات‌و وتی:"پێغەمبەر گەڕایەوە، بەڵام بەرەو بیری زمزم ناڕوات، ئینجا ئەو كەسانە دەنێرێتەوە كە لـەژێر دارخورماكاندا چاوەڕێن". ئەوانیش دەڵێن: "كەواتە هیچ پەیامێك نییە!" خالـد بە هەناسەبڕكێوە وەڵامیان ئەداتەوە: "نەخێر پەیامی پێیە، چونكە سیمای وادەنوێنێت پەیامی بۆ هاتبێت، بەڵام قسەی لـەگەڵ نەكردم‌و ڕۆیشت بەرەو بازاڕ!".

خاوەن خێمەكان سەرسام دەبن كاتێك ماهاوەند بە چاو نوقاوی دێت بەسەریاندا، پرسیارگەلێكی لێدەكەن، بەڵام وەڵامیان ناداتەوە، بەڵكو لـە ڕۆشتن بەردەوام دەبێت‌و دەچێتە چادری شاعیرانەوە.

گەورەی جاهیلیەكان لـە نزیك دوانگەكەوە لـەسەر فەرشێكی ئاوریشم لـەگەڵ ژنە جوانەكەیدا (هیند) دانیشتبوون، ئەبو سونبول هەڵدەسێتەسەر پێ‌و بەدەنگی بەرز بە ماهاوەند دەڵێت: "بەخێربێیت هەی كاهینی دانا". قوتابیەكانی

ماهاوەندیش بۆ یەکەمجار ڕێیان پێدەدرێت بچنە ئەو شوێنەوە. ماهاوەند بێئەوەی چاو هەڵبهێنێت دێتە گۆو دەڵێت: "ئەم شوێنە کۆڕی شاعیرانە، من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە یەکێکم لەوان، چونکە من پێغەمبەری خوامو قسەکانم لە خوای تاقانە وەردەگرم، کە ئەو زاناترینە لەنێو هەموو ئەوانەی لێرەدا کۆبونەتەوە!" ئامادەبوان کەوتنە مەراییو چپەیان دەهاتو دەیانوت ئەم شوێنە شوێنێکی ئایینی نییە، حاجییانیش تەنها بۆخۆشی و چێژوەرگرتن هاتوون بۆ ئێرە، یەکیان هاوار دەکات: ئەو پیاوە بێدەنگکەنو دەریکەن لێرە، بەڵام ئەبو سونبول هەموان بێدەنگ دەکاتو دەڕوات بەرەوڕووی ماهاوەندو پێی دەڵێت: "ئەگەر خواکەت قسەی بۆ کردوییت ئەوا پێویستە هەموان گوێیان لێتبێت"، پاش ساتێك بێدەنگی ماهاوەند بە دەنگی بەرز دەکەوێتە خوێندنەوە: "بسم الله الرحمن الرحيم، والنجم اذا هوى ما ضل صاحبكم وما غوى وما ينطق عن الهوى ان هو الا وحي يوحي علمه شديد القوى ذو مرة فاستوى وهو بالأفق الاعلى ثم دنا فتدلى فكان قاب قوسين أو أدنى فأوحى الى عبده ما أوحى ما كذب الفؤاد ما رأى افتأمرونه على ما يرى ولقد رآه نزلة اخرى عند سدرة المنتهى عندها جنة المأوى. اذ يغشى السدرة ما يغشى مازاغ البصر وما خفي لقد رأى من آيات ربه الكبرى". بێئەوەی هیچ دوودڵییەك بە ماهاوەندەوە دیار بێت بە دەنگێکی بەرزو ڕوون بەردەوامیدا بە خوێندنەوە: "أفرأيتم اللات والعزى ومناة الثالثة الأخرى"، کاتێ کە هیند گوێی لەو ئایەتە بوو ڕاپەڕیو هەستایەسەر پێ لەکاتێکدا گەورەی جاهیلیەکان بەر لەو ڕاپەڕی، ماهاوەند بەردەوام دەبێت لە خوێندنەوە: "تلك الغرانيق الأولى، وان شفاعتهن لترتجى" لایەنگرانی خواوەندی لات هاواری خۆشییان لێ بەرزدەبێتەوە، لەهەمان کاتدا هەموان دەڕواننە گەورەی جاهیلیەکان لەکاتێکدا کە ئەو پەنجە گەورەی خستووەتەسەر نەرمەی گوێچکەیو

هاوار دەکات: الله اکبر، هێندەی پێناچێ کڕنوش دەباتو ناوچاوانی ئەدات لە زەوی، هیندیش بەدوایدا هەمان کاری ئەو دووبارە دەکاتەوە، خالدی ئاوکێشیش لە نزیك دەرگای چادرەکەوە وەستاوەو بە سەرسامییەوە تەماشای ئەم دیمەنە دەکات، چونکە هەموو ئەو ژنو پیاوانەی کە لەژێر چادرەکەدا کۆبووبوونەوە شوێن پێی گەورەی جاهیلیەکان کەوتنو ئەوانیش سوژدەیان بردو پێغەمبەریش بە راوەستاوی مایەوە. لەو لایشەوە بە لێشاو فرمێسك بە چاوی خالدی ئاوکێشدا دەهاتە خوارێو دەرژایە سەر خۆڵەکە، بێ ئاکام هەڵدێو رادەکات، ماهاوەندیش جوڵەی لەخۆی بڕیوەو رەپ وەستاوە، بێئەوەی پێڵوی چاوێك لە چاوەکانی کە هەتاسەر بە داخراوی مانەوە، تەرببێت.

حەمزەی مامی پێغەمبەر بە تەنها خۆی لە رێگادابوو بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، سەری شۆڕکردبووەوەو بیری لەو سەرکەوتنە شومە دەکردەوە کە برازاکەی بەدەستیهێنا، لەناکاو گوێی لە نەڕەی شێربوو، سەری هەڵبڕی بینی شێرێکی سور مشتی لێگرتووە پەلاماری بدات، ئەگەرچی چەکی پێنەبوو بەڵام هیچ رێگایەکی تری لە بەردەمدا نەبوو، جگەلەوەی رووبەڕووی ببێتەوە، بۆیە هاواریکرد بەسەر ئەو جانەوەرەداو وتی: دەی وەرە هەی جانەوەری گەمژەی سەرسەری، لە گەنجیەتیمدا کە تەمەنم لە ئێستا منداڵتر بوو، بەم دەستانەی خۆم چەندەها پشیلەی گەورەی وەك تۆم جنجن کردوە. لە پشتیەوە قاقای پێکەنینێك دەنگیدایەوە، حەمزە ئاوڕیدایەوە تاوەکو سەرچاوەی ئەو پێکەنینە ببینێت، کاتێ دووبارە تەماشای پێشەوە دەکات دەبینێت شێرەکە نەماوەو دانیشتوانی جاهیلی کە بەبۆنەی ئاهەنگەوە خۆیان بە جۆرەها جل پۆشیوە، چواردەوریان داوە، ئەوکات حەمزە درك دەکات کە ئەو شەوە شەوێکی پڕ لە ترسو تاوان دەبێت، هەر بۆیە کاتێك دەگاتە ماڵەوە

شمشێرەکەی هەڵدەگرێت‌و دووبارە دەردەچێتەوەو بە خۆی دەڵێت: "واباشترە ئەم شەو دوژمنەکانم بکوژم، کە دوایین شەو دەبێت ئاهەنگ بۆ جەژنی ئیبراهیم بگێڕن، تەواوی مەدینەی جاهیلی سەرتاپا شێتبوون، هۆنراوە بە دیواری بەیتی حەجەرولئەسوەددا هەڵدەواسن، سۆزانییەکان جێی شاعیرەکان دەگرنەوەو دەستدەکەن بە هۆنینەوەی گۆرانی شەوانەیان تاوەکو کڕیار بۆ خۆیان راکێشن".

پاش گەڕانێکی دوورودرێژ بەنێو کوچەو کۆڵانەکانی شاردا، حەمزە نێچیرەکەی دەدۆزێتەوە، ئەو شێرە سورەی خاوەنی سێ چەناگەیە، شەڕێکی گەورە لەنێوان دوو دەستە پیاوی دەمامکداردا دەستپێدەکات، حەمزە تێبینی ئەوە دەکات هەریەکە لە خالدو بیلالیش دەمامکیان بەستووە ولەلایەن دوژمنە دەمامکدارەکانییانەوە هێرشێکی توند کراوەتە سەریان، بۆیە شمشێرەکەی رادەکێشێ‌و بەدەم نەڕەوە هێرش دەکاتە سەریان، زیاتر لە هەموو شتێك مشت لەو پیاوە دەگرێت کە ماسکی شێرێکی سوری سێ چەناگەی لەسەردایە، سەرەنجام لەسەردەستی حەمزە دەکوژرێت.

جوبریل بەسەر شاردا دەفڕێت تاوەکو تەماشای ئەو جەنگە بکات لەنێو کوچەکانیدا روودەدات. سێ قوتابییەکە (خالدو سەلمان‌و بیلال) پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر مەی ناخۆنەوە، ئەمشەو لە ئەنجامی نائومێدی‌و خەمبارییان لە هەمبەر ئەو رووداوەی روویدا زیاد لە پێویست دەخۆنەوە، بۆ هەرکوێ دەچوون سوکایەتییان بە خەڵك دەکردو ئارەزویان وابوو هەموو شتێك وێرانکەن‌و خەریکبوو شەڕ هەڵگیرسێ، بەڵام هەر کە حەمزە گەیشتە جێ شەڕ کۆتایی هات. لە یەکێ لەو شەڕانەیشدا حەمزە هێرشی کردەسەر دوو پیاو، هێندەی پێنەچوو خەڵتانی خوێنی کردن، هەریەك لە خالدو بیلال‌و سەلمانیش برینداربوون، بەڵام برینەکانیان قوڵ

نەبوو، بۆیە بایەخیان پێنەدا، بەڵام ئەوەی تووشی خەمی کردبوون، ئەوەبوو ئەو سێ ماسکدارەی کە ماسکی شێری سوریان بەستبوو، ئەوانەی ئەمان کوشتنیان، برای هیند بوون، حەمزەش لەمبارەوە وتی: "تیاچووین". شوێنکەوتەکانی ماهاوەند لەسەر پەرژینی شارەکەدا دانیشتن‌و دەستیاندایە گریان، پاش ئەوەی کە زانییان تێوەگلاون لە کوشتنی ئەو کەسانەی ماسکی شێری سوریان بەستبوو.

پێغەمبەر کاتێك خەبەری دەبێتەوە دەبینێت لەنێو نوێنێکدا راکشاوە، چەرچەفەکانی لە ئاوریشم دروستکراوە، سەرتاپا رووتەو هیچ جلێکی لەبەردا نییە، ژنێکی باڵابەرزی قژ رەشی جوانی بەرچاو دەکەوێت، لە تەنیشتیەوە راکشاوە، ئەو گۆرانییە دەڵێت کە ژنان بۆ هاندانی مێردەکانیان لەبۆ بەشدارکردن لە شەڕدا دەیانوت، ئەو ژنەش کەسی تر نەبوو جگەلە هیند، پێغەمبەر لێی پرسی: "چیم بەسەرهاتووە؟ کەس هێرشی کردۆتەسەرم؟" هیندیش بە رابواردنەوە وەڵامی ئەداتەوە: "کەس هێرشی کردۆتە سەرت؟" هێندەی پێناچێ چەپڵەیەك لێدەدات‌و داوای خواردن دەکات، کۆیلەکەش چی داواکردوە بۆی ئامادە دەکات، کۆیلەیەکی تریش بانگدەکات تاوەکو پۆشاکێکی ئاوریشمیی رەش‌و ئاڵتونی بکاتەبەر ماهاوەند، دیسانەوە دەکەوێتە پرسیارو دەڵێت: "بۆچی هەست بە قورسیی سەرم دەکەم، کەس لێیداوم؟!" هیندیش وەڵامی ئەداتەوە: "چۆن پێغەمبەرێکی؟ یانی ئەگەر لە تەواوی هۆشی خۆتدا نەبویتایە دەهاتیتە ماڵم؟ بەتەواوی ویستی خۆت نەبێ؟" بەڵام ماهاوەند لە مەبەستی راستەقینەی وشەکانی تێناگات‌و دەپرسێت: "داخۆ بەندکراوم؟" هیندیش بێباکانە شان رادەوەشێنێت‌و دەڵێت: "لە کوچەکانی شاردا پیاسەم دەکرد پێم لە لاشەت هەڵکەوت، بە بێهۆشی کەوتبوویت، منیش خزمەتکارەکانم راسپارد بە کۆڵهەڵگرێك بتگوازنەوە بۆ ئێرە، دەی سوپاسم

ناکەیت؟" ئەویش دەڵێت: "سوپاس". هیند درێژە بە قسەکانی ئەداتو دەڵێت: "پێموانییە کەس تۆی لەو بارودۆخەدا ناسیبێتەوە، ئەگینا دەیانکوشتیت، بێگومان دەزانیت دوێنێ شەو ڕێگاو بانەکانی مەدینە لە چ دۆخێکدا بوون". نەختێك بێدەنگ دەبێو پاشان بە دوودڵییەوە بەردەوامی بە قسەکانی ئەداتو دەڵێت: "براکانم هێشتا نەگەڕاونەتەوە بۆ ماڵەکانیان!" ئەوجا دێتو لە تەنیشتیدا دادەنیشێتو لە دەرچەیەکی جلەکانیەوە دەست لە سنگی دەخشێنێتو پێی دەڵێت: "بێگومان بێهۆش بوویت، چیت بەسەرداهات؟ هێندە لاوازبوویت ببورێیتەوە؟" دەستی لەسەر سنگی ماهاوەند هەڵدەگرێتو ئینجا دەیخاتەسەر لێوەکانیو لەژێر لێوەوە بەردەوام دەبێتو دەڵێت: "من ژنی گەورەی جاهیلییەکانم! نە منو نە ئەویش هاوڕێی تۆ نین، بەهەرحاڵ مێردەکەی من پیاوێکی لاوازە! خەڵکیش پێیانوایە کابرایەکی زیرەكو فێڵبازە، بەڵام من لە هەموویان زیاتر ڕاستییەکەی دەزانم، من دڵداری تر بۆ خۆم دەگرم ئەویش نارازی نییە، هیچ هەڵوێستێکی نییە لەو بارەوە، چونکە پەرستگاکانی لاتو عوزاو منات لەلایەن خانەوادەکەمەوە سەرپەرشتی دەکرێن، ئەو خواوەندانەی تۆ دانت بەوەدا نا فریشتەی تۆن! دوایین دڵدارەکانم ئەو لاوەبوو کە ناوی بەعلە". توڕەیی لە چاوانی ماهاوەنددا بەدیدەکرا، بەڵام هیند بە هێمنی درێژەی بە قسەکانی داو وتی: "من دەزانم تۆ ڕقت لەو گەنجەیە، بەڵام ئەوە گرنگ نییە، چونکە تۆ کەس شان لە شانت نادات، نە بەعل! نە ئەبو سونبولیش، تەنها من هاوشانی تۆم!" ماهاوەند پێی دەڵێت: "دەبێ ئەم شوێنە جێبێڵم" ئەویش دەڵێ: "دەی بۆ وابەپەلە؟".

پاش ئەوەی هیند هەواڵی کوشتنی براکانیی بەدەستگەشت زۆر توڕەبوو، بەڵێنیدا تۆڵە لە بکوژەکانیان بکاتەوەو شوێن ماهاوەندو شوێنکەوتەکانی بکەوێت.

قوتابیەکانی پێغەمبەر، پێغەمبەریان ئاگادارکردەوە کە تەواوی شوێنکەوتەکانی چوونەتە دەرەوەی شارو نیازیان نییە بگەڕێنەوە، یەکێ لەوانەش حەمزەی مامی بوو، کەس نەیزانی بۆ کوێ چووە، سەرباری هەموو ئەوانەش کەچی ئەبو سونبول هاوسۆز نەبوو لەگەڵ تینویەتی ژنەکەیدا بۆ سەندنەوەی ئەو تۆڵەیە، چونکە هێشتا ئەو قازانجانەی دەژمارد کە لە هەمبەر داننانی ماهاوەند بە سێ خواوەندەکەدا وەدەستیدەکەوێت. وەلێ ماهاوەند گوێ بۆ ئامۆژگاری شوێنکەوتەکانی ناگرێتو بەرەو بەیتی گەورە بەڕێدەکەوێت، بەیتی حەجەرولئەسوەد، قوتابیەکانیشی شوێنی دەکەوتن ئەگەرچی زۆریش دەترسان. بۆیە دەچێت تاوەکو لەوێ بەرووی سێ بتەکەدا بووەستێو لەبەردەم هەموو خەڵکیدا هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئایەتانە راگەیەنێت کە شەیتان هێناویەتە خەوییەوە، بە دەنگی بەرز هاوار دەکاتو ئایەتی نوێ دەخوێنێتەوە تاوەکو بچنەبری ئەوانی ترو لە قورئاندا تۆمار بکرێن: "الکم الذكر وله الأنثى، تلك اذن قسمة ان هي الا أسماء سميتموها أنتم وآباؤكم ما أنزل بها من سلطان". پاش ئەوەی ماهاوەند ئەم ئایەتە نوێیانە دەخوێنێتەوە، شوێنەکە جێدەهێڵێت بەرلەوەی کەس بە خەیاڵیدا بێت بەردێك هەڵگرێت یان فڕێی بدات.

دوای سڕینەوەی ئەو ئایەتە شەیتانیانە، پێغەمبەر ماهاوەند دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، تاوەکو رووبەڕووی یەکەم سزای ببێتەوە کە لە ماڵەوە چاوەڕێیەتی، تەماشادەکات ژنە حەفتا ساڵییەکەی پشتی ناوە بە دیوارێکەوەو مردووە، بۆیە هەست بە نەگبەتیو بەدبەختی دەکاتو بەدرێژایی چەندین هەفتە بە بێدەنگ دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا ئەبو سونبول تورەیی خۆی لە دژی ماهاوەندو شوێنکەوتەکانی رادەگەیەنێتو رێیان پێنادات کاربکەن، ئایینەکەیشیان ناودەنێت

ئایینی ملکەچی، تاقمە توندەڕو و چەتەکانیش ئاگادار دەکات هەر کاتێك باوەڕداری ئەو ئایینەیان بینی راویان بنێن.

دانیشتوانی ئەو مێرگەی پێیدەوترێ (یەسرەب)[1] کە دەکەوێتە باکوری مەدینەی جاهیلی، پێشنیاریان بۆ باوەڕداران کرد بێنو لە ولآتی ئەوان نیشتەجێ بن. حەمزەش بەم پێشنیارە رازی دەبێتو ماهاوەندیش رازی دەکاتو دەڵێت: "برازا، تۆ ناتوانیت پەیامەکەت لێرە بلآوبکەیتەوە، هیندیش ئۆقرە ناگرێت تا زبانت نەبڕێت، ئینجا بمبورە کە بەو جۆرە قسەت لەگەڵ دەکەم".

خالدیش پێی وت: "گومانم لەو ژنە هەبوو ئەی پێغەمبەر، پێموابوو تۆ خیانەتت لێکردوینو سەرت شۆڕکردوین، بەڵام سەلماندت کە تۆ زیرەکیتو لە ئێمە دووربینتریت، واتلیێکردین بە چاوی خۆمان شەیتان ببینینو دواتریش بینیمان چۆن لە بەردەم خوای راستو رەوادا شکستیهێنا، تۆش بەم کارە باوەڕمانت بەهێزتر کرد، من داوای لێبوردن دەکەم کەوا کەوتبومە گومانەوە".

جوبریل لە لوتکەی شاخەکەوە تەماشای باوەڕداران دەکات کە چۆن لە مەدینەی جاهیلی هەڵدێنو دەچن بەرەو ئیمپراتۆریەتی خۆر، لە یەکەم رۆژی یەکەمین ساڵی دەستپێکردنی کات[1]. ماهاوەندیش بەشبەحاڵی خۆی دزە دەکاتو هەڵدێت. کاتێکیش هەواڵی هەڵهاتنی دەگات بە بەعلی شاعیر، بەعل هۆنراوەیەك بەو بۆنەوە رێکدەخاتو دەڵێت:

بیرکردنەوەکانی ئایینی ملکەچیی چۆنە ئێستا

لەپاش ئەوەی لە ترساندا پشتی هەڵکردووەو رادەکات

---

(1) یثرب: شارێکە لە ولآتی سعودیە کە ئێستا پێیدەوترێت (المدینة المنورة). وەرگێڕی کوردی

(1) مەبەست لە یەکەم رۆژی یەکەمین ساڵی کۆچییە. وەرگێڕی کوردی

ماهاوەند دەگاتە مێرگەکە، جوبریلیش بە تەنها بەسەر لوتکەی شاخەکەوە دەمێنێتەوەو سێ بوونەوەری باڵدار کە لاتو عوزاو مناتن، بە دەوریدا دەشەکێنەوەو هەوڵدەدەن بە چنگیان لەتلەتی بکەن، ئەویش هەوڵدەدات خۆی لە هێرشە ناکۆتاکانیان بپارێزێت، بەڵام ئەوان بەهێزترن، چونکە باڵدارنو لە جموجۆڵدا خێران. لەبەرئەوەی خەون بوو هیچ ڕێگایەکی نەبوو بۆ دەربازبوون، تەنانەت نایشتوانێ ئاواتی ئەوە بخوازێت دووریانخاتەوە لەخۆی.

## بەشی سێهەم

## لامنون دالتۆ "لەندەن"

(ڕۆزا دیامۆندا) لە تەمەنی هەشتاو چوارساڵیدا بوو لە خانوویەکی دابڕاودا دەژیا لە نزیك نۆکەندی ئینگلێش. ڕۆژێکیان لە یەکێ لە پەنجەرەکانی ماڵەکەیەوە کە بەفر دایپۆشیبوو، تەماشای کەناری دەکردو یادگارییە کۆنەکانی وەبیر دەهاتەوەو بیری لە خێو و چیرۆکگەلێك دەکردەوە کە بە منداڵی بیستبووی، لە پڕ بە تێهەڵچوونەوە هاواریکرد: باوەڕ بەمە ناکەم. ئەوجا بە پەلە بەو دوو قاچەی کە بە ئەستەم توانای هەڵگرتنی جەستەییان هەبوو، هەستایەسەر پێ‌و چاکەتەکەی لەبەرکردو کڵاوەکەی کردەسەرو گۆچانەکەی هەڵگرت‌و چووەدەر. لەکاتێکدا فریشتە جوبریل لەسەر کەنار، لەو شوێنەی کەوتبوو هۆشی هێناوەتەوە، هەستایەسەرپێ‌و دەمی پڕبوو لە بەفر.

جوبریل تفێکی کردو چی لە دەمدا بوو هەڵیهێنایەوە، شایانی باسە هەناسە هەڵماوییە بۆگەنەکەی نەمابوو، هاواری بەسەر سەلاحەدیندا کردو وتی: "وەرە با تیشك‌و ڕووناکی بدەینەوە، وەرە با وەك گەردەلول ئەم شوێنە تێپەڕێنین". بەڵام سەلاحەدین چمچا نەجوڵا بۆیە جوبریل پێیوابوو مردووە، وتی: " ئێستا ناتوانیت بمریت، پاش ئەوەی ئەو هەموو پانتاییەمان بڕی" وەلێ سەلاحەدین نەمردبوو، بەڵکو دەگریا، فرمێسکەکانی بە ڕوخسارییەوە دەیبەست، لەکاتێکدا جەستەی بە چینێك سەهۆڵ پۆشرابوو، کە وەك شوشە وابوو، بەمەش خەونە کۆنەکەی هاتەدی، ئەو بونەوەرەی دەهاتە خەونەکانی، هەر بۆیە دەترسا پێستە شوشەییەکەی بشکێت،

دەترسا خوێنی خۆی ببینێت لە جەستەی دەڕژێت، هەستیدەکرد کە ڕەنگە لە شوێنێکی دی کەوتبێتە خوارەوە نەك ئینگلتەرا، ڕەنگە لە دۆزەخ بێت. بەڵام دۆزەخ تەواو جیاوازە لەم شوێنە، کەواتە لەوانەیە لەو شوێنە بێت دەکەوێتە نێوان ژیانو مەرگەوە، کە بیری لەمەیان کردەوە کەوتە لەرزین، پاش چەند ساتێك وادەهاتە پێش چاوی مەرگ بۆی چەماوەتەوە، گوێی لە مشتومڕی دوو کەس بوو یەکیان دەیوت: "ئەو هێشتا زیندوە". پاشان گوێی لە جوبریل بوو دەیوت: "بەڵام هەناسەی ئێجگار بۆگەن بووە، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە زۆر دەمێکە ددانی نەشتووە؟"

ئەم دوو پیاوە، بۆنی دەمی یەکێکان زۆر خۆشبووە، بۆنی دەمی ئەویتریان بەتەواوی بۆگەنو قێزەون بووە، کەوتنەخوارەوەیان بەو جۆرە، هەندێ لێکەوتەی لەدوای خۆی جێهێشتووەو بۆتە هۆی هەندێ گۆڕانکاری. چونکە هەڵمە بۆنخۆشەکان جێی هەڵمە ناخۆشەکانیان گرتۆتەوەو بە پێچەوانەوە. تیشکێکی گەشاوە چواردەوری سەری فریشتە جوبریلی دابوو کە بووبووە مایەی سەرنجدانی، هەر ئەوەشبوو وای لە ڕۆزا دیامۆندا کرد واهەست بکات خەریکە دەبورێتەوە. پێدەچێ ئەو پێکدادانانەی تووشی لاجانگی سەری چمچا هات، هەر ئەوە بووبێتە هۆی ئەو جێ داخو سوتانە هەڵاوساوانەی کە لە سەریدا دەردەکەوت، هەرچەندە کڵاوە خڕەکەی داپۆشیبوون، چونکە هەر کڵاوەکەی لەسەردابوو.

کاتێ ڕۆزا دیامۆندا تەماشای فریشتە جوبریل و هەڵنوتانو سەرسمەکانیی دەکرد، کە بەسەر بەفرەکەدا دەینا، لەگەڵ ئەو تیشکە ئاڵتونییەی دەوری سەری دابوو، بیری لە فریشتە نەدەکردەوە، بەڵکو بیری لەو پەنهانیە کە لەبارەی ئەو

ناوەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا خوێنێکی زۆری لێڕژا، بەڕادەیەك ڕۆزا دەترسا دڵی لە لێدان بکەوێت.

ڕۆزا دیامۆندا واڕاهاتبوو ئەو ڕۆژانەی سامانڵ و بێ هەورو هاڵ بوو، بە مەبەستی حەوانەوە لە بەشی دابڕاوی سەر کەنارەکەدا، بەشێوەیەکی توندو شەڕەنگێزانە خۆی رووتدەکردەوە، زۆرجار خەڵکی دەردەکردو جێنی پێدەدانو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو کەنارە موڵکی ئەوە. وەلێ لەبارەی جوبریلەوە هیچ شتێکی خراپی نەوت، بەڵکو بە پێچەوانەوە زەردەخەنەی بەدەمەوە کردو بانگهێشتی ماڵەوەی کردو وتی: "باشتروایە ئەو هاوڕێیەت بهێنیتە ماڵەوەو گەرمیکەیتەوە".

ڕوخساری سەلاحەدین چمچا لە گەنجیەتیدا زۆر ناسکبوو، لەوپەڕی بەرائەتدابوو، رەنگە هەر لەبەرئەوەش بووبێ پامێلای ژنی کەوتە داوی خۆشەویستییەوەو شوی پێکرد. بەڵام چمچا کە لەو ڕۆژەدا بەخەبەر هاتو لە ئاوێنەدا تەماشای خۆیی کرد، سەرسام بوو بەو روخسارە ناقۆڵایەی چاوی بڕیوەتە چاوی، بینی لە دوو شوێنی لاجانگیدا جێی داخو سوتان دیارە، دواتر لە دڵی خۆیدا هۆکاری ئەوەی بۆ ئەو پێکدادانە گێڕایەوە کە لەکاتی کەوتنە خوارەوەیدا تووشیبوو.

بیری لەوە کردەوە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ئەنجامدات تاوەکو لەڕێیەوە ژنەکەی ئاگادار بکات کە نەمردوە، بەڵام نەختێك تیاما، چونکە هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو. لەڕاستیدا ئەو هەر نەیدەزانی کات چەندە، چونکە بۆیدەرکەوت کاتژمێرەکەی دەستی ونکردوەو هیچ کاتژمێرێکی دیواریش لە ماڵەکەدا نییە. دواجار خۆی یەکلایی کردەوەو بڕیاریدا پەیوەندی بکات، پاش ئەوەی نۆ

ژمارەکەی لێداو پەیوەندیەکە رۆیشت گوێی لە دەنگی پیاوێك بوو بە دەنگی بەرز بۆڵەبۆڵی دەهاتو وتی: "چیتان دەوێ بۆ خاتری دۆزەخ؟" ئەو دەنگە دەنگی کەسێك بوو خەوتبێ، بەڵام دەنگێکی ناسراو بوو لای چمچا، کەچی هیچی لەدەستنەهات و وتی: "ببورە، داوای لێبوردن دەکەم، بێگومان ژمارەکە هەڵەیە". چمچا کە پیجامەیەکی سوری خەتخەتی سپی لەبەردابوو لەو هۆبە نەناسراوەدا راکشا، بەدەما خۆی خستەسەر چرپایەکی تەسكو کەوتە گریان، سەرینەکەی هەڵدەگوشیو دەیوت: "نەفرەت لە هەرچی هیندیی هەیە، نەفرەت لەو بەدڕەفتارە، نەفرەت لە هەموویان، ئەوان سەرجەمیان بێڕەوشتن". لەو ساتەدا پیاوانی پۆلیس گەیشتبوونە جێ تاوەکو دەستگیری بکەن.

چمچا خەوتبوو، چواردەوری بە شوشە ئاوی گەرم درابوو، ئەمەش رۆزاو جوبریل بۆیان دانابوو تاوەکو بێتەوەسەر خۆی. جوبریلیش لە ژووری کتێبخانە کۆنەکەدا کە تایبەت بوو بە مێردە مردووەکەی رۆزا، دەهاتو دەچوو و بۆ چەند هۆکارێکی تایبەت بەخۆی بەرگری لە خەو دەکرد، رۆزایش گەڕایەوە بۆ شوێنی پێشوی خۆی و تێیدا چاودێری کەناری دەکرد. لەناکاو سێبەری کۆمەڵێك پیاوی بینی کە بەسەر کەناردا جموجۆڵیان دەهات، بۆیە هەستایەوە تاوەکو بە شوێن چاویلکەکانیدا بگەڕێت، کاتێکیش گەڕایەوە، کەنار پڕبووبوو لە خێو و سێبەر، هەموو ئەو کەسانە زۆر بە وریاییو چوختیانە دەجولانەوە، زۆربەیشیان پێڵاوی قورسیان لەپێدابوو، دەرکەوت کەسێك دەسەڵاتی لە بوونی چەند کەسێك لەسەر کەنار ئاگادار کردۆتەوە. رەنگە بوونی ئەوان لەوێ نایاسایی بێت، بۆیە دوای ئەوە هێندە نابات پەنجاو حەوت پیاوی پۆلیس دەرژێنەسەر کەنارو پێنجیان لە نزیك دەرگای پێشەوەی ماڵەکەوە پێگەی خۆیان وەردەگرن، سیانیان کە جلوبەرگی

مەدەنیی ئاساییان لەبەردابوو چوونە ژوورەوە، رۆزا یەکیانی ناسییەوە، ئەویش ئەو لێکۆڵەرە گەنجە بوو کە ناوی (لایم) بوو، رۆزا بە نارەزاییەوە شەپازللەیەکی دا لە سنگیو وتی: "ئا لەم کاتژمێرە درەنگەی شەودا دێیت فرانك؟ ئەمە یانی چی؟" بەڵام وەڵامی نەدایەوە، چونکە ئەو هاوەڵانەی خۆیی لەگەڵدا بوو کە لە فەرمانگەی کۆچبەرانەوە هاتبوون، لەگەڵ ئەوەشدا نەختێك تیاما ئەوجا وتی: "بمانبورە دیامۆندا خانم، بەڵام زانیاری بەڵگەدارمان بۆ هاتووە ، ناچارین خانووەکەت بپشکنین، مۆڵەتی ئەوەشمان پێدراوە". رۆزا وتی: "پێویست بە شڵەژان ناکات فرانکی ئازیز". بەرلەوەی قسەکەی تەواوکات پیاوانی پۆلیس خۆیان دەکێشایەوەو تەماشای ئەودیوی رۆزایان دەکرد، چونکە لە پشتی رۆزاوە سەڵاحەدین چمچا راوەستابوو بە دەستی چەپی بیجامەکەی هەڵدەکێشاو، بە دەستی راستی چاوی دەخوراند. یەکێ لە ئەفسەرەکانی فەرمانگەی کۆچبەران بە رۆزای وت: "بمانبەخشە خانم". لە پڕ پۆلیسەکان وەك گەردەلول هەڵیانکوتایە سەر چمچا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی رۆزا دیامۆندا لە گۆشەیەکی هەیوانەکە گیربێت بە جۆرێك کە نەیدەتوانی هیچ شتێك ببینێتو تەنانەت گوێیشی لێنەبوو، کاتێك چمچا هاواری دەکردو دەیوت: "من لەو کەسانە نیم کە بە بەلەم و بە قاچاخ دێن". هەروەها گوێی لێنەبوو، کاتێ نارەزایی لە هەمبەر دڕندەیی ئەوان دەردەبڕی، گوێی لێنەبوو کاتێ دەیوت دەبێ بڕوام پێبکەن من هاوڵاتییەکی بەریتانیم. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هیچ دیکۆمێنتێکی نەخستەڕوو کە راستی ئەو قسانەی بسەلمێنێ، چونکە لەو بارودۆخەدا نە پاسپۆرتی پێبوو نە پێناس. لەمبارەشەوە یەکێ لە ئەفسەرەکانی فەرمانگەی کۆچبەران بە رابواردنەوە وتی: "بێگومان پەریی دەریاکان گیرفانتیان بڕیوەو پاسپۆرتەکەتیان دزیووە". رۆزا گوێی لێنەبوو کاتێ چمچا هەوڵیدا تێیانگەیەنێت، کە ئەو لە

بەرنامەی منداڵاندا لە تەلەفزیۆن ئەکتەرە، بەڵام ئەوەی چمچا نەیوێرا ئاشکرایکات ژمارەی تەلەفونی ماڵەوەی بوو لە لەندەن، وەگەر ئەو ژمارەی پێدانایە ئەوا ئەوانیش تەلەفونیان دەکردو لە قسەکانی دڵنیا دەبوونەوە، بەڵام لەبەر ئەو دەنگەی لە پەیوەندییەکەی پێشویدا کە چەند کاتژمێرێك بەرلەو ساتە ئەنجامیدابوو، ژمارەکەی پێنەدان. رۆزا هەوڵێدا لەسەری بکاتەوە، بەڵام پیاوەکان نەیانهێشت. لەو کاتەدا کە پۆلیسەکان پاڵیاندەنا بۆ دەرەوەی ماڵ، چمچا توانی دەستێکی بدات لە ناوچاوانییەوە، ئەوکات هەستیکرد رووبەڕووی ناخۆشترین خەونی ژیانی دەبێتەوە، هەستیکرد دوو شاخ لەسەری رواوە، کتومت لە شاخی بزن دەچن.

بەر لەوەی پۆلیسەکان چمچا بەرنە دەرەوەو بیخەنە ناو ئەو فارگۆنە رەشەی کە ناویاننابوو (ماریای رەش)، فریشتە جوبریل هاتبووە هەیوانەکەوەو بە لاچاو تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد، خۆی پێنەگیراو وتی: "ئەم پیاوانە چییان دەوێت". کاتێکیش هەندێکیان تەماشایانکرد بینیان تیشکێکی ئاڵتونی چواردەوری سەریداوە، چمچا هاواری لێکردو وتی: "فریامکەون، فریامکەوە جوبریل". بەڵام چاوانی جوبریل کەوتبوونەسەر چاوانی رۆزا دیامۆندا، هەستیدەکرد چیتر ناتوانێت نیگاکانی لێدوربخاتەوە، هێندەی نەبرد سەری بزواندو بەشوێن پێی خۆیدا بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتو گەڕایەوە بۆ نهۆمی سەرەوە، پیاوەکانیش هیچ هەوڵێکیان نەدا دەستگیریکەن. کاتێکیش چمچا گەیشتە لای (ماریای رەش) بینی فریشتە جوبریلی ناپاك لە بالکۆنی ژووری نوستنی رۆزاوە تەماشای دەکات، لەو ساتەدا تیشکەکە بە دەوری سەریەوە نەمابوو.

ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا کاتێك رۆزا هێشتا گەنج بوو، گەشتیکرد بۆ ئەرجەنتینو لەوێ دۆن (ئینریك دیامۆندا)ـی ناسی، ئەوەبوو حەزیان لە یەکتر کردو

دواجار بوون به هاوسەری یەکتر. جادوویەك لە چاوانی رۆزادابوو هیچ پیاوێك نەیدەتوانی لە بەرامبەریدا خۆڕاگربێت، هەر ئەمەش بوو پاڵی بە پیاوانەوە دەنا شەیدای بن‌و خۆیان بدەن بەدەستەوە، ئێستاش پاش ئەوەی کە چمچا دەستگیرکرا، فریشتە جوبریل کەوتە بیرکردنەوە لەو رووداوانەی روویاندا، سەرسامبوو لە هەمبەر هەڵسوکەوتی خۆی بەرامبەر بە هاوڕێکەی، لەو شەوەی چاوی کەوتەسەر چاوی رۆزا، هەتا ئەو کاتەش بەرگری لە خەو دەکردو هەوڵی ئەدا نەخەوێت تاوەکو نەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەونە سامناکانەی دزە دەکەنە ناو مێشکییەوە. وەڵێ هەر لەو ساتەدا هەستیدەکرد خەوە ناخۆشەکانی دزەیانکردوەو ناچاریدەکەن لە بەخەبەربوونیدا بەردەوامییان پێبدات، لەگەڵ رۆزا دیامۆندا لەوماڵەدا مایەوەو بەوپەڕی تیامانەوە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ یارمەتیدانی چمچا، ئینجا نەیدەزانی بۆچی چمچا لە کاتی دەستگیرکردنیدا بەو جۆرە دیمەن‌و روخساری شێوابوو. زۆربەی کاتی لەگەڵ رۆزادا بەسەردەبرد، ئەویش بۆخۆی باسی یادەوەریەکانی خۆیی بۆ دەکرد، چەند جارێکیش لەگەڵیدا چوو بۆ بازاڕی گوندەکە، ئەگەرچی خەڵکی بە دزێوی‌و ناحەزییەوە سەیریاندەکرد، بەڵام رۆزا گوێی پێنەئەدان. هەندێجار گۆرانییەکی کۆنی بە زمانی ئیسپانی دەوت. پاشان دەچووەسەر باسی ئەو ئینگلیزانەی کە نیشتەجێی ئەرجەنتین بوون‌و چ دەستکەوتێکیان بۆ ئەو وڵاتە بەدەست هێناوە، ئەوجا باسی ئەو شۆڕشانەی دەکرد کە لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە لە دژی ئەوان بەرپا کراوە.

لە هەشتاو نۆهەمین جەژنی لەدایکبوونی رۆزایشدا جوبریل لەگەڵ رۆزادا چوو بۆ بازاڕی گوندەکە تاوەکو بەو بۆنەوە کێکێك‌و جامێك شامپانیا بکڕن، لە بازاڕداو لەکاتێکدا کە رۆزا چەنەبازی لەگەڵ نانەواچییەکەدا دەکرد، جوبریل

تووشی فشارو پەستانێکی ئازاربەخش بوو، خەریکبوو هەناوی هەڵتلیشێنێ بەڕادەیەك ناچاربوو خۆی بە کۆڵەکەی گلۆپێکەوە رابگرێ، بەڵام هێندەی نەبرد خۆی پەلکێش کردو لەگەڵیدا گەڕایەوە بۆماڵەوە تاوەکو لەوێ ئاهەنگ بۆ یادی لەدایکبوونی رۆزا بگێڕن. رۆزا پۆشاکێکی زیوی درێژی لەبەرکردو تا بەرەبەیان سەمای کرد، لەو پیریو نەخۆشیەدا هێندە خۆی ماندوکرد تا تووشی سوکە تا بوو، لە هەمان کاتدا جوبریل ناخەوە هەستی بە پەستانێکی ئازاربەخش دەکرد، ئەمەش وایلێکرد گومان ببات کە تووشی زوخم تێزانی ریخۆڵەکوێرە بووە. بەڵام سەرباری هەموو ئەو ئازارانە توانی ئەو نهێنیەی بۆ ئاشکرا ببێت کە بۆچی لەو ماڵەدا لەگەڵ ئەو پیرەژنە ماوەتەوە.

ڕۆزا دیامۆندا، جوبریلی دیلی ویستی خۆیی کردبوو، هەر وەك چۆن فریشتە جوبریل ببووە دیلی ماهاوەند، ئەو ماهاوەندەی ناچاریدەکرد بەپێی پێویستیو ئارەزووەکانی ئەو قسە بکات!

فریشتە جوبریل بۆیدەرکەوت کە رۆزا دیامۆندا لە سەرەمەرگدایە، چونکە لەرزوتاکە تەشەنەی سەندو وایلێهات وڕێنەی لەبارەی یادەوەریەکانیوە دەکرد، لەبارەی ئەو ژیانەی کە لەتەمەنی سی ساڵیدا لە ئەرجەنتین بەسەریبردوە. هەرچەندە کە جوبریل لە دەوربەری ناوکیدا هەستی بە ئازارو سوتانێکی زۆردەکرد، بەڵام لەسەر کورسییەکی نەرمی نزیك چرپای ژنە گیانەڵاکە پاڵیدایەوە، هێندەی نەبرد چاوەکانی قورسبوون، جەستەی هێندە قورسبوو نەیدەتوانی بجوڵێت، لە دڵی خۆیدا وتی: من خەریکە شێت دەبم، ئەم ژنە لە سەرەمەرگدایەو منیش لە شێتبووندام.

هەوڵیدا لەسەر کورسییەکە هەڵسێتەوە، بەڵام نەیتوانی، وەك ئەوەی بەردێکی قورس خرابێتەسەر سنگی، هەندێ سات تووشی دۆخێك دەبوو، کە وەك زڕەخەو وابوو.

* * *

ئەو شەوە لە ئۆتۆمبێلی (ماریا ڕەش)ـدا شەوێکی زۆر سارد بەڕێچوو، هێندەی نەبرد (ستاین) ئەفسەری فەرمانگەی پەنابەران کەوتەوە قسەو وتی: "ئێمە لەم وڵاتەدا واڕاهاتووین هەرچییەکمان پیس کرد خۆمان پاکیدەکەینەوە" هەستایەسەر پێ‌و شانی چمچای گرت‌و بەڕووی خوارەوە چەماندییەوە. (نۆڤاك)ـیش لەو لاوە قسەی هێنا بەناوداو وتی: "دەی پیسیەکەت خاوێنکەرەوە". (برۆنۆ)ـیش بەشبەحاڵی خۆی دەستە زەبەلاحەکەی خستەسەر ملی چمچاو پاڵی پێوەناو فەرمانی بەسەریدا کردو وتی: "هەر ئێستا دەست بکە بە پاککردنەوەی عەردەکەو لە کەمترین کاتدا تەواوی بکە".

سەڵاحەدین چمچا تەنانەت لەو کاتەدا کە بە ناچاری دڕندەترین‌و توندترین نەریتی سوکایەتیپێکردنی جێبەجێ دەکرد، بە لاچاو سەیری روخساری ئەو ئەفسەرانەی دەکرد کە دەستگیریان کردوە دەیچەوسێننەوە، لەکاتێکدا ئەوان قسەو باسی بێ‌سەروبەریان دەکرد لەبارەی تەلەفزیۆن و لەبارەی ئەرکیان لە چاودێری کردنی جەماوەر لە کاتی یاری تۆپی پێ‌و ئەو بۆنانەی کە خەڵکانێکی زۆر بە هۆیەوە کۆدەبنەوە. لەمیانەی ئەو قسانەدا چمچا وەك بەراز کەوتە نەڕە نەڕ چونکە پۆلیسەکان بە دەستیان هەرتاوێ‌و بەشێك لە لاشەیان دەپشکنی. سەرەڕای

گاڵتەجاڕییان زۆر بە وردی هەوڵیاندەدا لەو شوێنە نەرمانە بدەن کە گۆشتی زۆرە بۆئەوەی ئێسکی نەشکێنن.

لە پاش تێپەڕبونی کاتێکی دیاریکراو کە چمچا نەیتوانی بیخەملێنێتو بزانێت چەندە، لەناو ئۆتۆمبێلی ماریای رەشدا کە بەهۆیەوە چمچا لە لوتکەی شکۆمەندیەوە کەوتە نێو چاڵی سەرشۆڕی. پاش تێپەڕبونی ئەو ماوە هەستی بە جۆرێك لە سڕبوونو لاوازی دەکرد، ئەو دەم ئەفسەرو پۆلیسەکان باسیان لە پێویستی زیادکردنی ژمارەی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر دەکرد تاوەکو بە خێراییەکی زیاتر زانیاری وەربگرن، چمچا بیرۆکەیەکی بە خەیاڵدا هات کە پێی وابوو زۆر گونجاوە بۆیە هاواری لێکردنو وتی: "بڕۆن لە کۆمپیوتەردا بە شوێن ناوی مندا بگەڕێن تا بزانن من کێم". بە چاو داخراوی درێژەی بە قسەکانی داو وتی: "ناوی راستەقینەی من سەلاحەدین چمچا والی یە، من ئەندامم لە دەستەی ئەکتەران، هەروەها ئەندامم لە یەکێتیی ئۆتۆمبێلەکان، ژمارەی ئەندامێتیشم لە گارێك ئەوەندەو ئەوەندەیە، تکاتان لێدەکەم سەیری کۆمپیوتەر بکەن". یەکێ لە پۆلیسەکان وەڵامی دایەوە: "دەتەوێ دەستخەڕۆمان بکەیت، تەماشای خۆت بکە هەر لە بزنێکی ناکەس بەچە دەچیت" هەموان کەوتنە گاڵتەکردن بەو قسانەی کە کردی، بەڵام ئەفسەر ستاین قسەی هێنا بە ناوداو وتی: "باشتر وایە لەو قسانەی دڵنیابینەوە".

ئۆتۆمبێلەکە وەستاو هەموان گردبوونەوەو کۆبونەوەیەکی خێرایان بەست تاوەکو لەسەر سزایەکی شیاو رێککەون، چمچا دەرکیکرد ئەوان کاتێك چوونەتە سەنتەری کۆمپیوتەری سەر بە بنکەی پۆلیس، بۆیاندەرکەوتووە کە چمچا بەڕاست هاوڵاتییەکی فول بەریتانییە، بەڵام ئەمە نەبۆتەهۆی ئەوەی هەڵوێستیان لەگەڵی

بگۆڕێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەستیدەکرد زیاتر لە جاران توندوتیژی بەرامبەر دەکەن، چونکە گوێی لە یەکێکیان بوو دەیوت: "دەتوانین بڵێین لە کەنار بە بێهۆشی دۆزیومانەتەوە". یەکێ تریان وتی: "ئەوە ناکرێ، چونکە پیرەژنەکەو ئەو پیاوە سەیروسەمەرەکە چاویان لێمانبوو کە هێنامان، دەبێ وردتر بیربکەینەوە، با بڵێین لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا گیانی لەدەستداو شتەکە لەدەستمان دەرچوو، با بەرگری لە خۆمان بکەین". کەسێکی تریان هاتەگۆو وتی: "لەسەرخۆ کوڕینە، ئێمە ئێستا جێیدێڵێن دواتر چیرۆکێکی بۆ هەڵدەبەستین، بەڵام بەر لە هەموو شتێك با بیر لەوە بکەینەوە چۆن وایلێکەین بێهۆش بکەوێت".

چمچا لەسەر نوێنی یەکێ لە نەخۆشخانەکان هۆشی هاتەوە، سییەکانی جۆرێك شلەمەنی لینجی سەوزییان دەردەهاویو تووشی کۆکەیەکی درێژخایەن بووبوو، بەسەریدا خەوت. کاتێ دووبارە بەخەبەر هاتەوە بەسەر سەریەوە روخساری ژنێکی بینی بەوپەری متمانەوە بزەی دەکردو دەستی خستە سەر شانیو وتی: باش دەبیت، هیچ نییە تەنها تووشی زوخم تێزانێکی ئاسان بوویت لە سییەکانتا. پاشان خۆی پێناساندو وتی: "من (هێیا سمێس فیلێپس)ـم پسپۆری تیماری فیزیکی، ئەوجا چمچای خستەسەر لاو قاپێکی خستە بەردەمیو بازیدایەسەر چرپاکەو وەك چۆن کەسێ سواری پشتی ئەسپ دەبێ سوار کۆڵی چمچا بوو، ئینجا بۆی روونکردەوەو وتی: "ئەمە فەرمانی پزیشکە، رۆژانە دووجار ئەم جۆرە دانیشتنەت لەگەڵدا دەکرێت و هەر دانیشتنێك سی خولەك دەخایەنێت". پاشان بە مشتی کە ئەزموونی پێوە دیاربوو کەوتە کوتانی سەر سنگیو سکی. چمچا بەرگری دەکردو هاواریدەکرد: "دەرمکەن لێرە، بە ژنەکەمتان وت چیم بەسەرهاتووە؟" بەڵام دواجار ملکەچ بوو، کاتێکیش تەواو بوو، چمچا پێیڕاگەیاند کە هەست بە باشبونێکی زۆر

دەکات، ئەویش وەڵامی دایەوە: "لە ماوەیەکی کەمدا تەندروستیت باش دەبێو لەسەر جێگە هەڵدەسیت". ئەوجا بە تیامانەوە داوای لێبوردنی لە چمچا کردو شوێنەکەی بەجێهێشت، پاش ئەوەی کە پەردەکانی دەوروبەری چرپاکەی دادایەوەو گێڕایەوە بۆ دۆخی پێشوی خۆی. چمچا چاوێکی خێرای بە جەستەی خۆیدا خشاندو دەرکیکرد کە ئەو گۆڕانکاریە فەسلەجیەی بەسەریدا هاتبوو چاك نەبۆتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ورەی دابەزێت، هێندەی پێنەچووگوێی لە دەنگێك بوو لە نزیك خۆیەوە دەهات، ئەو دەنگە بە ئێشو ژانەوە هاواریدەکرد: "ئاخ، هیچ مرۆڤێك هەرگیز وەك منی لێ بەسەر نەهاتووە". نەختێك دوای ئەوە گوێی لە دەنگگەلێکی تربوو هاوشێوەی ئەو گلەییو سکاڵایان دەکرد، قسەی هەر یەکێکیان لەشێوەی دەنگی ئاژەڵێك دەهاتەبەر گوێی، دەنگی گاو دەنگی مەیمونو دەنگی توتی، بە هەستی بۆنکردندا بۆیدەرکەوت کە هەریەك لەو هاوارانە بە بۆگەنێك دەستپێدەکات کە هێندە بە هێزە دەستبەجێ تووشی هەڵامەتت دەکات.

هەولێدا هەڵسێتەسەر پێ، بەڵام کەوت چونکە هێشتا بە قاچە تازەکانی ڕانەهاتبوو. دواجار پاش کۆششێکی زۆر توانی چەند هەنگاوێك بنێت تا بگاتە نزیکترین پەردە، کاتێ کە لایدا سەرسام بوو بە بینینی ئەفسەر ستاین، زەردەخەنەیەکی فێڵبازانەی هەڵواسیوە بە روخساریەوەو دەڵێت: "تۆ باشیت وانییە؟" ئەوجا چمچا بە لێزمە پرسیاری بەسەردا باراندو وتی: "کەی دەتوانم پزیشك ببینم؟ کەی دەتوانم بچم بۆ دەستشۆر؟ کەی دەتوانم ئەم شوێنە جێبێڵم؟" ستاین بە خۆڕاگرییەوە وەڵامی دایەوە: "پزیشکەکە بەمزوانە دێت، فیلێپسی پەرستاریش خزمەتت دەکات، هەر بەمزوانەش کە چاك بویتەوە ئێرە جێدێڵیت. ئەوەی روویدا ئەوەبوو تۆ لە هۆش خۆت چووی، خۆشبەختانە ئەو نۆ کەسەیش کە

من یەکێکیانم ئەوەمان باش بیردێت، ئەو پیرەژنەش، واتە دامۆندا خانم، بە مردوویی لەسەر چرپاکە دۆزییانەوە. ئەو پیاوە ساویلکەی تریش ونبوەو کەس نازانێ بۆ کوێ چووە! ئەگەری ئەوە هەیە گەمەیەکی ناپاك لە ئارادا بێ، هاولاّتی بەرێز سەلاّحەدین: لەبەر بەرژەوەندی خۆت ئامۆژگاریت دەکەم خۆت ماندو نەکەیت بە پێشکەشکردنی هیچ سکالاّیەك، چونکە لەراستیدا تۆ بەم جوتە شاخەو بەم دوو سمە زەبەلاحەوە بەوە ناشێیت گوێت بۆ بگیرێت یان پشتت پێ ببەسترێت، ئێستاش رۆژ باش". ستاین ئەم قسەی کردو بۆ هەتا هەتایە لە ژیانی نوێی سەلاّحەدین هاتەدەر. لەو شەوەدا سەلاّحەدین بە چپەی کەسانێکدا خەبەری بووەوە دەیانوت: تۆ هەی ئیبلیس هەستە لە خەو. بوونەوەرێك لە بەردەمیدا راوەستا بوو، بە جەستە مرۆڤ بوو وەلێ سەری پڵنگێکی درندەی پێوەبوو، سێ ریز کەڵبە لە دەمیدا بوو، ئەم بونەوەرە بە ئاشکرا دۆخەکەی بۆ چمچا روونکردەوەو وتی: "تۆ وەك دەبینی هەر خۆت نیت، پاسەوانە شەوانەییەکان خەوتون، بەو جۆرە توانیمان بگەینە لات". لەو ساتەدا دەنگی ئەو پیاوە بە ئازارە بە پرمەی گریانەوە نالە نالی هات‌و وتی: "ئاخ، ئەگەر کەس دەبوو بەم چەشنەی من بنالێنێ". ئەوجا پیاوە پڵنگەکە یان (مانتیفۆر) وەك خۆی حەزی دەکرد ناوبنرێ، نەرەی هات‌و بە بێزەوە بەردەوامی بە قسەکانی داو وتی: "تۆ بروانن بۆ ئەم گرینۆکە، تەنها کوێریان کردوە کەچی بروانە چۆن دەگری!" چمچا هاواری کردو وتی: "کێ کردی، چی؟" سەلاّحەدین تووشی شۆك بوو، چونکە بوونەوەرەکەی تر ئاماژەی بەوەدا کە ئەم گۆڕانکاریە فەسلەجی‌و بەدگۆرانە بوونەوەرێك لێی بەرپرسە، وتی: "من کەسێك نابینم بتوانم لەمبارەوە لۆمەی بکەم". مانتیفۆر بە نائومێدییەوە کەڵبەکانی لێکجەراندو وتی: "لە بەشی ئەوبەرەوە ژنێك هەیە بووە بە شتێك لە گای ناو ئاو دەچێت، بزنسمانێکی

نەیجیریشی لـێیە کللكو جزوی درێژی لـێدەرهاتووە، کۆمەڵێك گەشتیاری سەنیگالیش هەن، چاوەڕێی ئەوەبوون لـە فڕۆکەیەکەوە بیانگوێزنەوە بۆ فڕۆکەیەکی تر، کەچی بوون بە ماری خاڵ خاڵ. منیش بۆ خۆم نمایشی جلوبەرگم دەکرد، لـە پلە یەکەکان بوومو بە کرێیەکی زۆر کارم دەکرد، دە ئێستا سەیرمکە بزانە کێ رازی دەبێ بەوەی کاری بۆ بکەم؟" هێندەی نەبرد مانتیفۆر دایە پرمەی گریانو بە لێشاو فرمێسکی رژان، چمچا لـەخۆڕا وەڵامی دایەوەو وتی: "گوێ مەدە هەموو شتێك باش دەبێ، من دڵنیام هەموو شتێك دەگەڕێتەوە جێی خۆیو وەك جارانی لێدێتەوە، ورەت بەرز بێ". ئەو بونەوەرە خۆیی کێشایەوەو بە توندی وتی: "پێویستە هەڵبێین لـەم شوێنە بەرلـەوەی لـەمە خراپترمان لێبێت، چونکە من هەستدەکەم هەموو شەوێك گۆڕانێکی ترم بەسەردا دێت، بۆنمونە لـەم ماوەی دواییدا تێبینیم کردوە بەردەوام تڕ لێدەدەم، ئینجا دەبێ بمبەخشن لـە بەکارهێنانی ئەو وشە، وەلێ هیوادارم لـە مەبەستم تێبگەیت".

چمچا هەولێدا ئەگەر کەمیش بێت بەشێك لـەو راستیە تێبگات، بۆیە کەوتە پرسیارو وتی: "بەڵام چۆن چۆنی ئەم کارە دەکەن؟" مانتیفۆر بە چەسپاوییو هەر بە چپە وەڵامی دایەوە: "ئەوان جۆرەکان ناو دەنێن، تەنها ئەوەندەو هیچی تر".

ئەم کارە توانای وەسفکردنێکی وردی دەوێت. چمچا کەوتە مشتومڕ لـەگەڵیو وتی: "گرانە باوەڕ بەمە بکرێ، من ساڵانێکی زۆر لێرە ژیاوم بەرلـەوەی ئەمەم بەسەردا بێت". وشەکانی لـە گەرویدا وشکبوون کاتێ کە بینی مانتیفۆر بە جۆرە نیگایەك تەماشای دەکات سەرڕێژە لـە بێمتمانەیی، مانتیفۆر پرسی: "ساڵانێکی زۆر؟ چۆن چۆنی؟ کێ نالێ هەواڵگر نیت، بەڵێ پێدەچێ سیخوڕ بیت؟". لـەو ساتەدا لـە یەکێ لـە گۆشەکانی قاوشەکەوە پرمەو هاواری ژنێك بەرزبووەوە،

واوەیلای دەکردو دەیقیژاند: "لێمگەڕێن، دەمەوێ بچمە دەرەوە، دەبێ بڕۆم بۆلای خودا، ئەی عیسا، ئەی خوایە". دوای ساتێك لەنێو پەردەکانەوە سەرە گورگێك دەرپەڕی، لە روخساریدا دیاربوو کە پەلەپەل لە مانتیفۆر دەکات، ئەویش بەشبەحالێ خۆی بە چپەوە وتی: "پاش کەمێکی تر پاسەوانەکان دێن، دیسانەوە بیرتای شوشەیی ئەم کارەی کردوە". دەستبەجێ سەلاحەدین پرسیاری کردو وتی: "شوشەیی؟!" مانتیفۆر کە ئارامی لێبڕابوو وەلامی دایەوەو وتی: "پێستی بووە بە شوشە، ئەو بەدڕەفتارانە شوشەکەی پێستیان شکاند بە چەشنێك ئێستا ئەو ناتوانێ تەنانەت بچێتە ئاودەستیش". مانتیفۆر ئەمەی بۆ چمچا روونکردەوە بێئەوەی بزانێت ئەم قسانەی ئەو راڤەیە بۆ ناخۆشترین خەون کە چمچا لە ژیانیدا بینیبێتی، گورگەکە مانتیفۆری راکێشاو وتی: "ئێستا ئەو لەگەڵماندایە یان نا؟" مانتیفۆر بێباکانە سەری لەقاندو وتی: "ئەو ناتوانێ بڕیاری کۆتایی لەمبارەوە بدات، ئینجا گرفتەکە لەوەدایە ئەو باوەڕ بەو شتانە ناکات کە دەیبینێت". هەر ئەوەندەی گوێیان لە دەنگی پێی پاسەوانەکان بوو، کە بە پێلاوە قورسەکانیانەوە دەهاتن، پشتیان هەڵکردو هەڵهاتن.

رۆژی دواتر پزیشك نەهات، تەنانەت پامێلای هاوسەریشی نەهات، چمچا بەوپەڕی دوودڵییەوەوە دەخەوتو هەڵدەسایەوە. (هێیا سمێس) لە چەند کاتێکی دیاریکراودا دەهاتو مشتەکۆڵەی خۆیی دەوەشاند، جارێکیان چپانی بە گوێیداو وتی: "تۆ لەگەڵ ئەوانی تردایی؟" چمچا تێگەیی کە ئەمیش بەشدارە لەو پیلانە گەورەیە بۆیە وەلامی دایەوەو وتی: "ئەگەر تۆ لەگەڵ ئەوان بیت ئەوا دەتوانی منیش لە ریزی خۆتان بزانیت".

هەتا ئەو کاتەش پامێلای ژنی دەرنەکەوت، هەر ئەو شەوە چمچا بە مانتیفۆرو گورگەکەی راگەیاند ئەویش لەگەڵیاندایە، هەتا کۆتایی. چەند شەوێك

دوای ئەوە، پاش ئەوەی (هێیا سمێس) سییەکانی چمچای لەو شلەمەنیە لینجە خاڵی کردەوە، پرۆسەی هەڵهاتنی گەورە جێبەجێکرا. دەرکەوت کە ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی باشو بەرفراوان رێکخراوە. لەو شەوە گەشاوەدا زۆرێك پەیکەر کەوتنەڕێ. چمچا بوونەوەرگەلێکی بینی کە پێشتر بە خەیاڵیدا نەدەهات بوونیان هەبێت: ژنو پیاوی تیابوو لەشێوەی توخمە رووەکییەکان، هەندێکیان مارو مێروی زەبەلاح بوون، هەندێکی تریان بەشێکی جەستەیان بەردو خشت بوو. دواجار چوونە دەرەوەو بێ هیچ هیوایەك کەوتنەڕێ، بەڵام هەستیان بە شەرمەزاریش نەدەکرد. چمچا و (هێیا سمێس) بە تەنیشت یەکەوە رایاندەکرد، سمی چمچا دەخشا لە عەردی شۆستە رەقەکە. بە (هێیا سمێس)ـی وت: "دەی با بەرەو رۆژهەڵات بڕۆین". ئەوجا روویانکردە رۆژهەڵاتو کورتترین رێگایان بەرەو لەندەن گرتەبەر.

(جێمی جوشی) ئەو شەوەی هەواڵی مردنی چمچای لە پامێلای ژنی چمچاوە بیست، کە گوایە لە ئەنجامی رووداوی فڕۆکەی بوستاندا مردوە، لەو شەوە بەدواوە دەبێتە دڵداری پامێلا. بۆیە جێمی کە هاوڕێی کۆنی سەلاحەدینەو لە زانکۆ پێکەوە بوون، کاتێ لەو نیوە شەوەدا بە تەلەفون گوێی لە دەنگی سەلاحەدین دەبێت کە وەك ئەوەی لە گۆڕدا هاتبێتەدەرو دەڵێ: "ببورە، داوای لێبوردن دەکەم، بێگومان ژمارەکە هەڵەیە". ئەم تەلەفونەی چمچا دوای ئەوە هات دوو کاتژمێر بەر لەوە جێمیو پامێلا لەدوای نۆشینی دووجام ویسکی سێکسیان ئەنجامدابوو. پامێلا کە ماسکێکی رەشی لە چاوان کردبوو، پاش ئەوەی لەسەر چرپاکە بە نیمچە خەوتویی کەمێك تەپاوتلیدا وتی: "ئەوە کێ بوو؟" جێمییش وەڵامی دایەوەو وتی: "کەسێکی خۆهەڵقورتێن بوو، نیگەران مەبە!"

جێمی پیاوێکی قەبارە بچوك بوو، بە تورەییەوە زەردەخەنەی دەکرد، لەو ساتەدا بە رووتی لە تەنیشت پامێلادا لەسەر چرپاکە راکشایەوە، ئەوجا وەك ئەو کاتانەی تووشی دڵەراوکێ دەبێت کەوتە مژینی پەنجە گەورەی. قسەی لەگەڵ خۆیدا کردو وتی: "خودا بمبەخشێت، سەرباری هەموو شتێك خۆ ئەمە ژنی ئەوە". لە ناخی خۆیدا هەستی بە رقێکی گەورە کرد بەرامبەر بە چمچا، بەتەواوی ئەو بیرۆکەی رەتدەکردەوە، کە گوایە چمچا لە مەرگ گەڕابێتەوە، ئەو کاتەی پامێلا هەواڵی مردنی مێردەکەی بە جێمی جوشی رادەگەیەنێت، جێمی بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە ماڵیانو سەرسام بە دەبێت کاتێ دەبینێت پامێلا بە هێمنیو بە بێ گریان دانیشتووە، پامێلا لەگەڵ خۆی دەیباتە ژووری خوێندنەوەی مێردەکەی، کە ژوورێکی شێواو و بێسەروبەرە، ئەوجا لەوێ پێی دەڵێت: "پێموابوو مردنی ئەو بۆشاییەك لە ژیانمدا بەجێدێڵێت". جێمی لەو ساتەدا هەستیدەکرد گریانی دێت، پامێلا دەیوت چەند کاتژمێرێکە بە بێوچان ویسکی دەنۆشم، جێمیـیش لەسەر قەنەفەکە لە تەنیشتییەوە دانیشتو بڕیاریدا یەکەم هەنگاو بنێت، بۆیە بە پامێلای وت: "چیتدەوێ من ئامادەم". پاش ئەوەی سێکسی لەگەڵدا ئەنجامدا، هەستیدەکرد خەریکە فرمێسك بە چاوانیدا دێتەخوار، بۆیە بڕیاریدا چرپاکە جێبهێڵێتو بەناو ماڵەکەدا پیاسە بکات، ئەوجا رۆشتە نهۆمی سەرەوە، ئەوەی کە سەلاحەدین هەمیشە سوربوو لەسەر ئەوەی پێیبووترێ لانە[1]، لەسەر لێواری کورسی هاورێکەی دانیشت، لە هەمان ئەو گۆشەیەی جارێکیان کچێکی زەبوون، کە پۆشاکێکی کورتی سوری لەبەردابوو، لە بەرامبەریدا دانیشتبوو. ئەو دەمە هێندە بەجەرگ نەبوو بتوانێ سڵاو ئاراستەی ئەو کچە بکات.

---

[1] لانە: واتە هێلانەی شێرو گورگ. وەرگێڕی کوردی

بەڵام لە کۆتاییدا ئاوڕی بەڕوودا دایەوەو چەند وشەیەکی بێمانای لەژێر لێوەوە درکاند، کچەکەش بە نیگایەکی توندو تاڵەوە پێی وت: "هیچ قسەیەك لەنێوان منو تۆدا نییە پیاوەکە". لەو ساتەدا هەست بە دارمان دەکاتو بێ بیرکردنەوە بە کچەکە دەڵێت: "ئایا دەکرێ بزانم بۆچی هەرچی کچی ئەم شارە هەیە بەزەبرو زەنگن؟" کچەکەش دەستبەجێو بێ بیرکردنەوە وەڵامی ئەداتەوەو دەڵێت: "چونکە زۆربەی گەنجەکانی ئەم شارە وەك تۆن". کاتێ ئەو یادەوەریە تاڵەی وەبیردا دەهاتەوە بیری لەوە کردەوە چیدی لە پاش ئەو رووداوە شەرم ناکات، بەڵام لە دڵی خۆیدا وتی: "دەبێ ئەو راستیە بزانیت جێمی کچان تۆیان خۆشناوێت". لەدڵی خۆیدا درێژەی بە قسەکانی داو وتی: "ڕەنگە ئەو کاتە مردو بووبم، رەنگە وەهاش نەبێت!".

ئەو ژوورەی تێیدا دانیشتبوو پڕبوو لە وێنەی فۆتۆگرافی کە لەسەر هەر هەموویان واژووی خاوەنەکەی لەسەر بوو، جگەلەوەش چەندان پۆستەرو وێنەی یادگاریو وێنەی ئەستێرەکانی سینەمای تێدابوو، چاوت بەر هەر شوێنێك بکەوتایە شتێکی دانسقەت دەبینی، ژێرجگەرە لەشێوەی پیانۆ، تیزەجارێکی چاویلکەدار بەسەر رەفی کتێبەکانەوە، گرتەی فیلمە سینەماییەکان، لەمپایەکی دەستیی بەسەر پەیکەرێکی برۆنزی پروسییەوە، ئاوێنەیەك لەشێوەی دڵ، بەرماڵێکی سور لە شێوەی خوێن، هەموو ئەو شتانەی کە لەو ژوورەدا بوون ئاماژەیان بە یەك شت ئەدا، ئاماژەیان بەوە ئەدا سەلاحەدین پێویستی بە سێکس هەیە، هەرچەندە ئەو لەگەڵ ژناندا سەرکەوتو بوو، تەنانەت پامێلا بەو هەموو جوانیو شۆخو شەنگیەوە نەیدەتوانی ئەو برسییەتییە درێژخایەنەی تێر بکات، ئاشکرابوو کە دواتر وایلێهات بەپێی پێویستییەکانی پامێلاش نەبوو! کاتێ خەریکبوو دووەم قاپی ویسکی تەواو

دەبوو، پامێلا سەری خستەسەر شانی جێمیو وتی: "تۆ نازانیت لەگەڵ کەسێکی وەك تۆدا هەست بە چ خۆشییەك دەکەمو ناچار نیم لە پاش هەر خستنەڕووی بۆچوونێك شەڕ بکەم، ئەو کەسێك بوو کەس نەیدەتوانی لێی تێبگات، چونکە هەرکات گوزارشتم لە رای خۆم دەکرد دەبوایە بمکردایە بە شەڕ". جێمی پێی وت: "سەلاحەدین بەڕاستی سەلاحەدین بوو، وەك ناوی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد، چونکە ئەو لەڕاستیدا خاوەنی زەوییەکی پیرۆز بوو هەوڵی ئەدا پێی بگات، ئەو زەوییەش بۆ ئەو ئینگلتەرا بوو، بە تێڕوانینی ئەو تۆش بەشێك بوویت لەو زەوییە". پامێلاش وتی: "نەك هەر ئەوەش بەڵکو پێی وابوو من هەموو بەریتانیای نەفرەتیم". ئەوجا دەستیبردو رایکێشا بەلای خۆیدا، چونکە دەمی لە چاوەڕوانیدا بوو، پاشان وتی: "تێدەگەی چی دەڵێم؟" بەڵێ، تێگەیی! چونکە کەوتە گەمەکردن بە پرچی، ئینجا پامێلا بەسەر تەجیلە زەبەلاحەکەدا چەمایەوەو پەنجەی نا بە یەکێ لە دوگمەکاندا، کاسێتەکە کەوتە ئیش، جێمی بە جۆشو سۆزەوە دەستیکرد بە گریان بە دیار ریتمی ئەو مۆسیقایەی گوزارشتی لە ئازار دەکرد، ریتمە سرودی سەدو سیو حەوت بوو لە سرودی سەفەر (سرودی کەشکەڵان) کە یەکێکە لە سرودەکانی تەورات، تیایدا دەڵێت: "ئەی ئۆرشەلیم ئەگەر تۆم لەبیرکرد ئەوا تۆش سوێندەکەی من لەبیرکە، ئەگەر تۆم لەبیرچوو ئەوا با زبانم بلکێ بە مەڵاشومەوە، ئەگەر ئۆرشەلیمم بەسەر مەزنترین خۆشی خۆمدا سەرنەخست". پامێلا پاش ئەوەی دوایین رستەی سرودەکەی بەدوای ئەودا دەهۆنییەوە، هێندەی نەبرد خەوی لێکەوت، جێمی خەوی لێنەکەوت، بۆیە هاتو بە توندی کەوتە راوەشاندنی پامێلا تاکو خەبەری بکاتەوە، ئینجا پێی وت: "شت شاردنەوە کەڵکی نییە، شتێك هەیە دەبێ پێتی بڵێم، ئەو نەمردوە، سەلاحەدین زیندوە".

پامێلا راپەڕی، لەپڕ هەستایەوە بۆ جێمیو کەوتە کوتانی سینگو باڵو سەرشانی، جێمیـیش بەتەواوی خۆی شلکردبوو، هێندەی لێدا تا وزەی تیا نەماو هەموو جەستەی ئارەقی کرد، ئەوجا بە هەناسەبڕکێوە لە تەنیشتیدا دانیشت. پاش کەمێك جێمی بە هێمنی لێی پرسی: "من چیمکردوە تا وەهام لێبکەیت؟" پامێلاش وەڵامی دایەوە: "ئای خوایە، داوای لێبوردن دەکەم". جێمی وتی: "ئەم هەڵسوکەوتەی تۆ وەك ئەوەی من وابوو کە لە هاوینی ساڵی 1967 لە خۆپیشاندانێکدا کردم کە لە دژی جەنگ رێکخرابوو، بڕیاربوو هارولد ویلسن بێت بۆ ئەو شارۆچکەو پاڵپشتی لە حکومەتی کرێکاران وەربگرێت بۆ تێوەگلانی ئەمریکا لە ڤێتنام، هەڵمەتێکی جەماوەریی بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی رێکخرابوو، چمچایش کەوتەڕێ بۆ ئەوێ، ئەوکاتە ئەو لە تەمەنی بیستو یەك ساڵیدا بوو، باران بە خوڕ دەباری، ئەوەبوو ئێمەش لەگەڵ رەوتە جەماوەرییەکەدا کەوتینەڕێ تا گەیشتینە ئەنجومەنی شار. کاتێ ئۆتۆمبێلەکەی ویلسن گەیشتە ئەوێ جۆرێك لە خرۆشانو هەڵچوون دروستبوو. من لە چمچا جیابوومەوە تاوەکو بەسەر ئۆتۆمبێلە لیمۆزینەکەدا سەرکەوم، لە هەموو لایەکەوە خەڵك بازی دەدا منیش هوتافم دەکێشاو دەموت: تێدەکۆشین، سەردەکەوین، بژی هۆشی، بژی هۆشی، لەو لاوە سەلاحەدین هاواری لێدەکردمو داوای لێدەکردم وازبهێنم، چونکە ئاسایشەکان دزەیان کردبووە ناو خەڵکەوەو چمچایش بەو بۆنەوە تووشی برینێکی سەخت بووبوو. ویلسن لە کوشنی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەدا خۆی گرمۆڵە کردبوو، منیش هوتافم دەکێشا، سەرئەنجام لە کاتێکی شیاودا هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو خۆم خستەناو جەماوەرەوەو بێئەوەی بتوانن بمگرن خۆم دەربازکرد. سەلاحەدین لەدوای ئەو رووداوە لێم زویربوو بەدرێژایی چەندین هەفتە قسەی لەگەڵدا نەکردم.

لەدوای ئەو ماوەیە کاتێك قسەی لەگەڵدا کردمەوە وتی: دەبوایە ئاگات لە ئاسایشەکان بوایە، خەریکبوو بە فیشەك پارچە پارچەت بکەن، بەڵام نەیانکرد، نازانم بۆ!".

جێمی لەسەر لێواری قەنەفەکە لە تەنیشت پامێلاوە دانیشتبوو، پێی وت: "ئەوەی کە دەمەوێت گوزارشتی لێبکەم ئەوەیە من باش دەزانم مرۆڤ کاتێ توندوتیژیو لێدان بەکاردەهێنێت هەست بەچی دەکات، شتێکی بێزراوە، بەڵام هەندێجار پێویستە بۆ مرۆڤ". پامێلاش وەڵامی دایەوە: "ئای خوایە، من داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام ئەمە بەڕاستی لەو تێهەڵچوونەی منی کەمکردەوە".

لە ڕۆژی دواتردا کاتژمێرێکیان پێچوو تا توانیان پەیوەندی بە ئۆفیسی هێڵە ئاسمانیەکانەوە بکەن، چونکە بەهۆی ئەو کارەساتەوە پەیوەندی زۆریان بۆ دەهاتو فشارێکی زۆریان لەسەر بوو، ئەو ژنەی کە وەڵامی پەیوەندییە تەلەفونیەکەی پامێلای دایەوە وتی: "داوای لێبوردن دەکەم خانم بەڵام فڕۆکەکە بە بەرزی سی هەزار پێوە تێکشکاوە، هیچ کەسێکیش ڕزگاری نەبووە". پامێلاش بە توڕەییەوە کەوتە جمێندان بە جێمیو وتی: "هەی گێلی هیچوپوچ! تۆ وتت هێشتا زیندووە". جێمی دەمی کردەوەو هەوڵیدا وەڵامبداتەوە بەڵام چانسی ئەوەی پێنەدا هیچ بڵێتو بەسەریدا قیژاندیو وتی: "ونبە لە بەرچاوم بەرلەوەی شتێکی گێلانەم لەدەست بێتەوە، بڕواناکەم چۆن باوەڕم بەو تڕوهاتانەی تۆ هێنا، سەبارەت بەو دەنگەی گوایە لە تەلەفوندا گوێت لێبووە، دەبوایە بە باشی لە مەبەستت تێگەشتبام".

لەو ساتەی کە جێمی ئەوماڵەی بەجێهێشت پامێلا قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکردو دەیوت: "ئێمە دەمێکە یەکتر دەناسین، هەر یەکەمان دەبینە هۆی مەینەتیو چارەڕەشی بۆ یەکتر، کە ڕەنگە تا دوو دەیە بخایەنێت!".

لەو نێوانەدا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن مرۆڤ لە دەستنیشانکردنی دەنگەکاندا دەکەوێتە هەڵەوە، لە دڵی خۆیدا وتی: "لەم بابەتەدا بە تایبەت دەبوایە وریاتر بوومایە". ئەو بەرلەوەی شوبکات بە چمچا ناوی راستەقینەی (پامێلا لفلس) بوو، خاوەنی دەنگێك بوو بەدرێژایی ژیانی ناچاربوو باجی بدات، بە کورتی دەنگێك بوو نازو ئەرستوکراتیەتی بەریتانی تیا بەرجەستە بووبوو، لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی نەنگیو تایبەتمەندییەکانی ژینگەی بەریتانیی بوو. هەر ئەو دەنگە لە تەمەنی کیژۆڵەییدا بووبووە هۆی ئەوەی تووشی چەندان مەرگەسات ببێت، چونکە بە هۆیەوە بەردەوام دەوڵەمەندەکان شوێنی دەکەوتن، بزنسمانەکانو ئەوانەشی بە شوێن چێژدا دەگەڕان زۆریان بۆ هێنابوو، ئەو کەسانەشی کە ڕێپێوانی ئاشتییان رێکدەخستو دەیانویست جیهان بگۆڕن، پامێلا هاوسۆزی خۆی بۆ دەردەبڕین، بەڵام ئەوان بە گومانەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردو خۆیان لێ بەدوور دەگرت یان تەنانەت پشتگوێیان دەخست، چونکە چۆن دەبێ مرۆڤێك لە پێگەی فریشتەدا بێت لەکاتێکدا هەر ئەوەندەی دەمدەکاتەوە ناپاکی پێوە دیاردەکەوێت؟ پامێلا جێڕەی بە ددانی کردو خێرایی زیاتری دا بە ئۆتۆمبێلەکەی.

یەکێ لەو هۆکارە لۆژیکیانەی بووە هۆی شکستهێنانی هاوسەرگیریەکەی بەرلەوەی کە قەدەر سنورێکی بۆ دابنێو کۆتایی پێبهێنێت، ئەوە بوو ئەو لەوە دڵنیابووبوو کە چمچا بە هیچ جۆرێك خۆشی ناوێت، تەنها ئەوەیە دەنگیی بەلاوە خۆشە، ئەو دەنگەی بۆنی قارچکی یۆرکشایری لێدەهات، ئەو دەنگەی کە لە رەنگی دڵ دەچێتو مەیلەو سورە، ئەو دەنگەی لە هەناوی ئینگلتەراوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو ئینگلتەرای خەونی هەتاهەتایی ژیانیەتی، ئەو ئینگلتەرای کە زۆر بە جۆشەوە حەزیدەکرد جێنشینی بێت. ئەم هاوسەرگیریەی ئەوان لەسەر بناغەی

سودی هاوبەش پێی داکوتابوو، هەر یەکێکیان بەوپەڕی تاسەوە دەچوو بەدەم ئەو شتەی ئەویتر لێی رادەکرد!

زۆر کێشە لە ژیانی پامێلادا هەبوو، کە دەبوو چارەسەری بکات، ئێستاش بەوپەری خێراییەوە ئۆتۆمبێل لێدەخوریێتو دەیەوێت چارەیان بکات، بە راکردن لە کێشەکان دەیەوێت چارەیان بکات، رەنگە بەسەربردنی کات لە یەکێ لە ناوچە لادێییە بەرزنشینەکاندا ئاراستەی ژیانی بگۆڕێت. رەنگە کێشەکان بە خۆشبژێویو فیزکردن چارەسەر بن، رەنگە بەوە چارەسەر بن لە کاتژمێرێکدا سەد میل لێخوریت! لەپڕ کەشو هەوا تێکچوو، هەور، هەورەتریشقە، لێزمەی باران، ئەویش هێندەی تر خێراییەکەی زیاد دەکرد.

باوکی، کە پامێلا ئەو میراتییە نەفرەتیەی (دەنگی) لەوەوە بۆ ماوەتەوە، دایکی هەردەم تامەزرۆی بینینی بوو. تەنانەت ئەو کاتانەش کە چوو بۆ جەنگ، تەنانەت ئەو ماوەیەشی بەهۆی قومارکردنیانەوە تووشی قەرزێکی زۆر بووبوون، شوێن مێردەکەی کەوتو بەو تەلارەدا سەرکەوتن تاوەکو پێکەوە رێگە چارەیەك بدۆزنەوە، کە ئەویش خۆکوشتن بوو. پامێلا هەرگیز لێیانخۆش نەبوو، چونکە تەنانەت چانسی ئەوەیان پێنەدا لێخۆشبوونی خۆی پێیان ڕاگەیەنێت. لەپاش مردنیان هەموو پاشماوەکانی ئەوانی پشتگوێخست، بەردەوامیش نەبوو لە خوێندنی زانکۆ، لەبەرئەوەش کە نەیتوانی لە دەنگی رزگاری بێت بڕیاریدا لە قسەگەلێکدا بەکاریبهێنێت کە ئەگەر دایكو باوکە دێرینخوازەکەی گوێیان لێبوایە بێبەشیان دەکرد لە میرات. پاشان شوی بە پیاوێکی هیندی کرد، کاتێکیش بۆیدەرکەوت مێردەکەیشی وەکو دایكو باوکی بە چەشنێکی ئەرستوکراتیانە بیر دەکاتەوە، بیری

لەوە کردەوە دەستی لێهەڵگرێت، بەڵام ئایا توانی ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ بکات؟ مەرگ جارێکی تر توانی دەستی ببڕێتو فێڵی لێ بکات.

لەو ساتەدا هەوڵی ئەدا ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر تێپەڕێنێت، کە عەمبارێکی خۆراکی بەستوی رادەکێشا، پرژەی تایەی ئەو ئۆتۆمبێلە جامەکەی تەڵخ کردبوو بەجۆرێك نەیدەتوانی پێش خۆی ببینێت، بەسەر چاڵە ئاوێکدا تێپەڕی پاش ئەوەی لەڕێگەی خۆی لایداو ئۆتۆمبێلەکە خلیسکاو بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە، گلۆپی پێشەوەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بەرەوڕووی هاتو وەك چاوی عیزرائیلی فریشتەی مەرگ دەهاتەپێش چاوی. هێندەی پێنەچوو ئۆتۆمبێلەکەی تەپاوتلیداو لە ڕێڕەوی مەترسیداری ئۆتۆمبێلەکەی دوای خۆیەوە دوورکەوتەوە، پاش ئەوەی کە سەدو هەشتا پلە بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە، لەگەڵ دیوارێکدا تووشی پێکدادان بوو سەرئەنجام وەستایەوە. لە کاتژمێرێکی کوێرانەدا، لەخۆڕا گەڕایەوە بۆ ژیان، لەو ساتەدا تیشکی خۆر هێدی هێدی توندی گەردەلولەکەی کەمدەکردەوە.

ئەو شەوە پامێلا چمچا بە جوانترین پۆشاکەوە لە هۆڵێکی گەورەی یەکێ لە خۆشترین چێشتخانەکاندا دانیشت، قاپێك گۆشتی راوکراوی خواردو جامێك بادەی شازی نۆشی، کە لەسەر مێزێکی جولاو دانرابون کەوچکو قاپەکانی سەری لە زیو بوونو پەرداخەکانیشی کریستاڵ بوون. بەم چەشنە ئاهەنگی بۆ سەرەتایەکی نوێ دەگێڕا، بۆ لەدایکبوونێکی نوێ، پاشان رۆشت بۆ ژوورێکی نوستن، کە هەر لە ژووری نوستنی شازادەکان دەچوو، ئەوجا لەوێش تێکەڵەیەك بادەی براندی ناپلیۆنیی بەخۆشی خۆیەوە خواردەوە، لەگەڵ خۆیدا کەوتە قسەو وتی: "ماڵئاوا سەلاحەدین. تۆ بەدرێژایی ژیانت بایەخت بە من نەدا، ئێستاش بە ئارامی وچان بدە". کاتێ کە خەونی بینی، روخساری چمچا تەواوی خەونەکانی داگیرکردبوو، چمچا

پێی دەوت: "شتەکان بەرەو کۆتایی دەچن، هێزێك هەیە ئەم شارستانیەتەش لەناودەبات، چونکە شارستانیەتێکی بەختیارو پڕوپوچ بوو، شارستانیەتێکی هەرچی پەرچیو مەسیحی بوو، ئەم شارستانیەتە شکۆمەندی جیهان بوو، ئێستاش بەرلەوەی دنیا تاریك بێت دەبێ ئاهەنگ بە یادییەوە بگێڕین". پامێلا تەنانەت لە خەونەکانیشیدا لەگەڵیدا کۆك نەبوو، ئەگەرچی خەوی دەبینی بەڵام دەیزانی هەرچییەك بلێت کەڵکی نییە.

پاش ئەوەی پامێلا جێمی جوشی دەرکرد، جێمی کەوتەڕێ بەرەو قاوەخانەی (شاندار) کە هی سوفیانی هاوڕێی بوو، لەوێ دانیشتو لەژێر تابلۆیەکدا کەوتە خواردنەوەی کوپێك قاوە. تابلۆکە وێنەی ژنێکی ئەفسانەیی سینگ روتبوو، چەندین سەری هەبوو، گۆی مەمکەکانی بە پەڵە هەوری بچووکی پەرش‌وبڵاو دابۆشرابوون. بەڕێز سوفیان کە خاوەنی قاوەخانەکە بوو تێبینی کرد جێمی نوقمی خەمۆکیی بووە، بۆیە بە خۆیو کڵاوە سپییە بچکۆلانەکەیەوە کە باوەڕداریێتی ئەوی دووپاتدەکردەوە بەرەوڕووی جێمی هات. موحەمەد سوفیان ریشی لە خەنە گرتبوو، چونکە لەم ماوەی دواییدا حەجی لە مەککە کردبوو، سوفیان پیاوێکی زەبەلاحی بازو بەهێزو ورگن بوو، باوەڕداریو خواناسی پێوە دیاربوو، کاتێکیش نزیکبووەوە جێمی لێی پرسی: "بەڕای تۆ پێتوایە من گەمژەم؟". سوفیان بە پرسیار وەڵامی دایەوەو وتی: "پارەت نییە؟" جێمی وەڵامی دایەوە: "کێشەکەی من لەو جۆرە کێشانە نییە". سوفیان وتی: "دەی بۆ کارێك ناکەیت؟ بۆنموونە لە بواری هەناردە یان هاوردە؟ یان لە بواری توێژینەوەدا، یان تەنانەت فرۆشگایەکی بازرگانی بەڕێوەبە؟" جێمی وەڵامی دایەوە:

- بە هەموو تەمەنم نەمتوانیوە لە کاروباری ژمێریاری تێبگەم.

- ئەی ئەندامانی خێزانەکەت لە کوێن؟
- خێزانم نییە!
- کەواتە تەنها ئەوەت لەسەرە نوێژ بۆ خودا بکەیت تاوەکو لەم تەنیایەتدا دڵخۆشت بکات!
- مامە تۆ دەزانیت من نوێژ ناکەم!
- گومان لەوەدا نییە تۆ زۆر لەوە گەوجتری کە خۆت دەیزانی.

جێمی لەگەڵ نۆشینی دوایین قومی قاوەکەیدا وەڵامی دایەوە:

- زۆر سوپاس مامە، یارمەتی زۆرتدام!

کەمێك پاش ئەوە (حەنیف جۆنسون) کە پارێزەرێکی لێهاتوو و سەرکەوتی بە رەچەڵەك ئاسیایی بوو خۆیکرد بەناودا، سوفیان پێی وت: "لە دۆخی ئەم پیاوە تیاماوم، لە تەمەنی چل ساڵیدایەو هێشتا ژنی نەهێناوە، خۆی بە چەند درهەمێك دەژێنێ کە بە وتنەوەی هونەرە سەربازییەکان لە سەنتەری وەرزشی پەیدای دەکات، هەر بە هەوا دەژیو باوەڕ لە دڵیدا نییە. تۆ دەتوانی ئەم گرێکوێرەیە شیکەیتەوە؟" حەنیف جۆنسون دەستێکی رادا لە شانی موحەمەدو وتی: "رەنگە گوێی لە دەنگانێك بێت سروشی بۆ بهێنن". سوفیان بە رابواردنەوە هاواریکردو وتی: "دەنگ! ئەی ئەو دەنگانە لە کوێوە دێن؟ لە تەلەفونەوە یان لە ئاسمانەوە، یان لە سیگناڵەکەی ژێر چاکەتەکەیەوە؟".

حەنیف ژیرانە وەڵامی دایەوەو وتی: "نەخێر قوربان ئەو دەنگانە لە ناخیدان، ئینجا لە نهۆمی سەرەوە لەسەر مێزکەی هەندێ هۆنراوەی داناوە بە ناوی رووباری خوێن، سوفیانی هاوڕێم بزانە ئەم پیاوەی کە لە گەڵمانە شاعیرێکی گەورەیە، بە رێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکە، ئەو دەڵێت ئەم رێگایە رووبارێکە، ئێمەش

لەناو تەوژمێك ئاودابن، مرۆڤایەتیش رووبارێکه لە خوێن!" جیمی بە تورەییەوە هەستایەسەر پێو هاواری بە حەنیفدا کردو وتی: "لەسەر ئەم دزییه دەبێ بتکوژم".

لە پاش ئەوە جیمی بەدرێژایی سێ رۆژ بە خەمباریو روخاوی مایەوە، سەرەرای هەوڵەکانی سوفیانو هاوسەرەکەیو (میشێل) و (ئەناهیتا)ـی کچیان، لەگەڵ حەنیف جۆنسونی پارێزە، بەڵام هەموو ئەوانە نەیانتوانی لە خەمباری جیمی کەمبکەنەوە، سوفیان لەو بارەوە وتی: "وادیارە جیمی کەربووە". لە ئێوارەی رۆژی چوارەمدا لە قاوەخانەکەی شاندار زەنگی تەلەفون لێدردا، ئەناهیتا سوفیان وەڵامی دایەوەو هێندەی نەبرد بە دەنگی بەرز هاواریکرد: "بەرێز جیمی جوشی پەیوەندییەکی تایبەتی بۆ هاتووە!" سوفیان بە یەك نیگا توانی تێبینی ئەو خۆشحاڵییە بکات کە بە روخساری جیمیـیەوە دیاربوو، ئینجا لەژێر لێوەوە بە ژنەکەیی وت: "ئەو دەنگانەی کەوا ئەم گەنجە پێویستییە گوێی لێبێت دەنگی ناوخۆیی نین".

ئەوەی لەنێوان جیمیو پامێلادا چاوەروان نەدەکرا روویدا، چونکە حەوت شەو و حەوت رۆژیان پێکەوە بەسەربردو بەدرێژایی ئەم ماوەیە تەواوی کات بەوپەری جۆشو خرۆشەوە خەریکی ئەنجامدانی سێکس بوون، وەك ئەوەی ئەوان سێکسیان داهێنابێ. بەدرێژایی حەوت رۆژ بە روتی مانەوە، جیمی بە پامێلای راگەیاند ئەو بەدرێژایی ژیانی هەستی بە چێژی وەها نەکردوە تەنها ئەو رۆژە نەبێت کە بۆ یەکەمجارو لە تەمەنی هەژدەساڵیدا فێری لێخورینی پاسکیل بووە! لەو ساتەی ئەم وشانەی درکاند ترسا هەموو شتێکی تێکدابێت، ئەگەرچی ئەو بەراوردکارییە کەم تا زۆرێك سوکایەتی بوو بۆ پامێلا، بەڵام پامێلا ماچی کردو سوپاسی کرد، چونکە بەلای ئەوەوە جوانترین شتی وتووە کە تائێستا پیاوێك بەرامبەر بە ئافرەتێکی وتبێت. لە شەوی حەوتەمدا بە دەنگێکی بێزارکەر لە خەوە بێ خەونەکەیان بە

خەبەر هاتن، دەنگێك بوو هەوڵی ئەدا دزە بکاتە نێوماڵەوە، پامێلا بە تۆقیوی چپانی بە گوێی جیمیداو وتی: "تێلایەکی هۆکیم هەیە لەژێر چرپاکەدایە". جیمیش کە هێندەی ئەو تۆقیبوو پێی وت: "بمدەرێ". پامێلا وتی: "منیش لەگەڵت دێم". ئەویش وتی: "نەخێر شتی وانەکەیت". سەرئەنجام پێکەوە بەسەر پلیکانەکاندا چوونە خوارەوەو گەیشتنە نهۆمی خوارەوە، لەپڕ گلۆپەکان کرانەوەو جێمیو پامێلا پێکەوە هاواریان لێ بەرزبووەوە، تێلاکەی دەستیان لێکەوتە خوارێو بە هەموو خێراییەکیانەوە رایانکرد بەرەو نهۆمی سەرەوە. لە هۆڵی پێشەوەی خانووەکەدا خێوێك وەستابوو، هەر لە خەوی ناخۆش دەچوو. پاش ئەوەی شوشەکەی شکاندبوو بۆئەوەی دەست بکێشێت بۆ کلۆمەکەو دەرگاکە بکاتەوەو بێتە ژوورەوە، لەژێر رووناکیەکەداو لە نزیك راڕەوەکەدا وەستابوو، سەرتاپای هەڵژنرابوو لە خوێنو بەفرو لیتاو، گیاندارێکی توکن بوو، سمی بزنێکی زەبەلاحی هەبوو، جوتێ شاخی چەپەڵ بەسەریەوە بوو، نۆبەرەی ریشی درێژ بووبوو. لەو شوێنەدا بە تەنیا خۆی وەستابوو کەس نەیدەبینی، ئەم جانەوەرە ئەفسانەییە یەك دوو هەنگاوی بەرەو پێش هەڵنا. هێندەی نەبرد کەوت بە عەرداو لە جوڵە کەوت! لە نهۆمی سەرەوەش، لە لانەکەی سەلاحەدین، پامێلا چمچا خانم لە باوەشی دلدارەکەیدا پێچی بەخۆی دابوو و لە هەناوی ناخیەوە دەگریاو بە دەنگی بەرز دەیوت: "نا، نا، ئەستەمە. ئەو فرۆکەیە تەقییەوەو مێردەکەیشم لە گەڵیا تەقییەوە. هیچ کەس رزگاری نەبوو، گوێت لێمە، من بێوەژنی چمچام، من ئەو بێوەژنەم کە مێردەکەی بە سامناکترین شێوە مرد".

بەڕێز فریشتە جوبریل کە لەنێو شەمەندەفەرێکدابوو بەرەو لەندەن بەڕێکەوتبوو، ترسو لەرزی لێهاتبوو، دەترسا خودا وەك تۆڵەیەك ئەقڵی

لێسەندبێتەوە، چونکە باوەڕی پێی نەماوە، ئەم ترسەی ئەو شپرزەو دژبەیەك بوو، چونکە ئەو لە هێزێك دەترسا چیدی باوەڕی بە بوونی نەمابوو. لەو لایشەوە پێیوابوو بەم شێتیەوە بۆتە گەورەی فریشتەکان، ئەم وەهمە تەواوی مێشکی داگیر کردبوو، بە بێدەنگی دەلەرزی. بەڵام دڵی خۆی بەوە ئەدایەوە کە ئەو شەمەندەفەرەی تێدا دانیشتووە، بێگومان بە خۆیو پەنجەرەکانیەوە دەیپارێزن، لەو شەمەندەفەرەدا لەسەر کورسییەکی تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتبوو کە پشتی لە ئاڕاستەی شەمەندەفەرەکە بوو، چونکە بەدبەختانە ئەو کورسیەی رووی لە پێشەوەبوو کەسێك پێش ئەو گرتبووی، شەمەندەفەرەکە زۆر بە خێرایی رێدەکرد. هەستی بە هەڵنوتانو نوچاندنی ئەو شارە گەورەیە دەکرد کە بۆیدەڕوات، ئەو شارە ئەفسوناویەی کاری تێکردبوو، لەو ساتەدا ئەو بەهرە کۆنەی جارانی بۆ گەڕایەوە: بەهرەی بەهیوابوون، بەهرەی خۆنوێکردنەوەو چاوپۆشین لە گیروگرفتەکانی رابردو و تەنگو چەڵەمەکانی ئایندە، بۆیە لەسەر کورسیەکەی هەستایەوەو بازیدایەسەر کورسیەکەی بەرامبەریو بەشێوەیەکی دەربڕ روویکردە لەندەن. بە دەنگی بەرز ناوی ژنە شاخستانییەکەی هێناو هاواریکرد: ئالیلۆیا، ئەو کەسەی تریش کە لە شەمەندەفەرەکەدا بوو وەدویدا وتی: "ئالیلۆیا براکەم[1]، شکۆمەندی بۆ خودا ئەی کاکی سەرڕاست".

[1] ئالیلۆیا – هالیلۆیا: وشەیەکی عبرییە، لە هەموو زمانێکدا هەر بەو شێوە دەخوێنرێتەوە. واتە نزای خوابکەن، سوپاسی خوابکەن. بەر لە خوێندنەوەی ئینجیل دوو جار یان زیاتر دەخوێنرێتەوە. هەڵبەتە جوبریل لێرەدا مەبەستی ئەوە نییە نزا بکات بەڵکو ئەو کچەی بیردەکەوێتەوە کە هەڵگری ئەو ناوەیە. وەرگێڕی کوردی

ئەو کەسە بێگانە بەردەوامی بە قسەکانی داو وتی: "با پێت بڵێم کاکی بەڕێز من لە دژی هەموو توندڕەوییەکی ڕەگەزپەرستانەم، جا ئەگەر تۆ بتوتایە: لا اله[2]، ئەوا من پڕ بە دەنگم وەڵامم ئەدایتەوەو دەموت: الا الله!".

فریشتە جوبریل بۆیدەرکەوت ناوهێنانی ئالیلۆیا، لەلایەن هاوسەفەرەکەیەوە بە هەڵە خوێندنەوەی بۆکراوە، واتێگەییوە کە ئەم بەو ناوە گوزارشتی لە ئینتیمای کۆمەڵایەتیو ئایینی خۆی کردوە. پیاوەکە بە دەنگی بەرز کەوتە ناساندنی خۆیو وتی: "من ناوم باجۆن موسلیمەیە، من سەر بە یەکێ لە ئایینە مرۆڤدۆستەکانم". بە ئاشکرا دیاربوو وشەگەلێکی بێشومار لە ناخی بەڕێز موسلیمەدا سەرقاپدراوون، کە خەریکبوو لە سینەیدا بتەقنەوە، ئیدی کە ئێستا خەریکە دێنەدەر ناکرێ بەریان پێبگیرێ، بەڵکو دەبێ ڕێبدرێت بە هەوەسی خۆیان بڕژێن.

بە جلەکانیدا دیاربوو دەوڵەمەندە، جوبریل بە قسەکانیدا بۆیدەرکەوت ئەم کابرایە هیندییەو خەڵکی (گۆیانا)ـیەو خاوەنی چەند فرۆشگایەکی شریتو کاسێتەو فرۆشگایەکی تریشی هەیە تایبەتە بە کەرەستەو ئامێری مۆسیقی، بەڵام وەك خۆی وتی: "هیچ شتێك لەو وڵاتەدا نەماوە، هەر بۆیە خەڵکی ئەوێ فڕۆکەئاسا بەخێرایی لێی ڕادەکەن، وەلێ من سوپاس بۆ خودا گوزەرانم باشبووە، لە بەیانی هەموو ڕۆژی یەکشەممانێکیشدا بەردەوام دەچم بۆ کڵێسا، دان بەوەدا دەنێم کە من هەست بە لاوازی دەکەم لە هەمبەر کۆمەڵێك سرودی ئینگلیزی، هەر بۆیە بە دەنگی بەرز لەگەڵ سرودبێژاندا گۆرانی دەڵێم". دواجار کۆتایی بە ڕازو سەرگوزەشتەی خۆی هێناو وتی من ژنم هەیەو خاوەنی نزیکەی دەرزەنێك منداڵیشم، جوبریلیش بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لێکرد. لە ناخی خۆیدا حەزیدەکرد بێدەنگ بێت، بەڵام موسلیمە

---

[2] "لا اله" واتە هیچ خوایەك نییە، "الا الله" واتە جگەلە الله. یەکەمیان پێی بێباوەڕ دەبیت، دووەمیان پێی باوەڕدار دەبیت. هەردووکیان بخەیتە سەر یەك دەکاتە: لا اله الا الله "هیچ خوایەکی تر نییە جگەلە الله". وەرگێڕی کوردی

ئەو ساتە بێدەنگیەی قۆستەوەو بە خۆشحاڵییەوە پیایدا تەقییەوەو وتی: "پێویست ناکات باسی خۆتم بۆ بکەیت چونکە من دەتناسم، هەرچەندە بوونی کەسایەتییەکی وەك تۆ لەناو ئەم شەمەندەفەرەدا شتێکی سەیرو سەمەرەیە، وەڵێ من رێز لە تایبەتمەندی خەڵکی دەگرم، پێموایە تۆش هەست بە بێزاری ناکەیت بەرامبەر بە شوناسو ئینتیمای خۆت چونکە تۆ پیاوێکی ناوداری، تۆ فریشتە جوبریلی ئەفسانەییت، ئەستێرەی شاشەو داگیرکەری کاسێتە ڤیدیۆیەکانیت، لەبەرئەوەش کە من باوەڕم بە یەکێتی بوون[1] هەیە بۆیە هاوسۆزی من بەرامبەر بە تۆ لەو سۆنگەوەیە کە تۆ زۆر بە باشی توانیوتە رۆڵی خواوەندەکانی هەموو ئایینە ناسراوەکان ببینیت. چونکە بەڕێزم تۆ وەك پەلکەزێڕینە وایت، تۆ وەك کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان وایت هەموو خواوەندەکانت کۆکردۆتەوە. بە کورتی تۆ ئایندەیت. رێگەم بدە با سلاّوت ئاراستەکەم". جوبریل بە هۆی هەڵسوکەوتە شێتئاساکانی موسلیمەوە لە پەرێشانیدا هاوسەنگی تێکچووو ترس دایگرت، ئینجا بە نیگا شلەژاوەکانی کەوتە پێوانەکردنی ماوەی نێوان خۆیو دەرگای شەمەندەفەرەکە.

موسلیمە بەردەوام بوو لە قسەکانیو وتی: "من پێموایە خواوەندەکان ناویان هەرچییەك بێت ئەو ناوە رەمزێکەو هیچی تر، بۆنموونە تۆ ئەو ناوەی کە پێیدەناسرێیت فریشتە جوبریلیە، بەلاّم تۆ وەك خوایەك ناوت نەناسراوە، دە بزانم ناوی راستەقینەت چییە؟" ئەوکات جوبریل دەرکی بەوەکرد ئەو کابرایە شێتەو فەنتازیا داگیری کردوە. ئینجا کەوتە لۆمەکردنی خۆی، چونکە هەر خۆیبوو رێیدا بەم پیاوە ورێنە بکات، پاشان بە خۆیی وت: "چاك خۆمم تووشی ئەم پیاوە شێتو فرەڕێسە کرد، کە بەس خودا خۆی دەزانێت لە کوێوە هەڵێکوتایە سەرم!" لەناکاو

---

[1] یەکێتی بوون، یەکایەتی: وحدە الوجود. وەرگێڕی کوردی

موسلیمە هەستایەسەر پێو قیژاندیو وتی: "تۆ ناوی راستەقینەی خۆت نازانیت، تۆ تەنها ئەکتەرێکی دەجالو تەڵەکەبازیو هیچی تر، تۆ کەسێکی ساختەیت، تفت لە تۆ". جوبریل هەستایەوە، بەڵام هاوسەنگیی تێکچوو، خۆی چەماندەوەو هەوڵیدا خۆی لە دەستە کشاوەکانی موسلیمە لاببات، بەڵام دەستێکیانی بەر کڵاوەکەی جوبریل کەوتو خستییە خوارەوە، ئەوکات موسلیمە دەمی داچەقاندو لەجێی خۆیدا چەقیبەست، پاش چەند ساتێك چۆکی داداو کەوت بەسەر قاچو پێیداو دەپاڕایەوە لێیخۆش بێتو دەیوت: "گومانم نەبوو لەوەی رۆژێك لە رۆژان تۆ دێیتو من دەتبینم، تکامو ایە لەو تێهەڵچوونە ساویلکانەم خۆشببێت". لەمیانەی ئەم قسانەدا شەمەندەفەرەکە بەناو یەکێ لە تونێلەکاندا تێپەڕیو جوبریل تێبینی ئەوەی کرد کە خۆیو ئەو پیاوە بە بازنەیەکی رووناکی ئاڵتونیی چواردەور دراونو ئەو رووناکییەش لە پشتی سەری خۆیەوە دێت. لەسەر شوشەی دەرگای شەمەندەفەرەکە رەنگدانەوەی ئەو تیشکەی بینی کە بە دەوری قژی سەریدا هاتبوو. ئەوجا موسلیمە کەوتە کردنەوەی قەیتانی پێڵاوەکانیو سەرەنجام پێڵاوەکانیو گۆرەویەکانیشی داکەندو پای رووتکرد، هەر پایەکی شەش پەنجەی هەبوو، نیشانی جوبریلی داو وتی: "گومانم لەوەدا نییە ئەم دیاردەیە ئاماژە بەوە ئەدات کە من جیاوازم لە خەڵکی، بەدرێژایی ژیانم دەمزانی ئەوە ئاماژە بەوە ئەدات کە من هەڵبژێردراومو تایبەتکراوم بۆ شتێك!".

ئەو پیاوە وایدەزانی دەسنیشانکراوە تا ببێتە بریکارو هاوکاری جوبرائیل. شەمەندەفەرەکە لە تونێلەکە تێپەڕی، جوبریل لە ناخی خۆیدا گەیشتبووە بڕیارێك دەربارەی موسلیمە، بۆیە وەك ئەوەی لەسەر شانۆ بێت کەوتە قسەکردنو پێیوت: "هەستە ئەی باجۆن موسلیمە، ئەی ئەو کەسەی هەموو پایەکت شەش پەنجەی هەیە".

موسلیمه لە ترساندا راچلەکی‌و هەستایەسەر پێ، دەستی لە یەکتر ئالاندو بەرێزەوە چەمایەوەو لەژێر لێوەوە وتی: "گەورەم ئەوەی دەمەوێ بیزانم ئەوەیە کە ئایا چی روودەدات، لەناوچوون، یان سەرفەرازبوون؟ ئینجا گەورەم چی وایلێکردیت لە ئێستادا بگەڕێیتەوە؟"

جوبریل بەپەلە وتی: "بۆ چاودێری‌و هەڵسەنگاندن هاتوم، دەبێ چاومان لە بەڕێوەچوونی کاروبارەکان بێت، مرۆڤایەتی لە تاقیکردنەوەدایە، پەڕاوی تۆماری مرۆڤایەتیش پڕە لە گەندەڵی‌و داوێن پیسی، لە ئێستادا پێویست دەکات چاوخشانەوەیەکی بۆ بکەین، ئینجا بزانە سەرهەڵدانی من لەبەر چەند هۆکارێکی جەوهەری دەبێ بە نهێنی بمێنێتەوە". ئەوجا بەدڵخۆشی کڵاوەکەی کردە سەری‌و موسلیمەش بە تێهەڵچوونەوە سەری لەقاندو وتی: "گەورەم دەتوانی متمانەم پێبکەیت". سەرئەنجام جوبریل لەو بەشەی شەمەندەفەرەکە هەڵهات‌و بەرێ‌کەوت بەرەو بەشێکی تری شەمەندەفەرەکە لەکاتێکدا وەهمی ئەو پیاوە شێتە شوێنی کەوتبوو، لەمیانەی هەڵهاتنەکەیدا گوێی لە زیکری موسلیمە بوو هاواری دەکرد: ئالیلۆیا، ئالیلۆیا..

جوبریل چووە بەشی دواوەوەی شەمەندەفەرەکە، ئەوکات لەوێوە بە دڵێکی لەرزۆکەوە کەوتە تەماشاکردنی لەندەن، هەوڵی ئەدا شیکردنەوەیەکی لۆژیکی بۆ ئەو تیشکەی دەوری سەری بدۆزێتەوە، بەڵام نەیتوانی. ئەوەی هێندەی تر بێزاری کرد ئەوەبوو کە ریخا میرسانت بە خۆی‌و قالیچە باڵدارەکەیەوە بە تەنیشت پەنجەرەکیدا تێپەڕی، کەشی دەرەوەش زیاتر لەو شتانە دەچوو کە لەدوای پەخش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەردەکەوێت، ئەمەش ئاماژەبوو بۆ هاتنی گەردەلولێکی بەفراوی. ریخا بە دەستی ئاماژەی بۆ کرد، ئەوە پاداشت‌و سزایە کە هەنگاو بە

هەنگاو بەسەر قالّییەکی بالّدارەوە شوێنی کەوتووە. چاوی نوقاندو بڕیاریدا نەلەرزێت!

ئالیلۆیا قسەی بۆ کۆمەڵێ کچە قوتابیی یەکێ لە قوتابخانە ناوەندییەکان دەکرد لەکاتێکدا ئەوان بە روخسارێکی خواناسەوە تەماشایان دەکردو ئەویش دەیوت: "من دەزانم بونیادی راستەقینەی خێو چییە، چونکە بە بەرزی چیاکانی هیملایاوە زۆرێك لە شاخەوانەکان خێوی ئەو کەسانە دەبینن کە پێش ئەوان بەو شاخانەدا هەڵزناونو شکستیان هێناوە". کچە قوتابییەکانیش دەیانپرسی: "چ خێوێك خانم. تۆ دەتەوێت تێمانگلێنیت؟".

ئالیلۆیا زانی کچەکان بیر لەچی دەکەنەوە، چونکە کاتێ کە هاتە پۆلەوە گوێی لێیانبوو بە چپە دەیانوت: "ئایا ئەمە رەنگی راستەقینەی خۆیەتی؟ زۆر سپی دیارە، بەڕاستی سەیرە، چۆن ئەم رەنگە بەفرینییەی ماوەتەوە سەرباری ئەوەی بە بەرزی هەشت هەزار مەترەوە ماوەیەکی زۆر خۆر لێیداوە، ئایا ئەمەیە ئالیلۆیا کاون، ئەمەیە کچە پاکیزەکەی بەفرو شاژنی بەستەڵەك؟" ئینجا فریشتە جوبریلی بە یادا هاتەوەو گوێی لە دەنگیی بوو بە بێوەستان دەیوت: "سەرەڕای هەموو ئەو قاوداخستنو واتەواتانەی لەبارەی تۆوە بڵاوی دەکەنەوە، بزانە ئەزیزم تۆ شاخێك نیت لە سەهۆڵ، تۆ خانمێکی گەرمو گۆڵێتو سۆزت لێدەڕژێ". جوبریل فوی لە پەنجەی دەکردو واینیشان ئەدا سەرە پەنجەی سوتاوەو دەیوت: "ئاخ، من زۆر گەرممو ناتوانم خۆمڕاگرم، تکایە ئالیلۆیا ئاوی ساردم پیابکە".

ئالیلۆیا گەڕایەوە سەر هەمان ئەو باسەی لە سەرەتاوە قسەی لە بارەوە کردو وتی: "لەکاتی سەرکەوتنمدا بۆسەر لوتکەی ئیڤرست تووشی پێکدادان بووم لەگەڵ لێژو خزگەیەکی بەستەڵەکدا، لەپڕ بینیم پیاوێك کوڕەڵانەی کردووەو

ئاوازێکی دێرین دەهۆنێتەوە، بە مۆدێلی جلەکانیدا دەستبەجێ بۆمدەرکەوت کە خێوی مۆریس ویلسنە، ئەو یۆگییەی لە ساڵی 1934 بڕیاریدا بە تەنها خۆی بۆسەر لوتکەکە سەرکەوێت پاش ئەوەی سێ هەفتە بەرۆژو بوو تاوەکو یەکبوونێك بەدەستبهێنێت لەنێوان جەستەو رۆحیدا. پێیوابوو ئەو شاخە لەوە لاوازترە کە بتوانێت جارێکی تر لە یەکیان جیابکاتەوەو ناتوانێت هیچ بکات جگەلەوەی لە بەردەم ئەو هێزە رەهایەی ئەمدا چۆکدادات، پاشان بە فڕۆکەیەکی چارۆکەدار بەرێکەوت‌و خۆی گەیاندە دوا پلەی بەرزی کە ئەو فڕۆکە لە توانایدابوو بیگاتێ، ئەوجا بە دەستی ئەنقەست فڕۆکەکەی تێکشکاندو لەوێوە هەڵزنا بە شاخەکەداو نەگەڕایەوە". ئەو دەمەی ئالیلۆیا مۆریسی بینی، بەدرێژایی رۆژێك لەگەڵێدا مایەوەو بەشێوەیەکی زۆر سروشتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرد، چونکە ئالیلۆیا هەستیدەکرد زۆر دەمێکە دەیناسێت‌و پێیوابوو ئەم دیدارە رەنگە مژدەیەك بێت بۆ ئایندە، چونکە خەونی ژیانی لەمیانەی ئەو خەونە ئەستەمەدا هاتەدی، خەونی گەیشتن بە لوتکە. خۆ رەنگیشە مۆریس بە تێڕوانینی ئالیلۆیا فریشتەی مەرگیش بێت. ئالیلۆیا درێژەی بە قسەکانی داو بە کچە قوتابییەکانی وت: "بۆیە حەزمکرد قسە لەبارەی خێوەوە بکەم چونکە زۆربەی شاخەوانەکان هەست بە شەرمەزاری دەکەن لە هەمبەر ئەم جۆرە دیمەنانەو بەتەواوی لە بیریان دەچێتەوە کە خێویان بینیوە، بەڵام بزانن کچینە ئەم جۆرە شتانە بەڕاستی روودەدەن، دەبێ راشکاوانە دان بەوەشدا بنێم کە پێویستە قاچەکانم هەردەم بەسەر زەمینێکی رەقدا پێداکوتێ".

لێرەدا بەم قسانەی دوایی خۆی پێکەنی، چونکە بیریکەوتەوە بەرلەوەی بەسەر لوتکەی ئیڤرستدا سەرکەوێت ئێش‌و ئازارێکی زۆری هەبوو، پزیشکە تایبەتەکەیشی لە بۆمبای پێی ڕاگەیاندبوو پای تووشی هەڵتۆقین بووە، پزیشکەکەی

وریایکردەوەو وتی: "ئەگەر خزمەتی قاچەکانت بکەیت ئەوا چاکدەبیت. بەڵام ئەگەر پشتگوێی بخەیت ئەوا کە گەیشتیتە تەمەنی چل ساڵی ئیتر ناتوانی لەرێ برۆیت".

کاتێکیش جوبریل بیستی ئالیلۆیا دوو کەوانی دەستکردی لە قاچی بەستووەو بەو جۆرە بەسەر لوتکەی ئیڤرستدا سەرکەوتووە، ئیدی بە شەڵو ئیفلیج بانگیدەکرد، ئالیلۆیا ئەو راستیەی لەو هاورێیانەی شاردەوە، کە پێکەوە بەسەر شاخەکەدا سەردەکەوتن، چونکە جوانیی ئیڤرست لەبیری بردبووەو حەزی نەدەکرد هاورێکانی بزانن قاچی دێشێت. قوتابییەکانی سوربوون لەسەر ئەوەی ئەو چیرۆکەیان بۆ بگێرێتەوە کە چۆن بەسەر لوتکەی ئیڤرستدا سەرکەوتوون، بۆیە ئالیلۆیا کەوتە گێرانەوەی‌و وتی: "من‌و شنیریا بمبا تیمێکی دوکەسیمان پێکهێنابوو، تیمێکی دووکەسی تریش لە پێشمانەوە بوون، کەشێکی نایاب بوو ئاسمانیش ساف‌و بێ هەورو هەڵابوو، نیازیشم نەبوو بەبێ هەڵگرتنی ئۆکسجین سەرکەوم، بەڵام کاتێ بینیم بمبا سورە لەسەر ئەوەی ئۆکسجین نەهێنێت منیش بریارمدا وەك ئەو بکەم. ئەم هەڵسوکەوتەش کارێکی گێلانەبوو، ئەوەش بەهۆی کەمئەزموونیمانەوە بوو. بمبا بەشێوەیەکی رێکخراو هەناسەی ئەدا منیش لەسەر هەمان ریتمی ئەو هەناسەم ئەدا، بەڵام هەستم بەهێزێك دەکرد هەوڵدەدات پۆپەی سەرم لێبکاتەوە، بە هەموو توانایەکمەوە جیرەم بە ددانم دەکرد، دواجار خۆمم پەلکێشکردەسەر لوتکە بەردێکی بەفراویی. لەو ساتەدا هەستمدەکرد دەتوانم روخساری بینم بەس ئەوەندە دەست کێشم‌و روپۆشەکەی لێهەڵماڵم، بیرمدێ لەو ساتەدا هەستمدەکرد کە لەو پانتاییە بچوکەی نێوان خۆم‌و ئاسمان مەلە دەکەم‌و زەویش لە هەموو لایەکمەوە دەکەوێتە خوارێ. رووناکییەکی سەیریش دیاربوو، هەموو گەردوون بووبووە

ڕووناکییەکی پوختو بێخەوش، حەزمدەکرد جلەکانم بە بەرجەستەمەوە بدڕم تاوەکو ڕێگە بدەم ئەو ڕووناکییە بە پێستمدا تێپەڕێو بچێتە هەناوی گیانمەوە، لەبەرکلێپەی خۆرەکەدا پەلکەزێڕینە سەمایان دەکرد، لەوێ بەڕاستی فریشتەی لێبوو. ئەوانی تر گاڵتەیان لەگەڵ نەدەکردین کاتێ کە وایانپێدەوتین، من بەچاوی خۆم فریشتەم بینی، شیربا بمبایش بینیبوونی، دیەی شیربا گەلێك سپی دیاربوو، خەریکبوو لەوێ بمرین پاش ئەوەی بەفر دایپۆشینو چیاکان ئەقڵی لێسەندینەوە. دواتر گوێم لە دەنگێك بوو لە تەقەی تفەنگ دەچوو، ئەو دەنگە هەموو خەیاڵەکانمی چڕیو بە قیژە بمبام بانگکردو هەردووکمان بەرەوخوار کەوتینەڕێ، هەریەکێکمان بەنێو بەفرەکەدا ڕێگایەکمان بۆ خۆمان خۆشکردو ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی لەو شوێنە یەك بگرینەوە کە پێشتر بڕیارمان لەسەر دابوو، دواجار هەر چوارمان لەو شوێنەی بە بەرزی بیستو حەوت هەزار پێوەبوو یەکمان گرتەوەو چادرێکی بچوکمان هەڵدا، بەدرێژایی شەو ئەو پرسیارەم دووبارە دەکردەوە: ئەو دەنگە چی بوو؟ ئایا کەستان بە تفەنگ فیشەکی تەقاند؟ هەموویان تەماشایان کردم وەك ئەوەی تووشی شێتۆکەیی بووبم، وەڵامیان دامەوەو وتیان تۆ خۆت باش دەزانیت بەم شاخەوە هیچ تفەنگێك بوونی نییە. ڕاستیشیان دەکرد، بەڵام من ئەو دەنگەم گوێ لێبوو، گوێم لە دەنگی فیشەکێكو دەنگدانەوەکەیشی بوو، ئیتر تەواو. ئەمە کۆتایی ئەو چیرۆکەی ژیانم بوو". بە شێوەیەکی کتوپڕ کۆتایی بە قسەکانی هێناو پاشان نەوی لە گۆچانێکی دەسك زیویو خۆی ئامادەکرد بۆ ڕۆشتن، کچە قوتابیەکان لێی کۆبوونەوەو بە پەرۆشەوە لێیانپرسی: "دەی چی بوو ئەو دەنگە؟". لەناکاو ڕەنگو ڕوخساری ئالیلۆیا واهاتە پێش چاو کە وەك ئەوەی دە ساڵ لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی گەورەترە، ئەو تەمەنی سیو سێ ساڵ بوو،

وەلێ لەو ساتەدا وادەردەکەوت کە لانیکەم دە ساڵ لەو تەمەنە گەورەترە، بێباکانە شانی راوەشاندو وتی پێدەچێ خێوەکەی مۆریس ویڵسن بوو بێت. هێندەی نەبرد گۆچانەکەی بزواندو بە هێواشی‌و نارەحەتی ژوورەکەی جێهێشت.

ئەمەیە شاری لەندەنی شاجوان، کاتێ کە شەمەندەفەرەکە لە وێستگەی ڤێکتۆریا خێراییەکەی کەمکردەوە، جوبریل بەرلەوەی بەتەواوی راوەستێت خۆی هەڵدا، ئەوجا بە خێرایی بەنێو گالسکی شت‌ومەکەکانداو بەناو ئەو کەسوکارانەی کە چاوەڕوانی سەرنشینەکانیان دەکرد، تێپەڕی. هەندێکیان بە رابواردنەوە تەماشای کڵاوەکەی سەریاندەکرد، چونکە زیاد لە پێویست جەڕاندبوی. ریخا میرسانتیش لە هیچ شوێنێکەوە دەرنەکەوت، بۆیە جوبریلیش ئەم هەلەی قۆستەوەو بەپەلە بەنێو ئەو خەڵکە پەرش‌وبڵاوەی وێستگەکەدا کەوتەڕاکردن، بەڵام لەلای لەمپەری بلیت برینەکەدا بەرچاوی کەوت، خۆی‌و قالیبە باڵدارەکەی بە بەرزی سێ پێوە وەستابوون بێئەوەی کەسی تر بیانبینێت جگەلە ئەو، جوبریل بە توڕەییەوە هاواری لێکردو وتی: "چیتدەوێ لێم؟ چ پەیوەندیەکت بە منەوە هەیە؟". ریخایش راستەوخۆ وەڵامی دایەوە: "دەمەوێ بە کەوتوی بتبینم، نابینی چۆن وەك شێتم لێکردوی؟" خەڵکی خۆیان لە جوبریل لائەدا، ئەو پیاوەی چاکەتێکی پانو پۆڕو کڵاوێکی پێکەنیناوی لەسەردابوو، بە تێهەڵچوونەوە رایدەکرد، منداڵێك لەو لاوە دەیوت: "ئەو پیاوە قسە لەگەڵ خۆی دەکات". دایکیشی تێی کوتاو وتی: "بێدەنگبە، حەرامە مرۆڤ گاڵتە بە خەڵکی نوقسان بکات". جوبریل بەسەر ئەو پلیکانانەدا چووە خوارەوە کە بۆ تونێلی میترۆ دەچوون، ریخایش لێیگەڕا بۆ کوێ دەچێت بچێت‌و بە خۆی‌و قالیبە باڵدارەکەیەوە دوورکەوتنەوە، بەڵام جوبریل کاتێ گەیشتەسەر شۆستەی ئەو شەمەندەفەرەی کە بەرەو باکور دەچوو جارێکی تر بەرچاوی

کەوتەوە. وەلێ ئەمجارەیان لەسەر پۆستەرێکی لکاوی سەر دیواری ڕێڕەوەکەدا بۆیدەرچوو، بۆیە جوبریل هاوارێکی بەرزی لێوەهاتو بەڕاکردن بەرەو شۆستەی شەمەندەفەرەکە هەڵهات، لەوێش خۆی هەڵدایە نێو یەکێ لە پاشکۆکانی شەمەندەفەرەکەوە تەماشادەکات ڕێخا میرسانت بەرامبەری دانیشتووەو قاڵییەکەی لولکردوەو خستویەتیەسەر هەردوو ئەژنۆی. فریشتە جوبریل لەم شوێن بۆ ئەو شوێن بەنێو تونێلی میترۆکانی لەندەندا هەر رایدەکرد، دەچووە هەر شوێنێك ڕێخا میرسانتی لێبوو، هەندێ جاریش شانی بەر شانی دەکەوت. لەسەر هێڵی میترۆی بۆلیتانیش منداڵەکانی بەسەر چڵەپۆی درەختەکانەوە نیشانئەدا، کاتێکیش گەیشتە تەنیشت بانکی ئینگلتەرا بەشێوەیەکی شانۆگەریانە لەسەر روکاری بانکەکەوە خۆی هەڵدا بە ملیا. جوبریل زۆر دەستی لە تاکسی راگرت، بەڵام هیچیان بۆی رانەوەستان، بۆیە ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆناو دۆزەخی ئەو تونێلانە تاوەکو بەردەوام بێت لە هەڵهاتنە داستان ئاساکەی، دواجار ماندوبوون ملی پێکەچکردو چووە شوێنێکەوە پێیوابوو ئەمە دوایین وێستگەی گەشتە بێهودە درێژخایەنەکەی دەبێت، ئەو گەشتەی کە هەنگاونانە بەرەو خەوبینینێکی ئەستەم بە لەدایکبوونێکی نوێوە. هێندەی پێنەچوو گەیشتە ڕێگایەکی نیمچە چۆڵکراوی سەرڕێژ لە گەڵای زەرد، خەریکبوو دنیا تاریك دەبوو، ئەمیش وردە وردە وایلێهات لە رۆشتنندا هەڵدەکەوت. هیوایەك پاڵیدەنا، ئەویش ئەگەری ئەوەی هەبوو بڕەوێت، بەڵام ڕێی کەوتە باخچەیەکی نەناسراوی چۆڵ، کە بەدەوری شوراکەیدا گلۆپگەلێك دانرابوون روشناییان لە خێو دەچوو، کاتێك بە شەکەتی لەسەر چیمەنی بەفراویی ئەو شوێنە چۆڵەو لەو شەوە زستناویەدا لەسەر ئەژنۆی کەوت، بینی تارمایی ژنێك بە هێواشیو کەمتەرخەمی بەرەو رووی دێ. سەرەتا پێیوابوو ڕێخا میرسانتی

خواوەندی تۆڵەیەو هاتووە تا دوایین ماچی مەرگی پێبدات، بەو ماچەش بیخاتەژێر گومەزی جیهانی خوارەوە، ئەو جیهانەی کە زۆر قوڵترە لەم جیهانەی تێیدا رۆحێکی تیا وێرانبوو، کە چیتر باکی بە هیچ نەماوە. کاتێ ئەو ژنە گەیشتە لای، جوبریل بەسەر ئانیشکیدا کەوتبوو، چمکی چاکەتە پانو پۆڕەکەیشی بەملاولایدا شۆڕ بووبووەوە بە چەشنێك هەر لە قالۆنچەیەکی گەورە دەچوو، کە لە سەرەمەرگدا بێتو بۆ چەند هۆکارێکی پەنهان ئەو کڵاوە چەپەڵە خۆڵەمێشییەی لەسەر کردبێ. گوێی لێبوو ژنەکە بە تۆقیوی هاواریدەکرد، هەناسەی پڕ لە حەسرەتو هەستی سەرسامیو شادمانی تێکەڵ بە دەنگی ئەو ژنە بووبوو، ژنەکە پێیوت: "تۆ هێشتا زیندووی، تۆ ماویت، هەر ئەمەش گرنگە". جوبریل کاتێ قاچە هەڵتۆقیوەکانی ئالیلۆیای لەنێو دەنکۆڵە بەفرەکاندا بینی، بەدەم بزەوە خەوی لێکەوت.

* * *

## بەشی چوارەم
## عائیشە

خەونەکە[1] بەرەو کۆشکێك دەفڕی لەسەر شێوەو ستایلی هۆڵەندی دروستکرابوو، ئەو کۆشکە دەکەوتە ئەو بەشەی شاری لەندەن کە ناودەنرا کنزنگتون. بە خێرایی بەرەو نهۆمی چوارەمی ئەو تەلارە سەردەکەوت، پەنجەرەکانی ژووری دانشتن بە پەردەی قورس رووپۆشکرابوون، لەوێش دادەنیشێتو تەماشای ئەو ئیمامە[2] ریشنە مێژەر بەسەرە دەکات، ئەو کەسە کێیە؟ کابرایەکی ئاوارەو شاربەدەرە، بەڵام لەبەرئەوەی شاربەدەرە نابێ بەهەڵە واتێبگات کە ئیتر ناگەڕێتەوە، چونکە شاربەدەربوون خەونبینینە بە گەڕانەوەیەکی شکۆمەندی سەرکەوتوانە.

کاتژمێرەکانی رۆژگار راوەستان، ئیمامەکەیش بوو بە وێنەیەکی فۆتۆگرافی نەجوڵاو، لە چاوەڕوانی ساتێکی داهاتودا بەشێوەیەکی نائاسایی بەسەر خاکی نیشتیمانەوە هەڵواسرا، کاتێکیش ئەو ساتە دێت، وێنە فۆتۆگرافییەکە دەجوڵێتەوەو خاکەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی!

ئەو خانووەی کە تێیدایە هیچ نییە جگەلە شوقەیەکی بەکرێگیراو، هیچ نییە جگەلە هۆڵێکی چاوەڕوانی. خانووەکە کۆمەڵێك پۆستکارتی تێدابوو، هەریەکیان وێنەیەکی نیشتیمان بوون، ئەو بۆخۆی ئەو کۆمەڵە وێنەی ناو نابوو (دش)، یەکێ

[1] خەونەکە: مەبەست لە خەونەکەی جوبریلە. وەرگێڕی کوردی

[2] ئیمام: پێشەوا، پێشڕەو، پێشنوێژ. وەرگێڕی کوردی

لەو وێنانە وێنەی شاخێك بوو دەیڕوانی بەسەر شاردا، یەكێكی تریان دیمەنێكی شازی جوانبوو درەختێكی زەبەلاح سێبەری بۆ كردبوو، وێنەیەكی تریان مزگەوت بوو، لە ژووری نوستنەكەیشیداو لە چرپا بچكۆلەكەیدا ئایكۆنێكی زەبەلاحی بەهێزو كاریگەر دانرابوو، ئایكۆنی ژنێكی بەهێزبوو، پرچی رەشی‌و بالآی بەرزی شانی ئەدا لە شانی شاژن، داخۆ دەبێ ناوی چی بێ جگەلە عائیشە؟ ئیمامە شاربەدەرەكە لە دوورگەیەك شاربەدەرەو عائیشەیش لە نیشتیمانی دشە، هەریەكەیان پیلانی لەوی تر دەگێڕاو گرەوی لەسەر مەرگی ئەوی تر دەكرد!

بەدرێژایی رۆژ پەردەكان بە داخراوی دەمانەوە نەبادا شەڕەنگێزی لە پەنجەرەكانەوە دزەبكاتە ناوەوە، فەرەنجیەكان[1] لە دیدی ئیمامەوە شەڕەنگێزی بوون، هەر شتێك لە دەرەوە بهاتایە بەلای ئەوەوە شەڕەنگێزی بوو!

زۆر بە كەمی لە كنزنگتون بۆ هەوا هەڵمژین دەهاتەدەر. وەگەر بهاتبایەتەدەر ئەوا هەشت گەنج بە چاویلكەی رەش‌و قاتەوە بەدەوریا بازنەیان ئەدا، ئەو سەیری گەنجەكانی نەدەكرد بۆ خۆپاراستن لە بینینی بەشێكی دانەبڕاوی ئەم شارە چەپەڵە، تاوەكو خۆی بپارێزێت لە دیتنی ئەو شەڕەنگێزییەی كە بە پێدانی پەناگەو رێوشوێنی مانەوە سوكایەتی بەم كردوە، ئەو شارە شەڕەنگێزە بەو تەماحەوە رێوشوێنی بەم داوە تاوەكو ئەم دان بە گوناه و بەدڕەفتارییەكانی ئەم شارەدا بنێت. ئیمام بیری لەوە دەكردەوە ئەو كاتێك بەسەركەوتوویی لەم دەربەدەرگە تاوانبارو گوماناوییە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی، لەوێ شانازیی بەوەوە دەكات كە ئەو هیچ شتێك لەبارەی ئەم شارە ژێوانو بەدڕەفتارەوە نازانێت، ئەو شارەی كە بارودۆخ ناچاریكرد تێیدا نیشتەجێ بێت، شانازی بەوەوە دەكات‌و دەڵێت

---

[1] فەرەنجە: مەبەست لە دانیشتوانی ئەوروپایە، كە بابوباپیرانی فەرەنسییەكانی ئەمڕۆن. وەرگێڕی كوردی

ئەگەرچی لەو شارەدا بووم بەڵام هەر خەریکی خواپەرستی بووم! هۆکارێکی تری دادانەوەی پەردەکان ئەوەبوو بەر بەچاو و گوێی خەڵکی ئەو شوێنە بگرێت، کە زۆربەیان چاو و گوێی ناحەزنو بە دووربینو کامێراو مایکرۆفۆن چاودێری دەکەن، جگەلەو نێچیرەوانانەی لە شوێنێکی ئەو دەوروبەرەدا بۆ ئەم خۆیان حەشارداوە. ئەو شوقانەش کە لە تەنیشتو سەرو خوارەوەی شوقەکەی ئیمامدابوون تەرخانکرابوون بۆ پاساوانە تایبەتەکانی ئیمام، ئەو پاسەوانانەی بە پۆشاکی ئافرەتەوە، بە پەچەی سپیو عابای رەشەوە هاتوچۆیان بە رێگاکانی کنزنگتوندا دەکرد!

ئیمام بە بەردەوامی بە پۆشاکە پانو پۆڕەکەیەوە، بە مڕومۆچیو رەشبینییەوە دانیشتبوو، هەمیشە ئێشکگیربوو و شەونخونی دەکێشا، هەموو جموجۆڵێك بە فەرمانی ئەو دەکرا. خالدی کوڕی بە دەستی راستی جامێك ئاوی هەڵگرتبوو، لەپی دەستی چەپیشی نابووە ژێریەوەو بەرەو خەڵوەتگاکەی خۆی دەچوو، ئیمام ئاوی زۆری دەخواردەوە، بە رادەیەك هەموو پێنج خولەك جارێك پەرداخێ ئاوی دەخواردەوە، ئەمەش بۆ ئەوەبوو لە ناخییەوە بە پاکی بمێنێتەوە، چونکە ئاو بە تێڕوانینی ئیمام هەر کەسێك بیخواتەوە پاکیو ناسکیو سادەییو خۆشتامی خۆیی پێدەبەخشێ. ئاماژەی بەوە ئەدا کە شاژن مەی دەخواتەوە، مەییش جەستە کاڵباوە شومەکەی دەشێوێنێتو ژەهرخواری دەکات، تەنها ئەم تاوانەیش بەسە بۆئەوەی شاژن هەتا هەتایە تۆمەتبار بکرێت، بەجۆرێك هیچ هیوایەك بۆ سەرفەرازبوونی نەمێنێت! ئیمام توڕەبوو لە ئاغا خان، چونکە دەقی چاوپێکەوتنێکی ئاغا خانی دەخوێندەوە کە لەگەڵ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکەدا شەمپانیای خواردۆتەوەو بەهانەی بۆ هێناوتەوەو وتویەتی: "ئەم شەمپانیایە تەنها بۆ رواڵەتە، هەر ئەوەندەی دەکەوێتەسەر لێوم دەبێتە ئاو".

چ گومڕایەکی لە ئایین هەڵگەڕاوی تەڵەکەبازە. دەبێ ڕۆژێك بێتو تیایدا لێپێچینەوە لە نموونەی ئەم جۆرە کەسانە بکرێت، ئیدی لەو ڕۆژەدا ئاو ڕۆڵی خۆی دەبێت، کاتێ کە خوێن بە چەشنی مەی دەڕژێت.

خەونی ئیمام بەرەو ئایندەیەکی دوورودرێژ کشابوو، لەسەری پەنجەیدا هەستی بەو هێڵە جاڵجاڵۆکەییانە دەکرد، کە لە ڕێگەیانەوە جوڵانەوەی مێژوو دەگۆڕێت، نا، نەك هەر مێژوو بەڵکو زیاتریش.

کوڕەکەی هات بەناوداو پێیڕاگەیاند ئەو کەسەی کە سپێردراوە بە پاسەوانیکردن سەلمانی فارسییە، لەکاتێکدا بیلال ئەو لاوە ڕەشپێستەی بە ڕەچەڵەك ئەمریکییە، خەریکی پەخشکردنی ئەو پەیامە دەنگییە ڕۆژانەیە کە لەسەر شەپۆلێك بۆ نیشتیمانی پەخشدەکەن. ناوەڕۆکی ئەو پەیامەش ئەو قسانەبوو ئیمام دەیکرد، بیلالیش دەنگی هەڵدەبڕیو دەیخوێندەوە، بەو دەنگە بەهێزە پەیامهێنەی خۆیەوە، بەو دەنگە سافو ڕاهێنراوەوە، هەمیشە بە جمێندان بە شاژن دەستی بە وتارەکەی دەکرد، لەگەڵ خوێندنەوەی لیستێك لەو تاوانانەی شاژن ئەنجامیان ئەدات، هەر لە کوشتنو بەرتیلەوە تا دەگات بە داوێنپیسی، پاشان دەچووەسەر خوێندنەوەی بانگهێشتی ئیمام، کە تێیدا ئیمام بانگهێشتی میللەتەکەی دەکاتو داوایان لێدەکات شۆڕش بەرپاکەن. بیلال ئەم وشانە لە لێوی دەدرکانو دەیوت: "ئێمە بەڕووی ستەمکاریدا دەجەنگێین، نەك هەر بەڕووی ستەمکاریدا بەڵکو بەڕووی خودی مێژوویشدا دەجەنگێین".

مێژوو لە دیدی ئیمامەوە مادەیەکی ژەهراوییەو دەستکردی شەیتانە، هیچ نییە جگەلە کۆمەڵێك درۆی هەڵبەستراوی تۆقێنەر لەبارەی پێشکەوتنو گەشەکردنو زانستو مافەوە، ڕۆژێك دێتو ئەم بەڕووی هەموو ئەو درۆیانەدا

دەوەستێتەوە، هەقیقەت ئەو کاتە گەیشتە دوا مەنزڵ و پلەی پێگەیشتنی خۆی، کاتێ خودا لەڕێگەی سروشەوە پەیامی بە ماهاوەنداو کۆتایی بە پێغەمبەرایەتی هێنا.

ئیمام لەبەر دەنگخۆشی، بیلالی دەستنیشانکرد بۆ ئەو کارە، چونکە بیلال خولی دۆنادۆنی خۆیی تەواوکردبوو. بیلال زۆر سەرکەوتووانە توانی گوێگرە ئەمریکییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشێ، چەکێك بوو لەدژی دروستکەرانی هەڵگەڕابووەوە. بیلال لە تاریکیدا کەوتە وتاردانو وتی: "مەرگ بۆ عائیشەی شاژن، مەرگ بۆ مێژوو و هەڵبەستن، مەرگ بۆ ئەمریکاو ڕۆژگار، ئێمە لەپێناو نەمریدا تێدەکۆشین، لەپێناو هەتاهەتاییدا، لە پێناو خوادادا". بیلال بەم وشانە کۆتایی بە پەخشی ڕۆژانەی ئێزگە هێنا، لەکاتێکدا ئیمام لە خەڵوەتگاکەیدا سەرقاڵی پەخشکردنی پەیامی تایبەت بەخۆی بوو، بانگەوازی لە جوبریلی گەورەی فریشتەکان دەکرد! جوبریل گەیشتەجێ و بە رینگە رینگو بێزارییەوە گلەیی لەدۆخی تۆقیوی خۆی دەکردو وتی: "بۆچی سوری لەسەر ئەوەی بەردەوام گەورەی فریشتەکان بانگ بکەیت؟ پێویستە تێبگەی ئەو ڕۆژگارە ڕۆیشتو بەسەرچوو کە بانگدەکراین، چیدی ئەو ڕۆژگارە نایەتەوە"!

بەرماڵەکەی ئیمام کوڵكو تووکی بڵاودەکردەوەو جوبریلی لە جێی خۆی دەوەستاند، جوبریل دووبارە دەگەڕایەوە بۆ قسەکانیو دووپاتی دەکردەوەو دەیوت: "تۆ پێویستت بە من نییە، سروش تەواو بوو، لێمگەڕێ با بەڕێی خۆمدا بڕۆم". جوبریل گوێی لە دەنگی بیلال بوو لە ئیمامەوە دەهاتە دەر، ئەو دەنگە دەیوت: "ئەمشەو شەوی چاوەڕوانکراوە، دەبێ باڵم پێبگریتەوەو بمبەیت بۆ قودس".

لەو ساتەدا متمانە نامێنێ، جوبریل دەبینێ خۆیو ئیمام بەسەر بانی تەلارەکەوەنو بایش یاری بە ریشی ئیمام دەکات، ئێستا ریشی درێژتر لە جاران دەردەکەوێت. چاوی لێسور دەکاتەوەو هاواری لێدەکات: "دەی بمبە بۆ ئەوێ". ئیمام ریشی بەرز دەکاتەوەو دەینێ بە شانیەوەو پۆشاکە پانوپۆڕەکەی لەو جووتە قاچە تووکنە هەڵدەماڵێتو دەیجەڕێنێت بەخۆیدا. ئەوجا باز ئەداتەسەر کۆڵی جوبریلو نینۆکی لێگیردەکاتو بەسەر شانییەوە دەگیرسێتەوە، ئەو نینۆکانەی کە هەتا دێت درێژتر دەبێ تا وایلێدێت دەبێتە چنگی ورچ.

جوبریل پیرە پیاوەکەی لە کۆڵدایەو هێدی هێدی بەرەو ئاسمان دەفڕێت، ریشو تووکی پیرە پیاوەکە بەردەوام لە درێژبوندایەو لە هەموو لایەکەوە پەرەدەسێنێت بە چەشنێك مووەکانی ئەبرۆی لەملاولایەوە وەك دوو ئاڵا دەشەکێنەوە.

جوبریل لە ناخی خۆیدا بە تیامانەوە دەپرسێ: "قودس؟ لە کوێیە قودس، چ رێگایەك دەمانباتەوە سەری؟ ئەم وشەیە مانای زۆرەو رەنگە تەنها بیرۆکەیەك بێو هیچی تر، ئەمە ئامانجە یان تەنها هەستێکە یاخود بارودۆخێکی دەرونییەو هیچی تر، قودسی ئەم ئیمامە لە کوێیە؟".

بەنێو تاریکیدا دەفڕن، مانگ زیاد لە جاران پرشنگدارترو گەرمتر دەبێت، ئەوجا دەگەنە شاخێکی بەرزو بڵند، بەسەر قەدباڵی شاخەکەوە کۆشکێکی بەرز دیارە! ئەم کۆشکەیش کۆشکی شاژنە، جوبریل بە خۆیو ئیمامی سەر کۆڵیەوە وەك قاڵییەکی باڵدار بەرەوخوار چوو، رێگاو بانەکان دەرکەوتن، لەو تاریکە شەوەدا پڕبوون لە ژیانو جمەیان دەهات! جوبریل لە ئیمامی پرسی: " لێرە چی رووئەدات؟" ئیمامیش وەڵامی ئەداتەوە: "بنیشەرەوە جا خۆشەویستیت نیشان ئەدەم".

جوبریل بە ئاڕاستەی ئەو ڕێگانەدا ڕۆشت کە پڕبوون لە مرۆڤ، مرۆڤەکان زۆر بە چڕی لەنێو ئەو ڕێڕەوانەدا کۆبووبوونەوە، هەر یەکەیان چووبووەسەر ئەویترو شێوەی مارێکی سامناکی بێبەزەییان پێکهێنابوو. خەڵکەکە بە هێواشی لە ڕێڕەوە لاواکیەکانەوە دەهاتن‌و دەچوونەسەر ئەو ڕێگایانەی دواجار دەیبردنەسەر شەقامێکی پان و لەملاولاوە بە داری (ئۆکالبۆس) چنرابوو، ئەو شەقامە دەچووەسەر دەروازەی کۆشکەکە. خەڵکەکە پۆل پۆل دەڕۆشتن، هەموو پۆلێك نزیکەی حەفتا کەس دەبوو، زۆر بە وریایی بە تەنیشتی یەکەوە ڕێیان دەکرد تا دەگەشتنە ئەو شوێنەی پاسەوانەکانی شاژن بە خۆیان‌و تفەنگی ئامادەباشەوە وەستابوون، هێندە نابا تفەنگەکان ناڵەیان دێ‌و حەفتا کەسە دەمرن و دەکەون بەسەر ئەو حەفتا تەرمەی پێش خۆیان، ئیدی بەو جۆرە چین لەدوای چین تەرم زیاد دەکات‌و ئەو تەپۆکە تەرمە بەبێ وەستان بەرز دەبێتەوە! دایکەکان کە سەرپۆشیان لەسەردابوو لەو شارە تاریکەدا وەستابوون‌و پاڵیان بە کوڕە ئازیزەکانیانەوە دەناو دەیانوت: "بڕۆن شەهیدبن، بڕۆن ئەرکی خۆتان بەجێبهێنن، بڕۆن بمرن!".

ئیمام بە دەنگی نوساوەوە دەیوت: "دەبینی چەندە خۆشیاندەوێم؟ هیچ ستەمێك ناتوانێت بەر بە تەوژمێکی خۆشەویستی وەك ئەم تەوژمە بگرێت!" جوبریلیش بە گریانەوە وەڵامی ئەدایەوە: "ئەمە خۆشەویستی نییە، ئەمە ئەوپەڕی ڕق‌و کینەیە! هەر ئەو کینەیە کە پاڵیان دەنێتە باوەشت!". ئیمام دێتەوە گۆو دەڵێت: "شتی وانییە، ئەوان خۆشیان دەوێم، چونکە من ئاو و ژیانم، لەکاتێکدا ئەو گەندەڵی‌و چەپەڵییە! ئەوان خۆشیان دەوێم، چونکە من دوژمنەکانی خودا لەناو دەبەم. بەڵام ئەو کەسانەی پشت لە خودا دەکەن، ئەوانە خۆشەویستی‌و ئارامی لەدەست دەدەن، ئەوانە چیتر هەست بە بێسنوری‌و هەتاهەتایی کاتی خودا ناکەن،

ئەو کاتەی کە رابردو و ئێستاو ئایندەی لەخۆگرتووە! من نەمرم، بەڵام ئەو هیچ نییە جگەلە بەشە چرکەیەك یان رەنگە لەوەش کەمتر بێت! لە پاش شۆڕش چیتر کاتژمێر بوونی نامێنێت، وشەی کاتژمێر لە فەرهەنگەکانمان فڕێدەدەین، لەپاش شۆڕش چیتر جەژنی لەدایکبوون نامێنێت، چونکە دووبارە لەدایکدەبینەوەو هەموومان لە چەرخێکدا دەمێنینەوە، کە لەبەرچاوی خوای گەورەدا نە پێشدەکەوێ نەدەگۆڕێ"!

ئیمام بێدەنگ دەبێت پاش ئەوەی خەڵکەکە دەگەنەبەر هەڵمەتی تفەنگەکانو بەدەستیانەوە لاڵیاندەکەن، ئەوجا ئەو جەماوەرە یاخییە کە لەشێوەی مارێکی زەبەلاحە یەکانگیربوو لەگەڵ پاسەوانەکاندا، بەو جۆرە خۆیانو تەقەی چەکە بکوژەکانیان بێدەنگدەکەن. ئیمامیش بە حەسرەتەوە هەناسەیەك هەڵدەکێشێو دەڵێ: "کۆتایی پێهات"!

ڕووناکی ناو کۆشکەکە دەکوژێتەوە، خەڵکەکەش بە هەمان ریتم بەرەو کۆشك دەچن، لەناو کۆشکەکەوە قیژەیەکی هەراسانکەر بەرز دەبێتەوە، هێندە نابا گومەزە زەردەکەی کۆشکەکە دەتەقێتەوەو بەشێکی خلۆردەبێتەوە، وەك ئەوەی هێلکەیەك توێکڵەکەی لێبێتەوە. ژنەخێوێکی ئەفسانەیی بە گڕێکی رەشو جووتێ باڵی گەورەوە دێتەدەر، درێژی قژی شانی ئەدا لە شان پرچی لاتو بە هەوادا پەرشوبڵاوبۆتەوە، جوبریل دەرکی بەوەکرد ئەو خێوەژنە کەسی تر نەبوو جگە لە لات کە لە لاشەی عائیشەوە هاتبووەدەر. ئیمام فەرمان ئەداتو دەڵێت "بیکوژن"، جوبریلیش لەسەر دوانگەی ئاپۆڕەکە ئیمام دادەبەزێنێت. ئیمام هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوەو خۆشحاڵی خەڵکەکە لەئامێز دەگرێ، ئەو خۆشحاڵیەی بەسەر هاوارەکانی خواوەنددا هەڵدەچێ، پاشان ئیمام بێویستی خۆی دەبێتە بووکەڵەیەكو لەناو گۆڕەپانی جەنگدا خۆی دەبینێتەوە. کاتێکیش لات چاوی بە ئیمام دەکەوێ،

گورِ بەخۆی ئەداو بە هەموو هێزێکییەوە بەرەورووی دەچێ. بە هەردوو دەستی چەخماخەیەکیان تێدەهاوێ، ئەوجا جەنگو پێکدادان دەستپێدەکات. هەریەك لە جوبریلو ئیمام سستو بێهێز دەبن، هێندە نابا تێکدەشکێن، بەڵام لات بەر لەوان تێکدەشکێو دەکەوێتە خوارەوە، بەسەر سەردا ئەدات بە زەویداو سەری وردو خاش دەبێ. جوبریل بە تۆقیوی چاو لەسەر ئەو هەڵدەبڕێو ئاورِ ئەداتەوە، دەبینێت ئیمام بۆتە جانەوەرێکی زەبەلاحی سامناكو لە هۆڵەکەی پێشەوەی کۆشکەکەدا لەسەر ئەژنۆ چۆکی داداوەو بەرِووی ئەو خەڵکەدا دەنەرِێنێت کە لە دەروازەکانەوە بە لێشاو دێن، ئەوجا هەموویان هەڵدەلوشێو پاشماوەیان ناهێڵێتەوە، لەو لایشەوە جەستەی لات بەسەر چیمەنەکەدا دەتوێتەوەو هیچی لێ جێنامێنێت.

ئەوکات هەموو کاتژمێرەکانی شار بەبێ وەستان زورِنا لێدەدەنو نیشانە بە کاتژمێر دوازدە ئەدەن، پاشان بە بیستو چوار، دواتر بە یەك. لەدوای هەزاریش ئاماژە بە کۆتایی هاتنی کات ئەدەن، ئەوجا ئیتر ئەو دوایی هاتنەی کات کە ئیمام مژدانەی پێئەدا دەستپێدەکات. لەو بەرەبەیانە یەکلاکەرەوەدا، لە بەرەبەیانی چلهەمین ساڵیادی لەدایکبوونی، زەمەندار (میرزا سەعید ئەختەر) لە ژوورێکی پرِ لە پەپوولەدا بە رامانەوە تەماشای هاوسەرە نوستووەکەی دەکرد، هێندە خۆشیدەویست هەستیدەکرد خەریکە دڵی ناڵە دەکات!

میرزا بەهۆی خەونێکی ناخۆشەوە لە خەو هەستا، خەونەکەشی لەبارەی کۆتاییەکی پرِ کارەساتی ژیانو جیهانەوە بوو. ژوورە شێدارە تاریکەکەی میرزا کە ژووری نوستنی بوو، پرِبووبوو لە پەپوولە! بە هێمنی لەسەر چرپاکەی هەستایەوەو بەسەر بەلەکۆنی کۆشکە بەرزو بڵندەکەیدا کەوتە پیاسەکردن، پەپوولەش بە

دوایەوە دەفڕین، وەك ئەوەی زێواری ئەو بن! ئەو ناوچەیە ناوبانگی بەو پەپوولانە وەرگرتبوو، شەو و ڕۆژ وەك لەشکرێکی بێشومار بەو ناوەدا دەهاتنو دەچوون.

وەلێ ئەو پەپوولانە لە جۆرێکی تایبەت بوون، لەو جۆرە پەپوولە قۆڕیئاسایانە بوون بەپێی شوێن ڕەنگیان دەگۆڕا، ئەو پەرجوەش لە کۆشکی زەمەندارو ناوچەکانی دەوروبەری بووبووە دیاردەیەکی ئاساییو بەشێوەیەکی سروشتی تەماشای دەکرا. ئەگەرچی لەڕاستیدا وەك ژنە خزمەتکارەکانی کۆشك باسیدەکەن، ئەم پەپوولانە ماوەی نۆزدە ساڵە لەو شوێنانەدا نەبینراون، ئەو خزمەتکارانە باس لە ئەفسانەی ئەم پەپوولانە دەکەنو دەڵێن ئەم پەپوولانە ڕۆحی یەکێ لە کەشیشەکانە کە ناوی (بیجی)ـیە، ئەم کەشیشەیە بۆماوەی دوو سەدو چلو دوو ساڵ ژیاوە.

گۆڕەکەی کە بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە کەس لەبیری نەماوە لەکوێیە، سەرچاوەی چاکبوونەوەو تیماربوونی نەخۆشە پەککەوتەکان بوو! لەپاش مردنی بیجی، پەپوولەکان دیارنەمان، بەڵام ئێستا سەریان هەڵداوەتەوە، ئەمەش لە سەرەتاوە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ورەی زۆرێك لە دانیشتوانی ناوچەکە. بەڵام کە هیچ رووی نەدا ئیدی ورەیان روخا!

کۆشکەکەی زەمەندار پێی دەوترا (بیرستان)، گوندەکەی تەنیشتیشی پێیدەوترا (تیتلبیر). لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا زەمەندار لە پاش دیتنی ئەو دیمەنە جوانانە بە هەناسەبڕکێوە چوو بۆ ژووری نوستن، کە دەکەوتە ئەو بەشەی تایبەت بوو بە (میشێڵ)ـی ژنی، ئەو هێشتا نوستبوو وەلێ ئەم زۆری حەزدەکرد پەردەکوللەکە لەسەری لاباتو لە تەنیشتیەوە دانیشێتو بست بە بست جەستەی ماچ بکات، ئەو جەستەی مێشولەیەك لە یەکێ لە کونەکانی پەردەکوللەکەوە

دزەی کردبووە ناوەوەو پێوەی دابوو! بەڵام دانی بە خۆیدا گرتو بە راوەستاوی مایەوە، تەماشایدەکرد چۆن بە خەوتووی پاکیزەیی لێدەبارێت، تەماشای پرچی نەرمی دەکرد، تەماشای پێستی سپی دەکرد، تەماشای چاوەکانی دەکرد، کە بە برژانگە درێژە لێکئالاّوەکانی داپۆشرابوون!

باوکی میشێڵ بەڕێوبەری بانکی ناوەندی ویلایەتەکە بوو، داخۆ کێ بێ بیەوێت سامانو پارەی خانەوادەی میرزا بەدەستبێنێت، ئەو خانەوادەی بەرەو لەناوچوون دەچوو، کە دەبووایە بەم هاوسەرگیرییە نەشونما بکاتەوە کە زادەی خۆشەویستییەکی راستەقینەبوو. ئەگەرچی هەتا ئەو کاتەش نەیانتوانیبوو منداڵ بخەنەوە. میرزا سەعید رێی بە خۆی دا سۆزی دڵی سەربەستکاتو بە هەوادا ماچێك بۆ هاوسەرەکەی هەڵبدات، دواتر بەسەرە پەنجەی پێی، ژوورەکەی جێهێشتو دووبارە گەڕایەوە بۆ بەلەکۆنە سەرەکییەکەی قاوشەکەی خۆی لە نهۆمی سەرەوەی کۆشکەکە. کاتێ بە باخچەکانی دەوروبەری کۆشکدا دەیڕوانی چاوی کەوتەسەر کیژێکی گەنج بە هەڵتروشکانەوە لەسەر مێرگەکە دانیشتووەو بەسەر دەستی چەپییەوە کۆمەڵێك پەپوولە نیشاونەتەوە، پەپوولەیەکیانی گرتو خستیە نێو دەمیەوە، بەمشێوە ژەمە خۆراکی بەرەبەیانی خوارد، کە بریتی بوو لە پەپوولەیەکی خۆسپێر.

کاتێ میرزا سەعید ئەو کیژەی بینی، بە ئارەزوویەکی بێشومارەوە سەرنجی بۆی چوو، بەڵام دەستبەجێ شەرمەزاربوو بەرامبەر بە خۆی. کیژەکە بە چەشنی هەموو ئافرەتە هەژارەکانی ئەو گوندە بە سارییەکی زەرد لاشەی رووتی پۆشی بوو، کاتێ سەری دەچەماندەوە بۆ خواردنی پەپوولەکان، سارییەکەی بەری بە زۆربەی بەشەکانی لەشییەوە دەخزایە خوارەوەو مەمکۆڵە بچکۆلەکانیشی دەردەکەوت.

بەڵام میرزا جوڵەیەکی لێوەهاتو سەرنجی کیژەکەی بە لای خۆیدا راکێشا، بۆیە کچەکە بە خێرایی سەری هەڵبڕیو چاوی راستەوخۆ بەر چاوی کەوت، لە بەرامبەردا میرزاش هیچ جوڵەیەکی لێوەنەهاتو هیچیشی نەوەت، هەر بۆیە کیژەکە زۆر بە سادەیی گەڕایەوە بۆ خواردنی ژەمە خۆراکە سەیرەکەی، بێئەوەی چاوی لە روخساری ئەو هەڵگرێت. لە هەموو شتێك سەیرتر بەلای زەمەندارەوە ئەوەبوو پەپوولەکان بەپێی خۆیان دەهاتنە ناو لەپی دەستییەوە وەك ئەوەی بەوپەری ویستی خۆیانەوە بەرەو مەرگ بچن، جارێکیان پەپوولەیەکی هەڵگرتو خستیەسەر لێوی، میرزا سەریهەڵبڕیو بە باشی لێی وردبووەوە، بینی پەپوولەکان بۆخۆیان بۆناو دەمی دەچن بێئەوەی هیچ هەوڵێك بۆ رزگاربوون بدەن. هێندەی نەبرد کیژەکە چاوی وەرگەڕاو بە توندیو بە لەرزەوە کەوت بە زەویدا.

میرزا سەعید پاش ساتێك تیامان کەوتە هاوارو بانگکردنو دەیوت: "خەڵکینە وەرن، خێرا فریاکەون"! کچەکە دوچاری کرژبوونی جەستەیی بووبوو، میرزاش یەکەم کەس بوو گەیشتە لای، دوای ئەویش میشێلی ژنیو خزمەتکارەکان گەیشتنەجێ، پاش کەمێك کچەکە هاتەوە سەرخۆو پشوی داو خەوی لێکەوت، میشێل فەرمانی دا بیگوێزنەوە بۆ ژووری نوستنەکەی خۆی، بەمەش میرزا سەعید ناچاربوو رێبدات بەو کیژە شۆخو شەنگە لەسەر ئەو چرپایە بخەوێت، دووبارە ئەو هەستە قوڵە داگیری کردەوە کە زۆر لەوە قوڵترە وەسفبکرێت چونکە تەنها خواستو ئارەزوویەکە!

میشێل هاتو لە تەنیشتی مێردەکەیەوە وەستا، میرزا لێی پرسی: "تۆ دەیناسیت؟" ئەویش وتی: "بەڵێ دەیناسم. کچێکی هەتیوەو بژێوی ژیانی لەسەر دروستکردنی بووکەڵەیە، لە شێوەی ئاژەڵ دروستیان دەکاتو لەسەر رێگاکاندا

دەیانفرۆشێت، هەر لە منداڵییەوە تووشی نەخۆشی پەرکەم بووە"! میشێڵ سەری خستەسەر شانی مێردەکەیی‌و بە تاسەوە وتی: "جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز". ئەوجا میرزاش ماچێکی ناوچاوانی کرد. هەردووکیان وەستابوون‌و بە وردی تەماشای کچەکەیان دەکرد کە خەوتبوو، ئەو کچەی دواتر میشێڵ بە مێردەکەی راگەیاند ناوی عائیشەیە.

کاتێ عائیشە گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری، هەموو گەنجانی ناوچەکە بەردەوام تەماشایان دەکردو بووبووە مایەی بەرجەستەکردنی ئارەزووەکانیان، چونکە خاوەنی جوانییەکی بێشوماربوو، کە خۆی دەرکی پێی نەکردبوو، دەرکی بەو گوزارشتەی روخساریشی نەکردبوو، کە ئاماژە بە بێباکی ئەو ئەدات، وەك ئەوەی لە جیهانێکی تر بژی. خەڵکی لەنێوان خۆیاندا باسی ئەویان دەکردو دەیانوت ئەو کچە نیازیوایە پەیوەندی لەگەڵ دلّداریّکدا ببەستێت کە لە ئاسمانەوە دێت، چونکە پێیوایە زۆر لەوە شکۆمەندترە پەیوەندییەکی لەو جۆرە لەگەڵ پیاوانی ئەم جیهانە دوایی هاتووەدا ببەستێت! کچەکە نە دایکی هەبوو نە باوك، نەخۆشی پەرکەمیشی لەگەڵدا بوو، هەر بۆیە ئەو گەنجانەی شوێنی دەکەوتن‌و ئەم وەڵامی نەئەدانەوە، گلەیی ئەوەیان لێدەکرد، ئەو لەو پێگەدا نییە خۆی لەوان بە باڵاتر بزانێت، بۆیە لە ئەنجامی بێنەواییان دەیانوت ئەو لەبەرئەوەی کە نوقسانە کەس نابێتە مێردی‌و ناچار دەبێت دلّداریّك یان زیاتر بۆخۆی پەیداکات تاوەکو ئەو جوانییەی بە هەدەر نەچێت. سەرەڕای ئەو هەوڵانەی گەنجەکانی گوندی تیتلبیر، ئەو گوندەی عائیشە تێیدا دەژیا، عائیشە بە پاکیزەیی‌و داوێن پاکی مایەوە. کاتێکیش گەنجەکان بە خووە تازەکەییان زانی، خووی خواردنی پەپوولە، کەوتنە جاڕدانی قسەو باسی ئەوەی گوایە تووشی دەردێك بووە لە مێشکیدا، ئەمانیش دەترسن سێکسی لەگەڵ

بکەن نەبادا ئەو شەیتانەی لە جەستەیدایە بێتە جەستەی ئەمانەوە! دواجار ئەم پیاوە زۆرپەڕو چاوچنۆکانە وازیان لێهێنا، ئەویش لەگەڵ ئەو بووکەشوشانەی خۆیدا مایەوە کە لە شێوەی ئاژەڵ دروستیدەکردن! بەڵام گەنجێك جیاواز لەوانی تر بەردەوام لە بەرامبەر دەرگای ڕاڕەوی کوخەکەیدا دانیشتبوو وەك ئەوەی پاسەوانیی کوخەکەی بکات! ئەو گەنجە یەکێ بوو لەو دەستە بێژو و زۆڵانەی گوندی (شاتنا باتنا)ـی تەنیشتیان، بووبووە موسڵمانو ناوی خۆی نابوو عوسمان. بەڵام عائیشە هەر هەستی بە بوونی عوسمان نەدەکرد، تەنانەت هیچ گرنگ نەبوو بە لایەوە بزانێت ئەمە کێیەو کێ نییە.

لە پشت گوندی تیتلبیرەوە دارهەنجیرێکی درێژی زەبەلاح ڕوابوو، بە ڕادەیەك گەورەبوو بازنەیەك سێبەری دروستکردبوو تیرەی بازنەکەی دەگەیشتە زیاتر لە نیو میل. گوندەکە بووبووە بەشێك لەو دارە، دارەکەش بەشێك بوو لەو گوندە، ئەو گوندەی کە هەموو دانیشتوانەکەی موسڵمانن، هەر ئەمەش بوو وای لە عوسمان کرد، ئەو عوسمانەی لە ئایینی خۆی وەرەگەڕاوەو بوو بە موسڵمان، بە خۆیو کەرەستە تیزەجارەکانیەوە بێت بۆ ئەم گوندە، ئینجا گاکەیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. گاکەی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی عوسمان ئەگەر یەك بۆڕەی بکردایە مەبەستی لە (نەخێر) بوو، وەگەر دوو بوڕەی بکردایە مەبەستی لە (بەڵێ) بوو. عوسمان وەك کاردانەوەیەك لەدژی ئەو نائومێدییەی داگیریکردبوو هاتەسەر ئایینی ئیسلام، بەهیوابوو بوونی بە موسڵمانو لەخۆنانی ناوێکی ئیسلامی بە کەڵکی بێت. چونکە ئەو لە شاتنا باتنا ڕێی پێنەدەدرا ئاو لە بیرەکەیان دەربێنێ. لەبەرئەوەی پێیانوابوو ئەگەر زۆڵێك دەستی بەر هەر ئاوێك بکەوێت ئەوا ئاوەکە پیسو چەپەڵ دەکاتو چیدی بەکەڵکی خواردنەوە نامێنێ. لەبەرئەوەش عوسمان بە چەشنی

عائیشە هەتیوبوو، بۆیە تەنها سەرچاوەیەکی بژێوی ژیانی ئەوەبوو وەك تیزەجارێك کاریدەکرد. دەچوو جوتێ شاخی کاغەزی سوری لەسەر گاکەی دەکردو پارچەیەك قوماشی رازاوەی دەخستەسەر پشتیو لەم دێ بۆ ئەو دێ دەگەڕاو لە ئاهەنگو بۆنەکانیاندا رۆڵی گاڵتەئامێزانەی دەنواند. ئەو ئاخاوتنەی کە لەنێوان خۆیو گاکەیدا دروست دەبوو بەم شێوەیەی خوارەوەبوو:

- ئایا ئەم دێیەی ئێمە بۆی هاتووین دێیەکی باشە؟
- گاکە سەر دەبزوێنێتو یەك بۆڕە دەکات، "بروم" واتە نەخێر.
- چی دەڵێیت؟ یانی دانیشتوانەکەی گوناهبارن؟
- "بروم" واتە نەخێر.
- ئەی خوایە: کەواتە هەموویان دەچن بۆ دۆزەخ؟
- بروم، بروم "واتە بەڵێ".
- بەڵام براکەم ئایا هیچ هیوایەکیان نییە؟
- بروم، بروم.

گاکە بە بەڵێ بۆڕە دەکاتو چانسی سەرفەرازبوونیان پێدەدات، ئەوجا عوسمانیش دەچەمێتەوەو دەمی لە گوێی گاکە نزیکدەکاتەوە پێی دەڵێت: "دەی خێرا پێمبڵێ بزانم دەبێ چی بکەن تاوەکو سەرفەرازی وەدەستبهێنن؟" لەو ساتەدا گاکە کڵاوقوچەکەی عوسمان دەرفێنێت و بەسەر بینەرەکاندا دەیگێڕێت تاوەکو پارچەیەك پارەی ئاسنی تێبکەن، عوسمانیش هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بە خۆشییەوە هاوار دەکات: "برروم، برروم".

عوسمانو گاکەی لەلایەن دانیشتوانی تیتلبیرەوە خۆشەویستبوون، وەلێ ئەو گەنجە تەنها خۆشەویستی کچێکی دەویستو هیچی تر. جارێکیان لە گفتوگۆیەکی

نێوانیاندا عائیشە پێیوت موسڵمانبوونی تۆ هیچ نییە جگەلە جۆرێك لە پێچو پەناو فێڵو تەڵەکە، عوسمانیش هاوڕابوو لەگەڵیو وتی: "ئازیزم من تەنها بەم جۆرە دەتوانم ئاو بخۆمەوە". ئەم دانپیانانەی ئەو عائیشەی تووڕەکردو لە وەڵامدا پێیوت: "تۆ هەرگیز موسڵمان نەبوویتو بەشبەحاڵی خۆم حەزدەکەم بگەڕێیتەوە بۆ شانتا بانتا تاوەکو لەوێ لە تینویەتیدا بمرێت!". عائیشە بەردەوام بە لوتبەرزییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردو کاتێکیش بە بەردەمیدا تێدەپەڕی لوتی هەڵدەبڕی بێئەوەی نە بەیانی باشی لێبکات نە هەواڵی حاڵی بپرسێت.

ئەو گالسکیانەی کە بارە پەتاتەیان هەڵگرتبوو لە ڕێڕەوێکی تەسکەوە لە گوندی تیتلبیر دەردەچوون، ئەو ڕێڕەوەش هەر بە تایەی گالسکیەکان دروستبووبوو، ڕێڕەوەکە بە چوار کاتژمێر ڕێکردن دەچووەوە سەر شانتا باتنا، لەو شارۆچکەوە ڕێڕەوەکە دەچووەوەسەر ڕێگای سەرەکی. شاتنا باتنا چەندان عەماری عەمبارکردنی پەتاتەی تێدابوو کە لە ئەلەمنیۆم دروستکرابوون، ناوبانگی باشیشی هەبوو لە پیشەسازی یاری منداڵو بووکەڵەو پەیکەری بچووك کە بە ڕووی شوشە ڕوپۆشکرابوو!

عائیشە یەکێ لەو گالسکییە پەتاتانەی ڕاوەستانو سەرکەوتو دەستیگرت بە تورەکە پەتاتەکانەوە، بووکەڵەو یارییەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو بەرەو بازاڕ دەچوو، عوسمانیش لە شوێن خۆیەوە تەماشای دەکرد هەتا گالسکیەکە دووریخستەوە. کاتێکیش عائیشە گەیشتە شاتنا باتنا دەستبەجێ ڕۆیشت بەرەو ماڵی (سری سرنیقاس) کە خاوەنی گەورەترین کارگەی دروستکردنی بووکەڵەبوو لەو شارۆچکە.

ئەم سرنیقاسە پیاوێکی زەبەلاحی کەچەڵبوو تەمەنی لە نزیکی پەنجا ساڵێدا بوو. ئەو رۆژە بڕیاربوو عائیشە ببینێت، چونکە بەڵێنی پێدابوو هەر بووکەڵەیەك دروستدەکات لێی بکڕێت. سرنیقاس روخساری شێوا کاتێ بینی عائیشە دەستەیەك بووکەڵەی بۆ هێناوە، کە خۆی ئەدات لە دە دانەو هەموویشیان لە شێوەی گاڵتەجاڕێکەو کلاوێکی لەسەردایەو گایەکی رازاوەی لەگەڵدایە سەری بەرەو سەرو خوار دەبزوێنێ، ئەوجا سرنیقاس دەستبەجێ دەرکی کرد کە عائیشە لە گوناهەکانی عوسمان خۆشبووە! سرنیقاس هاواری لە عائیشە کردو وتی: "تۆ باش دەزانی ئەم پیاوە خیانەتی لە ئینتیمای خۆی کردووە، ئەو چەندە ئاسان پێڵاوەکانی دەگۆڕێ هێندە ئاسان خواکەی دەگۆڕێ، بەس خودا خۆی دەزانێ چیت بەسەرهاتووە کچی من، بەڵام من نامەوێ ئەم بووکەشوشانە بکڕم، چونکە ئەو کوڕە شەیتانە!" عائیشە بووکەڵەکانی گێڕایەوە بۆناو بوخچەکەیو هەستایەسەر پێ بڕوات بێئەوەی هیچ بڵێت! سرینقاس هاواری لێکردو وتی: "نەفرەتت لێبێ! تۆ بەم رەفتارەت ئازارم ئەدەیت، چونکە من نازانم تۆ پێویستت بە پارەیە! هەر کە رۆشتیتەوە بە پەلە دەستبکە بە دروستکردنی بووکەڵەی تر لەشێوەی خێزان ئەوجا منیش بە گرانترین نرخ لێتدەکڕم! کێشەکەی من لەوەدایە کابرایەکی زۆر سەختیم، بە رادەی گەوجبوون سەختیم".

نمونەی بووکەڵەی خێزانیی زۆر لە بووکەڵەی روسی دەچێ، بووکەڵەیەکیان باوکە، یەکێکی تریشیان دایکە، بووکەڵە دایکەکە کوڕێكو کچێکی لە ناودایە. ئەم بووکەشوشانە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری پەیامێکن ئەویش ئەوەیە هەموو خێزانێك دوو منداڵی بەستەو پێویستی بە خستنەوەی منداڵی تر نییە!

کاتێ عائیشە خەریکی چوونەدەرەوە بوو، سرینقاس هاواری لێکردو وتی: "بەزوترین کات ئەو بووکەشوشانە دروستکە، چونکە بووکەڵەی خێزانیی رەواجێکی باشی هەیە".

عائیشە ئاوڕیدایەوەو بەدەم زەردەخەنەوە وتی: "خەمی منت نەبێ سرینقاس" هێندەی نەبرد شوێنەکەی جێهێشت.

عائیشە پاش چلو هەشت کاتژمێر کە گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی قژی وەك بەفر سپی بووبوو، پێستیشی وەك منداڵێکی کورپەی تازە لەدایکبوو درەوشانەوەو قەشەنگی بۆ گەڕابۆوە. سەرتاپا رووتبوو، وەلێ پەپوولەکان تەواوی جەستەیان داپۆشیبوو. کاتێ عوسمان چاوی پێکەوت ترسی خودا گرتیو نەیوێرا لێی نزیك ببێتەوە. کاتێکیش عائیشە لە پاش شەو و رۆژێك خەوتن هەستایەوە، راستەوخۆ چوو بۆلای (موحەمەد دین) کە ئەنجومەنی گوندەکەبوو، پێیڕاگەیاند کەوا جوبریلی گەورەی فریشتەکان هاتۆتە خەوی، عائیشە بە موحەمەد دینی وت: "خێرو بەرەکەت بەسەر گوندەکەمانا رژاوە".

هەر ئەوەندە ئەو هەواڵە بڵاوبووە عائیشە بانگکرا بۆ کۆشکی زەمەندارو رۆژانە بۆماوەی چەند کاتژمێرێك لەگەڵ میشێلی ژنی زەمەنداردا دەمایەوە، ئەم بانگکردنەی عائیشە بۆ کۆشك هاوکاتبوو لەگەڵ هاتنی دایکی میشێڵ، دایکی میشێلیش بەشبەحاڵی خۆی خۆشحاڵبوو بە دیتنی هاوسەرە پرچ سپییەکەی گەورەی فریشتەکان.

جوبریل دەیەوێت لەو بارەوە نارەزایی دەربڕێت، دەڵێت من دەستم تێوەنەداوە! نەفرەتم لێبێ گەر بزانم ئەم کچە لەکوێوە ئەم هەواڵانە دێنێ، بێگومان لە

خۆیەوە هەڵیان نابەسێت! بەڵام جوبریل ناتوانێ نارەزایی دەربڕێت، چونکە خەوتووەو خەودەبینێت.

ئەوەی روویدا ئەوەبوو ئەم کچە کاتێك بە ماندویی لەڕێگەی گەڕانەوەدابوو بۆ گوندەکەی، لە شەکەتیدا پاڵیدایەوە، چاوی بە پیاوێك کەوت تیشکێکی درەوشاوە بەدەوری سەریدا هاتووە، ئیدی پاش کەمێك تێڕوانین کچەکە بەسەری ئاماژەی بۆ دەکات، هێندە نابا سارییەکەی بەری دادەکەنێتو بەڕووتی لە تەنیشتیەوە رادەوەستێ.

میرزا سەعید هەستیدەکرد لە چلهەمین ساڵڕۆژی یادی لەدایکبوونییەوە ئارەزووە سێکسیەکانی یەجگار زیادیانکردووە! ژنەکەی ئەم حاڵەتەی مێردەکەیی بەلاوە سەیربوو. چونکە پەیوەندی سێکسییان هێندە تاوی سەندبوو خزمەتکارەکان ناچاربوون رۆژی سێ جار چەرچەفی چرپاکەیان بۆ بگۆڕن! میشێڵ لە ناخی خۆیدا ئومێدی وابوو ئەم تاوسەندنەی ئارەزووە سێکسیەکانی مێردەکەی ببێتە هۆی سکپڕبوونی، پاش ئەو چەند ساڵەی بێهودەی لە سەردانکردنی پزیشکدا بەسەریبرد لەپێناو ئەوەی سکی پڕبێت.

خانوویەکیان هەبوو لە شار تایبەتیان کردبوو بۆ ئەو ئاهەنگانەی کە لەگەڵ هاوڕێکانیاندا سازیان دەکرد، لە یەکێ لەو سەردانانەیاندا بۆ ئەو خانووە، میرزا بە ژنەکەیی وت: "میشۆ گیان پێت چۆنە بگەڕێینەوە بۆ گوندەکە تاوەکو تۆش بچیتەوە بۆ وەتاخەکەی خۆت؟" میشێڵیش وەڵامی دایەوە: "چۆنت پێخۆشە با وابێ سەعید" میشێڵ لەم قسانەی میرزادا تێگەیی کە ئەو نیازیوایە پرۆگرامێك پەیڕەوبکات بۆ زیادکردنی خەڵوەتەکانیان، بەمشێوەش چانسی سکپڕبوونی زیاد دەبێت. هەر بۆیە (قورەیشی خانم)ـی دایکی بانگکردوە تاوەکو ئەو کاتانەی

مێردەکەی خەریکی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیەتی، دایکی لەو گوندە لە تەنیایی میشێڵ کەمبکاتەوە. وەلێ قورەیشی خانم زۆر توڕەبوو، دەیویست زاواکەی بهێنێتەسەر ئەو باوەڕەی کە واز لەو بیرۆکە گێلانە بهێنێتو چیتر کچەکەی لەو وەتاخەدا بەند نەکات، بەڵام میشێڵ دایکیی سەرسامکرد کاتێ داوای لێکرد شتی وا نەڵێت! قورەیشی خانم ژنی ئەو پیاوە گەورەیە کە خاوەنی بانکێکە، بەبۆچوونی قورەیشی خانم زاواکەی گەرچی بە رواڵەت پیاوێکی بەخشندەیە، بەڵام لە ناخەوە دەغەزارە، بۆیە گوێی بە تکاو پاڕانەوەی کچەکەی نەداو کەوتە گەڕان بە شوێن سەعید میرزا تا دواجار لەنێو باخچەکەدا دۆزییەوە، ئینجا هاواری لێکردو وتی: "کچەکەی من بۆ ئەوە دروستنەبووە تا جەنابت لە خانوویەکی ئاوەهادا بەندی بکەیت! ئەوجا پارەکانت چ گرنگییەکیان هەیە پەیدایاندەکەیتو لە گەنجینەکەتا دەرگایان لەسەر دادەخەیت، بە کەڵکی چی دێن ئەگەر خۆتو ژنەکەت خەرجی نەکەن، کچەکەم ببەو بچۆ بۆ شوێنێکی دوور کە لێرە ئازادترو بەچێژتر بێتو لەوێ خۆشەویستی خۆتی لەگەڵدا تازە بکەرەوە". میرزا بەڵێنی پێدا بیری لێبکاتەوە، ئەویش قیژاندی بەسەریاو وتی: "بیر لە چی دەکەیتەوە هەی دەبەنگ".
ئەم قسەی خەسوی تووشی ئازاری ویژدانی کرد، ئایا میرزا راستگۆبوو لەو بیانوانەی بۆ ژنەکەیی هێنایەوە کاتێ داوای لێکرد بگەڕێتەوە بۆ وەتاخەکەی، یان تەنها ئامرازێك بوو بۆ سازدانی کەشو هەوایەکی لەبار بۆ دیتنی عائیشە، بۆ بینینی پاکیزەی پەپوولەکان.

دەنگێك لە ناخییەوە وەڵامی دایەوەو وتی: "ئەم هەموو چالاکییە سێکسیە گەرموگوڕەت، ئەم بایەخدانەت بە نوێکردنەوەی ژینگەی هاوسەرەکەت، هیچ نییە جگەلە جۆرێك لە لەباربردن، راستییەکەی ئەوەیە تۆ تامەزرۆی ئەو کچە جوتیارە

داوێن پیسەیت، تۆ خەریکە شێت دەبیت بۆی، چاوەڕێیت بێت‌و داوێنپیسی لەگەڵدا بکەیت".

کاتێ میرزا سەعید تێبینی ئەوەی کرد ژنەکەی زۆربەی کاتەکانی بە تەنیایی لەگەڵ عائیشەدا بەسەردەبات، خەریکبوو بقیڕێنێ‌و لەداخا ناڵە بکات، میشێڵ بە هیوابوو گەورەی فریشتەکان کە مێردی عائیشەیە منداڵێکی پێببەخشێ، بەڵام نەیدەوێرا ئەم شتە لەلای مێردەکەی ئاشکرابکات. ئەم نهێنی پارێزییەی میشێڵ گومانی خستبووە دڵی میرزا سەعیدەوەو وایلێکردبوو هەست بە ئیرەیی بکات، بەڵام نەیدەزانی ئیرەیی لە عائیشە دەکات یان لە میشێڵ، بۆ یەکەمجار تێبینی کرد کە خانمی پەپوولەکان ڕەنگی چاوی خۆڵەمێشییەکی بریقەدارە، ئەمەش هەمان ڕەنگی چاوی ژنەکەی بوو وەك ئەوەی لێکچوونی ڕەنگی چاویان بیسەلمێنێت، ئەم دوو ژنە لە پشتییەوە پیلانی لێدەگێڕن‌و بە چپە نهێنی‌و شتانێك دەڵێن، کە مەگەر تەنها خودا خۆی بزانێت چین.

تەنانەت قورەیشی خانم کە پیرەژنێکی قەڵەو بوو، عائیشە توانی سەرنجی ئەویش بەلای خۆیدا رابکێشێت، میرزا سەعید لە دڵی خۆیدا وتی: "چ سیانەیەکی شێتن، کاتێ شێتی لە دەرگاوە دێتە ژوور، ئەقڵ لە پەنجەرەوە دەچێتە دەر".

عائیشە ئەو کاتانەی میرزای دەبینی لە باخچەکەدا پیاسە دەکات‌و هۆنراوەی سەودایی دەخوێنێتەوە، بەڕێی خۆیەوە دەڕۆیشت وەك ئەوەی شەرم لە میرزا دەکات‌و هیچ تێهەڵچوونێك لە روخساریدا دەرنەدەکەوت، هەر ئەمەشبوو وایکردبوو لە میرزا سەعید هێندەی تر نوقمی نائومێدی ببێت، هەتا رۆژێك هات‌و بڕیاریدا چاودێری عائیشە بکات‌و بزانێت ئەو کاتانەی لە ژووری ژنەکەیەتی چی دەکات، ئەمەو دوای چەند خولەکێك گوێی لێبوو خەسوی باوکە رۆیەتی‌و هاوار

دەکات. کاتێکیش چوو تەماشا دەکات قورەیشی خانم قژی خۆی هەڵدەکێشیۆ دەگریۆ هاواردەکات، لەو لایشەوە میشێڵو عائیشە بە تۆقیوی لەسەر چرپاکە بەرەوڕووی یەکتر دانیشتوونو بە چاوە خۆڵەمێشییەکانیانەوە تەماشای یەکتر دەکەن، هاوکات عائیشە لەپی دەستی خستبووەسەر روخساری میشێڵو دەیلاوواندەوە.

دەرکەوت ئەم شینو هاوارە لەبەرئەوەیە گەورەی فریشتەکان وتوویەتی ژنەکەی زەمەندار بە نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێتو مەمکەی تووشی لووی نەگریسو کوشندە بووە، بە چەشنێك تەنها چەند مانگێکی لە ژیاندا ماوە! کاتێ سەعید هاتە ژوورەوە عائیشە بە میشێڵی دەوت: "خوا رزگارو سەرفەرازت دەکات، ئەمە هیچ نییەو تەنها باوەڕت تاقیدەکاتەوە". ئەم قسانە میرزا سەعیدیان تورەکردو زۆر بە پەستی قیڕاندی بەسەر ژنەکانداو بە دەنگی بەرز هاواری لە عائیشە کردو وتی: "خۆتو خێوی شێرپەنجە تۆقێنەرەکەت بچن بۆ دۆزەخ! بە هاتنت بۆ ئەم ماڵە شێتیو فریشتەت لەگەڵ خۆت هێنا، ئینجا ئێمە لە جیهانێکی پێشکەوتوودا دەژینو تەنها پزیشکەکانیش دەتوانن نەخۆشی دەستنیشانبکەن، نەك ئەو خێوانەی لە کێڵگەی پەتاتەوە هاتوون، برۆ دەرەوەو جارێکی تر نەیەیتەوە بۆ ئەم ماڵە". ئەوجا میرزا ژوورەکەی جێهێشت، بەڵام گوێی لە عائیشە بوو بە ژنەکەیی دەوت: "هەرچیمان هەبێ دەیگێڕینەوە، جگەلەوەی داوای هەرچیەکی تریش بکەین". ئەو پێشتر گوێی لەو وتە بووبوو دانیشتوانی گوندەکە دەیانوتەوە بێئەوەی لە واتای راستەقینەی تێبگەن.

ئەقڵی لەدەست داو بێهۆشانە چووە ژوورەوەو دەستی هەڵبڕیو شەپازللەیەکی دا لە عائیشە، عائیشە کەوتە سەر زەوی و خوێن لە دەمیەوە

هاتەدەر، قورەیشی خانمیش بە جمێندان هات بە میرزاداو هاواری لێکردو وتی: "ئەی خوایە، تۆ بکوژو تاوانباریت، چ جۆرە پیاوێك لە ژن ئەدات! دە وەرە بەردەوامبەو لە منیش بدە. وەرەو دەستو پەنجەت بە ئێمە شلکە هەی بێشەرمی بێئابڕو، هەی کافر، هەی شەیتان، هەی پیسو چەپەڵ".

سەعید بێئەوەی هیچ شتێك بڵێت ژوورەکەی بەجێهێشت. لە رۆژی دواتردا میشێڵ ئەختەر سوربوو لەسەر ئەوەی بچێت بۆ شار تاوەکو پشکنینی پزیشکی تەواو ئەنجام بدات. پاش نیوەڕۆ لەگەڵ دایکیو شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەدا بەڕێکەوتن، میرزا سەعیدیان لەگەڵ نەبوو! ئەنجامی پشکنینە پزیشکییەکان پۆزەتیڤ بوون، کار لەوەدا نەمابوو نەشتەرگەری بۆ بکرێ، لووەکان بەتەواوی بڵاوەیان کردبوو، ئەوپەڕی تەنها شەش مانگ لە بەردەم میشێڵدا مابوو! میرزا کاتێ تێنووسی پزیشکەکەی خوێندەوە ئارەزوویەکی بێشوماری لە گریان بوو، بەڵام چاوەکانی بەرهەڵستیان دەکردو بە وشکی مانەوە. لە دڵی خۆیدا وتی: "ئەمە نەفرەتو بەڵایە بەسەر ئێمەدا هاتووە، من جمێنم بە عائیشەدا ئێستا ئەویش دەیەوێت بە کوشتنی ژنەکەم تۆڵەم لێبکاتەوە".

میشێڵ لە وەتاخەکەی خۆیدا مایەوەو رازی نەبوو چاوی بە مێردەکەی بکەوێت، بە دەستی دایکیشیدا نامەیەکی بۆ نارد، کە تیایدا دەڵێت: "دەمەوێت عائیشە ببینم، تکامولیە میهرەبانی بنوێنیتو رێبدەیت"، سەعید سەری دانەوەندو رەزامەندی خۆیی دەربڕی، پاشان بە بێهۆشیو شەرمەزارییەوە دوورکەوتەوە.

عائیشە لە گوندەکە نەبوو، بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو لە بەرچاو ونبوو. عوسمانی تیزەجاڕی بەدبەختیش هەوڵیدابوو بە رێگای پەتاتە توزاویەکەدا شوێن پێی بکەوێت، بەڵام دواتر بە گوندنشینەکانی راگەیاند کە لە کاتی رۆشتنیدا بایەك

لەدوایەوە هەڵێکردوەو تەپو تۆز چەواشەی کردووە. کاتێکیش دووبارە چاوی هەڵهێناوەتەوە عائیشە لە چاو ونبووە، گوندنشینەکان بەتەواوی هاتبوونەسەر ئەو باوەڕەی ئەم کچە بە خۆیو عابا سپییەکەیەوە میراتگری راستەقینەی (بیجی)ـیە، ئەو کەشیشەی لە مێژە مردووە. بەڵگە لەسەر ئەوەش ئەو پەپولانەیە کە بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵی دەچنو وەك لێفەو چاکەت لەشی دادەپۆشن!

عائیشە لە رۆژی حەوتەمدا دەرکەوت، هیچ جلێکی لەبەردا نەبوو، پەپوولە ئاڵتوونیەکان دایانپۆشی بوو، پرچە زیویەکەیشی لەگەڵ شەماڵدا دەشەکایەوە. دەستبەجێ رۆیشت بۆ ماڵی (موحەمەد دین)ـی ئەنجومەنو داوای لێکرد ئەنجومەنی ریش چەرمووەکانی گوندەکە کۆبکاتەوە بە مەبەستی گرێدانی کۆبوونەوەیەکی بەپەلە. لەو شەوەدا ریش سپییەکانی گوندەکە هەریەکەو لەسەر پەلێکی تایبەتی خۆی، لەسەر درەختەکە دانیشتبوون، عائیشەیش لەسەر عەردەکە لە بەرامبەریاندا وەستابوو. عائیشە پێی وتن: "لەگەڵ فریشتەدا سەرکەوتم بەرەو بەرزی بانان، تا گەیشتینە لای درەختەکەی[1] تەنیشت عەرشی خودا، ئەو فەرمانی بە هەمووومان داوە، فەرمانی بە هەموو پیاو و ژنو منداڵێکی ئەم گوندە کردوە تا خۆمان ئامادەکەینو بچین حەج بکەین، فەرمانی کردوە لێرەوە بەرێکەوین بەرەو مەککەی پیرۆز تاوەکو لە کەعبەو لە ناوەڕاستی حەرەمی شەریفدا حەجەرولئەسوەد ماچکەین، ئێمەش پێویستە لەسەرمان ئەم فەرمانە بەجێبهێنینو لێرەوە هەتا حەج بکەوینە رێ".

مشتومڕێکی گەرم لەنێوان کەسایەتییەکانی گوندەکەدا دروستبوو سەبارەت بە چۆنیەتی بەجێهێنانی ئەرکی حەج، کە بتوانن لە هەمان کاتدا ئاگایان لە

---

[1] درەختەکەی تەنیشت عەرشی خودا: سدرە المنتهی. وەرگێڕی کوردی

کاروباری بەروبوومە کشتوکاڵیەکانیان بێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە ناتوانن بە کۆمەڵ ماڵەکانیان بەجێبهێڵن، عائیشە هیچی نەوت هەتا ئەوان بێدەنگبوون، سەرەنجام مەسەلەکەیان بڕییەوەو بڕیاریاندا ئەو ئەرکە بەجێبهێنن بێئەوەی کەسیان بزانن بە چ ئامرازێك دەتوانن ئەم کارە بکەن. بەڵام عوسمانی تیزەجاڕی وەرگەڕاو لە ئایینی خۆی، هاواریکردو وتی: "ماوەی نێوان ئێرەو دەریا نزیکەی دوو هەزار میلە، ئینجا چی دەکەی لەو هەموو پیرو منداڵە کۆرپە، چۆن دەتوانین گەشتێکی لەم جۆرە بکەین؟" عائیشە بە هێواشی وەڵامی دایەوە: "خودا یارمەتیمان ئەدات، خودا توانای ئەوەمان پێدەبەخشێ کە بتوانین ئەم کارە بکەین".

عوسمان هاورایکردو پەردەی لەو کەنارگیرییە هەڵدایەوەو وتی: "دەریایەکی قوڵو فراوان لەنێوان ئێمەو مەککەدایە، چۆن لەو دەریا دەپەڕینەوە؟" عائیشە بە هێمنی پێیوت: "فریشتە هەموو ئەم شتانەی روونکردەوە، پێیوتم ئێمە دەبێ دوو هەزار میل بە پێ بڕۆین تا دەگەینە کەناری دەریا. ئەوجا هەر ئەوەندەی پێمان بەر کەفی سەر ئاوەکە دەکەوێت ئاوی دەریاکە لە بەردەممان دەبێ بەدوو کەرتەوە، شەپۆلەکان دووردەکەونەوە، بەسەر زەمینی بنی زەریاکەدا ڕێدەکەین، هەتا دەگەینە مەککە".

لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتردا میرزا سەعید هەستایەوە، بینی ماڵەکەی خزمەتکاری تیانەماوە، تێبینی کرد چالاکییەکی گەرم لە گۆڕەپانی ژێر درەختەکەدا بەڕێوەدەچێت، خەڵکی گوندەکە هەرچی ئامرازی خواردنو نوێنو بەتانییان هەیە کۆیانکردوەتەوە، سپێدەی ئەو ڕۆژە هەستاونو هەموو پێداویستییەکی خۆیان کۆکردوەتەوە، هەموو ئەم کارانەش لەژێر ئامۆژگاریو ڕێنمونی موحەمەد دینـی ئەنجومەندا بەڕێوە دەچووە. زەمەندار بە توڕەییو بێزارییەوە بەرەوڕوویان ڕۆیشتو

بۆماوەی چلو پێنج خولەك بە وتاردانێکی پەنهان دوای خستن، یەك بە یەك شانی دەگرتنو رایدەوەشاندن، بەڵام دواجار دەستی لێ بەردانو لێیاندوورکەوتەوە، لە داخاندا بە هەردوو دەستی دەیدا بەسەر خۆیداو جنێوی پێدەدانو هاواری دەکرد: "گێژی پەتەڕییانە". میرزا هەمیشە پیاوێکی بێباوەڕبوو، دەبوایە لێگەڕێی تا بە تەنیا خۆی رووبەڕووی چارەنوسیی خۆی بێتەوە، کاتی ئەوەش نەبوو مشتومڕ لەگەڵ پیاوێکی وەك ئەودا بکرێت. تا کاتی خۆرئاوابوون، گوندنشینەکان ئامادەبوون بۆ کۆچکردن، میرزا کاتێك تەماشای دەکردن هەموویان پێکەوە خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلن خەریکبوو شێت دەبوو بەو دیمەنە، بۆیە بەرەو وەتاخی ژنەکەی رۆیشتو بە رابواردنەوە دەیوت: "سەرتاپای دانیشتوانی تیتلبیر پشوو وەردەگرن. ئەوەتا خۆیان ئامادە دەکەنو بە رێدەکەون بەرەو کەناری دەریا، داخۆ چی بەسەر خانوو و کێڵگەکانیاندا دێت؟! ئەوان خۆیان تووشیماڵوێرانی دەکەن، بێگومان ئەم کارە هاندانێکی سیاسی لە پشتەوەیە، یان کەسێك بەرتیلی داوە بە کەسێکی تر تاوەکو ئەم کارە گێلانە جێبەجێ بکات، پێتوایە میشێڵ ئەگەر پارەیان بدەمێ ئاقلانە دەمێننەوە؟".

بەڵام دەنگی تێکچوو کاتێ بینی عائیشە لە ژوورەکەدایە، ئەوجا جنێوی پێداو وتی: "هەی لەشفرۆش". عائیشە بە چوارمشقییەوە لەسەر چرپاکە دانیشتبوو، میشێڵو دایکیشی لە عەردەکەدا چەمابوونەوەو کەلوپەلیان کۆدەکردەوەو خەریکی ژماردنی ئەو پێداویستییانەبوون کە بۆ گەشتی حەج پێویستیان دەبێت!

میرزا سەعید بە توندی بەرامبەر بە ژنەکەی هاتە گۆو وتی: "تۆ ناڕۆیت. من ناهێڵم بڕۆیت، تەنها شەیتان دەزانێت ئەم سۆزانییە چ میکرۆبێکی بەناوتاندا

بڵاوکردۆتەوە، لادێییەکانی تووشی ئەم دەردە کردوە! بەڵام تۆ ژنی منیتو ناهێڵم جەربەزەیەکی خۆکوژییانەی لەم شێوە ئەنجام بدەیت".

میشێڵ بە پێکەنینێکی زەرەتاڵەوە وەڵامی دایەوە: "بڕوانە سەعید چەند وشەی جوان بەکاردێنیت! تۆ باش دەزانیت من پەشیمان نابمەوە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا باسی خۆکوژی دەکەیت!". قورەیشی خانم قسەی هێنا بەناوداو وتی: "دوور بکەوەرەوە کوڕم، چونکە ئێمە تەنها باوەڕداران لەخۆ دەگرین، شوێنمان نییە بۆ بێباوەڕ! فریشتە بە عائیشەی وتووە ئەگەر میشێڵ بچێت بۆ مەککەو حەج بکات ئەوا بەتەواوی لە شێرپەنجە رزگاری دەبێت". پاش ماوەیەك بێدەنگی سەعید پرسی: "ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیەو دەتانەوێ عەمرە بکەن ئەوا بە فڕۆکە دەچین، پاش دوو رۆژی تر دەگەینە مەککە". میشێڵ وەڵامی دایەوە: "فەرمانی داوە بەپێ بچین". سەعید کۆنترۆڵی لەدەستداو کەوتە هاتووهاوارو دەیوت: "ئەی هاوار میشێڵ، ئەی هاوار میشێڵ، گەورەی فریشتەکان فەرمانی پێدان؟ جوبریل؟ ئەی هاوار میشێڵ، خوداو شەیتانی چی؟ تاکەی بەمشێوە بیردەکەیتەوە؟ ئەی کە دەریاکە دووکەرت دەبێ ئاوە زیادەکەی بۆ کوێ دەچێ؟ ئایا پەرجو بوونی هەیە، ئایا بڕوات بە فردەوس هەیە میشۆ؟ جا ئایا گوناهەکانی من دەوەرن؟". بەدەم ئەم قسانەوە دەستیکرد بە گریانو لەسەر ئەژنۆ چەمایەوەو ناوچاوانی لکاند بە دیوارەکەوە، ژنەکەیشی لەدواوە باوەشی پیاکردو وتی: "کەواتە وەرە لەگەڵمان بۆ حەج". میرزاش وتی: "دە تۆ لانیکەم ئۆتۆمبێلە مارسێدس ستەیشنەکە ببە لەگەڵ خۆت. ئامێری فێنککەرەوەی هەوای تێدایە، دەشتوانی سندوقی سەهۆڵەکەی بەریت، پڕیەتی لە خواردنەوە". میشێڵ بە نەرمی وتی: "وەك هەموو خەڵکێکی تر دەچین،

خۆ ئێمه ناچین پیاسه لەسەر کەناری دەریا بکەین". میرزا بەدەم گریانەوە وتی: "نازانم چی بکەم؟ من چیتر ناتوانم به تەنها خۆم ئەم کێشەیه چارەسەربکەم".

عائیشه که بەسەر چرپاکەوەبوو پێی وت: " هاوڕێ میرزا، وەره لەگەڵمان تا رۆحت رزگاربکەیت". سەعید هەستایەسەر پێ هەردوو چاوی سوربووبوو، به دڵنیاییەوه وتی: "خودا بوونی نییه" ئەویش وەڵامی دایەوە: "هیچ خوادیەکی تر بوونی نییه خودا نەبێ، موحەمەدیش پێغەمبەریەتی". میرزا درێژەیداو وتی: "ئاوەکه دووکەرت نابێ". عائیشه وەڵامی دایەوە: "دەریاکه به فەرمانی فریشته دووکەرت دەبێ" ئەویش وتی: "تۆ ئەم خەڵکه بەرەو کارەساتێکی راستەقینه دەبەیت". عائیشه وتی: "من دەیانبەم بۆ ئامێزی خودا". میرزا وتی: "من باوەڕت پێناکەم، بڕوا بەو قسانەت ناهێنم، بەڵام لەگەڵتان دێمو لەگەڵ هەموو هەنگاوێکتاندا هەوڵدەدەم سنورێك بۆ ئەم شێتییەتان دابنێم". عائیشه خۆشحاڵبوو و وتی: "خوا رێگای زۆری هەیه، ئەو کەسانەی گومانیان هەیه هەر رێگایەك بگرنەبەر سەرئەنجام دەیانبات بەرەو بڕواداری".

میرزا سەعید ئەختەر هاواری لێکردو وتی: "بڕۆ بۆ دۆزەخ" ئەوجا ژوورەکەی جێهێشتو پەپولەکانی دەرەوەی ژوورەکەی شێواند.

عوسمانی گاڵتەجاڕ لەکاتێکدا خەریکی پاککردنەوەی گاکەی بوو، چپانی بەگوێیداو وتی: "کامیان لەوی تر شێترە: کچە شێتەکه یان ئەو گەوجەی خۆشی دەوێت؟" بەڵام گاکه وەڵامی نەدایەوە، عوسمان درێژەی به قسەکانی داو وتی: "ڕەنگه بۆ منو تۆ واباشبێ به شاربەدەری بمێنینەوە، چونکه پەڕینەوە له دەریا، لەو بیره خراپترە که ئاوەکەییت لێ حەرام بێت".

گاکه سەری بزواندو به بەڵێ دوو جار بۆڕاندی، بووم، بوووم!

## بەشی پێنجەم

## شارێکی روونی نەبینراو

بەڕێز موحەمەد سوفیان خاوەنی قاوەخانەی شاندارو هوتێلە بچووکەکەی سەرەوەی بوو، بەرلەوەی بێت بۆ لەندەن لە شاری دەکای بەنگلادش مامۆستابوو، کەسێکی هۆشیارو رووناکبیربوو. لەو شەوەدا بە زەنگی دەرگاکەیاندا خەبەری بووەوە، بەو نیوە شەوە جار لەدوای جار زەنگ لێدەدرا، ئەویش بە خۆیو بالآ کورتەکەیەوە کە لە 140سم زیاتر نەبوو، هەستایەسەر پێ، بە لەش خاوی چاوی خوراندو چاویلکەکانی پاککردەوە. بە وریاییەوە دەرگاکەی کردەوە تەماشادەکات جێمی جوشی جانەوەرە شاخدارەکەی لەگەڵدایەو بەهۆی سەرماو تێهەڵچوونەوە دەلەرزێت! کاتێك هاتنە هۆڵەکەوە سوفیان بەو جانەوەرەی وت، کە بۆ گەرمکردنەوەی دەستی فوی لەدەستەکانی دەکرد: "ئەی هاوار تۆ چ کەسێکی بێنەوا بەدبەختی، بەهەرحاڵ پێویست بە بێئومێدی ناکات، با بچم ژنەکەم بەخەبەر بکەمەوە".

چمچا ریشی تەواو درێژو لول بووبوو، بە لێفەیەکی خوری خۆی داپۆشیبوو، جێمی جوشی لە ماڵی پامێلا یاخود راستر بڵێین لە ماڵی خودی چمچا ئەو خوریەی پێدابوو. سوفیان کاتێ گەڕایەوە درێژەی بە قسەکانی داو وتی: "باشترین شت لە ئێستادا پێشکەشی بکەین شۆربای گەرمی مریشکە".

ئینجا ئاوڕی دایەوە بەلای ژنەکەیداو وتی: "ئەمە ژنەکەمە، خاتوو هیندی ناوە". ئەوجا بە ژنەکەیی وت: "ئەمە هاوڕێی حاجی جوشییە". ژنەکەی هاواریکرد: "ئەمە چ هاوڕێیەکە؟ پیاوەکە مەگەر تۆ چاوت لەدەستداوە؟".

هۆڵەکە پڕبوو لە دانیشتوانی هوتێلەکە، لە پێشی پێشیانەوە دوو کچە هەرزەکارەکەی سوفیان هاتن: میشێلی حەڤدە ساڵو ئەناهیتای پازدە ساڵ، جلوبەرگی وەرزشیی کاراتییان لەبەردابوو، کە لە فێرگەی هونەرە سەربازییەکان لەسەر دەستی جێمی جوشی فێری دەبن! خۆشحاڵیو سەرسامییان پێوە دیاربوو بە بینینی دیمەنی شێواوی چمچا!

بەڵام دایکیان هێشتا دەترساو خۆی دەپاراست، ئینجا بە دەنگی بەرز وتی: "تۆ بڕوانە بۆ ئەم پیاوەی مێردم؟ چ حاجییەك بەدەستی خۆی ڕێگە بە خودی شەیتان ئەدات بێتە ماڵەکەیەوە، هێشتا بەوەشەوە ناوەستێو ناچارم دەکات بەدەستی خۆم شۆربای مریشکی بۆ لێنێم، تێبینی هەناسەی ئەم شەیتانەتان کردوە چەندە بۆگەنە! لە کوێوە ئەم هەناسە بۆگەنانەی هێناوە؟". چمچا بەشێوەیەکی لەناکاو وەڵامی دایەوەو وتی: "لە فڕۆکەی بوستان 420ـەوە". ژنەکە قیژاندیو لە ترساندا بەرەو چێشتخانەکە دوورکەوتەوە!

هیند شانازی بە مێردەکەیەوە دەکرد، ئەو ڕۆژانەی پێکەوە لە شوقەیەکی خاکی سادەدا دەژیان لە دەکا، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ڕۆشنبیرێتی مێردەکەی دەکرد، هەمیشە ئیشی لەسەر ئەوە دەکرد خۆشحاڵو بەختەوەری بکات، درەنگانی شەو کاتێ مێردەکەی خەریکی پیاچوونەوەی تێنوسی خوێندکارەکانی بوو، چای بۆنخۆشی بۆ ئامادە دەکرد، ئەو کاتانەشی دەچووە چێشتخانەوە بەوپەڕی توانایەوە خۆی ماندو دەکردو جۆرەها خواردنی خۆشی خۆماڵییو هیندستانییو ڕۆژئاوایی بۆ

دروستدەکرد. بەڵام زۆربەی خواردنەکان هەر بۆ هیند خۆی دەمانەوە، چونکە ئەو ئارەزووی خواردنی کەمبوو، هەر بۆیە هیند بەردەوام کێشی لە زیادبووندابوو لەکاتێکدا سوفیان هەر بە زەبوونیو لاوازی مایەوە. هەر ئەمەش بووبووە هۆی دروستبوونی یەکەم ناکۆکی نێوانیان. هیند وایلێهات گومانی دەبرد، کە رەنگە شێوازی چێشتلێنانی ئەمی بەدڵ نەبێ، سوفیانیش وایلێهات رەخنەی لە قەڵەوبوونی ئەو دەگرت، تەنانەت جارێکیان پێیوت: "پێموابوو تەنها ژنێکم هێناوە، بەڵام تۆ بەم قەڵەوییەوە شان لە شانی دوو ژنی تەواو ئەدەیت!" هێندەی نەبرد جیاوازیو ناکۆکیەکانی نێوانیان کەڵەکەیانکرد تا وایلێهات هیند لەو شوقە سادە بێزاربوو، دواجاریش کۆمەڵێك هەڵەی زەقی لە مێردەکەیدا بەدیکرد کە هیچیان شایانی لێخۆشبوون نەبوون. بۆیدەرکەوت مێردەکەی تەنها لە چەند بۆنەیەکی کەمدا سێکسی لەگەڵ دەکات، ئەو کاتانەیشی لەگەڵی جوت دەبوو، هیچ هەوڵی نەئەدا چێژی پێبدات، بەڵکو بەبێدەنگی کاری خۆیی دەکردو هیچ جموجۆڵێکی ئەوتۆی نەدەکرد. هیند پێیوابوو ئەم لاوازییە سێکسییەی **ئەو** بۆتە هۆی ئەوەی دوو کچ بەدوای یەکدا بخەنەوە. ئیدی هیندیش وایلێهات بایەخی بە سێکس نەئەداو جارێکیان پێیوت من حەزم لە سێکس نییەو ئەم ئەرکەش تەنها لەبەرئەوە بەجێدەهێنم تاوەکو منداڵ بخەمەوە، سوفیانیش بەشبەحاڵی خۆی وایلێهات شەوانە درەنگانی شەو دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، هەر ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی هیند گومانی ئەوەبێت خەریکی داوێن پیسییە، وەلێ لەڕاستیدا ئەو خەریکی داوێن پیسی نەبوو، بەڵکو خەریکی چالاکی سیاسی بوو، چ جۆرە چالاکییەکیش، وەك دواتر خۆی بۆ هیندی باسکرد دەستی لەگەڵ ئەو شەیتانانەی پارتی کۆمۆنیستی قەدەغەکراودا تێکەڵ کردبوو، کە بە تێڕوانینی هیندو زۆربەی خەڵکیشەوە لەوە خراپتربوو دەست

لەگەڵ سۆزانیدا تێکەڵ بکەیت! لە ئەنجامی ئەمەشدا تووشی راوەدونانو دەستگیرکردن هات، ئەمەش وایکرد لە هیند بە خۆیو دوو کچەکەیەوە کە ئەو کاتە هێشتا منداڵبوون، کۆچبکەن، بۆ کویێش، بۆ ئینگلتەرا. بەمجۆرەش هەرگیز چانسی ئەوەی نەما جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ گوندە خۆشەکەی لە بەنگلادش، پاش ماوەیەك مێردەکەیشی شوێنی کەوتو هات بۆلای!

تەنها شتێك لەو شاربەدەرییەدا لە ڕێگەیەوە دەیانتوانی بژێوی ژیانی خۆیانی پێ پەیدابکەن، هونەری چێشتلێنان بوو، ئەو هونەرەی هیند شارەزاییەکی باشی تێدا هەبوو. ئەوەبوو لەوێ چێشتخانەیەکی بچووکیان کردەوەو خۆشترین جۆری خواردنیان تیا پێشکەش کرد، لە سەرەتاشەوە تەنها دەستەیەك میوانی دیاریکراویان هەبوو، تەنها شتێکیش کە لە توانای سوفیاندابوو ئامادەکردنی چا بوو، بە واتایەکی تر بووبووە خزمەتکار، لەڕاستیدا ئەو وایلێهاتبوو بە دەستی ژنەکەی بجولێتەوە، بەمجۆرەش هیند یەکەم سەرکەوتنی خۆیی بەسەر مێردەکەیدا تۆمارکردو بوو بە کوێخای ئەو.

وردە وردە هەردووکیان دەستبەرداری دابو نەریتە کۆنەکانیان بوونو هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵ وڵاتەکەیاندا چڕیو دەستیانکرد بە دروستکردنی ژیانێکی نوێ. لەگەڵ ئەوەشدا هیند بەردەوام بوو لە شاردنەوەی لاوازیی مێردەکەی، لە بەرچاوی خەڵکیشدا وا مامەڵەی لەگەڵ دەکرد مێردەکەی کوێخایە نەك خۆی، چێشتخانەکەیشیان ناوبانگی بڵاو بوویەوەو توانیان پارەیەکی باش پەیداکەن تا توانیان ببنە خاوەنی ئەم تەلارەی کە لە چوار نهۆم پێکهاتووە، ژوورەکانی ئەم تەلارەشیان تەرخانکرد بۆ بەکرێدان بەو کەسانەی ئارەزوو دەکەن بۆ ماوەی کەم نیشتەجێی بن.

تەنها شتێك هیندی بە رابردوویيەوە ئەبەستەوە تەماشاكردنی فیلمە هیندیەكانو خوێندنەوەی ئەو گۆڤارانەبوو كە بایەخیان ئەدا بە ئەستێرەی سینەمای هیندیی، هەر لەڕێگەی ئەمەشەوە بوو بە تراژیدیای ونبوونی ئەستێرەی سینەمای هیندیی فریشتە جوبریلی زانیو بۆیشیدەركەوت لە ڕووداوی فڕۆكەكەدا مردووە.

ئەو شتەی لەو ماوەیەدا هیندی بێزاركردبوو هاتنی ئەو شەیتانەبوو، كە وەك بزنێكی شاخداری سمدار وابوو.

سوفیان چمچای لەسەر مێزێكی تەنیشتی خۆی دانیشاند، كچەكانی سوفیان هێشتا بەسەرسوڕمانەوە لەو جانەوەرە رامابوونو تەماشایان دەكرد، هیندیش لەو بارەوە وتی: "سوفیان پێمبڵێ: بە بوونی گیاندارێكی لەم جۆرە لە ماڵەكەماندا چۆن دەتوانین گەرەنتی سەلامەتی كچەكانمان بكەین؟".

میشێل بەو پێیەی كچە گەورەبوو نارەزایی خۆی دەربڕی لە هەمبەر قارسبوونی دایكی، حاجی جوشیـیش بەشێوەیەكی لۆژیكیانە كەوتەڕوونكردنەوەی مەسەلەكەو وتی: "كاكە ئەم پیاوە بەبێ هۆ گیراوەو پۆلیسەكان بەشێوەیەكی زۆر توند رەفتاریان لەگەڵ كردوە، ئیتر ئەم پیاوە بەشێوەیەكی نایاسایی ماوەیەك لە زیندان بووەو دواتریش وەك ئاژەڵێكی تاقیگە چارەسەری پزیشكی بۆكراوە، بۆیە ئەمیش هێندە نابا تووشی هەراسانی دەروونیو بێهۆشی دەبێتو توانای ئەوەی نامێنێ لەگەڵ چواردەوری خۆیدا بگونجێ، خۆ ئێمە پێشتر بارودۆخی تری وامان بینیوە".

تەواوی ئامادەبوان گوێیان بۆ گرتبوو، هیچ كەس مشتومڕیان لەگەڵدا نەكرد، جوشی بەردەوامی بە قسەكانی داو وتی: "وەگەر لە دیدێكی هزریو ئایدۆلۆژییەوە بڕوانینە ئەم بابەتە دەبینین ئەم داماوە قوربانییە، ئێستا ئەم پیاوە بەشێك

لە بەرپرسیاریەتیەکەی لە ئەستۆی خۆیدایە، هەڵەی ئێمە لەوەدایە بە بێدەنگ بەم ڕێنوێنییە رازی دەبین، رازی دەبین وەك قوربانی مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت". هیند دووبارە نارەزایی دەربڕیو هاواریکرد: "ئێستا دەرکم کرد ئەم جیهانە شێتە، ئەگەرنا چۆن شەیتان دەبێتە میوانمان؟".

چمچا لەمیانەی ئەم قسانەدا چاوبرسییانە خەریکی خواردنی شۆربا گەرمەکە بوو. هێشتا هەر دەلەرزی، سوفیان بەرەوڕووی ڕۆیشتو وتی: "تۆ چ مرۆڤێکی بەدبەختی، تۆ لەم دۆخەی ئێستادا هیچ شوێنێکت دەست ناکەوێت تا بۆی بچیت، تەنها شوێنێك چانسی ئەوەت هەبێت تێیدا دووبارە تەندروستیت باشبێتەوە، ماڵێ ئێمەیە، ناو نەوەی وڵاتەکەت، ناو هاوڕەگەزەکانی خۆت".

بەڵام سەلاحەدین کاتێك وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە لە هەورەبانی هوتێلکەدا بەتەنها بوو، لە دڵی خۆیدا وەڵامی سوفیان دایەوەو وتی: "من لە ئێوە نیم، ئێوە نەوەی وڵاتەکەم نین، من نیوەی تەمەنم لەپێناو ئەوەدا بەڕێکرد تا خۆم لە ئێوە سەرفەرازکەم!".

سەلاحەدین لەسەر چرپایەکی هەورەبانی هوتێلەکەدا راکشابوو، دڵی بە توندی لێی ئەدا، شاری لەندەن بۆ ئەو بووبوو بە دۆزەخ. بە شەکەتی خەوی لێکەوتو کەوتە خەوبینین بە شەیتانەوە، وەلێ لە ترساندا خەبەری بووەوە، دڵی هێشتا بە توندی لێی ئەدا، لەو ساتەدا ژنەکەیی وەبیرهاتەوە کە چۆن مشتومڕی لەگەڵ حاجی جوشیدا دەکردو دەیوت: "ئەم جانەوەرە دووربخەرەوە، جارێکی تر نەیهێنیتەوە بۆ ئێرە" ئەوجا کەوتە بیرکردنەوە لە جوبریلو لە دڵی خۆیدا دەیوت: "داخۆ ئێستا لە کوێ بێت؟ بێگومان ئێستا لە شوێنێکدایەو بەوپەڕی خۆشگوزەرانییەوە دەژی، کەچی من گۆڕاوم بۆ جانەوەرێکی شەرەنگێز، دۆخو

باری ئەم گۆڕانكارییەش هەرچییەك بێت دەبێ روبەڕووی ببمەوە، من چیتر وەك جاران نیم، تاوان چۆتە بەرگمەوە، هەرچی خراپو قێزەونە چۆتە ناخمەوە، ئێ بۆ؟ بۆچی من، بۆ كەسی تر نا؟ چیمكردوە تا بەمشێوە سزا بدرێم؟ ئینجا كێیە سزام ئەدات؟ تاوانم چییە نەمتوانی مندالێ لە پامێلا بخەمەوە؟ تاوانم چییە كەوا لە پێكهێنانی خێزاندا شكستم هێنا؟ لەم چەرخە سەراوگێڕەدا ئەمە چارەنوسی منە، هیچی تر نا، بەردەوام بە شوێن خێرۆمەندیدا گەڕاومو هەولـمداوە كاری چاكە بكەم، ئەمەش لەم سەردەمەدا تاوانێكە شایانی لێخۆشبوون نییە". وێنەی زینات وەكیل هاتە بەرچاوی بۆیە هەولێدا زۆر بەخێراییو بەتوندی لەناوییەرێت. لە هەمبەر ئەمەش هەستی بە تاوان دەكرد، بەڵام دواتر پاش هەولڵو كۆششێكی زۆر ئەم هەستەیشی لەناوبرد، لەگەڵ خۆیدا كەوتە قسەكردنو وتی: "بەسە ئیتر با كەم بیر لەوە بكەمەوە كە من شەڕەنگێزم، زۆر جار روالەت درۆ دەكات، ئینجا من شەیتان نیم، شەیتان كەسێكی ترە من نیم، داخۆ كێ بێ؟". میشێڵو ئەناهیتا بە دزییەوە خواردنو قاوەیان بۆ چمچا دەبرد، هەندێجار هەولیان ئەدا بزانن شێوەو روخساری راستەقینەیە یان بە میكیاج وەهای لە خۆی كردوە، ئەناهیتا پێیوت: "حاجی پێیوتین تۆ ئەكتەریت، كێ نالێ شێوەی خۆت بۆ ئەوە نەگۆڕیوە تاوەكو فیلمان لێبكەیت؟" میشێلیش بەشبەحالی خۆی لێی پرسی: "ئێمە شەوی رابردو نەخەوتین بیرمان لە تۆ دەكردوە، بێگومان بەم گۆڕانكارییەی بەسەرتا هاتووە توانای باشت پەیدا كردوە كە بێگومان لە كەسی ئاساییدا نییە".

بەڵام كاتێ خەمباریو توڕەییان لە چاوانی چمچادا بەدیدەكرد ئیتر بێدەنگدەبوون. كە یەكەمجار چوون بۆلای، شوشەیەكیان بۆ جێهێشت شلەمەنییەكی

سەوزی تێدابوو، میشێڵ پێی وت: "ئەم شوشە دەرمانە، دەتوانی دەمتی پێ بشۆیت، تاوەکو ئەو بۆگەنییەی دەمت چارەسەرکەیت".

لە ڕۆژی دواتردا داوای لە دوو کچەکە کرد یارمەتی بدەن لە هاتنە خوارەوە بۆ چێشتخانەکە تاوەکو لەوێ تەلەفونەکە بەکار بهێنێ، ئەناهیتا بڕێك لەو پارە ئاسنینانەی خۆیی پێدا تاوەکو بۆ ئەم مەبەستە بەکاری بهێنێت، ئەوجا سەری داپۆشیو پانتۆلێکی پانی کردە پێی کە حاجی جوشی پێیدابوو، پاشان هاتە خوارەوەو تەلەفونی کرد بۆ میمی، بۆیدەرکەوت ئەویش لە ئەنجامی کەوتنێکدا ددانی شکاوە. میمی مامۆلیان پێیڕاگەیاند لەو کاتەوەی کە بە ڕووداوی فڕۆکەکە "مردوە" کاروباری تەلەفزیۆنو ڕادیۆ بەرەودوا چووە، هەواڵی مردنی ئەمو پێکانی خۆیشی بۆتە هۆی ئەوەی هەرچی بەرنامەی هاوبەشیان هەیە هەڵبووەشێتەوە.

بەمجۆرە چمچا ژنەکەیو کارەکەی لەدەستدا. ئینجا میمی وتیشی ئێستا لەگەڵ بێڵی بانۆتادا دەژیم، چونکە وەڕسبووە هێندەی چاوەڕوانی ئەمی کردوە ئەم هەر دیار نەبووە.

لە ڕۆژی دواتردا میمی لە نیویۆرکەوە تەلەفونی بۆ کردەوە، چمچا پێیوت: "بۆچی چوویت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان؟" میمی وەڵامی دایەوە: "تۆ کاتی خۆی بە منت نەوت بۆ کوێ دەچم، هەریەکەمان مافی خۆمانە هەندێ نهێنی بپارێزین" چمچا وتی: "وریابەو خۆت بپارێزە لەم بێڵی بانۆتا" ئەویش وەڵامی دایەوە: "من هەرگیز لەم بارەوە گفتوگۆت لەگەڵ ناکەم، بەڵام لەبیرت نەچێ من ژنێکی زیرەکم".

میمی پاش چەند هەفتەیەك پەیوەندیی پێوە کردەوە، چمچا لەڕێگەی شێوازی قسەکردنیەوە هەستیکرد میمی بەتەواوی لێی دوور کەوتۆتەوە، دەرکی

بەوە کرد بۆ هەتاهەتایە لێکجیابوونەتەوە، هەوڵیدا بەسەرهاتی خۆیی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام میمی گوێی پێنەداو لەپڕ پەیوەندییە تەلەفونییەکەی چڕی. وەلێ چمچا تێگەیی میمیو بێلی بانۆتا بە میواندارکردنی چەندین ئەستێرەی گەورە خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایین لەبارەی ژیانی تاکەوە لە ئینگلتراو ئەمریکا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەوان لە رێگادان بەرەو ناوبانگ! میمی مامۆلیان پشتی لەم کردو شوێن بێلی بانۆتای تەڵەکەباز کەوت، چمچا باش دەیزانی کە ئەم کابرایە پێشینەی لە دەستبڕیدا هەیەو زۆرجار لەبەر ئەم هۆکارەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراوە.

رۆژێکیان سەلاحەدین دەبینێت هیند بە یەکێ لە رێڕەوەکانی هوتێلەکەدا دەڕوات و کۆپییەك لە گۆڤاری (سیتی پلەیتز)ـی بەدەستەوەیە کە تایبەتە بە هەواڵی ئەستێرە سینەماییەکان. بە تێهەڵچوونەوە هاواردەکات و دەڵێت: "ئەو زیندوە، هێشتا ماوە" میشێلی کچی بە نیمچە روتی لە ژوورەکەی خۆی هاتەدەرو وتی: "چی بووە، کێیە زیندووە؟" دایکی بە هاوارەوە وتی: "شەرم بتگرێ، خۆت داپۆشە کچێ" حەنیف جونسون بەم نیمچە رووتییەوە بینی، بەڵام کچەکە گوێ بە قسەکانی دایکی نەداو بەوپەڕی بوێرییەوە تەماشای حەنیف جونسون دەکرد، پێداگری لەسەر پرسیارەکەی کردو وتی: "کێ زیندوە؟" دایکی لەگەڵ هاتنە خوارەوەیدا بەسەر پلیکانەکانەوە وتی: "جوبریل زیندوە". دایکە خان تێبینی ئەوەی نەکرد کچەکەی دەرگای ژوورەکەی لە بەردەم پارێزەر حەنیف جونسوندا بە کراوەیی هێلاوەتەوە، ئەویش لە هەلومەرجێکی شیاودا دزە دەکاتە ژوورەوە.

پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە میشێلو ئەناهیتا چوونە هەورەبانی هوتێلەکەوە تاوەکو ئەو هەواڵە سەیروسەمەرانەی گۆڤارەکە بە چمچا رابگەیەنن. گۆڤارەکە

چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ فریشتە جوبریلدا بڵاوکردبووەوە، تێیدا جوبریل رایگەیاندوە پاش ئەوەی لە مەرگ رزگاری بووە بەمزوانە لەگەڵ بەرهەمهێنی سینەمایی (س.س.سیسودیا)ـدا بەشداری لە بەرهەمهێنانی فیلمێکی نوێدا دەکات. لەو چاوپێکەوتنەدا جوبریل بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە ئەو لەناو ئەو فڕۆکەدا نەبووە کە تەقییوەتەوە. چونکە ئەو لە کاتی هەڵفڕینی فڕۆکەکە دواکەوتووەو ناچاربووە بە فڕۆکەیەکی تر گەشت بکات! ئینجا دەڵێت بێدادییە گەر من ئەم راستییە لە جەماوەرەکەی خۆم بشارمەوەو نەزانن من بەرهەمی نوێم دەبێت! هەر بۆیە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لەسەر هەموو ئەو گرێبەستانە رازی بووە کە پێشکەشی کراوە. یەکەم گرێبەستیش بەرهەمهێنانی فیلمێکی ئایینی مێژوویی یە دەربارەی ژیانی پێغەمبەر موحەمەدەو باس لەو ملململانێیە دەکات لەنێوان پێغەمبەرو گەورەی فریشتەکاندا هەبووە. لەم فیلمەشدا جوبریل رۆڵی پێغەمبەر دەبینێ، دەرهێنانی ئەم فیلمەش جیاواز دەبێ لە شێوازی دەرهێنانی فیلمی (رسالە)، چونکە لە فیلمی رسالەدا تەنها دەنگێکە قسەکانی پێغەمبەر دەکاتو هیچ کەس رۆڵی خۆی نابینێ.

لە بڕگەیەکی تری ئەو کۆمەڵە چاوپێکەوتنەدا رۆژنامەنووسە سینەماییەکە لە بێلی بانۆتا دەپرسێت: "ئایا ئەمە بە کوفرو گومڕایی لەقەڵەم نادرێت؟" بێلێیش وەڵام ئەداتەوەو دەڵێت: "نەخێر، چونکە هونەر هەر هونەرەو دەبێ راستییەکان وەك خۆی رووبەڕوویان ببینەوە، ئێمە ئامانجمان وایە چیرۆکگەلێکی واتادار وێنابکەین، چیرۆکگەلێك زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکن". سیسودیای بەرهەمهێنەریش قسەی خۆی دێنێ بەناوداو دەڵێ: "چیرۆکگەلێك زیاتر لە خەون دەچن".

کاتێ چمچا وردەکاری ئەم چاوپێکەوتنانەی خوێندەوە، کچەکانی بە هاوار داچڵەکاندو وتی: "درۆ دەکات، ئەو هیچو پوچی خایینە، چۆن دەوێرێ بانگەشەی

ئەوە بکات لە کاتی هەڵفڕینی فڕۆکەکە دواکەوتوە، خۆ ئێمە پێکەوە کەوتینە خوارێ؟".

دوو کچەکە تکایان تیاکرد بەرلەوەی دایکیان بێت بۆی، دەنگی نزمبکاتەوە. چمچا لە هەورەبانی ئەو هوتێلەی تێیدا مانەوەی درێژەی کێشا، لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچوو. شاخەکانی درێژترو پانتر بووبوونو ریشیشی چڕتر بووبوو، نەك هەر ئەوەش بگرە تەواوی لەشی تووك داپۆشیبوو. کلکیشی بەردەوام لە درێژبووندابوو بە چەشنێك ئەستەمبوو بتوانرێت لەو بانتۆڵەی جێمیدا بشاردرێتەوە، لە هەموو شتێك خراپتر ئەوەبوو ئارەزووی نانخواردنی یەجگار زیادی کردبوو. بەتەواوی هەستیدەکرد لە پیاوەوە بووە بە بزن. بوونی ئەو لەو ماڵەدا خنجەرێك بوو بە پشتی هیندەوە، بەڵام هیند سەرباری ئەوەش وردە وردە راهات لەسەر ئەوەی بوونی ئەو لەوێ تەنها بێزاری دەکاتو چیتر نایترسێنێت. جارێکیان روویکردە کچەکانیو وتی: "من بەداخەوەم بۆتان کەوا ئەو هەموو کاتە لەگەڵ کەسێکی نەخۆشدا دەبەنەسەر لەکاتێکدا تەمەنتان بە خێرایی دەڕواتو تێدەپەڕێت، ئێستا هەموو شتێکی ئەم شارە لە بەرچاو مندا ساختەو دەستخەڕۆیە، دوو کچی وەك ئێوە پێویستە هاوکاری دایکیان بکەن لە کاروباری ماڵدا، پێویستە بیر لە شوکردن بکەنەوەو خۆتان بۆ خوێندنگە تەرخانکەن، نەك کات لەگەڵ بزندا بەرنەسەر! ئێمە جاران لە جەژنی قورباندا بزنمان سەردەبڕی!".

سوفیانیش هەندێ جار دەچووە سەرەوە بۆ ئەو هەورەبانەو سەردانی چمچای دەکرد، جارێکیان پێشنیاریکرد شێخێکی خواپەرستی بۆ بهێنێت، بەڵکو لەو دۆخە رزگاری بکات. کاردانەوەی چمچا لە هەمبەر ئەم پێشنیارە کاردانەوەیەکی سەیرو لەناکاوبوو، چونکە لەپڕ هەستایەسەر پێو لە کونە لوتییەوە

هەڵمی بۆگەن دەهاتەدەر، وەلیٚ پاش ئەوەی ئارام بووەوە پەنجەرەکانی کردەوە تاوەکو بۆنەکە بڕواتو داوای لێبووردنی لە سوفیان کردو وتی: "نازانم چیم لێدیٚ، بەڵام دەترسم لەمە خراپترم لێبێت". سوفیان دڵی دایەوەو وتی: "نیگەران مەبە بەڕێز چونکە جەستە هەرچەند بگۆڕێت رۆح هەتا هەتایە بە پاکی دەمێنێتەوە".

چمچا وەڵامی دایەوە: "تۆ دەتەویٚ دڵم بدەیتەوە، بەڵام ئایا چ شتێك لە خەمی کەسێکی وەك من کەمدەکاتەوە، هەر ئەو مەینەتیەم بەسە کە دەبینم هاوڕیٚ دڵسۆزە کۆنەکەم ئێستا دڵداری ژنەکەمە".

میشێلٚ سوفیان بە حاجی جوشی مامۆستایی وت پەیوەندی لەگەلٚ حەنیف جونسونی هاوڕێیدا هەیەو داوای لە حاجی جوشی کرد لەلای هیچ کەس ئەم نهێنییە نەدرکێنیٚ. حاجی کاتیٚ ئەم هەواڵەی بیست تووشی شۆك بوو، حاجی جوشی ماوەیك بوو بێزاربووبوو لەو پەیوەندییەی لەگەلٚ پامێلادا هەیەتی، چونکە پامێلا هۆگری بادە بووبوو، ئەمەش کاریگەری زۆری بۆسەر تەندروستیو دەروونی هەبوو. هەر ئەوەندە ناوی مێردە کۆنەکەی ببرایە یاخود باسی تەڵاق بکرایە شێتو هار دەبوو، چونکە سوربوو لەسەر ئەوەی بێوەژنەو مێردەکەی لە رووداوی فڕۆکەکەدا مردوە، وەلیٚ حاجی هەر دەیپرسی: "دەی لەبارەی میراتی ئەم خانووەوە چی، خۆ ئەو خاوەنیەتی؟". پامێلاش هیچ وەڵامێکی تری پێنەبوو جگە لەوەی دەیوت: "من بەشێوەیەکی فەرمی مردنی ئەوم راگەیاندووە". یەکێك لەو ئاورتانەی روویاندا ئەوەبوو پامێلا لە رێگەی کارکردنیەوە لە لیژنەی پەیوەندییەکان، کەسانێکی راسپارد لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو قسەو باسانە بکەن کە گوایە چەند ئەفسەرێکی سەربە بنکەی پۆلیسی ناوچەکەیان هەن خەریکی جادووبازیو جادوگەرین، لەناو شاردا چەند بەشێکی تریش هەن بۆ هەمان هۆ لەژێر کۆنترۆڵی

بەڕێوبەرایەتی گشتی پۆلیسدا نەماون. لە شاردا قسەو باسی ئەوەش بڵاوبووبووەوە گوایە ژەنراڵێك سەرپەرشتی ئەم جۆرە چالاكیانە دەكاتو دەوترا لێكۆڵینەوەیەكی فەرمی بەرفراون لەم بارەوە دەكرێت.

ئەوەی حاجی تووشی تورەبوون كردبوو ئەوەبوو پامێلا باوەڕی بەوە نەدەكرد مێردەكەی بووبێتە قوربانی چالاكی ئەو پۆلیسانە، بە تایبەت ئەو لەدوای ئەوەی گیراوەو لەلایەن هەندێكیانەوە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵدا كراوە بەجۆرە بارودۆخی خراپ بووە.

حاجی لە رێگادابوو بەرەو ماڵی پامێلای دڵداری دەچوو، بیری لەو پەیوەندییە سێكسیە ناشەرعیە دەكردەوە كە میشێڵ سوفیان باسیكرد، ئەو پەیوەندییەی لەنێوان خودی میشێڵو حەنیف جونسوندایە، ئایا ئەو بەدرەفتارە هەر هیچ نەبێ نازانێت میشێڵ مندالەو لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵەوەیە؟ جێمی بەلایەوە سەیربوو چۆن حەنیف جونسون لە ناوەرۆكی قوڵی هۆنراوەكانی ئەم تێناگات، كەچی لە زمانی ئارەزوو تێدەگات، كەوابێ شارەزایی حەنیف لەم بوارەدا هەموو بەهرەكانی ئەم لێكدانی سفر دەكات! حاجی لە ناخی خوێدا ئیرەیی بە حەنیف جونسون دەبرد كەوا توانیویەتی پەیوەندی لەگەڵ میشێڵدا ببەستێت، چونكە میشێڵ كچێكی بێئەندازە جوان بوو، ئەمیش بەدرێژایی ئەو ماوە دووررودرێژەی مەشقی كاراتی پێدەكرد، نەیتوانیوە یەك وشەی پێبڵێت شەیدابوونی ئەم دەربخات بەرامبەر بە جوانیی ئەو.

لەمیانەی ئەم بیركردنەوانەدا حاجی گەیشتە ماڵی پامێلا، تەماشادەكات پامێلا هەموو قژی بڕیوەو پرچێكی دەستكردی لەسەر ناوە، چونكە سەری سپی بووە. پامێلا دانی بەوەدا نا هیچ بەدووری ناگرێت جادووی لێكرابێت، حاجی وتی:

"دەی چۆن بڕوات بەوەیە خۆت جادووت لێکرابێ، بەڵام بڕوات بەوە نییە مێردەکەت قوربانیی هەمان شت بوو بێت؟". ئەو شەوە حاجی خەریکبوو بە راشکاوی بە پامێلا راگەیەنێت کە بەهۆی ئازاری ویژدانەوە بیر لەوە دەکاتەوە سنورێك بۆ پەیوەندییەکەیان دابنێت، بەڵام پامێلا ئاشکرای کرد لەماوەی پێشوودا درۆیکردوە سەبارەت بە بەکارهێنانی حەبی دژە سکپڕبوون، ئینجا رایشیگەیاند سکی هەیە لێی، سوریشە لەسەر هێشتنەوەی ئەو کۆرپە. لەو ساتەدا حاجی هەستیکرد چیتر ناتوانێت دەستبەرداری بێت، ئەو بیرۆکەی پێشوویشی لە خەیاڵی خۆی دەرکردو رێیدا بە پامێلا پاڵێنێت بەرەو چرپاکە.

هەر هۆکارێك لە پشتی ئەم دۆخەکەی سەڵاحەدینەوە بێت، ئیتر ئەگەر لەژێر کاریگەری جادوودا وایلێهاتبێت یان بەهۆی ترس و تۆقینەوەی بێت یان تەنانەت ئەگەر لە ئەنجامی تێکچوونێکی کوێرانەی پێکهاتەی فیزیکییەوە بێت، هەرچۆنێك بێت بەدوایەکداهاتنی رووداوەکان چمچایان خستەژێر چاودێری کچەکانی حاجی سوفیانەوە. کچەکانی سوفیان بە چەشنی هەر شۆخ و شەنگێکی تر کە بەزەییان بە جانەوەردا دێتەوە باوەشیان پیادەکردو بەزەییان پیایدا دەهاتەوە. بەڵام لەم دواییانەدا تێبینی کرد دوژمنایەتییەك لەنێوان ئەم دوو خوشکەدا دروستبووە.

ئێوارەیەکیان میشێلّ باسی چەند رووداوێکی دەکرد کە تێیدا هەندێك رەشپێست لەلایەن کەسانێکی خاوەن رەگەزپەرستەوە دەستدرێژی کراوەتە سەریان، ئەناهیتا کۆمێنتی لەسەر قسەکانی داو وتی: "میشێلّ دەیەوێت بڵێت تۆ تەنها کەس نیت لەم شارەدا بوو بیتە قوربانیی ئەو جۆرە هەستانە، رۆژانە لەسەر شەقامەکان ئەم جۆرە رووداوانە روودەدەن".

چمچا زانیاری نوێی لە ئەناهیتای تەمەن پازدە ساڵ وەردەگرت سەبارەت بەو دوو رەگەزە توندڕەوەی لەژێر دروشمی پارتی کرێکارانی سۆسیالدا کاردەکەن، لەگەڵ ئەو رەشپێستانەی کە لەدژی ئەو توندڕەوییە بەرگری لە خۆیان دەکەن، لەبارەی ئەو تاوانانەیشەوە کە لەدژی ئاسیاییەکان ئەنجام دەدرێن، ئەناهیتا پێیوت: "هەموو ئەمانە زادەی ئەو ئاراستە نوێیانەن کە لە ئێستادا پەیدابوون". دواتریش ئەناهیتا رەخنەیەکی توندی لە خوشکەکەی گرتو باسی ئەوەی دەکرد شەوانە تا درەنگی شەو لە دەرەوەی ماڵ دەمێنێتەوە بێئەوەی ئەو مەترسییانە لەبەرچاو بگرێت کە رەنگە تووشی ببێت، ئینجا باسی ئەوەی دەکرد چۆن بە ئازادی سێکس دەکات بێئەوەی بزانێت هەڵسوکەوتێکی لەو جۆرە چ مەترسییەکی هەیە. چونکە رەنگە لانیکەم تووشی نەخۆشی ئایدزی بکات، پاشان کچەکان دەبووە شەڕیانو دەکەوتنە راکێشانی پرچی یەکتر، ئەمەش لە کۆتاییدا دەبووە هۆی ئەوەی بە زویری ژوورەکە جێبهێڵن. چمچا پێشبینی کێشەو گرفتی تری دەکرد.

حەنیف جونسون لە قاوەخانەی شاندار دانیشتبوو کاتێ دەستیکرد بە قسەکردنو وتی: "شەوی رابردو پیرە ژنێك سەربڕاوە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەم شارەدا بوونی نییە". ئەناهیتا سوفیان هاواری لێکردو وتی: "تێناگەم تۆ بۆچی ئەم جۆرە چیرۆکانە دەگێڕیتەوە، ئەم شتانە دەروونم تێکدەدەن". حەنیف قسەکانی پشتگوێخستو رۆشت لە تەنیشتی چمچاوە دانیشتو وتی: "وادیارە پێشبینییەکەت سەبارەت بە رووباری خوێن خەریکە دێتەدی، ئاستی بژێوی لەم شارەدا هاوسەنگی لەدەستداوە، هەر ئەمەش وایلێکردووم بترسم".

لەڕاستیدا قسەکانی حەنیف بیانویان هەبوو، چونکە لەم ماوەی دواییەدا کوشتنی رەشپێستەکانو شێواندنی تەرمەکانیان بووبووە دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش،

لەبەرامبەریشدا دەسەڵات هێندەی تر کێشەکەی گەورەتر دەکردو لێپێچینەوەی توندی بەرامبەر بە رەشپێستەکان دەکرد، دەیگرتن‌و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکردن‌و دەگەڕان بزانن کوچبەری تر دزەی نەکردوە.

چیرۆکی سەلاحەدین چمچا بەناو شاردا بلاوەی کردو هەریەکەو ناوێکی لێدەنا، هەندێك ناویدەنا پادشای لە یاسا دەرچووەکان‌و هەندێ توندڕەوی تریش ناویان دەنا پاڵەوانی رەگەزپەرستی شاندار، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سەلاحەدین تادەهات گەورەترو زەبەلاحتر دەبوو. لە ناخیدا زۆرێك تەوژمی رق‌و کینە کۆبوویەوە، ئامادەبوو بۆ ئەوەی لە قەبارەو تواناکانی خۆی دەرچێت‌و ببێتە بوونەوەرێکی پاکتاوکراو لە خەسڵەتی مرۆڤانە، پڕبوو لە توڕەیی‌و وزە، هەوڵی ئەدا مرۆڤێك بدۆزێتەوە تاوەکو بەرپرسیارێتی ئەوە بخاتە ئەستۆی کە بەسەر ئەمدا هاتووە.

ئەوجا کەوتە خەوبینین، خەونەکانی رەنگ‌و روخساریان گرت، هەڵدەفڕی‌و بە چەشنێکی هەرزەکارانە لێینزیك دەبوویەوە، وەلێ دڵنیابوو رۆژێك لە رۆژان شتەکان بەناوی راستەقینەی خۆیانەوە ناو دەنێت.

حەنیف جونسون هات بۆ قاوەخانەی شاندارو رایگەیاند دەسەڵات بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانەکانی کوشتنی ئەم دواییە (ئوهورو سیمبا)ـی گرتووە، قسەو باسی ئەوەش هەیە کە رەنگە دەستی هەبێت لەم جادووگەری‌و جادووبازیەدا. حەنیف روویکردە سوفیان‌و بەم وشانە کۆتایی بە قسەکانی هێنا: "باشتروایە ئەمشەو دەرگای هوتێلەکەت باش دابخەیت، چونکە بێگومان کردەوەی توندوتیژی روودەدات".

ئەناهیتا سوفیان پەیوەندی نێوان میشێلو حەنیف جونسونی بە دایكو باوكی وتبوو، بۆیە دایكی ئارامی لێبڕاو چەقۆیەك لە چەقۆكانی چێشتخانەكەی هەڵگرتو ڕۆیشت بەرەو میشێل، ئەویش بۆ بەرگریكردن لەخۆی چەند شەقێكی تێهاوی، سوفیانی باوكیش هیچی لەدەست نەهات، جگەلەوەی بە گریانەوە ڕوویكردە حەنیف جونسونو وتی: "بڕۆ دەرەوە، حەنیفی هاوڕێم دووركەوەرەوە".
حەنیف وەڵامی دایەوەو وتی: "ئەچمە دەرەوە بەڵام لێتان بێدەنگ نابم، ئێوە بانگەشەی خۆپارێزیو ڕەوشت دەكەن كەچی نەوەی وڵاتەكەتان كۆدەكەنەوە تاوەكو پارەو سامان لەسەر بێنەواییو ژیواری ئەوان پێكەوەبنێن". لەو لایشەوە هەموان سەرسامبوون كاتێ بینییان میشێل جانتاكانی كۆدەكاتەوەو خۆی بۆ ڕۆشتن ئامادە دەكاتو دەڵێت: "منیش ئێرە جێدەهێڵم، هەولێش مەدەن ڕێگەم لێبگرن".
ئەوكات هیند لەگەڵ خۆیدا كەوتە قسەكردنو وتی: "ئەمە ئەو باجەیە كە دەبێ بیدەین بەرامبەر بە جێكردنەوەی شەیتان". ئینجا تكای لە مێردەكەی كرد بەشوێن ئەو هۆكارە ڕاستەقینەنانەدا بگەڕێت كە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم كێشانەو پێیوت: "ئەگەر ئەو چمچا شەیتانە بڕۆیشتایە، ئەوا خۆشیو سەقامگیریمان بۆ دەگەڕایەوە".
لەپڕ یەكێ بەسەر پلیكانەكانەوە بەدەم گۆرانی وتنەوە هاتە خوارەوە، بەدەنگێكی زبرو زەقەوە وشەگەلێكی دەدركاند كەس لێی تێنەدەگەیی. میشێل لەگەڵ حەنیفدا چووبوونە هەورەبانەكەو ئەویشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. چمچا بەچەشنێك زلو زەبەلاح بووبوو درێژی باڵای لە هەشت پێ زیاتر دەبوو، لە كونە لوتیەوە دوكەڵی ڕەنگاوڕەنگ دەهاتەدەر، هیچ جلوبەرگێكی لەبەردا نەبوو چاویشی لەتاو ئیرەیی سور بووبووەوە، میشێل لێی پرسی: "بۆ كوێ دەچی؟ پێتوایە

بچیتەسەر شەقام دەتوانیت پێنج خولەك بەم شێوە بمێنیتەوە؟" چمچا ساتێك راوەستاو تەماشای لەشی خۆیو ئەو قیتبوونەوە گەورەیەی کرد کە لەنێوان قاچەکانیدا دەرپەڕیووە، ئینجا بە نەڕەنەڕەوە وتی: "کەسێك هەیە دەمەوێ بیدۆزمەوەو بیبینم" میشێلیش پێی وت: "خۆت ڕاگرە، هەوڵ ئەدەین ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ یارمەتیدانت".

دوو میل لە دووری قاوەخانەی شاندارەوە یانەیەك هەبوو پێیدەوترا (یانەی مۆمی گەرم)، لە ناوەوە پڕبوو لەڕووناکیو شلەمەنیو هاڕاو و لەشی لەرزۆکی مرۆڤی سەماکار، خاوەنی ئەو یانەیە هیندستانیی بوو، هەر بە لۆچەکانی روخساریدا دیاربوو هیندییە. بەڵام هیندستانی نەدەناسی، پیاو بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەنجن ئەنجی ڕەنگاوڕەنگی پێوەبوو، ناوی (بینکا والی)ـی بوو، لە ناوەوەی یانەکەوە چەند هاوارێك بەرز بوویەوەو دەوترا: "ئێستا کاتی تاودانە". بینکا والی وەڵامی ئەو هاوارانەی دایەوەو وتی: "مەبەستان لە کێیە بەم وشانە؟ دەتانەوێت کێ ببینن؟!" دەنگە هاوارکەرەکان چەند ناوێکیان هێنا، بەڵام سەرەنجام هەموویان کۆدەبنەوەو یەك ناو پێکدێنن. بینکا والی چەپڵەیەك لێدەدا، پەردەیەك لە دوایەوە لادەدرێو گالسکییەك دێتەدەر فڕنێکی لەسەرە پێیدەوترێت (چێشتخانەی دۆزەخ)، چەند ئافرەتێك گالسکییەکە پاڵدەنێن پانتۆڵی کورتی ئەرخەوانییان لەپێدایە. ئامادەبوان بازدەدەنو لە دەوری ئەو گالسکییە کۆدەبنەوە تاکو ئەو قوربانییە ببینن کە لە هەفتەیەکدا سێ جار پێشکەش دەکرێ، هەموان بە دەنگێکی بێزراوەوە هاواردەکەنو دەڵێن "دەی بسوتێ" ئەوجا بووکەڵەکە بەسەر کورسییەکی گەرمەوە دەبەسترێتەوەو بینکایش دەست دەنێت بە یەکێك لە دوگمەکاندا، بووکەڵەکە

دەسوتێو دەبێتە شتێك هیچ شێوەیەکی نییەو لە هیچ ناچێ، ئامادەبوان هاواردەکەن "کۆتایی هات".

کاتێ بینکا والی ئەو جانەوەرەی بینی کە میشێڵو حەنیف لە قاوەخانەی شاندارەوە بردبوویان بۆ ئەوێ، دڵی پڕبوو لە ترس، لەژێر کۆڵەکەی ڕۆشنایی سەر جادەکەدا بە لەرزەوە راوەستا هەرچەندە کەشو هەوا زۆر ساردیش نەبوو.

حەنیفو میشێڵ هاتن بۆلایو پێیان وت: "ئەو پێویستی بە شوێنێکە تێیدا بمێنێتەوە، پێویستە شوێنێکی بۆ بدۆزینەوە". ئەویش بێباکانە شانی راوەشاندو بەرەو فارگۆنەکە رۆیشتو لەوێش لە تەنیشتی حەنیفەوە دانیشت، سەلاحەدینو میشێڵیش لە پشتەوە دانیشتبوونو کەس نەیدەبینین، کاتژمێر چواری بەیانی بوو کاتێك سەلاحەدینیان هێنا بۆ ئەو یانە شەوانەی کە هیچ کەسی تیا نەبوو. هەموان ماڵئاواییان لێکردو ئەویش بە تەنها خۆی لەوێ مایەوە. هەموو بیرکردنەوەکانی لەبارەی ئەو روخسارەوە بوو کە لە ناو مێشکیدا خۆی ونکردبوو، بۆیدەرکەوت ئەو روخسارە فریشتە جوبریلیە. ئێ خۆ شەیتان لۆمەی کێ بکاتو بەرپرسیارێتی رووداوەکان بگرێتە ئەستۆی کێ ئەگەر نەیگرێتە ئەستۆی فریشتە؟ ئەگەر نەیگرێتە ئەستۆی جوبریلی گەورەی فریشتەکان؟ چاوەکانی هەڵهێناو دوکەڵ لە لوتییەوە هاتەدەر. دەموچاوی هەموو بووکەڵەکان روویانتێکردبوو، هەموویان شێوەی روخسارێکیان پێکهێنابوو، ئەویش روخساری جوبریل بوو، ددانی جیڕکردەوەو هەناسەیەکی گەرمو درێژی هاوی کە بووە هۆی توانەوەی هەموو بووکەڵە مۆمیەکان بە چەشنێك تەنها پۆشاکەکانیان بە پوچەڵی مانەوە، ئەم جانەوەرە بیرکردنەوەکانی چڕکردەوەو تەواوی بیرو هۆشی ئاڕاستەی دوژمنەکەی کرد. چەندین هەستی پەنهانی لادروست بوو، تاوێك هەستی بە فشار دەکرد تاوێك

هەستی بە حەوانەوە دەكرد، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێش‌وئازار زۆری بۆ هێنابوو و لە تاوادا بە توندی هاواریدەكرد، ئەوجا لەسەر عەردی یانەكە كەوتە تەپاوتل، تا دواجار لە شەكەتیدا خەوی لێكەوت.

چەند كاتژمێرێك پاش ئەوە هەریەك لە میشێڵو حەنیفو بینكا والی سەركێشییان كردو هاتنەناو یانەكەوە دەبینن شوێنەكە پشێوی تێكەوتووەو كەلوپەلەكان وێرانبوون، هەموو بووكەڵەكانیش تواونەتەوەو شێوەی كەرەیان گرتووە. لە ناوەڕاستی شوێنەكەشدا بەڕێز سەلاحەدین چمچا پاش ئەوەی شێوەی راستەقینەی خۆیی وەرگرتبووەوە، بەڕووتی خەوتبوو، وادیاربوو وزەو هێزە شاراوەكەی چڕكردبووە سەر رقو كینە، بەم جۆرە توانیبووی وەك جارانی لێبێتەوە. ئینجا كە چاوی هەڵهێنا دەركەوت هێشتا چاوەكانی سورو پرشنگدارن.

دایكو باوكی ئالیلۆیا ناویان (ئۆتۆ كاون) و (ئەلیكجا كاون) بوو، ئەوان دوو ئاوارەی پۆڵەندیی جولەكە بوون، ئۆتۆ كاونی باوكی یەكێك بوو لەوانەی لە سەربازگەو گرتووخانەی ئەشكەنجەدانی نازییەكان رزگاری بووبوو، یەكێك بوو لەوانەشی رقیان لە كۆمۆنیزم بوو، هەر لەبەرئەمەش بوو هەندێجار لە جەژنەكانی سەری ساڵدا بەشێوەیەكی توندو شەرمەزارانە هەڵسوكەوتی دەكرد، وایدادەنا نەریتێكی بەریتانییە، ژاوەژاوێكی زۆری دەنایەوە، دەچوو ئاگرێكی زۆری دەكردەوەو درەختێكی گەورەی دەڕازندەوەو هاواری دەكرد: "عیسا مرد، من بەدەستی خۆم كوشتم".

كاتێكیش ئالیلۆیا لەسەر لوتكەی ئیڤرستەوە بەرەو سەربازگەی چوارەم چووە خوارەوە، بە بەرزی 67600 پێوە بوو، وەك دواتر بۆ جوبریلی باسكرد دەیوت: "ئیڤرست ناچارتدەكات بە بێدەنگی بمێنیتەوە، چونكە نازانیت بە چ

وشەیەك گوزارشت لە ئەزموونی سەرکەوتن بەرەو لوتکە بکەیت، ئەو بۆشاییەی لەویَ هەستی پێدەکەیت، ئەو بۆشاییەی هەموو شتێکی داپۆشیوە، لە دەنگێك دەچێت کە لە بنەڕەتدا بوونی نییە".

ئۆتۆ کاون کاتیَ باسی ئالیلۆیای کچی دەکرد دەیوت: "ئالیلۆیا مرواریيەکی نایابو بەنرخە". کاتێکیش لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا مرد، دایکی بە ئالیلۆیای وت: "تۆ لە باوکتەوە بۆتماوەتەوە حەزدەکەیت ململانیَ لەگەڵ هەموو شتێکدا بکەیت". ئەو دەمەش کە پەیوەندی لەنێوان ئالیلۆیا و جوبریلدا دروستبوو، ئالیلۆیا ئەو پەیوەندیەی لەلای دایکی ئاشکراکرد، دایکیشی پێی وت: "ئەم پیاوە نە هاوئینتیمای تۆیە نە هاوچەشنو هاوچینی تۆیە". ئالیلۆیاش وەڵامی دایەوەو وتی: "باوابێت، خۆ من نە ئینتیمای خۆمم خۆشدەویَ نە چینی خۆمم خۆشدەویَ، ئیدی راستیەکەی ئەمەیەو تەواو".

ئالیلۆیا کاتیَ لە باخچەکە جوبریلی دۆزییەوە، ئەو دەمەی جوبریل بەوپەڕی شپرزیو پیسو چەپەڵییەوە لە بەرپێی ئالیلۆیا کەوتبوو، ئالیلۆیا زۆر خۆی ماندوکرد تا توانی هەڵیسێنێتەسەر پیَو قۆڵ بکات بەژێر شانیدا، ئیدی بەو چەشنە لەو شوێنەوەی کە لەهۆش چووبوو هەتا شوقەکەی خۆی بردی. لەم نێوانەشدا ئێشو ئازاری قاچەکانی زۆریان بۆ هێنابوو.

جوبریل کاتێك گەیشتە ماڵی ئالیلۆیا بەدرێژایی یەك هەفتە خەوی لێکەوت، تەنها بۆ چەند ساتێکی کەم هەڵدەسایەوە بۆ خواردنی خۆراكو چوون بۆ ئاودەست. لەو ماوەیەدا هیچ وشەیەك لەسەر زاری نەبوو جگە لەم وشانە: جاهیلی، لات، هیند. ئەو چەند ساتەش کە بەخەبەر دەبوو زۆر هەوڵی ئەدا نەخەوێتەوە، کاتیَ دایکی ئالیلۆیا هاتو ئەم پیاوە خەوتووەی بینی، لێوی گەستو

وتی: "ئەم پیاوە هێزێك كۆنترۆڵی كردوە، ڕەنگە جنۆكە جەستەی داگیركردبێو خێو چووبێتە لەشیەوە، پەمپێك بەكاربێنەو بینێ بە گوێیەوە، چونكە ئەو جۆرە گیاندارانە لەو شتانەوە دێنەدەر". ئالیلۆیاش دەستی دایكی گرتو گەیاندیە لای دەرگاكەو پێی وت: "زۆر سوپاست دەكەم، جا پێتدەڵێم چی ڕوودەدات".

جوبریل كاتێ لەخەو هەستا، لەگەڵ ئالیلۆیادا دەستیانكرد بە ماراتۆنی سێكسیو ڕانەوەستان تا تەواو شەكەت بوون، دواتر پێیوت كە چۆن لە ئاسمانەوە كەوتووەتە خوارو نەمردوە. ئالیلۆیاش پێیوت: "من دەزانم چیت بەسەرهاتووە، بەڵام بە دایكم مەڵێ، منیش هاوشێوەی ئەم شتانەم بەسەردا هات".

شاخی بەستەڵەك بریتییە لە برێك ئاوی زۆر هەوڵئەدات وەك زەوی لێبێت، شاخی ڕاستەقینەش پارچەیەك زەوییە هەوڵئەدات وەك ئاسمانی لێبێت، بە تایبەت هیملایاو ئیڤرست. ئالیلۆیا هەموو شتێكی بۆ جوبریل باسكرد تەنها ئەوە نەبێت كە لە نزیك لوتكەی ئیڤرستەوە شارێكی بەستەڵەكو خێو و فریشتەی بینیووە. باسی ئەوەی بۆ نەكرد ئەو كاتەی لەگەڵ شیربا بمبادا دەهاتنە خوارەوە بۆ زەوی خێوێكی بینیوەو پێیوتووە: "هەوڵ مەدە جارێكی تر بێیتەوە بۆ ئەم شاخە، چونكە ئەگەر بێیتەوە ئەوا خواوەندی چیاكان تۆڵەت لێدەكاتەوەو بێگومان دەمریت، چونكە ناهێڵێت مرۆڤی دوایی هاتوو زیاتر لە یەكجار خودا ببینێت!". بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە ناخی خۆیەوە حەزی دەكرد ئەو كارە جێبەجێ بكات كە مۆریس وێڵسن شكستی تیاهێنا، ئەویش ئەوەیە بە تەنها بچیتەسەر لوتكە! ئینجا ئەوەیشی بۆ جوبریل باس نەكردوە كەوا لە پاش ئەوەی گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن زیاتر لە جارێك مۆریسی بینیەوە، چونكە ئالیلۆیا چەند جارێك مۆریسی بەكڵاو و جلە كۆنەكانیەوە، بەسەر دوكەڵكێشی سەربانەكانەوە بینی.

ئەوەیشی جوبریل بۆ ئالیلۆیای باس نەکردبوو ئەوەبوو کە لەلایەن خێوی ڕیخا میرسانتەوە ڕاودەنرێ. ئەگەرچی لەڕووی سێکسییەوە پەیوەندییان توندو تۆڵبوو، بەڵام چەند کۆسپێك لەنێوانیاندابوو. هەردووکیان ئەو نهێنییەیان لەیەکتر شاردبووەوە، کە خێوێك وەدویان کەوتووە. جیهانی خەونەکانی جوبریل وردە وردە دزەی دەکردە ساتەکانی بەخەبەربوونیەوە. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوون بوو کە ئەم دوو جیهانە خەریکە بەمنزیکانە یەکدەگرن، واتە کۆتایی هەموو شتێك نزیکبۆتەوە. بەیانییەکیان ئالیلۆیا هەستایەوە تەماشادەکات جوبریل خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی ئەوە بە ناوی (هاوسەرگیری بەهەشتو دۆزەخ) کە بەپێنووسی بلێك نووسراوە، ئالیلۆیا پێشتر هێڵی بەژێر هەندی وتەو دەستەواژەی ئەو کتێبەدا هێنابوو، لەوانە: "بیرۆکەیەکی کۆن هەیە پێیوایە جیهان پاش شەش هەزار ساڵ لە تەمەنی دەسوتێتو لەناودەچێت، ئەم بیرۆکەیەش زۆر ڕاستە، چونکە لەناو دۆزەخیشدا دەنگیداوەتەوە".

لەناو پەڕەکانی کتێبەکەدا وێنەی ژنێکی مردوی تێدابوو، جوبریل لێی پرسی: "ئەم کیژە کێیە؟" وێنەکە وێنەی خوشکێکی ئالیلۆیا بوو ناوی (لیلیان) بوو، ئالیلۆیا ئەو وێنەیەی خستبووە ناو کتێبەکەیەو هەموو شتێکی لەبارەیەوە لەبیر کردبوو. ئەو خوشکەی هۆگری دیتنی خێو و خەیالات بوو، ئالیلۆیا وەڵامی دایەوەو وتی: "بیگێڕەوە شوێنی خۆی". لەو ساتەدا نیگەرانیو خەمباری بە ڕوخساریەوە دیاربوو، بۆیە جوبریل هەوڵیدا لە خەمی کەمبکاتەوە وتی: "جا ئەگەر ژیان 4004 ساڵ پێش زایین دەستی پێکردبێت ئەوا بەپێی قسەکانی بلێك مانای وایە ساڵی 1996 جیهان کۆتایی دێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئێمە هێشتا کاتێکی زۆرمان لەبەردەست ماوە تاوەکو چێژ لە سۆزەکانمان وەربگرین". ئالیلۆیا

بەدەم سەرلەقاندنەوە هاواری لێکردو وتی: "بەسە ئیدی". جوبریل لەو قسانە راوەستا، بەڵام جەختی لەسەر پرسیارەکەی پێشووی کردەوەو وتی: "کەواتە پێمبڵێ خاوەنی ئەم وێنەیە کێیە؟". لیلیان لە تەمەنی بیستساڵیدا بەدرێژی باڵایەوە کە خۆی ئەدا لە شەش پێ، وەك گەردەلول لەندەنی هەژاند، کاتێ بە هەموو دنیای رایگەیاند تەواوی گۆی زەوی هی ئەوە. شاری لەندەنیش بە تێڕوانینی ئەو سەنتەری گۆی زەوی بوو، ئیلیانا وەك چۆن ماسی لە ئاودا مەلە دەکات ئەویش بەو شێوە لە لەندەندا مەلەی دەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە تەمەنی بیستو یەك ساڵیدا لە حەوزێکی گەرماودا نوقمبوو! ئایا دەکرێ مرۆڤێکی ئاوی لە ئاودا بمرێ؟ هەر بۆیە هەمیشە ئالیلۆیا دەیپرسی ئایا دەکرێ مرۆڤ لەنێو هەوادا بخنکێ؟ ئەوکاتەی لیلیان مرد ئالیلۆیا تەمەنی لەنێوان هەژدە بۆ نۆزدە ساڵاندا بوو، ئیرەیی بە لیلیانی خوشکی دەبرد کە هێندە متمانەی بە خۆی هەیە، دەیپرسی داخۆ ئەو کچە لە چ شتێك پێکهاتووە؟ دەیزانی مێشکی زیانی بەرکەوتووە، وەلێ لیلیان هەمیشە دەیوت خانەکانی مێشك هەرگیز تووشی زامو دارمان نابن، چونکە توانای خۆنوێکردنەوەیان هەیە، بەڵام چەندە ژیان بە ئاسانی بەدەمیەوە هات هێندە ئاسان مەرگ بەرەوڕووی چوو!

ئیلیانا جارێکیان خوشکەکەیی برد بۆ یەکێ لەو ئێوارە خوانانەی لەنێوەندی خانەدانەکانەوە بانگهێشت کرابوو، ئەو ئێوارەیە ئالیلۆیا بە دزییەوە خۆی لە خوشکەکەی دوورخستەوە، پاش هەفتەیەك پێیوت کچێنی لەدەستداوە. ئەوکات لیلیان کێشای بەدەمیاو بەر جمێنی داو وتی: "دەبوایە بمزانیایە بوویتە لەشفرۆش، هەی سۆزانی کۆمۆنیست" چونکە لیلیان نەیدەهێشت هیچ پیاوێك دەست بۆ خۆی بەرێتو بیانوی ئەوەی دەهێنایەوە دەیوت: "هەر ئەوەندەی

ئارەزووەکانیان لەناوتا خاڵی دەکەنەوە، چیدی بایەخت پێنادەنو پشتگوێت دەخەن". بەمشێوە ئەم دوو خوشکە لێکدابڕانو زۆر بەدەگمەن یەکتریان دەبینی. لیلیان هەتاسەر بە شاژنی کچێنی مایەوە، لە پاش مەرگیشی پشکنینە پزیشکییەکان ئەمەیان سەلماند! بەڵام وادیاربوو ئالیلۆیا بڕیاری دابوو بە پێچەوانەی خوشکەکەیەوە بێت، هەر بۆیە لەماوەی دوو ساڵدا سێ نەشتەرگەری لەباربردنی منداڵی بۆکرا، حەزی نەدەکرد حەبی دژەسکپڕبوون بخوات، چونکە لە ڕۆژنامەیەکدا لەژێر ناونیشانی (مردنی نمایشکارە بەناوبانگەکە لە گەرماودا) هەواڵی مردنی خوشکەکەیی بیستبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئالیلۆیا نەیدەتوانی بگری. دواتر قسەو باسی ئەوەش بڵاوبوویەوە گوایە خوشکەکەی بە هۆی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە گیانی لەدەستداوە.

سەبارەت بە پێکانو زیانەکانی مێشکیش ئالیلۆیا پێیوابوو هەڵەیەك لە توێژینەوە پزیشکییەکاندا هەیە، چونکە پزیشکەکان دەڵێن مرۆڤ ناتوانێت بەبێ ئامێری هەناسەدانی دەستکرد بە بەرزی هەشت هەزار مەترەوە بژی، چونکە خانەکانی مێشك بە بلیۆنەها دانە لە ماوەیەکی کەمدا دەمرێتو لە چاوەوە خوێن بەردەبێو مێشکیش دەتەقێتەوە. بەڵام خۆ ئالیلۆیا لەگەڵ شیربا بمبادا چوونە سەر لوتکەی ئیڤرستو هیچیشیان بەسەر نەهات، ڕەنگە چانسیش بێت؟ بەڵام دواتر هەستی بە تێکچوونی بیردانی دەکرد، بەڕادەیەك هەندێ جار وشەی زۆر ئاسانی لەبیر دەچوویەوە. تەنانەت شەوێکیان لە خەو هەستایەوە جوبریل لە تەنیشتیدا لەسەر چرپاکە خەوتبوو، خەریکبوو رایوەشێنێتو هەڵیسێنێت تا لێی بپرسێت: "تۆ کێیت بۆ خاتری دۆزەخ؟ کەی هاتوویتە ئێرەوەو لە تەنیشتمەوە خەوتوویت؟" بەڵام

لەکاتی شیاودا بیری کەوتەوە کێیە، ئینجا بە جوبریلی وت: "هیوادارم ئەم بارودۆخەی من شتێکی کاتیی بێت".

یەکەم ناکۆکی لەنێوان ئالیلۆیاو جوبریلدا ئەو کاتە دەستیپێکرد کە پیاوەکانی راگەیاندنو وێنەگرەکانی رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان کەوتنە شوێن ئالیلۆیاو وێنەیان دەگرت، سەبارەت بەمە بە جوبریلی وت: "من هەمیشە لە کامیرا رادەکەم، بەڵام بەردەوام شوێنم دەکەون". جوبریلیش پێیوت: "گریمان کامیرا چیتر شوێنت ناکەوێ، ئەوجا پێموایە خۆت شوێنیان دەکەویت". ئینجا ماوەیەك دوای ئەوە ئالیلۆیا جوبریلی شڵەژاندو وتی: "ئێستا من زۆر بە ئاسانی دەتوانم ببمە ئەستێرەی سینەمایی، چونکە تۆ دەستت لە ناوبانگی خۆت هەڵگرتووەو خانەنشین بوویت" جوبریلیش بە تورەییەوە وەڵامی دایەوە: "مەگەر بەسەر تەرمی مندا هەنگاو بنێیتو ئەم کارە بکەیت".

ئالیلۆیا دەیزانی ئەم ئیرەییە بێئەندازەی جوبریل پەیوەندییان تێکدەدات. ئەمەو لە ئەنجامی چەند فاکتەرێکی تردا ناکۆکی نێوانیان کەڵەکە بوو. جوبریل پیاوێکی بێباك بوو، هەڵسوکەوتی بێپەروای لەماڵدا دەنواند، دەچوو جلوبەرگە پیسو پۆخڵەکانی لە شوێنی ناشیاودا دادەناو پاشەڕۆی خواردنی لێرەو لەوێ فڕێدەدا. ئەمەش ئالیلۆیای شێت کردبوو، جگە لەوانەش جوبریل هەمیشە گلەیی لە تەسکیو بچووکی ماڵەکەی ئالیلۆیای دەکردو دەیوت: "من لەگەڵ دوو هەنگاو دەنێم دەکەوم لە دیوارێکی ئەم ماڵەوە".

سەرباری ئەوانەش ئالیلۆیا توانی لەگەڵیدا بەردەوام بێت، بەڵام جارێکیان پێیوت دەبێ یان نیوەی ئیشی ناوماڵ بەرێکات یان لانیکەم خۆی جلەکانی خۆی خاوێن بکاتەوە. ئەم کارەش بۆ ئەو ئاسان نەبوو، چونکە ئەو واڕاهاتبوو خزمەتکار

ئەم جۆرە ئیشانەی بۆ بەڕێکات. دواجار ئالیلۆیا جوبریلی سەرسامکرد کاتێ بە راشکاوانە داوای لێکرد شوێنێك بۆ خۆی بدۆزێتەوەو تیایدا نیشتەجێ بێت، چونکە ئالیلۆیا پێویستی بە شوێنکی فراوانە تا بتوانێت بە ئازادی هاتووچۆی تیابکات، ئەم داواکارییە گورزێکی بەهێزبوو بەر فریشتە کەوت، چونکە ئەو شێتئاسا پێیوابوو گەورەی فریشتەکانەو لە بەرگو شێوەی مرۆڤدایە. نەك تەنها گەورەی فریشتە بەڵکو پێیوابوو فریشتەی سروشو دابەزاندنی پەیامە، ئەو فریشتەی پاش کەوتنی فریشتە ئبلیس بایەخی پێدراو گرنگتر بووا جوبریل بە ئالیلۆیای وت: "دەبێ لەم شوێنە دەرچم" بەڵام ئالیلۆیا باڵی گرتو پێیوت: "قسەکانم لەبیربکە، گوێمەدە بە قسەکانم! من خۆشمدەوێیت، ئینجا من پێموایە تەندروستیت باش نییە". بەڵام جوبریل وەك ریزدانانێك بۆ کەرامەتی خۆی بەرهەڵستی کردو وتی: "تۆ لە ماڵەکەت دەرتکردم، چیتر مافی ئەوەت نییە قسە لەسەر تەندروستی من بکەیت یان هەر شتێکی تر پەیوەندی بە منەوە بێت". ئەم قسانەی کردو بەخێرایی هەڵهات، ئالیلۆیا هەوڵیدا شوێنی بکەوێت، بەڵام ئێشو ئازاری قاچەکانی نەیانهێشت بەردەوام بێت، بۆیە بە شینو گریانەوە کەوتەسەر عەردەکە.

جوبریل بەسەر شەقامەکاندا بێهودە دەگەڕا، تێبینی کرد مانگ چواردەیە. هۆکاری ئەو شتانەشی بەسەریداهات گێڕایەوە بۆ شەیتان، ئەوکات دەرکی کرد لە چ مەترسییەکدا بووە، ئەو دەمەی کە لەگەڵ ئالیلۆیا کاوندا پێکەوە بوون، ئالیلۆیا، ئەو بوونەوەرەی زیاد لە هەر بوونەوەرێکی تر درۆزنو ساختەیە. ئەوجا بیری کەوتەوە چۆن پێغەمبەر (د.خ) کاتێ بۆ یەکەمجار سروشی بۆ هات گومانی برد ئەقڵی لەدەستدابێت، بەڵام خەدیجەی ژنی دڵیدایەوەو ئەو بڕوایەشی لادروستکرد کە شێت نییەو دەبێ ببێت بە پێغەمبەری خودا، کەچی لە بەرامبەردا ئالیلۆیا

چیکرد، پێیوت: "تۆ تێکچوویت، پێموایە تەندروستی دەروونت باش نییە". ئەو کچە کاڵباوە قژ سپییە، ئەو پرچە سپییەی بۆ تاریکاندنی رۆحی جوبریل بەکاردەهێنا، لەو ساتە لاوازانەی کە زادەی ئارەزووە فیزیکیەکان بوون، ئارەزووی گۆشتو خوێن، ئەو ئارەزووانەی ئەم نەیدەتوانی بەریان پێبگرێت. ئینجا ئەو ئامۆژگارییەی بیرکەوتەوە کە خودا بە موسوڵمانەکانی وتووە: "ئەی نەوەکانی ئادەم ئایا رێئەدەن بە شەیتان زەبرتان پێببات، پاش ئەوەی زەبری بە بابو باپیرانتان بردو بردنی بەرەو دۆزەخ، پاش ئەوەی کە خۆیان لە بەهەشتدا بوون". ئەوجا جوبریل رۆشت بەرەو گۆشەیەك لە گۆشەکانی لەندەن کە لەلایەن هونەرمەندانو ئەو کەسانەی کە بە شوێن لەشفرۆشاندا دەگەڕێن پێشخراوە، لەوێش چاوی بە ریکا میرسانت کەوت. ریکا پێی وت: "ئایا بۆ تۆ باشتر نەبوو گەر لەگەڵ من بمابایت؟ گەر خۆشت بوویستمایە؟ دەتتوانی خۆشت بوویستمایە چونکە من باش دەزانم خۆشەویستی چییە، هەموو کەسێکیش ناتوانێ وەك چۆن من تۆم خۆشویست ئاوەها خۆشیان بووێت! ئەو کچە کاڵباوە خۆپەرستە ناتوانێ بەو جۆرە خۆشی بووێیت". جوبریل وەڵامی دایەوە: "تۆ ژنێك بوویت شوتکردبوو، من دووەم پیاوبووم کە بۆ چێژوەرگرتن بەکارت دەهێنام". ئەویش وەڵامی دایەوە: "ئەگەر بەڕاستی خۆشت بوویستمایە دەستم لە مێردەکەم هەڵدەگرت، بەس داوات بکردایە دەستم لێ هەڵدەگرت". جوبریلیش وتی: "نەتدەتوانی دەستبەرداری ئەو منداڵە هەژارانەت ببوویتایە کە لەو شوێنەوە خستنتە خوارەوە بەرلەوەی خۆت بخەی".

ریکا بە توڕەییەوە خۆی ونکرد، تەقییەوەو دوکەڵی زەردی وەدوی خۆیدا بەجێهێشت، ئەم تەقینەوەی ئەویش جوبریلی خست بە زەویداو کلاوەکەی لەسەر داکەوتو کەوتەسەر شۆستەکەی تەنیشتی، هەر ئەم تەقینەوەش بووە هۆی

هێڵنجدانو رشانەوەی جوبریل، پاش رشانەوەی لە دڵی خۆیدا دەیوت: "چەند چاكو جوانە مرۆڤ رزگاری بێت لە پێویستییە پۆخڵەكانی لەش". دوو كەس لەو لاوە بە سەرسوڕمانەوە تەماشایان دەكرد، هێندەی نەبرد گەنجێكیان بەسۆزەوە لێی نزیكبووەوەو پارچەیەك پارەی ئاسنی فڕێدایە نێو كڵاوەكەیەوە، لەو لایشەوە ژنێك لێی نزیكبووەوەو بڵاوكراوەیەكی پێداو وتی: "ئەمەت بەلاوە گرنگ دەبێ". جوبریل توانی بە خێرایی لە ناوەڕۆكی بڵاوكراوەكە تێبگات، ئەویش داوای دوورخستنەوەی دانیشتوانە رەش پێستەكان دەكات لە شار، ئەو ژنە یەكێ بوو لە رەگەزپەرستەكان، بەهەڵە واتێگەیی بوو فریشتە جوبریل سپی پێستە! جوبریل بەنێو شەقامەكانی لەندەنداو لەنێو تونێلی میترۆكاندا شاربەدەر بوو، هەر كەسێكی ئاسایی بدیبایە دەستبەجێ قسەی لەگەڵ دەكردو دەیوت: "من فریشتە جوبریلم" ئەوانیش پێیان ڕادەبوارد یان وەك هەر شێتو سواڵكەرێكی تر بێزیان لێدەكردەوە. ڕیخا میرسانت دووبارە دەركەوتەوە، ئەمجارەیان زۆرێك زێڕو تەڵای لەخۆ دابوو، بەوپەڕی جوانیو خۆرازاوەییەوە دەركەوتو پێیوت: "ئەی ئێستا چی ئەی فریشتەی خودا؟ وادیارە تەنانەت لەلایەن خەڵكی ئاساییشەوە شاربەدەر كراویت، هیچ كەس بایەخت پێنادات". ڕیخا میرسانت ئەمجارە تەنها بۆ ئەوە نەهاتبوو پێی ڕابوێرێت بەڵكو بۆ ئەوە هاتبوو تێیگەیەنێت كە هەرچی كێشەو گرفەتە بەسەر جوبریلدا هاتووەو هەرچی تری بەسەردا دێت لە نانەوەو دەستكردی ئەمە، ئینجا پێیوت: "دەبێ باش لەبیرت بێ من لەپێناو خۆشەویستی تۆدا مردم، ئەمەش مافی ئەوەم پێدەدات تۆڵەت لێبكەمەوەو سەرتاپای ژیانت تێكبدەم، دەبێ دەردەسەریو نەهامەتی بكێشیت، چونكە ناكرێ ژنێك لەپێناو تۆدا لە شوێنێكی بەرزەوە خۆی هەڵداتە خوارەوەو خۆی بكوژێت. من بونیادی تۆم سەراوگێڕ كرد، وەلێ ئێستا لە هەموو ئەمانە

بێزاربووم! بیرت نەچێ من هەمیشە کەسێکی لێبووردەو بەخشندەبووم، تۆش ئەو خەسڵەتەی منت خۆشدەویست، بەهەرحاڵ چەند چارەسەرێك هەن دەتوانین مشتومڕیان لەسەر بکەین، جا ئایا تۆ دەتەوێ بیر لەو جۆرە چارەسەرانە بکەیتەوە، یان پێت باشترە بە شاربەدەری بمێنیتەوەو لەناو پێچاوپێچەکانی پوچگەراییو دێوانەییدا بە وێڵی بمێنیتەوە؟ پێت باشترە لە فریشتەوە ببیت بە مرۆڤێکی سوکی هیچوپوچ خەڵکی گاڵتەی پێبکات؟ جوبریل لێی پرسی: "دەی ئەو چارەسەرانە چین؟" چارەسەرەکان ئەوەبوون جوبریل پێی بڵێت خۆشمدەوێیتو خۆشەویستی خۆیی بۆ دەرخات، ئینجا دەیوت: "ئەگەر ئەوە بکەیت ئەوا ئیتر من سنورێك بۆ ئەو شتە ناشایستانەی ئەم شارە دادەنێمو چیتر شوێنت ناکەوم، ئیدی بیرۆکەی گۆڕانگاری لە مێشکت دەردەچێتو شار بەتەواوی ئارام دەبێت. دواتریش دەتوانی لەگەڵ ئەو خانمە سپی روخسارەدا بەردەوامی بە ژیانت بدەیتو شکۆمەندی جارانت وەك ئەستێرەیەکی سینەمایی بەدەست بهێنیتەوەو منیش هەست بە ئیرەیی ناکەم. چۆن هەست بە ئیرەیی بکەم لەکاتێکدا من مردوم؟ من تەنانەت نامەوێ بڵێیت هێندەی ئەو ژنە کاڵباوە بە لاتەوە گرنگم، دەتوانی بە پلەی دووەم دامبنێیت، ژنێکبم بۆ چێژوەرگرتن، پێت چۆنە جوبریل؟ تەنها دوو وشەم لە تۆ دەوێت". جوبریلیش وتی: "کاتم پێبدە بیری لێبکەمەوە".

بەدرێژایی ئەو شەوە جوبریل بەسەر ڕێگەوبانی ئەو شارەدا دەهاتو دەچوو، لەکاتێکدا ڕیخا میرسانت بەسەر قاڵییەکەیەوە لە پێشیەوە بەسەر سەریەوە دەفڕی، تا گەیشتە تەنیشت ڕووبارێكو لەوێش چاوەکانی داخست، ڕیخاش هۆنراوەگەلێکی بۆ دەخوێندەوە، هۆنراوەی شاعیر فایز ئەحمەد فایز بوون. کاتێ جوبریل لە بەرەبەیاندا چاوی هەڵهێنا، ڕیخا لە هۆنینەوە کەوتبوو، چونکە دڵنیا نەبوو

لەوەی جوبریل چ وەڵامێکی دەداتەوە، هێندەی نەبرد جوبریل ڕێگای سەرسام کردو بە هاوارەوە وتی: "ئەمە تەڵەیە، تۆ دەتەوێت بمخەیتە تەڵەوە، هیچ خودایەکی تر بوونی نییە جگەلە خودا، لا الە الا اللە، ئینجا منو تۆ هیچ مشتومڕێکمان لەنێواندا نەبوو، من بەم شێوە تەڵخو لیخنانە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا ناکەم". پاش ئەم قسانەی جوبریل، زێڕو تەلاکانی ڕێگا بە لەشو جلەکانیەوە کەوتنە خوارەوە، هێندەی نەبرد گۆشتی جەستەیشی داڕزاو هیچی لێنەمایەوە، جگەلە ئێسکە پەیکەر، ئێسکەکەیشی بەدەم هاوارو قیژەوە بەڕووی خۆردا کلێپەی سەند، ڕۆیشتو چیتر نەگەڕایەوە. جوبریلیش گەڕایەوە بۆ شاربەدەری ڕێگاوبانەکانی شارو بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد: "من جوبریلم" بێئەوەی کەس گوێی لێبێت.

جوبریل دیسانەوە گەڕایەوە لای ئالیلۆیا، لەکاتێکدا زامو برینێکی زۆر تووشی ڕوخسارو دەستی هاتبوو. لەسەر دەستی پیاوێکی بچووکی ڕوخسارگەش هۆشی هێنایەوە، کاتێك جوبریلی بردەوە بۆلای ئالیلۆیا بە مینجە مینجەوە خۆی بە ئالیلۆیا ناساند وتی من ئەو بەرهەمهێنە سینەماییەم کە ناوم سیسودیایە. ئالیلۆیاش پێیوت: "بەڕاستی میهرەبانیو پیاوەتیت کردوە کە جوبریلت هێناوەتەوە بۆماڵەکەم، پێویستە شتێك بخۆیتەوە".

ئەلیکجا کاونی دایکی ئالیلۆیا بەوپەڕی چلێسییەوە خەریکی حەپەلوشکردنی قاپێك ماسی بوو کاتێك بە کچەکەیی وت: "ئەو پیاوەی لە ماڵەکەتدا جێگەت کردۆتەوەو لەسەر یەك نوێن لەگەڵیدا دەخەوی، تەنها پێویستی بە چاودێری ئەم شەو نییە، دەبێ ڕاشکاوانە پێت بڵێم: ئەو پێویستی بە نەخۆشخانەی دەروونییە، چونکە تووشی دەردی خۆبەزلزانی بووە". ئالیلۆیاش وەڵامی دایەوە: "بەڕای من پێویستی بەمەی ئێستا هەیە، تیماری پزیشکی وردو حەوانەوە، پێویستی

به شتێكی تریش هەیە رەنگە یان لەبیرت چووبێ یان لەبیری خۆتی ببەیتەوە، ئەویش خۆشەویستییە". دایكی وتی: "نەخێر لەبیرم نەچووە، بەڵام ئەمە یەكەمجارمە لە ژیانمدا گوێم لە مرۆڤێك بێ بڵێ من فریشتەم! بەهەرحاڵ چیدی پێویستە زیاتر ئاگامان لە تۆ بێت".

ئەو دەمەی سیسودیا جوبریلی هێنایەوە بۆ ماڵی ئالیلۆیا، جوبریل هاوسەنگی دەروونی تووشی تێكچوون بووبوو، هەردوو چاوی دەرتۆقیبوو ترسیشی پێوە دیاربوو، وەك ئەوەی هەر بەڕاستی پیاوێكی راوەدونراوە! هەر ئەمەش وایكرد لە ئالیلۆیا لە ناخییەوە خەفەتی بۆ بخوات‌و بەزەیی پیادا بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جوبریل ئێستا دلێرانە رووبەڕووی نەخۆشییەكەی دەبێتەوەو خۆیی لێنادزێتەوە، ئەمەش وایكرد لە ئالیلۆیا هاوكاری بكات‌و سووربێ لەسەر ئەوەی دەروونی هاوسەنگ بكاتەوە. جوبریلیش هاریكاربوو، بە چڕی ئەو دەرمانانەی دەخوارد كە پزیشكەكان بێ یەك‌و دوو بۆیان نوسیبوو، هەر بۆیە ماوەیەكی زۆر خەوی لێدەكەوت. لەمبارەشەوە وتی: "چیتر لە خەو ناترسم، چونكە ئەوەی لە بەخەبەربوونمدا بەسەرم دێت خراپترە لەوەی لە خەوبینینەكانمدا رووبەڕووی دەبمەوە". جوبریل توانی كۆنترۆڵی خۆی بكات‌و ئارام بێتەوە، بەڵام ئەو خەونانەی دزەیان دەكرد هێشتا هەر وەدوی دەكەوتن، هێشتا لە كاتی خەوتنیدا قسەی دەكردو هەندێ ئایەتی بە زمانی عەرەبی دەوتەوە كە لەكاتی بەخەبەربوونیدا نەیدەزانی بیلێت: "تلك الغرانیق الاولی، وأن شفاعتهن لترتجی". ئالیلۆیا دەچوو ئەو ئایەتانەی دەنووسییەوەو دەیبردە لای مەلایەك لە مزگەوتی (بریكهۆڵ)و لە واتاكەی دەپرسی. مەلاكەش هەر كە گوێی لەو وشانە دەبوو موچڕكە بە لاشەیدا دەهات.

پزیشکە پسپۆڕەکانی نەخۆشخانەی (مۆدسلی) دەیانوت دەروونی جوبریل خەریکی دووبارە دانانەوەی سنوری جیاکەرەوەی نێوان خەون‌و راستییە، ئەم کارەش بە خاوی دەڕوات وەلێ تەنها ڕێگایەکە بۆ چاکبوونەوەی. ئالیلۆیا هاوکاری جوبریلی دەکرد بۆ سەرفەرازبوون، بەو هیوایەی ئەو تەوژمە سێکسیەی جارانی بۆ بگەڕێتەوە. ئالیلۆیا هەستیدەکرد رۆژ بەڕۆژ پەیوەندی نێوانیان قایمتر دەبێت، رەنگە ئەمەش لەو رۆژەوە دەستپێکردبێ کە مۆریس وێلسنی لەنێوان دوکەڵکێشەکانەوە بینی بانگهێشتی دەکرد بۆ مەرگ.

ئالیلۆیا سکی هەبوو لە جوبریل، منداڵەکەشی دەویست! بەڵام کاتێ بینی جوبریل کەسانێکی سپاردوە چاودێری بکەن تواناو بەرگەگرتنی نەما، دانیشت‌و نامەیەکی پوختی بۆ جوبریل نوسییەوەو تیایدا دەڵێت: "تۆ بەم شێوەیە دەمکوژیت". هێندەی نەبرد هەستا بەجێیهێشت‌و ماڵئاوایی لێنەکرد، جوبریلیش لە دوای ئەوە هەوڵی نەدا پەیوەندی پێوە بکات.

ئەو کچە ئەکتەرەی پێشنیارکرابوو بۆ جوبریل لە نواندنی فیلمەکانی داهاتویدا رۆڵی لەگەڵدا بنوێنێت، کچە ئەکتەری بەناوبانگ (جێل پلیمۆریا) بوو. بەرهەمهێنەرەکان بە خودی سیسودیایشەوە پێشنیاریان کرد هەڵمەتێکی گەورەی ریکلامکردن بەرپاکەن‌و لە سەرەتاوە ناوی جوبریلی تیا نەهێنن، بەڵکو لێگەڕێن تا ئەو رۆژەی لەسەر یەکێ لە شانۆکان ئاهەنگێ گەورەی بۆ سازدەکەن، ئەوجا لەوێ رایگەیەنن. هەتا کاتی ئەو ئاهەنگە، گشت پۆستەرو ریکلامەکانی نێو رادیۆو تەلەفزیۆنەکان پاڵەوانی فیلمەکەیان بەناوی ئەستێرەی پەنهان ناودەبرد. جوبریلیش رازیبوو هەتا دەچێتەناو شانۆکەش خۆی ئاشکرا نەکات‌و بە بریسکە روخساری روپۆشکات. هەموو شتێك بەو چەشنە بەڕێوەچوو کە پلانیان بۆ دانابوو. هەرچی

خەڵك هەیە لە شانۆکەدا هەستایەوەو حەشاماتێ دروستبوو، کاتێ جوبریل لەسەر شانۆکە بە روخساری راستەقینەی خۆیەوەو بەبێ بریسکە دەرکەوتو بەدەنگی بەرز رایگەیاند: "من ناوم فریشتە جوبریلیە". خەڵکەکە هەموویان کورسییەکانیان جێهێشتو بە رووژاوی بەرەو تەختی شانۆکە رۆشتن، ئەوەی مایەی سەرسامی بوو ئەوەبوو یەکەم کەس گەیشتە لای تەختی شانۆکە کەسێك بوو پێشتر جوبریل بینیبووی، ئەو کەسەش بە جوبریلی وت: "منت بیردێ جوبریل؟ من موسلیمەم، ئەو کەسەی شەش پەنجەم هەیە، نهێنی هاتنی تۆم پاراستووە، بەڵام بە خەڵکم وتووە خودا بەرجەستە بووەو گەڕاوەتەوە ناومان، هەمیشەیش مژدەی ئەوەم داوە کە هەموو خوارو خێچێك راستدەبێتەوە".

پاسەوانە تایبەتەکانی جوبریل کە ئەرکی پاراستنی ئەویان پێسپێردراوە، جوبریلیان لە شەپۆلو پاڵنانی خەڵك دوورخستەوە. لە رۆژی دواتریشدا رۆژنامەکان رایانگەیاند جوبریل لەو شوێنە قەرەباڵغەدا ونبووەو کەس نازانێ بۆ کوێ چووە، چونکە ئەو ئۆتۆمبێلەی بڕیاربوو بیگوازێتەوە بە بەتاڵی مایەوە، دوایین کەسیش کە جوبریلی بینی بوو تیشکێکی بەدەوری سەریدا بەدیکردبوو! هەر لەبەرئەمەش بازرگانانی بووکەڵە توانیان ژمارەیەکی بێشومار لەو جۆرە بووکەشوشانە بفرۆشن کە تیشکی رەنگاورەنگ بە دەوری سەریانەوەیە.

ئیتر جوبریل لە توانایدابوو پەل بهاوێتو ئازادبێت، دەیتوانی روونبێتو راشکاوانە قسە بکات، تاوەکو ئەو ئینگلیزانە بە توانا باڵاکانی بزانن، بەم چەشنەش شەیتان دەکەوێتو لەناو دەچێت، شەیتان دەبێتە بەرجەستەبوونی تەواوی تاریکیو جوبریلیش دەبێتە بەرجەستەبوونی رووناکی، بەڵام لە کوێوە دەستپێبکات؟ ئەو شتەی ئەو دەیەوێت بەدی نایەت مەگەر شەو وەك رۆژ رووناکو بەگڕوتین ببێت،

مەگەر زەوی بچێتە دامێنی دەریاوە، جوبریل بیری لەوەکردەوە کە ئەمە روونادات مەگەر لەندەن وەك شارەکانی سەر هیلّی بەرابەریی گەرمبێتو بە ئاسمانیدا لەو جۆرە مەلو بالّندانە بفڕن کە بەسەر هێلّی بەرابەریدا دەفڕن.

فریشتە جوبریل کاتێ هۆشی هێنایەوە تەماشا دەکات لەبەر پێی ئالیلۆیا کاوندا کەوتووەو تکا لە ئالیلۆیا دەکات لێی خۆشبێت، بە گریانەوە دەلّێت: "ئەی خوایە، دیسانەوە ئەو شتەم بەسەردا هاتەوە". ئالیلۆیاش بردیەوە بۆ مالّو جوبریل لەوێ دەستبەجێ خەوی لێکەوت، خەوی بینی زۆر بەپەلە بالّی گرتووەتەوەو لە لەندەنی شاجوانەوە بەرەو مەدینەی جاهیلی دەڕوات. ئەو دیوارەی کە ئەم دەیویست لەنێوان خەونو راستیدا هەلّیچنێت مەترسییەکی راستەقینە تێکیدابوو. ئالیلۆیا پەیوەندی کرد بە دایکیەوەو ئاگاداریکرد گەڕاوەتەوە، دایکیشی لە تەلەفونەکەدا وتی: "ئەمجارەیان دەبێ ئاقلانە بیربکەیتەوە ئالیلۆیا، ئیتر دەبێ بیبەیت بۆ نەخۆشخانەی دەروونی". ئالیلۆیاش وەلامی دایەوەو وتی: "ئێستا ئەو خەوتووە، با هەلّسێتەوە جا بیری لێدەکەمەوە" دایکیشی پێیوت: "بەهەرحالّ، ئەمە ژیانی خۆتەو خۆت ئازادی چی دەکەیت، ئەرێ ئاگات لەم کەشو هەوا گەرمەیە لەندەنی داگیرکردوە؟".

# بەشی شەشەم

# گەڕانەوە بۆ جاهیلیە

کاتێ بەعلی شاعیر بینی فرمێسکێکی خوێناوی لە چاوی چەپی پەیکەری خواوەندی لاتەوە دەڕژێ، دەرکی کرد ماهاوەند لە ڕێگەدایە بۆ مەدینەی جاهیلیو ئەمجارە بە سەکەوتووی‌و براوەیی دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك شاربەدەر کرا. بە تێپەڕبوونی ئەم ماوەیە بەعلی شاعیر تەمەنی بووبووە پەنجا ساڵ. بە پێچەوانەی تەمەنی لاویەتییەوە زبانی قورس بووبوو، جموجۆڵیشی خاوبووبوو، وەلێ ماهاوەندیش بەشبەحاڵی خۆی گۆڕابوو پاش ئەوەی تەمەنی بووبووە پەنجاو پێنج ساڵ، بەڵام ئێستا زیاد لە جاران بەهێزتربوو دەستیشی زیاتر دەڕۆیی، هەر ئەمەش وایلێکرد بتوانێ گەمارۆ بخاتەسەر مەدینەی جاهیلیو کۆمەکیان لێببڕێت‌و نەهێڵێت حاجی‌و کاروانە بازرگانیەکان بچنە ناوەوە، بە چەشنێك بازارەکانی مەدینەی جاهیلی بووبوونە مایەی بەزەیی، تەنها دیاردەیەك لەو شارەدا نەگۆڕابێت ئەو ژنەبوو کە ناوی هیند بوو، بەژن‌و باڵای بەخۆوە مابووەوەو روخساریشی هەر گەشاوەبوو، پرچیشی هەر وەك جاران رەش بوو و سپێتی زەبری پێنەبردبوو، بەو جۆرەش مابووەوە کە خەڵکی لەناو خۆیاندا باسیاندەکردو دەیانوت خاوەن هێزێکی ئەفسوناوییەو هەر کەسێك ریزی لێنەگرێت‌و لە کاتی تێپەڕبوونیدا نەچەمێتەوە بەو هێزە دەتوانێت نەخۆشیان بخات‌و ئازاریان پێبگەیەنێت. ئەم ژنە لە

یەکێ لە شەڕەکاندا جلوبەرگی پیاوی کردەبەرو چووە ریزی جەنگاوەرە جاهیلیەکانەوە، بە شوێن حەمزەی مامی پێغەمبەردا دەگەڕا، ئەوەی براکانی کوشت، ئەوجا کە دۆزییەوە سەری بڕیو دڵو جگەری خوارد. ئیدی لە پاش ئەمە کێ دەتوانێ بە رویدا بووەستێو رووبەڕووی بێتەوە، ئینجا ئەو لە پاش پیربوونی مێردەکەیو لاوازبوونی باوکی، خۆی مەدینە بەڕێوە دەبات. شەوێکیان بەعل گەڕایەوە بۆ خانووە چۆڵو قلێشاوەکەی، کاتێ دەرگاکەی کردەوەو چووە ژوورەوە، کەسێك بەدوایەوەبوو دای بە زەویداو خوێنی لە لوتی هێنا. بەعل خۆی پەلکێشکرد بەرەو دیوارەکەو تکای لەو پیاوە دەکرد نەیکوژێت، پیاوەکەش کە روخساری بە چمکی عاباکەی پۆشیبوو دەرگاکەی داخست، بەعل بە تکاو پاڕانەوەوە پێیوت: "هیچ پارەم پێنییە تەنانەت هیچ شتێك لەماڵەکەمدا نییە". دەمامکدارەکە وتی: "کاتێ سەگێ برسیی دەبێ ناچێ لەلای سەگێکی وەك خۆی بە شوێن خواردندا بگەڕێ" بەعل وتی: "هەر کەسێك بێتە ماڵی شاعیرێکی وەك من بە بێئومێدی دەرناچێت". کەسە نەناسراوەکە ئەم قسانەی ئەوی پشتگوێخستو وتی: "دەبێ بزانیت ماهاوەند بەڕێوەیە بۆ مەدینەی جاهیلی". بەعل وەڵامی دایەوە: "دەی جا من چ پەیوەندییەکم بەوەوە هەیە؟ ماهاوەند چی لە من دەوێ؟ ئەگەر لەبەرئەوەیە من کاتی خۆی هەجوم کردوە خۆ ئەوە تەمەنێك بەر لە ئێستا بووە. ئەو تۆی ناردوە بۆلای من؟". پیاوەکە وەڵامی دایەوەو وتی: "ماهاوەند هیچی لەبیر ناچێتەوە، ئینجا من لەلایەن ئەوەوە نەهاتووم! وەلێ منو تۆ دۆخێکی هاوبەش کۆماندەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە هەردووکمان لێی دەترسین". بەعل لێی پرسی: "دەی ئایا من دەتناسم؟" وتی: "بەلێ" بەعلیش وتی: "پێموایە تۆ بێگانەیتو عەرەب نیت، چونکە بە شێوەزارە دووڕەگەکەتدا دیارە، بێگومان تۆ سلێمانی فارسییت" ئەویش وەڵامی

دایەوە: "ناوم سەلمانە نەك سلێمان" ئەوجا بەعل وتی: "خۆ تۆ یەکێ بوویت لە کەسە نزیکەکانی". سەلمان وەڵامی دایەوە: "ئەگەر لە جادووگەرێکەوە نزیکبیت ئەوا تۆ لە هەموو کەسێك زیاتر درك بە فرِو فێڵەکانی دەکەیت".

**جوبریل خەونی بەمەیشەوە بینی:**

سەلمان بە بەعلی شاعیری وت شوێنکەوتە ملکەچەکانی ئایینی ئیسلام کاتێ چوونە مێرگی یەسرەب بەشبەشو هەژاربوون، بۆیە بە ناچاری دەچوون هێرشیان دەکردەسەر ئەو کاروانە دەوڵەمەندانەی لە مەدینەی جاهیلییەوە دەهاتن، کوتاڵو شتومەکەکانیان دەدزین، ماهاوەندیش نارِازی نەبوو بەمە چونکە لەلای ئەو ئامانج ئامراز بەهانەدار دەکات. بەڵام دواتر ناچاربوو یاساو رێسا رێکبخات، لە دانانی یاساشدا زیادەرِەوی زۆری کرد، کۆتو یاساگەلێکی دانا، تێیدا تەنانەت پرِوپووچترین شتی سنوردارکرد وەکو: مرۆڤ چی بکات ئەگەر ترِی لێدا؟ بە چ دەستێك کۆمی خاوێنکاتەوە؟ چیدی مرۆڤ هیچ ئازادییەکی نەما. چونکە پاش ئەوەی سروش هاتە خوارەوە رێژەی ئەو خواردنەشی دیاریکرد کە پێویستە لەسەر مرۆڤی باوەرِدار بیخوات، شێوازی خەوتنیشی دیاریکرد، تەنانەت ئەوەشی دیاریکرد بە چ بارێکدا دەبێ سێکس بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ماهاوەند بە شوێنکەوتەکانی وت نێربازیو سێکسی دواوە لەلای گەورە فریشتەکان ئاساییە. جوبریل بابەتەکانی ئاخاوتنو قسەکردنیشی دیاریکردوە، واتە دەسنیشانیکرد خەڵکی دەتوانن لەبارەی چ بابەتێکەوە بدوێنو لەبارەی چیترەوە نەدوێن، کار گەیشتە ئەوەی ئەو بەشانەی جەستەیشی دیاریکرد کە ئاساییە بخورێنرێنو ئەوانەشی حەرامە بخورێنرێن تەنانەت ئەگەر شێتیش بیت بۆ خوراندنی. سەلمان بە بەعلی وت سروش هەمیشە وەڵامی

پرسیاری باوەڕدارەکانی لە کاتی شیاوی خۆیدا دەهێنایەوە، زۆرجار هەر ئەو ڕۆژەی پرسیارەکانی تێدا دەکرا وەڵامەکان دەهاتنەوە، ئینجا سەلمان وتیشی: پێغەمبەر منی بە نووسەری سروش دانا، چونکە من کابرایەکی خوێندەوار بووم، هەرچی سروشی بۆ دەهات ئەو دەیوت‌و من بۆم دەنووسییەوە. دەیوت زۆرجار دەستکاری ئەو قسانەم دەکرد کە ماهاوەند دەیوتن، بەڵام ماهاوەند گومانی لێنەدەکردم، چونکە یەسرەب رووبەڕووی هێرشی جاهیلیەکان دەبوویەوە، جارێکیان سوپای جاهیلیەکان هات بەرەو یەسرەب تاوەکو سزای ئەو کەسانە بدات کە رێ بە کاروانەکانیان دەگرن‌و داگیریدەکەن. سەلمان بە بەعلی وت من یەسرەبم لە کاولبوون رزگارکرد، تەنانەت ملی ماهاوەندیشم رزگارکردو نەمهێشت بەر تیغی جاهیلیەکان بکەوێت، چونکە پێشنیارمکرد خەندەقێکی پان‌و قوڵ بەدەوری یەسرەبدا هەڵکەنێت، چونکە یەسرەب هیچ شورایەك بەدەوریدا نەبوو تا بیپارێزێت، رەسەنترین‌و بەهێزترین ئەسپ نەیدەتوانی بەسەر ئەو خەندەقەدا خۆی هەڵدات، بەم چەشنە سوپای جاهیلیەکان تێکشکان پاش ئەوەی سوارچاکەکانیان سوربوون لەسەر ئەوەی لەو خەندەقە بپەڕنەوە، بۆیە ئەو رمانەیان پیا چەقی کە لە هەناوی خەندەقەکەدا چێنرابوون، سەلمان درێژەی بە قسەکانی داو بە بەعلی وت: پێتوایە لە پاش ئەوە ماهاوەندو شوێنکەوتەکانی بە پاڵەوانیان دەزانیم؟ نەخێر، چونکە سروش هیچ شتێکی لەبارەی منەوە نەوت، جگەلەوەش هەندێ لە باوەڕداران ئەو ئامۆژگارییەی منیان لەبارەی هەڵکەندنی خەندەقەکەوە بە فێڵێکی سوك لەقەڵەم ئەدا، دەیانوت تۆ تۆڵەت لە ئێمە کردۆتەوەو ئێمەت بە پیاو نەزانیوە، گاڵتەت بە توانای رووبەڕووبوونەوەی ئێمە کردووە! دانیشتوانی یەسرەب لەو جەنگانەی نێوان خۆیان‌و دانیشتوانی جاهیلیەدا پیاوی زۆریان تیاچوو، هەر بۆیە سروش

هاتەخوارەوەو پیاوانی ناچارکرد بەوەی ژمارەیەکی زۆر ئافرەتو بێوەژن بخوازن. خودا هەڵناگرێ گەورەی فریشتەکان لە دارِشتنی ئەم یاسایەدا زۆر واقیعبین بوو! لێرەدا سەلمان لەژێر عاباکەیەوە جامێك بادەی دەرهێناو هەردووکیان لەژێر ئەو رووناکییە کزەی خانووە وێرانەکەدا دەستیاندایە خواردنەوەی. ئەوجا بەردەوامی بە قسەکانی داو وتی: سروش رێگەی بە پیاوان دا چوار ژن بخوازن، ئەم یاسایەش دانیشتوانی یەسرەبی زۆر دڵخۆشکرد! ئەوەشی بووە هۆی پچرِانی پەیوەندی نێوان سەلمانو ماهاوەند ئافرەتو مەسەلەی ئایەتە شەیتانیەکان بوو! کێشەی ماهاوەند لەوەدایە لە بابەتی ژنخوازیدا وەك یەك نییە، چونکە جاری واهەیە ژنێك دەخوازێت وەك ژنی یەکەمی دایکە، جاریوایش هەیە کچۆڵەیەکی وەك عائیشە دەخوازێت. سەلمان باسی ئەو راستیەشی بۆ بەعل کرد چۆن دەستکاری وشەکانی سروشی دەکرد، وتی: "سەرەتا پێغەمبەرم بە هەندێ دەستکاری وردو بچووك تاقیکردەوە، بۆنموونە ئەگەر پێی بووتمایە: السمیع العلیم، من دەمکرد بە الحکیم، کەچی کاتێ دووبارە بۆمدەخوێندەوە تەماشادەکەم هیچ پێی نەزانیوەو تێبینی ئەوەی نەکردوە من وشەکانم گۆرِیوە، هەر ئەمەش هانیدام دەستکاری گرنگترو مەترسیدارتری تیابکەم، ئەو وشانەی خۆم بەرهەممدەهێنان تێکەڵدەبوون لەگەڵ ئەو وشانەی ماهاوەند پێیدەوتم، ئەو وشانەی کە گوایە سروشین! ئەمە چۆن سروشێکە! جارێکیان وتی بنووسە النصاری، من نوسیم الیهود، کاتێکیش دووبارە بۆمخوێندەوە سەری بزواندو بەوپەرِی رێزەوە سوپاسی کردم! بەمەدا بۆمدەرکەوت من تا ئێستا باوەرِم بە درۆیەکی گەورە هێناوە، لەو هەستەش ناخۆشتر نییە کاتێ بە خۆتدەزانی باوەرِت بە درۆیەکی گەورە هێناوە! بەڵام لەم دواییانەدا تێبینیم کرد خەریکە گومانم لێدەکات، چونکە لە پاش نووسین کاتێ بۆمدەخوێندەوە خێرا رازی نەدەبوو، ئەوکات دەرکم

کرد پێیزانیوم‌و هەموو شتێکی بۆ دەرکەوتووە. ئیدی ناچاربووم یان مەرگ هەڵبژێرم یان ژیان، منیش ژیانم هەڵبژارد، ئەوەتا من وەك دەبینی لە مەدینەی جاهیلیم، بەڵام دەزانم ماهاوەند بەرەو ئێرەیش دێت‌و بەسەر ئێرەیشدا سەردەکەوێت، بێگومان دواجار بە بینینم شاد دەبێت!". سەلمان کەوتەسەر زەوی‌و لە هۆشی خۆی چوو، بەعلیش خێرایی لێدانی دڵی زیادی کردو لەتاو ئازاری سەری بەسەر حەسیرێکەوە راکشا. بەعل لە دڵی خۆیدا دەیوت هەرچی کەس هەیە ئاگایان لەو هۆنراوە هەجوانە هەیە کە بۆ داشۆرینی ماهاوەند نوسیوبووم، دەشزانن گەورەی جاهیلیەکان بە زەبری هێز ناچاریکردم بیاننووسم، بێگومان ماهاوەند لەمە تێدەگات‌و دەزانێت من بە زەبری هێز نووسیومە، ئەوجا سەلمانی راوەشاندو بە هاوارەوە وتی: هەستە سەلمان، من حەزناکەم ناوم بە ناوی تۆوە بلکێ، رەنگە کێشەم بۆ دروستبکەیت".

## خەوبینینی جوبریل بەو ئاگرەی کە لە سەربازگەکە کرایەوە:

شەوێکیان پیاوێك هات بۆ سەنگەری سوپاکەی ماهاوەند، چاوەڕوان نەدەکرا ئەو پیاوە بێت بۆ ئەوێ، چونکە ئەو پیاوە گەورەی جاهیلیەکان بوو، خالدی ئاوکێش‌و بیلالی کۆیلە پێشی کەوتن‌و بردیان بۆ چادرەکەی ماهاوەند. دواتر لە خەونەکەی جوبریلدا گەورەی جاهیلیەکان گەڕایەوە بۆ مەدینە.

کاتێ گەڕایەوە تەماشا دەکات کۆمەڵێك خەڵك لەبەردەم ماڵەکەیدا کۆبوونەتەوەو هیندیش لە تورەییدا هاوار دەکات، هیند هاتەسەر بەڵەکۆنەکەو داوای لە خەڵکی کرد مێردەکەی بکوژن‌و پارچە پارچەی بکەن! هێندەی نەبرد گەورەی جاهیلیەکان لە تەنیشتیەوە دەرکەوت، هیندیش هەڵیکوتایە سەری‌و بە

زلـلەو لـێدان تێی بەربوو. گەورەی جاهیلیەکان سەرەڕای نارەزەییەکانی هیند چووبوو مەدینەی دابوو بە دەست ماهاوەندەوە، لەوە خراپتر ئەوەبوو موسوڵمانیش بووبوو!

ئەبوو سونبول خۆی ڕاگرتو بە هێمنی ڕوویکردە خەڵکەکەو وتی: "بەڵێنم لە ماهاوەند وەرگرتوە هەر کەس بێتە ماڵەکەمەوە پارێزراو دەبێت، بۆیە ئێوە هەمووتان بە خۆتانو ژنو منداڵتانەوە دەتوانن بێنە ئێرە تا پارێزراو بنو بەر هێرش نەکەون". هیند بەبەرچاو خەڵکەوە وەڵامی دایەوەو وتی: "چەند کەس دەتوانن پەنا بەرنەبەر ئەم ماڵە هەی دەبەنگ؟ تۆ لەپێناو دەربازبوونی خۆت ڕێکەوتنێکی سوکت گرێداوە، بۆیە ئەم خەڵکە دەبێ پارچە پارچەت بکەنو دەرخواردی مێرولەت بدەن". بەڵام ئەبو سونبول گوێی بۆ نەگرتو بە هێمنی درێژە بە قسەکانی داو وتی: "ماهاوەند وتیشی ئەوەی بچێتە ماڵی خۆیەوەو دەرگا لەسەر خۆی داخات ئەوا پارێزراو دەبێت. جا ئێوەش بچنە ماڵەکانتانەوەو چاوەڕێ بن". هیند لە تورەییدا تەقییەوەو وتی: "هیچ ڕێکەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ ماهاوەنددا دروستنابێت، من دڵنیاشم ئەم خەڵکە هەتا دوا پیاویان بەرامبەریان دەجەنگن. نەك پیاو من دڵنیام ژنەکانیش دەجەنگن، منیش وەك خۆم ئامادەم لەپێناو ئازادی مەدینەی جاهیلیدا بمرم. ئایا خۆتان ئەدەن بە دەستەوە بۆ ئەم پێغەمبەرە ساختە دەجالە؟". بەڵام خەڵك دەستیانکرد بە ڕۆشتنو بەرەو ماڵەکانیان بەڕێکەوتن، هیندو مێردەکەشی بەسەر بەڵەکۆنەی ماڵەکەیانەوە بە تەنها بەجێمان، ئەوجا بێدەنگی مەدینەی جاهیلی کۆنترۆڵدەکات. هیند چاوەکانی دەنوقێنێو سەری دەسپێرێ بە یەکێ لە دیوارەکانی کۆشکەکەیەوە، ئەبو سونبولیش لەژێر لێوەوە هاتە گۆو بە هیندی وت: "زیاترین کەس لە ماهاوەند بترسێ تۆیت ئەی هیند، ئەوە تۆ بوویت بەبێ خوێو

سرکە جەرگو هەناوی مامە بێپێزەکەیت خوارد! جا سەرسام مەبە ئەگەر ماهاوەندیش بە هەمان شێوە مامەڵەت لەگەڵ بکات". ئەوجا بە تەنها بەجێیهێشتو بەنێو ئەو ڕێگاوبانە چۆڵانەی کە تەنانەت سەگیشیان تێدا نەبوو، چووە خوارەوە تاوەکو دەرگاکانی مەدینە والآکات.

### خەوبینینی جوبریل بە پەرستگاکەوە:

ماهاوەند بە خالدی وت: "بڕۆ ئەو شوێنە پاکتاوکەو هەرچی بت هەیە بیشکێنە". کاتێ پاسەوانی پەرستگاکە تەماشایکرد خالد بە خۆیو ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانیەوە بەرەو ئەوێ دێن، چوو بۆلای پەیکەری عوزای خواوەندو شمشێرەکەی خستەسەر ملیو پێیوت: "ئەگەر بەڕاستی خواوەندیت ئەوا بەرگری لە خۆتو لە منیش بکەو لە ماهاوەند بمانپارێزە". بەڵام خواوەندەکە هیچ نەجولآ، بۆیە کاتێ خالد هاتە پەرستگاکەوە، پاسەوانەکە وتی: "ئێستا بەتەواوی درکمکرد خواکەی ماهاوەند خوای ڕاستییەو ئەم بتانەش تەنها بەردنو هیچی تر". پاش ئەوەی خالد بتەکانی تێکشکاند گەڕایەوە بۆلای ماهاوەند، ئەویش لێی پرسی: "چی لێبوو؟" خالدیش وەڵامی دایەوەو وتی: "هیچ" ماهاوەندیش وتی: "کەواتە تۆ هێشتا بەتەواوی لەناوت نەبردون، بگەڕێوەو بەتەواوی لەناویانبەرە". کاتێ خالد گەڕایەوە بۆ پەرستگا روخاوەکە، تەماشادەکات ژنێکی زەبەلاحی رەش زمانی سوری لە دەمیەوە شۆڕ بۆتەوەو پرچی رەشی تا پاژنەی پێی هاتووە، بەرەوڕووی خالد دێتو بە دەنگێکی سامناکەوە دەڵێت: "أرأيت اللات والعزى ومناه الپالپە الْخرى، انهن من الگيور الْعلى" خالد پێی بڕیو وتی: "عوزا خانم ئەم ئایەتانە شەیتانینو تۆش یەکێکی لە کچەکانی شەیتان، ئێمە ناتپەرستینو باوەڕمان پێت نییە". ئەوجا

شمشێرەکەی تێهاوی‌و لەناویبرد، دواتر گەڕایەوەو ئەمانەی بۆ ماهاوەند گێڕایەوە، ماهاوەندیش وتی: "ئێستا دەتوانین بچینە مەدینەی جاهیلییەوە، بەناوی خوای پایە بەرزو پیاو بەزێنەوە".

لە پاش تێکشکاندنی بتەکان، ماهاوەند چادرێك لە گۆڕەپانی بازاڕە کۆنەکەدا بۆ خۆی هەڵدەدات، دانیشتوانی مەدینەی جاهلی پۆل بە پۆل دێن‌و لە بەردەمیدا سوژدە دەبەن‌و دەڵێن: "لا الـه الا الله". ماهاوەند دەچپێنێ بە گوێی خالدداو دەڵێ: "هێشتا کەسێك ماوە بێت‌و دڵسۆزی خۆی بۆ من ڕاگەیەنێ، ئەویش سەلمانەو دەمێکە چاوەڕێیم! ئەرێ تۆ نەتدۆزییەوە؟" خالدیش دەڵێت: "هێشتا نەمدۆزیوەتەوە، خۆی شاردۆتەوە، بەڵام ناتوانێ تاسەر خۆی بشارێتەوە". هێندە نابات لەنێو ئەو حەشاماتەوە ژنێکی دەمامکدار دێت بەناودا، خۆی دەخات بەسەر قاچ‌و پێی ماهاوەندداو بە گەرمی ماچی دەکات‌و دەڵێ: "لا الـه الا الله ماهاوند نبی الله". بەڵام پێغەمبەر ناهێڵێت قاچی ماچ بکات‌و دەڵێت: "ئەمە شیاو نییە" ئەوجا ژنەکە دەمامکەکە لە ڕوخساری لادەبات‌و هەموان بێدەنگ دەبن. ژنە دەمامکدارەکە هیند بوو. ماهاوەند پێی دەڵێت: "من بیرم نەچووە تۆ چیتکرد، بەڵام تۆ ئێستا موسوڵمان بوویت، بۆیە بەخێر بێت بۆ چادرەکەم".

لە ڕۆژی دواتردا خالد سەلمانی فارسیی بەگوێ ڕادەکێشێ بۆ چادرەکەی پێغەمبەر، خالد چەقۆیەکی ناوە بە ملی سەلمانەوەو بە پێغەمبەر دەڵێت: "لەلای یەکێ لە سۆزانییەکان دەستم بەسەرداگرت، سۆزانیەکەش هەڕەشەی لێدەکرد، چونکە ئەم بەپێی پێویست پارەی بە سۆزانیەکە نەدابوو، ئینجا هەموو گیانی بۆنی بادەی لێدێ". پێغەمبەر فەرمانیدا لەسێدارەی بدەن، بەڵام سەلمان کەوتە هاوارو قیژاندن، پێغەمبەر پێیوت: "سەلمان ئەو کارەی تۆ کردوتە جێی لێخۆشبوون نییە، پێتوابوو

ئاگام لێ نییە چی دەکەیت؟ تۆ وشەکانی خوات گۆڕی بە وشەی خۆت". سەلمان سوێندی خوارد تۆبە دەکاتو دڵسۆزی خۆی نوێ دەکاتەوە، هاوکات بە پێغەمبەری وت شوێنی دوژمنە راستەقینەییەکانت نیشانئەدەم! کاتێکیش ماهاوەند لێی پرسی ئەو دوژمنە راستەقینەییانە کێن، سەلمان وتی حەشارگەی بەعلی شاعیرت نیشاندەدەم. بەمجۆرە سزای لەسێدارەدانی لەسەر جێبەجێ نەکرا، هەر ئەمەش خالدی بێزارکرد، ئەوجا پێشی خالد کەوتو بردی بۆ ماڵی بەعل، بەڵام خالد پاش ماوەیەك گەڕایەوەو بە پێغەمبەری وت بەعل لە ماڵەکەی خۆی نەبووە، بەڵێنیشی پێدا بە زوترین کاتو بە هەر نرخێك بێت بیدۆزێتەوە.

مەدینەی جاهیلی ملکەچی شێوە گوزەرانێکی نوێ کرا، دەبوایە هەموان لە رۆژێکدا پێنج جار نوێژیان بکردایە، بادەو مەی قەدەغەکراو ژنەکان لە ماڵەوە بەندکران، تەنانەت هیندیش ناچاربوو لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی بەندکات، بەڵام ئەی بەعل لە کوێ بوو؟

**جوبریل خەونی بە حیجابەوە بینی:** حیجابیش ناوی یەکێکە لە گەورەترینو ناودارترین قەحبەخانەکانی مەدینەی جاهیلی. ئەم قەحبەخانەیەش کۆشکێکەو لەنێو دارو درەختدا بونیادنراوە، چەند گۆڕەپانێکی تێدابوو، لەنێویاندا فوارەی ئاوی تێدابوو، ئەم گۆڕەپانانەش بە چەندین ژوور چواردەور درابوون، هەریەکەیان دەچوونەوەسەر چەند ڕێڕەوێك، ڕێڕەوەکانیش هەموویان وەك یەك دروستکرابوون. نەخشو نیگارو رەنگی فەرشەکانیش هاوشێوەی یەك بوون، بە چەشنێك هیچ کام لە میوانەکانی ئەو قەحبەخانەیە نەیاندەتوانی بەبێ هاوکاری بگاتە شوێنی مەبەست، ئیدی لە کاتی هاتندا بێت یان لە کاتی چوونەدەرەوە، بەمشێوە دەتوانرا کچەکان لە میوانە نەخوازراوەکان بپارێزرێنو کرێی تەواویان لێ بسێنرێت. ئەوانەی دەهاتنە

ناوەوە سەری پەتێکیان ئەدا بە دەستیانەوەو شوێنی ئەو پەتە دەکەوتن تا دەگەیشتن بەو سەری پەتەکە، ئەو سەریشی بەدەستی پیاوێکی چەرکیزی زەبەلاحەوە بوو، ئەو شوێنە هەمووی لەلایەن خانمی حیجابەوە بەڕێوەدەبراو هەرچی لەو قەحبەخانەدابوو کوێرانە گوێڕایەڵییان دەکرد.

ڕۆژێکیان بەعل چوو بۆ ئەویَو داوای لە خانمی حیجاب کرد جێگەی بکاتەوەو بیپارێزێتو ژیانی لە مردن رزگارکات، خانمیش وەك رێزدانانێك بۆ یادی گەنجێتی بەعل، ئەو گەنجێتیەی کە ئەم باش بیری دێت، لەسەر داواکەی رازی بوو. کاتێکیش سەربازەکانی خالد بۆ گەڕان بەشوێن ئەودا هاتن بۆ ئەویَ، خەسێنراوەکان بەو رێڕەوە پێچاوپێچانەدا بردنیانو سەریان لێشێواندنو دواجار بەبێهیوا لێی دەرچوون. پاش ئەوە خانم فەرمانی بە خەسێنراوەکان دا پێستو پرچی کاکی شاعیر بۆیاخ بکەنو شەڕوالێکی پانو پۆڕی لە پیَ بکەن، هەروەها کۆمەڵێك مەشقو راهێنانی جەستەیی بەسەردا سەپاند تاوەکو ماسولکەکانی گەشەبکاتو هاوشێوەی خەسێنراوەکانی ئەو قەحبەخانەیەی لێبێت، وەلیَ مانەوەی بەعل لەو قەحبەخانەیە رێگربوو لەوەی بزانێت لە دەرەوە چی روودەدات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەعل توانی لەڕێگەی قەساب و بەقاڵەکەوە هەندیَ هەواڵی دەستکەوێت. دەوترا مەدینەی جاهیلی سەرباری لێپێچینەوە توندەکانی ماهاوەند هەتا ئێستاش هەندیَ نەریتی پاراستووە، یەکیَ لەو نەریتانەی کە مابوونەوە ئەوەبوو هێشتا خەڵك بەرازیان سەردەبڕیو دەیانخوارد، وەلیَ ئەمە بە نهێنی روویدەدا. ئینجا هەندیَ گەنج هێشتا بە چاوێکی رێزو پیرۆزەوە تەماشای لاتو عوزایان دەکرد، ئەو دوو خواوەندەی ماهاوەند بتەکانیانی شکاند.

گەورەترین کچی قەحبەخانەکە تەمەنی لە نزیك پەنجا ساڵدا بوو، بچوکترینیشیان تەمەنی پازدەساڵبوو، وەلێ ئەم بچووکەیان شارەزاییەکی زۆر باشی هەبوو بە چەشنێك لە تەمەن پەنجا ساڵەکە شارەزاتربوو. ئەم کچەش وەك ئەوانی دی کەوتە داوی خۆشەویستی بەعلەوە، ئاشکرابوو بەعل بۆ خۆشاردنەوە بەرگی خەسێنراوی پۆشیبوو ئەگینا خۆی لەڕاستیدا خەسێنراو نەبوو. کچەکان بە دیار چاوی ئەوەوە خۆیان رووتدەکردەوەو لەشیان نمایش دەکرد! لە نزیکیەوە یەکیان ئەوی تریانی ماچ دەکرد تا ئەویش دەوروژاو ئارەزووی هەڵدەسا، ئەوانیش بێبەرامبەر بۆیان تێر دەکرد.

جارێکیان کچەکان لە کاتی وچاندابوونو قسەیان دەکرد، بچووکەکەیان وتی: "ئەو بەقاڵەی ناوی موسایە بەردەوام بیری لای پێغەمبەرو ژنەکانیەتی، دەیوت گوایە من کتومت لە ژنە بچوکەکەی پێغەمبەر دەچم، ئەوەی کە ناوی عائیشەیەو پەسەندترینیانە لای پێغەمبەر". ژنە گەورەکەیان وەڵامی دایەوەو وتی: "سەیر نییە کەوا پێغەمبەر ژنەکانی لە خەڵك دەشارێتەوە، بێگومان هەموویان جوانن، بەهەرحاڵ خەڵك هەمیشە حەز لەو شتانە دەکات کە نایبینێت، چونکە دەپرسێت داخۆ چی بێت".

بەعلیش قسەی خۆی هێنایە نێو باسەکەوەو پێشنیاریکرد بۆ سۆزانییە بچووکەکەیان کە بەڕاستی خۆی وانیشاندات عائیشەیە. کچەکەش وەڵامی دایەوەو وتی: "شتی وا نەڵێیت، چونکە ئەگەر گوێیان لێتبێ گونت بە کەرە سوردەکەنەوە!".

پێغەمبەر دوازدە ژنی هەبوو، قەحبەخانەکەش دوازدە سۆزانی تیابوو. یەکەم کەس دەستی بەم گەمەیە کرد سۆزانییە بچووکەکەیان بوو، ئەوەبوو خۆی وانیشاندا

که بەڕاستی عائیشەی ژنی ماهاوەندە، زۆر لێهاتوانە ئەم رۆڵەی بینی بە چەشنێك موسای بەقاڵ کەوتە داوییەوەو باوەڕی بەو درۆیە کرد، بەڵام خاتوون بە بەعلی وت: "پێویستە وریابین، دەبێ بە پێی توانا خۆمان لە سۆزو تێهەڵچوون بپارێزین".

کە هەواڵی سۆزانییەکان بە نێو مەدینەدا بڵاوبوویەوە، کاتێ زانرا هەر یەکەیان خۆی وادادەنێت ژنێکە لە ژنەکانی پێغەمبەر، پیاوەکان دەترسان ئاشکرابن‌و خەڵك بزانن کە هاتووچۆی ئەو قەحبەخانەیە دەکەن، بۆیە هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە نهێنی ئەو شوێنەو دانیشتوانی ئەو شوێنەی پاراست‌و کەسیش دەسەڵاتی لێ ئاگادار نەکردەوە. ماهاوەندیش لەو ماوەیەدا لە گەرمای مەدینەی جاهیلی هەڵهاتبوو بۆ یەسرەب، مەدینەی لەسەر دەستی خالدو سوپاکەی جێهێشتبوو، وەلێ زۆر ئاسان دەتوانرا شت لە خالد بشاردرێتەوە. ماهاوەند فەرمانی بە خالد دابوو هەرچی قەحبەخانە هەیە لە مەدینە دابخرێت، بەڵام ئەبو سونبول کەوتە نێوانەوەو پێغەمبەری هێنایەسەر ئەو باوەڕەی کە ئەم جۆرە لێپێچینەوانە دەبێ وردە وردە بکرێت، چونکە دانیشتوانی جاهیلیە هێندە نابێ باوەڕیان بەم ئایینە هێناوەو هێشتا بە یاسا توندەکانی رانەهاتوون، ماهاوەندیش لەسەر پێشنیارەکەی ئەبو سونبول رازی بوو، رێگەیدا تا ماوەیەك هەموو شتەکان وەك خۆیان بمێننەوە، ئەوجا وردە وردە کۆت‌و بەندەکان بسەپێنن. لەبەر ئەم هۆیانەش میوانەکانی ئەو قەحبەخانەیە بە رێژەی لە سەدا سێ سەد زیادیکرد، بچووکترین سۆزانیش کە عائیشە بوو زۆرترین میوانی هەبوو، گەورەترین‌و قەڵەوترین سۆزانیش ناوی خۆی نابوو (سەودە)و بانگەشەی ئەوەی دەکرد زۆرترین میوانی هەیە، چونکە پیاوانی جاهیلیە لەلای ئەو سۆزی دایکانەیان دەستدەکەوێت. (حەفسە)ـی سۆزانیش لەنێویاندا بەوە ناسرابوو زۆر توندو تورەیە، یەکێکی تریشیان ناوی (ئومو سەلمەی مەخزومی) لەخۆ نابوو،

دانەیەکی تریش ناوی (ڕەملە)ـی لەخۆی نابوو کە یازدەهەمەین ژنی پێغەمبەر بوو. بەمشێوە هەر یەکەیان ناوی ژنێکی پێغەمبەری لەخۆ نابوو، یەکێ (زەینەب بنت جەحش)و یەکێ (جواریە)و یەکێ (ڕەیحانە)ـی جولەکەو یەکێ (سەفییە)و یەکێ (مەیمونە)و یەکێ (ماریا)ـی قیبتیو یەکێ (زەینەب بنت خەیمە)، ئەم ناوەی دواییشیان ناوی ژنێکی مردووی پێغەمبەر بوو، بۆیە ئەو سۆزانیەی ئەم ناوەی لەخۆ نابوو کاتێ سێکسی لەگەڵ میوانەکانی دەکرد هیچ جموجۆڵێکی نەدەکرد، چونکە واخۆی نیشانئەدا مردوە. لە کۆتایی یەکەم ساڵی ئەم گەمەدا کچەکان وایان لێهاتبوو زۆر بە باشیو شارەزایانە ڕۆڵی ژنەکانی پێغەمبەریان دەبینی بە ڕادەیەك کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیان لەبیرچووبوویەوە. بەعلیش لە جاران خراپتر بووبوو، ئاستی بینینو بیستنی کەمتر بووبوو بە چەشنێك چیتر کچەکانی بەو شێوەی خۆیان نەدەبینی بەڵکو بووبوونە تارماییو لە بەرچاویدا تێکەڵ بووبوون.

ڕۆژێکیان کچەکان چوون بۆلای خانمی قەحبەخانەکەو پێیانوت ئێمە پاش ئەوەی ئێستا زۆر بە باشی ڕۆڵی خۆمان وەك ژنەکانی پێغەمبەر دەگێڕین شایانی ئەوەین مێردێکی ڕاستەقینەمان هەبێت، بۆیە داوایانکرد ببنە ژنی بەعل. خاتوون هەوڵیدا ئەم بیرۆکەیە لە مێشکیان دەرکات بەڵام ئەوان زۆر سوربوون، بۆیە ئەویش ناچار ناردی بە شوێن بەعل دا. کاتێ بەعل گوێی لەم پێشنیارەبوو خێرایی لێدانی دڵی زیادی کردو خەریکبوو لەهۆشی خۆی بچێت، بەڵام هێوربوویەوەو دواجار بەو بیرۆکەیە ڕازی بوو. خانمی قەحبەخانەکەیش هەر دوازدە کچەکەی لێ مارەبڕی. بەمشێوە بەعل بوو بە مێردی ژنەکانی پێغەمبەر!

کچەکان داوایان لێکرد وەك مێردە ڕاستەقینەکە ڕۆڵ ببینێت، واتە هەر ڕۆژێك لەلای ژنێکیان بێت، پاشان پێشنیاریانکرد ناوی ماهاوەند لەخۆی بنێ

تاوەکو گەمەکە بەتەواوی وەك خۆی دەرچێ، بەڵام بەعل رازی نەبوو و وتی: "هێندە خۆشم ناوێ تا شانازی بە ناوەکەیەوە بکەم!".

عائیشە داوای لێکرد کاریزمایەکی بەهێزی هەبێت تاوەکو ژنەکانی هەست بەوە بکەن کە بەڕاستی مێردێکی بەهێزیان هەیە، ئەمەش دەریخست کچەکانی ئەو قەحبەخانەیە ئەگەرچی سۆزانییشن وەلێ ئەوانیش هەڵگری هەمان ئەو نەریتە ریسوایەن کە لەنێو ئافرەتانی مەدینەی جاهیلیدا باوە. بەعلیش لەسەر ئەم بنەمایە دەسەڵاتی بەڕێوە برد، ئەوەبوو ئەگەر یەکێکیان تورەی بکردایە بۆماوەی یەك مانگ نەدەچووە لای، هەندێ جاریش لە هەندێکیانی ئەدا، سەیر لەوەدابوو لەو بارودۆخەدا دووبارە دەستیدایەوە نووسینی هۆنراوەو جوانترین هۆنراوەی نووسی، بە تایبەت ئەوانەی بە شانو باڵی عائیشەدا دەهات. پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵی تەمەنی لە حیجاب، سەرەڕای پێستی بۆیاخکراوی‌و جلە سەیرو سەمەرەکانی بەری، یەکێك لە میوانەکانی عائیشە ناسییەوە، عائیشە خەریکبوو لە ترساندا شێت بێ، بەڵام بەعل ئارامی کردەوەو وتی: "گوێمەدە هیچی خراپ نەبووە، چونکە ئەم پیاوە ناتوانێ کێشەم بۆ دروستکات". ئەو پیاوە سەلمانی فارسی بوو، هۆکاری هاتنی بۆ حیجاب بۆ بەعل روونکردەوەو وتی: "بڕیارمدا ئەم شارە هیچو پوچە جێبهێڵم، ئینجا پێم باشبوو بۆ ساتێك چێژ وەرگرم ئەوجا بڕۆم، بێزاربووم لەم درۆ فەرمیانەی لێرە جێبەجێ دەکرێن". خۆی‌و بەعل دانیشتبوون بادەی ترێیان دەنۆشی، زۆریان خواردەوە، سەلمان کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی ململانێکانی نێوان ماهاوەندو عائیشە کە بەهۆی ئەوەوەبوو عائیشە نەیدەتوانی رازی بێت بەوەی ماهاوەند ئەو هەموو ژنە بخوازێت، بەڵام سروش هاتە خوارەوەو مافی ئەوەی پێدا. عائیشەیش رووبەڕووی ماهاوەند بوویەوەو وتی: "وادیارە خواکەت زۆر بەپەلە فریات دەکەوێ هەر کاتێ

تۆ پێویستت پێی بێ". ئەگەر ئەو ژنە عائیشە نەبووایەو ژنێکی تر بوایە ماهاوەند بەجۆرێکی تر رەفتاری لەگەڵ دەکرد.

سەلمان چیرۆکێ تری گێڕایەوەو وتی: "جارێکیان پێغەمبەر لەگەڵ عائیشەدا لەگەڵ کاروانێکدا سەفەریان دەکرد، لە نزیك گوندێکی چەپەکدا دانیشتن بۆ حەوانەوە، لەدوایین ساتی ئەو حەوانەوەدا کاتێ کە هەستان بۆ رۆشتن، عائیشە دوورکەوتەوە تاوەکو دەست بە ئاو بگەیەنێت، لەم نێوبەندەدا بڕیاردرا بکەونە رێو بەردەوامبن لە گەشتەکەیان. پیاوەکان ئەو دەستەبەرەیان هەڵگرت کە عائیشە تێیدا رادەکشا و پێیانوابوو لەنێویدایە. لەبەرئەوەی عائیشە کچێکی لاوازو کێشسوك بوو، پیاوەکان کە دەستەبەرەکەیان هەڵگرت درکیان بەوە نەکرد عائیشەی تیا نییە، دوای ماوەیەك عائیشە گەڕایەوە بۆ ئەوێ تەماشادەکات کەسی لێنەماوەو لەو بیابانە چۆڵەدا هەر خۆیەتی. وەگەر ئەو گەنجەی ناوی سەفوان بوو بەڕێکەوت لەوێوە تێنەپەڕیایە، کەس نەیدەزانی چی بەسەر دێت، سەفوان بەسواری حوشتر عائیشەی خستەڕێو شوێن کاروانەکە کەوتن هەتا پێیانگەیشتنەوە. لەبەرئەوەش کە سەفوان گەنجێکی جوانو قۆزبوو، خەڵکی قسەو باسی خراپیان نایە پاڵ عائیشەو دەیانوت چەندین کاتژمێر لەو بیابانەدا بە تەنها پێکەوەبوون، ژنەکانی تری پێغەمبەریش بەشێکبوون لەو کەسانەی ئەم قسەو باسەیان بڵاوکردەوە، چونکە ئەو ژنانەی تری پێغەمبەر ئامانجیان وابوو دەسەڵاتی عائیشە بەسەر پێغەمبەردا کەمبکەنەوە، بەڵام پێغەمبەر سروشی بە جوبریل دابەزاندو عائیشەی بە بێتاوان دەرکرد".

لە بەرەبەیانی رۆژی دواتردا سەلمان لەگەڵ کاروانێکدا بەرەو باکور بەڕێکەوت، رۆژێکی دواتریش ماهاوەند گەڕایەوە بۆ مەدینەی جاهیلی. کۆمەڵێك

سەرباز چوونەسەر خانمی حیجابو پێیانڕاگەیاند کە قۆناغی گواستنەوە تەواو بووەو فەرمان هاتووە دەبێ هەرچی قەحبەخانە هەیە دابخرێ. خانمی حیجابیش ئەم هەواڵەی بە کچەکان ڕاگەیاندو ئەوانیش لەدەوری کۆبوونەوەو بە ترسو دوودڵییەوە پرسیاریان دەکرد: چیمان بەسەر دێت؟ ئایا تووشی برسێتی دەبین؟ یان دەمانخەنە زیندانەوە؟ بەڵام خانم وەڵامی ئەم پرسیارانەی نەدەدایەوە. ئەوجا عائیشە پەردە ڕەشەکەی چواردەوری خانمی هەڵدایەوە تەماشادەکات خۆی ژەهرخوارد کردوە، هێندە پوکابووەوە قەبارەی جەستەی تەنها چەند بستێك دەبوو.

عومەر کە ئەفسەرێکی گەنج بوو هاواری کرد: "وەك سەرکردەکەیانمان لە کیسچوو، دەبێ خۆیان بگرین". ئەوجا فەرمانی دا هەموو کچەکان دەستگیرکەن. کچەکان بەپێی توانا بەرگرییان کرد، بەڵام کەڵکی نەبوو، لەم نێوانەدا عومەر قسەی بۆ خەسێنراوەکان دەکردو وتی: "تەنها دەیانەوێت دادگایی کچەکان بکەن، جا بۆیە ئەگەر ناتانەوێ سەرتان لەدەستدەن وەك چۆن گونتان لەدەستداوە، لە دوورەوە ڕاوەستنو دەست لە هیچەوە مەدەن". بەعل لەنێو خەسێنراوەکاندا وەستابوو کاتێ عائیشە هاواری لێکردو وتی: "بۆ خاتری خودا مێردەکەم ئەگەر پیاویت یارمەتیمان بدە" ئەفسەر عومەر تەماشای کردو وتی "مەبەستت کێیە، بە کێ دەڵێیت مێردەکەم؟" ئەوجا لە خەسێنراوەکان نزیکبووەوەو یەك لەدوای یەك دەستی برد بۆ گونیانو پشکنینی تا دواجار لەبەردەم بەعلدا ڕاوەستاو دەستی برد بۆ گونیو توند گوشی، بەعل لە تاو ئازاردا چاوی دەرپەڕی، کاتێ ئارام بوویەوە تەماشادەکات کچەکانیان بردوە. لە پاش بردنی کچەکان، خەسێنراوەکان بەدەوری فوارەی خۆشەویستیدا دانیشتنو دایانە پرمەی گریان، وەلێ بەعل هەرچەندە هەستی بە شەرمەزاری دەکرد بەڵام نەگریا.

**خەوبینینی جوبریل بە مردنی بەعلەوە:**

دوازدە سۆزانییەکە پاش ئەوەی زیندانیکران، بۆیاندەرکەوت لە ئەنجامی راهاتنیان بە ناوە تازەکانیان، ناوە راستەقینەیەکانی خۆیان لەبیرچووەتەوە. بۆیە کاتێ پاسەوانانی زیندانەکە لە ناویان دەپرسین نەیاندەوێرا ناویان بلێن، هەڕەشەی زۆریان لێکردن، بەڵام کەسیان ناوی خۆی نەدرکاند. پاسەوانەکانیش ناچاربوون لەبری ناو بە ژمارە تۆماریان بکەن، دەیاننوسی کچی حیجابی ژمارە یەك، کچی حیجابی ژمارە دوو. ڕەنگە مەسەلەی ناوە خوازراوەکانیان بە نهێنی بمابایەو کەس نەیزانیایە ناوی ژنەکانی پێغەمبەریان لەخۆیان ناوە، بەڵام بەعلی شاعیر کەوتە نووسینی هۆنراوە سەبارەت بە ئەزموونی خۆی لە حیجاب، هەر جارەو پیاهەڵدانی بۆ یەکیان دەکرد، ئینجا دەچوو بەسەر دیواری زیندانەکەوە هەڵیدەواسی. هەر کەسێکیش لە تەنیشتی زیندانەکەوە تێدەپەڕیو تەماشای لەشفرۆشەکانی دەکرد، ئەم دەچوو هۆنراوەکانی بۆ دەخوێندنەوە. هۆنراوەکان زۆر ناسكو هەستبزوێن یوون، ئەوکاتە بەعل بۆیدەرکەوت کەوتووەتە داوی خۆشەویستی ژنەکانیەوە. هۆنراوەکانی زۆر کاریگەربوون بە رادەیەك پاسەوانەکان کە لە دەرگای زیندانەکەدا وەستابوون کاتێ گوێیان لە هۆنراوەکانی بەعل دەبوو دەیاندایە پرمەی گریانو بە لێشاو فرمێسکیان دەڕێژا. ئەو کەسانەی گوێیان بۆ هۆنراوەکانی بەعل دەگرتو سەرنجی ناوی ئەو ژنانەیان ئەدا کە لە هۆنراوەکانیدا ناویان هاتبوو، لەسەرەتاوە پێیانوابوو ئەو لێکچوونەی لەنێوان ئەم ناوانەو ناوی ژنەکانی پێغەمبەردا هەیە تەنها ڕێکەوتێکەو هیچی تر، بەڵام لە رۆژی دوازدەهەمدا کاتێ خەڵکەکە گوێیان لە دوایین هۆنراوە گرت، زانییان ئەم مەسەلە سوکایەتییەکی بێئەندازەی تێدایە بەرامبەر بە پێغەمبەرو

ژنەکانی، هەموویان بە توڕەییەوە لە نزیك زیندانەکەدا بە چواردەوریدا کۆبوونەوە، پاسەوانەکانیش ناچاربوون بیگرن.

ژەنێراڵ خالدی سەرۆکی سوپا داوایکرد دەستبەجێ بەعل لەسێدارە بدرێ، بەڵام ماهاوەند پێی باشبوو لەپاش دادگایی کردنی سۆزانییەکان لەسێدارە بدرێ. ئەوەبوو سزای مەرگ بەسەر هەر دوازدە سۆزانییەکەدا دەرکراو بە بەرد ڕەجمکران، ئەوجا پێغەمبەر داوای لە بەعل کرد پاساوی تاوانو گوناهەکانی بخاتەڕوو، وەلێ بەعل بەڕوویدا وەستایەوەو زۆر بەڕوونیو سادەیی ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە ئەو ماوەیە چۆن لە حیجاب ماوەتەوەو لەوێ چیکردوە، ئەمەش ئامادەبوانی ژێر چادری دادگاکەی هێنایە پێکەنین. دواجار پێغەمبەر بە توڕەییەوە هەستایەسەر پێو سزای مەرگی بەسەردا داو داوایکرد دەستبەجێ سەری پەڕێنن، ئەوەبوو پەلکێشیان کرد بەرەو گۆڕەپانی لەسێدارەدان، بەعلیش بەدەم پەلکێشانەوە هاواری لە ماهاوەند کردو پێیوت: "شاعیرو سۆزانی ئەو کەسانەن کە تۆ ناتوانیت بیانبەخشیت ماهاوەند" ماهاوەندیش وەڵامی دایەوەو وتی: "زۆر ڕاستە، چونکە من هیچ جیاوازییەك ناکەم لەنێوان شاعیرو سۆزانیدا".

لە پاش تێکشکاندنی پەیکەری لاتی خواوەند، هیندی هاوسەری ئەبو سونبول بەدرێژایی دوو ساڵو نیو خۆی لە تاوەری کۆشکەکەیدا بەندکردو خەریکی خوێندنەوەی کتێب گەلێکی کۆن بوو، کە بە زمانێك نووسرابوونەوە هیچ کەس لە دانیشتوانی مەدینەی جاهیلی ئەو زمانەیان نەدەزانی. بەدرێژایی ئەو ماوەیە کەس نەیدەبینی، تەنانەت مێردەکەیشی، چونکە داوای لە خزمەتکارەکانی دەکرد لە بەردەم دەرگاکەیدا چێشتو خواردنی بۆ دانێن، بێئەوەی کەس بیبینێ خواردنەکەی دەخواردو دەگەڕایەوە بۆ خەڵوەتگاکەی. ڕۆژێکیان لە بەرەبەیانێکی زوودا

هەڵیکوتایەسەر مێردەکەی‌و پێیوت: "هەستە لە خەو، ئەمڕۆ دەبێ ئاهەنگ بگێڕین" مێردەکەیشی نەختێك پیایدا رووانی تەماشادەکات ئەم چەند ساڵە خۆی شاردۆتەوە هیچ نەگۆڕاوە، ئەوجا وتی: "بە بۆنەی چییەوە ئاهەنگ دەگێڕین؟" هیندیش وتی: "ئەمڕۆ رۆژی تۆڵەسەندنەوەیە".

دوای یەك کاتژمێر هەواڵی ئەوە بڵاوبوویەوە پێغەمبەر ماهاوەند بەدەستی نەخۆشییەکی کوشندەوە گرفتارەو لە ماڵی عائیشە گیانەڵایەتی. هیندیش بەم بۆنەوە کەوتە ئامادەکردنی خوانێك، بەڵام ئەبو سونبول بەشداری لەگەڵدا نەکردو پێیوت: "تۆ پێشتر جگەری مامەیت خواردو ئێستاش خۆت بۆ ئەوە ئامادە دەکەیت جگەری خۆی بخۆیت" هیندیش پڕ بەدەم بە قسەکانی مێردەکەی پێکەنی ئینجا قیژاندی بەسەر خزمەتکارەکانیدا، چونکە لەبەر نەخۆشکەوتنی ماهاوەند گەلێك خەمباربوون، ئەوجا دانیشت‌و بە تەنها ئاهەنگی بەو بۆنەیەوە گێڕا.

### خەوبینینی جوبریل بە مردنی ماهاوەندەوە:

پێغەمبەر لە سەرەمەرگدا بوو، ئەو ساتانەشی هۆشی دەهێنایەوە لەژێر لێوەوە ئەم قسانەی بەگوێی عائیشەدا ئەداو دەیوت: "من لەنێوان مانەوەو شتێکی تردا هەڵبژێردرام، ئەوەم هەڵبژارد بچم بۆ شانشینی خوداو فردەوس". پاش کەمێك ماهاوەند چاوی بڕییە گۆشەیەك لە گۆشەکانی ژوورەکە، کە عائیشە بۆخۆی هیچی تیا نەدەبینی، ئەوجا وتی: "ئەوە تۆی عزرائیل؟" عائیشە گوێی لە دەنگی ژنێك بوو وەڵامی پێغەمبەری دایەوەو وتی: "نەخێر ئەی پێغەمبەری خودا، من عزرائیل نیم". ماهاوەندیش وەڵامی دایەوە: "کەواتە ئەم نەخۆشیەی من دەردو بەڵای تۆیە ئەی

لات! بەهەرحاڵ من سوپاست دەکەم کە ئەمەت بەسەردا هێنام، خێرێکی گەورەت بەرامبەر کردم".

پاش کەمێك پێغەمبەر مردوو ئەو مۆمە کوژایەوە کە لەو ژوورەدا داگیرسابوو. عائیشە هاتەدەرەوە تەماشادەکات ژنەکانی تری پێغەمبەر لە دەرەوە بە خەمباری چاوەڕێن! عائیشە فرمێسکەکانی وشککردەوەو بەدەنگی بەرز هاتە گۆو وتی: "ئەوەی ماهاوەندی دەپەرست با بگری، چونکە ماهاوەند مرد، ئەوەیشی خوای دەپەرست با ئاسودەبێت، چونکە خودا زیندوەو نامرێ". ئەوە کۆتایی ئەو خەونەبوو!

## بەشی حەوتەم
## فریشتە عزرائیل

سەلاحەدین چمچا لەنێو پشێوی یانەی (مۆمی گەرم)ـدا کەوتبوو، میشێڵ هات بۆلایو لێی پرسی: "ئەی ئێستا، دەتەوێ چی بکەیت؟". سەلاحەدینیش زۆر بە سادەیی وەڵامی دایەوەو وتی: "پێموابێ دەگەڕێمەوە بۆ ژیان". گەڕانەوە بۆ ژیان بە وتن ئاسانە، بەڵام بە کردار گرانە، چونکە دواجار ژیان بە هەموو گرێکوێرەکانیەوە، بریتییە لەو خۆشەویستییەی هەیبوو بەرامبەر بە منداڵی خەونەکانی، ئەو منداڵەی کە دەرکەوت خاڵییە لە منداڵیی، بریتییە لەو خۆشەویستییەی ئەم بەرامبەر بە ژنەکەی هەیبوو، ئەو ژنەی کە دەستی لەم هەڵگرتو چووە باوەشی هاوڕێ کۆنەکەی ئەمەوە، بریتییە لەو خۆشەویستییەی بەرامبەر بەم شارە هەیبوو، ئەو شارەی کە بە بەرزی هێندەی بەرزی چیاکانی هیملایاوە لە ئاسمانیەوە کەوتە خوارو لە ئەنجامدا بوو بە شەیتان.

بینکا والی لێی پرسین ئایا حەزیان لێیە نەختێك لەوێ بمێننەوە، سەلاحەدینیش وەڵامی دایەوەو وتی: "کاتێ مرۆڤێك لە ئاسمانەوە دەکەوێتە خوارو هاوڕێکەی دەستی لێ بەرئەدات، دەبێتە نێچیری دڕندەیی پیاوانی پۆلیسو عەقڵو ژنەکەشی لەدەستدەدات، دڵی پڕ دەبێت لە کینەو پاش ئەوەی بۆتە بزنێکی بەدگۆڕاو، شێوەی مرۆڤانەی خۆی وەردەگرێتەوە" مرۆڤێکی وەها هیچ چارەیەکی نییەو تەنها دەبێ بچێت مافەکانی خۆی وەربگرێتەوە". ماڵئاواییان لە یەکتر کردو هەریەکەو بە ڕێی خۆیدا چوو.

سەلاحەدین بەرێکەوت بۆ ماڵی خۆی، کاتێك زەنگی لە دەرگاکە دا، پامێلا دەرگاکەی بۆ کردەوە، پامێلا کە سەلاحەدینی بینی قورگی وشکبوو. ئەگەرچی هەتا ئەو کاتەش دەرکەوتەکانی سکپڕبوونی پێوەدیار نەبوو، بەڵام سەلاحەدین هەواڵی کۆرپەکەی سکی پرسی، ئەم پرسیارەش پامێلای شەرمەزار کردو دەموچاوی سور هەڵگەڕا، بە ئاشکرا دیاربوو هاوسەنگیی لەدەستداوە. شتێکی سروشتی بوو پامێلا شەرمەزار ببێت، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو داوای هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیریەکەیانی کرد. هەناسەی بۆنی ویسکی لێدەهات، دەوروپشتی دەمو لێویشی چرچو لۆچی تێکەوتبوو، هیچ پێویستی نەدەکرد چمچا هاوار بکاتو جاڕیدات کە چیتر خۆشی ناوێت، چونکە بابەتەکە خۆی دیاربوو، پامێلا بەدەم تەماشاکردنی ئاوێنەکەیەوە بە چمچای وت: "پێموابێ ئەوەی کردومە شایانی لێخۆشبوون نییە". چمچایش دەستبەجێ وەڵامی دایەوەو وتی: "پێموانییە بتوانم بتبەخشم". پاش کەمێك درێژەی پێداو وتی: "با وادانێین لەم بارودۆخەدا داد بوونی نەبوو". نەختێك بێدەنگ بوو پاشان بەردەوامبوو: "ناچارم بگەڕێمەوە بۆ ئەم ماڵە، ئەم ماڵە گەورەیەو جێی منیشی تیا دەبێتەوە، من لە نهۆمی سەرەوە دەبم رەنگە هەندێ جاریش بەدەگمەن رێم بکەوێتە چێشتخانەکە، من بۆیە ئەم پێشنیارانە دەکەم چونکە وادیارە فەرمانگە فەرمییەکان هێشتا پێیانوایە من مردووم، ئینجا تۆش نەچوویت بۆ دادگا تاوەکو ناوەکەم لە تۆمارگەکاندا بسڕیتەوە". پامێلا بەبێدەنگی گوێی گرتبوو، لە بێدەنگییەکەیدا وادەردەکەوت هیچ مشتومڕێك لەسەر قسەکانی نانێتەوە، بۆیە سەلاحەدین درێژەی بە قسەکانی داو وتی: "دوای ماوەیەکی تریش ئەم خانووە دەفرۆشینو تۆش تەلاقی خۆت وەردەگریت". چمچا لە پاش ئەم قسانە بە خێرایی لە ژوورەکە دەرچوو بێئەوەی چانسی ئەوەی پێبدات هیچ شتێك بڵێت،

چووە سەرەوە بۆ ژوورەکەی، پامێلاش لە نهۆمی خوارەوە مایەوە، پێدەچێ پامێلا گریابێ، چمچایش لەو ساتانەدا زۆر بەپەلە دڵی لێیدەدا.

ئەو رۆژگارەی پێکەوەبوون، زۆرجار سەلاحەدین قسەیەکی نەستەقی بە گوێی پامێلادا ئەداو دەیوت: "مرۆڤ ناتوانێت برینی کەسێکی بریندار لەڕووی دەرەوە پێوانەکات". هەر بۆیە چاوەڕوان نەبوو هیچ کەس لە ئازارەکانی تێبگات یان تەنانەت بەزەیی پیادا بێتەوە.

ماوەی یەکەم لە لانەکەیدا مایەوەو هەولێدا دووبارە پێڕابێتەوە، زۆربەی کاتەکانی بە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بەسەردەبرد، لە هەمان کاتدا بیری لەوە دەکردەوە لەماوەی پێشودا چی بەسەرهاتووە، رقو کینەی بەرامبەر بە جوبریل کەمبوویەوە، هیچ نیشانەیەکیش نەبوو ئاماژە بەوە بدات جارێکی تر سمو شاخی لێدەڕوێتەوە. بەتەواوی ساغبوویەوەو رەوشی بەرەو باشتر دەچوو.

وردە وردە کەوتە هاتوچۆو دەچووە دەرەوەی ماڵ، دەچوو سەردانی پارێزەرو راوێژکارە یاسایی‌و ئابوورییەکانی دەکرد، پێڕاگەیاندن کە بە هۆی ماندوبوونەوە تووشی هەراسانبووەو بەو هۆیەوە ونبووەو خۆی دەرنەخستووە، بە هەموو توانایەکیەوە ئیشی لەسەر ئەوە دەکرد هەستە کۆنەکانی پێشوی وەدەستبهێنێتەوە، بۆیە دەچوو سەردانی کۆنسێرتی مۆسیقی‌و پێشانگای هونەری شێوەکاریی دەکرد! هێدی هێدی گەشبین بوویەوە، فەرمانی کرد بۆ ئەو بانکانەش کە پارەی تێیاندا هەبوو، دووبارە هەژمارەکانی والا بکەنەوە، راییکردنی ئەم کارانەش بە خاوی دەڕۆی، بۆیە ناچار دەبوو قەرز لە پامێلا بکات.

لە خەونەکانیدا دوو ئافرەت وەدوی کەوتبوون، یەکەمیان ئەو کچە منداڵەی قاوەخانەی شانداربوو کە لە کاتی مانەوەیدا لەوێ هاوکاری زۆری کرد،

واته میشێڵ سوفیان، دووەمیشیان ئەو ژنەبوو کە لە بۆمبای بەجێیهێشت لە پاش ئەوەی سوکایەتی زۆری بەرامبەر بە ئەم کرد، واتە زینات وەکیل، کە ڕەنگە هەتا ئێستاش پێیوابێت چمچا مردووە.

کاتێ جێمی جوشی زانی سەلاحەدین بە شێوە مرۆڤانەکەی خۆی گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە، تووشی شۆکو ترس بوو، پامێلاش بڕیاری دابوو لە یەکەم شەودا پێی نەڵێت هاتۆتەوە هەتا دەچنە بێخەفەکەیانەوە، کاتێکیش پامێلا ئەم هەواڵەی پێڕاگەیاندو وتی چمچا لە نهۆمی سەرەوەیە، حاجی لە ترساندا راپەڕیو دەستیکرد بە مژینی پەنجەی. پامێلا فەرمانی دا بگەڕێتەوە بۆسەر چرپاکە بەلام جوشی بەرهەڵستانە سەری بزواندو وتی: "ئەو لەم ماڵەدایە، ئیدی چۆن من دەتوانم..؟" پاش ئەم قسانە بە شپرزی جلەکانی هەڵگرتو لە پامێلا دوورکەوتەوە، لە کاتی چوونەخوارەوەیدا بەسەر پلیکانەکانەوە تاونەتاوێك هەڵدەکەوتو زرمەی دەهات، پامێلاش لە دڵی خۆیەوە وتی: "باشە حاجی تۆ شایانی ئەمەیت، شایانی ئەوەیت ملیشت بشکێ".

بەڵام دواتر ناچاربوو بچێت بۆلای چمچا، لەوێ پێیوت: "حاجی جوشی لە دەرەوە لەسەر شەقامەکە وەستاوەو دەڵێت نایەمە ژوورەوە، مەگەر تۆ ڕێگەی پێبدەی". سەلاحەدین سەرسامبوو ئینجا پاش کەمێك وتی: "تۆ پێتچۆنە؟ دەتەوێ بێتە ژوورەوە؟" دەموچاوی پامێلا سور وەرگەڕاو نەختێك تیاما ئەوجا شەرمەزارانە وتی: "بەڵێ". چمچا چووە دەرەوە حاجی بانگ بکات، حاجیش بە ترسەوە سلاوی ئاراستە کرد، سەلاحەدین حاجیی هێورکردەوەو داوای لێکرد بێتە ژوورەوەو بچێتە لای ژنەکەی بخەوێت! حاجیش پاش ئەوەی هاتەژوورەوە خۆیی پێنەگیراو لەدڵی خۆیدا وتی: "تۆ تەماشاکە ئەم پیاوە، چ خواناسێکە".

بەڵام حاجی سەرەڕای ئەوەش هەر هەستیدەکرد بوونی چمچا لەوماڵەدا بارێکی گرانە لەسەری، ئیدی ئەگەر ژەمێك خواردنی بۆ پامێلا لێبنایە بەزۆر سەلاحەدینی بانگدەکرد تا بەشدارییان لەگەڵ بکات، وەگەر سەلاحەدین رازی نەبوایە حاجی دەچوو خواردنەکەی بۆ دەخستەسەر سینییەكو بۆی دەبردە سەرەوە، جێمی بە پامێلای دەوت دەبێ هەر بەو جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین‌و رێزی لێبگرین. پامێلاش هەندێجار نارِازی دەبوو و دەیوت: "نەمدەزانی تۆ هێندە باوپەرستی" حاجیش دەیوت: "مەسەلەکە پەیوەندی بە رێزگرتنەوە هەیە نەك باوپەرستی". هەر بە ناوی رێزگرتنەوە حاجی دوو کوپ قاوەی دەگرت بەدەستییەوەو رۆژنامەو پۆستەکانی هەڵدەگرت‌و دەیبردن بۆ چمچا لە نهۆمی سەرەوە! حاجی کە دەهات بۆ ئەوێ کەم جار نەچێ بۆلای چمچاو بۆ ماوەی بیست خولەك لەلای نەمێنێتەوە، دەچوو سلاوی لە چمچا دەکردو هەواڵی دەپرسی، زۆرجاریش دیاری بۆ دەهێنا، پاساوی ئەم دیاری هێنانەشی لەلای پامێلا بەوە دەهێنایەوە دەیوت: "ئێمە ناتوانین خۆمانی لێپشتگوێ بخەین‌و وادانێین ئەم پیاوە لەم ماڵەدا نییە". پامێلاش بە رابواردنەوە دەیوت: "ئەی بۆ بانگی ناکەیت‌و هەر یەکجاری نایهێنیت لە گەڵماندا بخەوێت؟" حاجییش گێلانە وەڵامی دەدایەوەو دەیوت: "نەمدەزانی ئامادەیی ئەوەت تیایە ئەوە قبوڵ بکەیت!"..

هەر یەك لە حاجی‌و پامێلا گرنگییان بەو هەڵمەتە دەدا کە لە دژی دەستگیرکردنی دکتۆر (ئوهورو سیمبا) رێکخرابوو، کە بە تۆمەتی تاوانی کوشتن دەستگیرکرابوو" چونکە حاجی‌و پامێلا لەوپەڕی باوەڕدابوون کە ئەو پیاوە بێتاوانە. ئەو شەوە خۆیان بۆ ئەوە دەسازاند بەیانی زوو بچن بەشداری لە کۆبوونەوەیەکدا بکەن کە لەو بارەوە ئامادەکرابوو، بۆیە حاجی داوا لە چمچا دەکات بێت‌و

لەگەڵیاندا بەشداری لەو کۆبوونەوەدا بکات، بەڵام سەلاحەدین دەستبەجێ باسی ئەوەی بۆ دەکات چۆن میشێل سوفیان لەسەر دەستی خودی سیمبا بەدڕەوشتی بەرامبەر کراوە، ئینجا داوایان لێدەکات بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا بکەن. سەرەڕای هەموو ئەوانەش چمچا رازی بوو لەگەڵیان بڕوات، وەلێ پامێلا لە ناخی خۆیدا رازی نەبوو بە هاتنی ئەو، لەبەر هیچ نا، تەنها لەبەرئەوەی حاجی بەبێ پرسی ئەم بانگهێشتی چمچای کردبوو. بەیانی چمچا جلێکی کەشخەی لەبەرکرد، وەلێ پامێلا وریایی کردەوەو داوای لێکرد ئاگای لە خۆی بێت کە ئا بەم جلە ئەرستوکراتیانەوە دەچێت بۆ ئەوێ.

لەڕاستیدا پاڵنەری سەرەکی کە هانی سەلاحەدینی دا بچێت بۆ ئەو شوێنە دوورە ئەوەبوو چاوەڕوانی دەکرد لەوێ میشێل سوفیان ببینێت.

کاتێ سەلاحەدین لە کۆبوونەوەی نێو ئەو هۆڵە گەورە قەرەباڵغەدا چاوی کەوت بە میشێل، هەستیدەکرد دڵی زۆر بە توندی لێدەدات، هەستیدەکرد عزرائیلی فریشتەی مەرگ بەنێو خەڵکەکەدا رێی خۆی خۆشدەکاتو بەرەوڕووی ئەم دێ! لەدیدی ئەوەوە مەرگ لە جەستەی ئەو کچەدا خۆی دەنواند! هەناسە بڕکێی پێکەوتو بە ناچاری هۆڵەکەی بەجێهێشت. حاجیو پامێلاش بە نیگەرانییەوە شوێنی کەوتنو پێی گەیشتنەوە، پێشنیاریانکرد ببەن بۆلای پزیشك، بەڵام چمچا پێیوتن هیچ نەبووەو بەهۆی قەرەباڵغیو جلەکانی بەریەوە تۆشی تەنگە نەفەسی هاتووە.

کاتێکیش لەگەڵیان چوو بۆ سەنتەرە وەرزشیەکە، تەماشادەکات میشێل بەر لەوان هاتووە تاوەکو بەشداری لە وانەی فێربوونی کاراتیدا بکات. لەوێش حاجی نەیوێرا ئالیلۆیا کاون بە چمچا بناسێنێتو بلێت ئەمە دووەمی پلە نایابەکانی

سەنتەرەکەمانەو ئێستاش لەگەڵ فریشتە جوبریلدا دەژی! سەلاحەدین لە دڵی خۆیدا وتی: "ئەوەتا جوبریل جارێکی تر خۆیم بەسەردا دەسەپێنێت". ئینجا تووشی هەمان دۆخ هاتەوە کە لە هۆڵی کۆبوونەوەکەدا تووشی هات. سەلاحەدین شڵەژا، ئەمەش وایکرد لە حاجی بپرسێ: "تۆ باشی؟" چمچایش وتی: "هیچ نییە، تەنها پێویستیم بە رۆشتن هەیە". لەڕاستیدا ئەو لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو خەڵکە هەڵدەهات، درکیکرد لەم دواییەدا خۆی دەخەڵەتاند کاتێ بە خۆیی دەوت من لە ئاشتیدا دەژیم، بۆیدەرکەوت ئاشتییەکی ساختە بووە، ئەوجا بەپەلە بەردەوامبوو لە رۆشتن تا گەیشتە دووڕییانێك، لەوێش بۆ ساتێك راوەستا ئەوجا بڕیاریدا ئەو رێگا بگرێتەبەر کە بەرەو لای چەپ دەڕوات.

بیلی بانۆتاو میمی ماموليان لە نیویۆرکەوە گەڕانەوە بۆ لەندەن، پاش ئەوەی رزگاریان بوو لەو تۆمەتو داوایانەی لەدژیان بەرزکرابوونەوە. هەر کە گەیشتنەوە لەندەن کارتی بانگهێشتی رازاوەیان بڵاوکردەوە بۆ ئامادەبوون لەو ئاهەنگەی کە بۆ نیوەندی هونەری لەندەن سازیاندەکرد، یەکێ لەو بانگهێشتانەش لەڕێگەی سیسودیاوە گەیشت بە دەستی ئالیلۆیاو فریشتە جوبریل، کەمێك پاش ئەوەش بانگهێشتێکی تر گەیشتە لانەکەی سەلاحەدین چمچا. هاودەم لەگەڵ هاتنی ئەم بانگهێشتەی دواییان، میمی ماموليان پەیوەندییەکی تەلەفونی کرد بۆ ماڵی چمچاو پامێلا وەڵامی دایەوە، میمی هەواڵی پامێلای پرسی، پامێلاش وردەکاری پەیوەندی خۆی لەگەڵ مێردەکەیو حاجی جوشیدا خستەڕوو، ئیدی میمی داوای لە پامێلا کرد هەردوو پیاوەکە لەگەڵ خۆی بهێنێتو بێن بۆ ئەو ئاهەنگە، شوێنی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکەیش شانۆیەك بوو لە ستۆدیۆی (شیبرتون) کە تایبەت بوو بە

بەرهەمهێنانی سینەماییو سیسودیا خاوەنی بوو. ئاشکرابوو سیسودیا کرێی لە بیلیو میمی وەرنەگرتبوو بەرامبەر بە گێڕانی ئەو ئاهەنگە لەسەر شانۆکەی.

ئەمشەو شەوی چاوەڕوانکراو بوو، شەوی ئاهەنگەکە بوو، کەشو هەوا زۆر گەرمبوو. حاجیو پامێلا گەیشتنە شوێنی ئاهەنگەکە، چمچایش بەدوای ئەواندا هاتو چووە هۆڵەکەوە، هۆڵەکە وێنەیەکی بچووککراوەبوو لە لەندەن. ئەو کەسەش کە لەگەڵ چمچادا لە ئاسمانەوە کەوتە خوار لەو ئاهەنگەدابوو، جوبریل لەگەڵ ئالیلۆیا کاونی شاژنی بەفردا هاتبوو. زۆرێکی تر لە کەسایەتییەکانی کۆمەڵگەی لەندەن لەو ئاهانگەدا ئامادەبوون، ژمارەیەکی زۆر نمایشکاری جلوبەرگو ئەستێرەی سینەماو چەند ئەندامێکی بچووکی خانەوادەی شاهانەو هەندێ سیاسەتمەداریش کە پەیوەندییان بە نێوەندی هونەریو سینەماییەوە هەبوو، ئامادەی ئاهەنگەکە بوون. جوبریل لە شوێنێکی دیاردا دانیشتبوو، جەماوەرێکی زۆریش دەورو تەنیشتیان دابوو، ئالیلۆیاش لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو. چمچا بە چاوێکی ئیرەبەرەوە تەماشای ئەو جەماوەرەی دەکرد کە زۆر بەسەرسامییەوە دەیانڕوانیە جوبریل بەڕادەیەك گەر بۆیان بکرابا دەیانپەرست، سەرباری ئەو قەرەباڵغیە چمچا بڕیاریدا بە هەر نرخێك بێت خۆی بگەیەنێتە لای. جوبریل بەسەر ئەو پردەوە دانیشتبوو کە بە بەرد دروستکرابوو تاوەکو لە پردی لەندەن بچێت، هەر چمچای بینی دەستی هەڵبڕیو ئاماژەی بۆ چمچا کرد.

چمچا لەو ساتەدا هەستی بە تەنیاییەکی سامناککرد، سینەی پڕبوو لە تێهەڵچوونو هەستی جۆراوجۆر، هەستیدەکرد هێور نابێتەوە تا جوبریلی هاوڕێو دوژمنی سوژدە نەباتو خۆی نەدات بەدەستەوە، ئیدی لەپێناو ئەم ئامانجەدا

هەرچییەك رووئەدات با روودات: "مرۆڤ ناتوانێت برینی کەسێکی بریندار لەڕووی دەرەوە پێوانەکات".

ئامانجەکە ئەستەم نییە، ئەو خیانەتەی جوبریل لە ماڵی رۆزا دیامۆندا لە چمچای کرد بەردەوام لە خەیاڵی چمچادا بوو. رێگایەك هەبوو بۆ بەدیهێنانی مەرامەکەی، دواجار گەیشتە ئەو شوێنەی جوبریل لێی دانیشتبوو، ئەوەبوو جوبریل بەگەرمی بەخێرهاتنی کردو وتی: "ئەمە تۆی هەی شەیتان، هێشتا ماویت، وەرە هەی پیرە چمچا نزیکبە لێم".

کاتێ سەلاحەدین چمچا هاتە لای جوبریلەوەو لە ئالیلۆیا کاون نزیکبووەوە، هەستیکرد لەژێر کاریگەری چاوەکانی ئالیلۆیادا لە جێی خۆی وشکبووە، نەیدەزانی بۆچی بەرلەوەی هێشتا هیچ وشەیەکی لەگەڵدا بڵێت هەستدەکات بەشێکە لە دوژمنە سەرسەختەکەی؟ پێدەچێ لەبەرئەوە بووبێ ئارەزووی بەرامبەری جولاوە، یان لەبەرئەوە بووبێت دیاربوو ئەم کچە متمانەی زۆری بەخۆی هەیە. بەلام چمچا هەموو هەستو ئارەزووەکانی سەرکوتکردو هیچیەك لەو هەستانە بە روخساریەوە دیاری نەدا، نەك هەر ئەوەش بەڵکو زەردەخەنەیەکی خستەسەر لێوی‌و بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ ئالیلۆیا کردو خۆشحاڵی خۆیی دەربڕی‌و باوەشی کرد بە جوبریلدا. سەرباری هەموو ئەمانەش چمچا کە لە بەرامبەر جوبریلدا وەستابوو نەیدەزانی جوبریل بەهۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی نەخۆشییە پەنهانەکەیەوە لە ماوەی پێشوودا نەخۆش بووەو لەژێر چاودێری وردی پزیشکدابووەو ناچاربووە رۆژانە بڕێکی زۆر دەرمان بخوات، لەڕاستیدا ئەم نەخۆشیەش هیچ نەبوو جگەلە شیزۆفرینیاو بارانۆیا، واتە دوکەرتبوونی کەسایەتی کە دەبێتە هۆی شێتبوون‌و دەردی خۆبەزلزانین. جوبریل

هەواڵی ژنەکەی لە چمچا پرسی، چمچایش پێیڕاگەیاند ژنەکەی دووگیانە، جوبریل تێبینی ئەو شێوە قسەکردنە توندەی چمچای نەکرد، کە لە کاتی باسکردنی ژنەکەیدا بەکاریدەهێنا بۆیە پێیوت: "پیرۆزبێ" چمچایش وەڵامی دایەوەو وتی: "لەڕاستیدا دەبێ پیرۆزبایی لە دڵدارەکەی بکەیت، ئەویش ناوی حاجی جوشییەو هاوڕێی کۆنی منە". ئینجا چمچا بەدەم پێکەنینەوە درێژەی بە قسەکانی داو وتی: "ئەم کابرایە بووەتە کۆیلەی خانمی ژنم، لەڕاستیدا خانمیش نییە".

پاش هەفتەیەك دوای ئەو بۆنەیە، چمچا پەیوەندییەکی تەلەفونی لە ئالیلۆیا کاونەوە پێگەیشت دوای ئەوەی ژمارەکەیی لە سیسودیا وەرگرتبوو، هێندەی نەبرد ئالیلۆیا کاون هات بە شوێنیداو بە ئۆتۆمێلەکەی ئەو بەرەو باکوری شار بەڕێکەوتن، چونکە لەوێ لە ماڵی یەکێ لە هاوڕێکانیان نیشتەجێبوون، ئالیلۆیا بە چمچای وت: "جوبریل دەیەوێ بتبینێ، تۆ دەتوانی هاوکارییەکی زۆری بکەیت، پزیشکە تایبەتەکانی دەڵێن زۆر ئیرەیی بە من دەبات، خواستی زاڵبوونیش یەکێکە لە دەرکەوتەکانی نەخۆشییەکەی، من دەبێ بەرگەی ئەم خواستەی بگرم، چونکە تاکە ڕێگایەکە بۆ دەرچاندنی خواستی زۆرداری ئەو. ئەمەش لە نەخۆشییەکەی کەمدەکاتەوە". چمچا بە وریاییەوە گوێی بۆ دەگرت، ئینجا بە خۆیی وت: "ئەم کابرایە جارێکیان خیانەتو ستەمی لێکردم، با ئێستا متمانەی تەواوی پێم هەبێ". ئالیلۆیا بەردەوامی بە قسەکانی داو وتی: "دایکم چەند جارێك داوای لێکردم خۆمی لێپاریزم، دوایین جار کە ئەمەی پێوتم بەرەو کالیفۆرنیا دەچوو لە فرۆکەخانە ماڵئاواییم لێدەکرد، وتی بزانە کچم مانەوەت لەگەڵ ئەم پیاوەدا ڕەنگە ئاراستەی مێژووی ژیانت بگۆڕێ". چمچا لێی پرسی: "ئەگەر ئەمە بارودۆخییەتی دەی بۆچی لەگەڵیا دەژیت؟" ئالیلۆیا وەڵامی دایەوەو وتی: "ڕەنگە وەڵامدانەوەی من بۆ ئەم

پرسیارە جێی باوەڕ نەبێت، بەڵام من ڕاستگۆیانە وەڵامت ئەدەمەوە، هۆکاری مانەوەی من لەگەڵ ئەو تەنها لەبەر پەیوەندی سێکسی نێوانمانە، چونکە ئێمە لە سێکسدا زۆر گونجاوین، ئێستا بووینەتە دوو عاشق لە عاشقانی نێو خەونەکان، ئەو ئێستا من زۆر بە باشی دەناسێ". ئالیلۆیا بێدەنگ بوو، چمچا دووبارە هەستیکردەوە ئاگرێك بە ناخیدا تێدەپەڕێت، هەرچی عاشقی نێو خەونەکانە دەوروبەریان دابوو، ئەمیش بە دانیشتنەوە تەماشای دەکردنو لە داخاندا جیڕەی بە ددانی دەکرد.

ئەو خانووەی بۆی دەچوون لە گوندێك بوو ناوی (دۆر سدیر) بوو. جوبریل لە دەرگاکەدا چاوەڕێی دەکردن، هەر کە گەیشتنەبەرەوە بەخێرهاتنی چمچای کردو پێیوت: "بەخێربێی بۆ ئەم زیندانە نەفرەتییە".

ئەو دەرمانانەی جوبریل بەکاریدەهێنان بوونە هۆی ئەوەی لاشەی قورس بێتو توانای جموجۆڵی کەمبێتەوە. جوبریل لەلای چمچا ئاشکرایکرد هەندێ جار دەرمانەکانی بەکار ناهێنێت، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە ئالیلۆیا دیار نییە، ئینجا وتی: "کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار شەڕی لەگەڵ دەکەمو لێی دەدەم". ئالیلۆیا هاواری لێکردو وتی: "دەمت داخە، خۆشبەختانە من مەشقم لەسەر وەرزشی بەرگری کردوەو ڕاهاتووم چۆن بەرگری لەخۆم بکەم، زۆر جاریش لێرە ئەتدەم بە زەویدا، لێرە لەسەر ئەم زەوییە". ئەو شەوە چمچا خەوی لێنەکەوتو بە ئێشکگیری مایەوە، گوێی لە دەنگی جوبریلو ئالیلۆیا بوو کە هەر خەریکی سێکس بوونو بەدەنگی بەرز هاواریاندەکرد. ئالیلۆیا کتومت وەك پامێلا وایە.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتردا جوبریل پێشنیاریکرد خۆیو چمچا پێکەوە پیاسەیەك بکەن بەرەو لوتکەی ئەو تەپۆکەی تەنیشتیان، ئالیلۆیای لەماڵەوە

بەجێهێشت، کاتێ گەیشتنە ئەو شوێنەی کە بڕیاربوو کۆتایی پیاسەکەیان بێت، جوبریل هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو و دڵی چمچایش بە خێرایی لێیدەدا. لەوێ راوەستانو جوبریل کەوتە گێڕانەوەی رازی خۆیو نهێنییەکانی بۆ هەڵڕێژاو وتی: "من بۆیە ئالیلۆیام هێناوە بۆ ئەم شوێنە دوورەدەستە تاوەکو بیپارێزم، ئەم ژنە تا رادەیەکی نەفرەتی جوانە، پیاوانیش وەك مێش شوێنیدەکەون، ئەم ژنە ژنێکی دانسقەیەو هەست دەکەم پێویستە بیپارێزم لە ئارەزووی پیاوان". چمچا لە دڵی خۆیدا وتی: "تۆ چ بەدبەختێکی بێنەوایت. ئەم خەونو خەیاڵاتە کۆنترۆڵیان کردویت".

ئالیلۆیا بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی چمچای بردەوە، لە رێگای گەڕانەوەدا چمچا ئامۆژگاری ئالیلۆیای کردو داوای لێکرد رێ بە جوبریل نەدات لەو شوێنەدا بەندیکاتو لە جیهانی دووربخاتەوە، ئالیلۆیایش پێیوت: "تۆ راست دەکەیت، قسەکانت تەواوە". چمچا لەکاتێکدا بەم شێوازە قسەی لەگەڵ ئالیلۆیا دەکرد هەستیدەکرد هەڵمەتەکەی لە دژی جوبریل بەرپاکردووە، دواتر ئالیلۆیا ماڵئاوایی لێکردو وتی: "هیوادارم بارودۆخ رێگات پێبدات جارێکی تر جوبریل ببینیتەوە، ئەم دیدارەی نێوانتان کەڵکی زۆری بۆ ئەو هەبوو". چمچا وتی: "تکایە، هەر کاتێك ئێوە مەبەستان بوو تەلەفونم بۆ بکەن".

سەلاحەدین بۆیدەرکەوت تەنها مەبەستێکی جوبریل لە رێکخستنی ئەو دیدارە ئێوارەییەی نێوانیان لە دەرەوەی شاری لەندەن، تەنها بۆ ئەوە بووە بەوردی باسی پەیوەندی سێکسی نێوان خۆیو ئالیلۆیا بۆ سەلاحەدین بکات، سەلاحەدین سەرسام بوو بەرامبەر بە رادەی بەدڕەفتاری ئەو خەڵکانەی کە بەو چەشنە ئابڕوبەرانە باسی قسەو باسی تایبەتی خۆیان دەکەن بۆ خەڵکانێك هاودۆخ نین

لەگەڵیان. ئینجا ئەوەی وەبیردا هاتەوە چۆن جوبریل باسی ئەوەی بۆ دەکرد بە چ بارێکدا سێکس لەگەڵ ئالیلۆیادا دەکات، چۆن یەکتر دەگەزنو چ وشەیەك بەرامبەر بە یەکتر بەکاردەهێنن. ئینجا بە وردی وەسفی چاوەکانی ئالیلۆیای دەکرد کە چۆن لە کاتی رەحەتبووندا دەیانوقێنێت، وەسفی رانەکانیو قلێشی پشتی قنگی دەکرد، باسی ئەو جۆگەلەی دەکرد کە دەچێتەوەسەر کۆمی، باسی ئەوەی دەکرد چۆن بێزار دەبێت کاتێ ئەم یاری بە ناوکی دەکات، ستایشی ئەو درێژییە نائاساییەی گۆی مەمکەکانی دەکرد. جوبریل لە کۆتایی قسەکانیدا خۆی گورجو گۆڵ دەکاتەوەو داوای لێبووردن لە چمچا دەکاتو دەڵێت من کاتێ ئالیلۆیا دەبێتە بابەتی قسەکردنم هاوسەنگی لەدەست دەدەم، چونکە ئافرەتێکی یەجگار ئەفسوناوییو وروژێنەرە. دوای چەند رۆژێکی تر دووبارە یەکتریان بینییەوە، جوبریل دەستی لە تەکسییەك راگرتو داوای لێکرد بیانبات بۆ گۆڕەپانی ئەودیو، ئەو رۆژە مەیلو میزاجی بەلای رابواردندا دەچوو! بە پێی پێوانەکردنی چمچا بێت ئەو رۆژە نزیکەی بیست میل بەپێ رۆیشتن. لە کۆتاییدا چمچا لە جوبریلی پرسی: "پێتخۆشە بۆ کوێ بچین؟" جوبریلیش وتی: "کوێت پێخۆشە بۆ ئەوێ دەچین، من متمانەم بە زەوقی تۆ هەیە". ئەوەبوو بەرێکەوتن بۆ قاوەخانەی شاندار.

حاجی لە قاوەخانەکە نەبوو، میشێڵ سوفیانیش هەر لەوێ نەبوو، چونکە پاش ئەوەی لەگەڵ حەنیف جونسوندا رۆیشتبوو ئیدی لەو کاتەوە کێشەکەی لەگەڵ دایکیدا چارەسەر نەکردبوو و نەگەڕابوویەوە. ئەناهیتاو دایکیشی وەك پێویست بەخێرهاتنی چمچایان نەکرد، تەنها کەسێك بە گەرمی بەخێرهاتنی چمچای کرد حاجی سوفیان بوو. بە چمچای وت: "وەرە دانیشە، زۆرم پێخۆشە تەندروستیت باشە". سەیر لەوەدابوو قاوەخانەکە لە کەم میوانیدا نیمچە چوڵبوو،

هاتنی جوبریلیش بۆ ئەو شوێنە هەستی هیچ کەسێکی نەجولآند. پاش چەند ساتێك چمچا درکی کرد چوار گەنجی سپی پێست دانیشتونو دەیانەوێت شەڕ لەگەڵ شاگردە نوێکەدا بنێنەوە، ئەو شاگردەی کە هیند ناچاربوو لە پاش هەڵهاتنی کچەکەی بەکاری بهێنێت. شاگردەکە ناوی ئەمین بوو، لێی پرسین حەزیان لە چییە، ئەوانیش داوای گۆشتو برنجیان کرد، چمچا سەرنجی چوار گەنجەکەی دا تەماشا دەکات سەرخۆشن، دیاربوو ئەمین بێزاربوو لە سوفیان کەوا رێی بەم مەستانە داوە لە قاوەخانەکەیدا دانیشن، چونکە ئەم ناچار دەبێت خزمەتی ئەو هیچوپوچانە بکات.

خواردنەکە لە یەك کاتدا گەیشتەسەر هەردوو مێزەکە، چوار گەنجەکە دەستیانکرد بە بۆڵەبۆڵو فرەڕێسیو دەیانوت خواردنەکەمان بەدڵ نییە، کەشی قاوەخانەکە تێکچوو، لەپڕ هەموویان هەستانەسەر پێو یەکیان بە زارێکی قێزەونەوە قیژاندیو وتی: "ئێمە ئەم ترە ناخۆین، هەی بارۆکە! وەگەر پێتانخۆشە خۆتان بگێن.." سیانەکەی تریش هەرچی جنێنی ناشرین هەیە بە دەمیاندا هاتە خوارەوەو هێندەی نەبرد لە قاوەخانەکە دەرچوون.

وەلێ سەردەستەکەیان لەوان دواکەوتو لەگەڵ ئەواندا نەچووە دەرەوە، هاواریکرد بەسەر چمچاو جوبریلداو وتی: "خواردنەکەتان پێخۆشە؟ ئەمە ترِی بۆگەنە نەك خواردن، هەی بارۆکە، ئایا ئێوە لە وڵاتەکەی خۆتان ئەمە دەخۆن؟" کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەویش لێیان نزیکبووەوەو بەردەوام بوو لە قیڕەقیڕو وتی: "من پرسیارێکی نەفرەتیم لە ئێوە کرد، بڵێن بزانم ئەم ترە بۆگەنەتان بەلاوە خۆشە؟" چمچا بە بێزارییەوە وەڵامی دایەوە: "گەر ئێوە لێرە نەبونایە چێژمان لێوەردەگرت". ئەوجا گەنجەکەش کە وەك گێژەر وابوو، بە توندی کەوتە تفکردنو تفی کردە

هەموو قاپەکانی سەر مێزەکە! بەدەم سواربوونی تەکسییەوە جوبریل بە چمچای وت: "تکاموایە لە داهاتوودا نەمبەیت بۆ شوێنی نائارام".

ئالیلۆیا کاتێ دەچووە ماڵەوە مۆریس وێڵسنی بەسەر بەرزایی یەکێ لە دارەکانەوە بینی، سەرەڕای ئەو گەرمایەش جلە قورسەکانی جارانی لەبەردایە. ئالیلۆیا پێیوت: "کاتی ئەوەم نییە لەگەڵ تۆدا بەفیڕۆی بدەم". مۆریسیش بێباکانە وەڵامی دایەوەو وتی: "دەتوانم چاوەڕێ بکەم".

سەڵاحەدین چمچا لە پشتی ئەو دارەوە خۆی شاردبووەوە، هەر لەوێ مایەوە، جوبریل بە تووڕەییەوە هاتە لای دەرگاکەو پۆل پۆل شەیتانی ئیرەیی بەسەر شانییەوە بوون، بە توندی هەمان پرسیارە کۆنەکانی جارانی لە ئالیلۆیا دەکرد: لەکوێو، لەگەڵ کێو، چۆنو، بۆچی، هەی لەشفرۆش. لەو ساتەدا بوونەوەری سەر دارەکە ڕەوی. ئەوەیشی کە لە پشت دارەکەوە خۆی حەشاردابوو بە بێدەنگ بەشوێن پێی خۆیدا بەسەر ڕێگا سایەدارەکەدا گەڕایەوە.

ئالیلۆیاو جوبریل لە شوێنی نیشتەجێبونیان لە لەندەن چەندین پەیوەندی تەلەفونییان بۆ هات، کە لە سەرەتاوە زۆر نەبوون، پەیوەندییەکان هەر تاوێو بە دەنگێك بوون. ئەو دەنگانەیش لە دەنگی ئەو ساویلکانە نەدەچوو بە خراپی تەلەفون بەکاردەهێنن، بەڵکو ئامانجی خۆیان هەبوو، زۆر بە باشی ڕێکخرابوو بە چەشنێك پۆلیسیش نەیدەتوانی هیچی لەبارەوە بکات. کەسیان نەیاندەزانی ئەم پەیوەندییانە دەستکیسەی سەڵاحەدینە، ئەو سەڵاحەدینەی بەوە بەناوبانگ بوو هەزارو یەك دەنگی هەیە! ئەو کاتانەی ئالیلۆیا وەڵامی تەلەفونەکانی ئەدایەوە، دەنگەکە دەیچرپاند بە گوێیداو وای لە ئالیلۆیا دەکرد هەست بکات خاوەنی ئەم دەنگە هەموو نهێنییەکی دەزانێتو دەشزانێت بە چ شێوازێك سێکس دەکات.

ئالیلۆیا کە بە پێوە گوێی بۆ ئەم پەیوەندییە تەلەفونیانە دەگرد، گەرمەتا دەیدا لە دەموچاوی‌و موچڕکەی سارد بە بڕبڕەی پشتیدا دەهات. جوبریلیش پشکی خۆی لەو پەیوەندییە تەلەفونیانە وەردەگرت، ئەو دەنگەی قسەی لەگەڵدا دەکرد وا خۆی نیشان ئەدا یەکێکە لەو ئەرستوکراتیانەی بۆیان لواوە دەست بەسەر پیرۆزترین پیرۆزییەکانی ئەمدا بگرن‌و یەکێکە لەوانەی سێکسیان لەگەڵ ژنەکەیدا کردوە.

کاتێ ئالیلۆیا گەڕایەوە بۆ ماڵ، جوبریل لە ماڵ دەرچووبوو. لەڕاستیدا جوبریل دەستبەجێ بۆ ئەو فرۆشگایە چووبوو کە کەرەستەی مۆسیقی دەفرۆشت، ئەو فرۆشگایەی جۆن موسلیمە خاوەنی بوو. کاتێ موسلیمە جوبریلی بینی هاتە فرۆشگاکەیەوە، نەیهێشت هیچ یەك لە شاگردەکانی خزمەتی بکەن، بەڵکو خۆی چوو بەپیرییەوەو سەری ڕێزو نەوازشی بۆ دانەواند، ئەی ئەم پەیامبەرو نێردراوی خودا نییە بۆ ئەم جیهانە؟! جوبریل داوای زوڕنایەکی مسی کرد کە بەسەر یەکێ لە تاقە بەرزەکانەوە بوو، موسلیمە بەدەستی خۆی بەسەر پلیکانەکەدا خۆی هەڵزنی‌و زوڕناکەی بۆ داگرت، موسلیمە زۆر هەوڵیدا لە بەرامبەردا پارەی لێوەرنەگرێت، بەڵام جوبریل سوربوو لەسەری، ئەویش ناچار قایل بوو. ئەوکات جوبریل زوڕناکەی نا بەسەریەوەو بە موسلیمەی وت: "من ئەم زوڕنایە بەناوی عزرائیلەوە ناو دەنێم، ئەو عزرائیلەی لەناوبەری توخمی مرۆڤایەتییە". لەو ساتەدا جوبریل هێلێکی گڕدار بە دەوری سەریەوە بوو.

دکتۆر (ئوهورو سیمبا) کە پێشتر ناوی (سیلڤەر رۆبرتس) بوو، بەرلەوەی دادگایی بکرێت، لە زینداندا مرد. پاش ئەوە کردەوەی توندوتیژی دەستپێکرد، وردە وردە ڕێژەو توندیی ئەم ڕووداوانە زیادی کرد. خێزانە ڕەش پێستەکانی ئەو

شارەیش ببوونە ئامانجی هێرشی توندوتیژی، یانەی (مۆمی گەرم) بەر هێرشێکی هاوشێوە کەوت.

جوبریل ڕێگاوبانەکانی گرتەبەر، وەك ئەوەی لە خەودابێ، چیدی نەیدەتوانی جیاوازی بکات لە نێوان خەونو راستیدا. ڕۆژانێکی زۆر بێخواردنو بێخەو مایەوە، ئەو زوڕنایەش کە ناوی نابوو (عزرائیل) لە گیرفانی چاکەتەکەیدا بوو، بۆ هەرکوێ دەچوو گلەیی ئەوەی دەکرد (ئالیلۆیا کاون) خیانەتی لێکردوە.

لەم نێوانەدا ئاگر بەردەبێتە قاوەخانەی شاندار، موحەمەد سوفیانی خاوەنیو هیندی ژنی دەبنە قوربانیی ئەو ڕووداوە، سەلاحەدین چمچایش تووشی فشارو پەستانی دڵ دەبێتو حەنیف جونسونو میشێڵ سوفیانیش لەگەڵیدا دەچن بۆ نەخۆشخانە، میشێڵ لە هەمان کاتدا بە گەرمی بۆ مردنی دایكو باوکی دەگریا.

## بەشی هەشتەم

## دووکەرتبوونی ئاوی دەریای عەرەب

سرینقاس کە بازرگانی بووکەڵە بوو، جارنا جارێك بەڵێنی بە ژنو منداڵەکانی ئەدا ئەگەر هاتو رۆژێك جیهان شادمانی لەدەستدا، ئەو دەست لە هەموو سامانێکی هەڵدەگرێتو تورەکەیەك دەکاتە شانیو گۆچانێك هەڵدەگریو وەك هەر سواڵکەرێکی تر گوند بە گوند دەگەڕێت. سرینقاس خانمی ژنیشی لە بەڵێنی مێردەکەی باش تێدەگەیی، چونکە دەیزانی ئەو بەڵێنە زادەی ئەو ئارەزووەی ناخیەتی کە حەزدەکات خەڵکی بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو پیاوێکی خواناسو خواپەرستە. ئەگەرچی دەیشیزانی حەزی لە جەربەزەیی هەیە، چونکە چەند ساڵێك بەر لەوە سەرکێشییەکی خۆکوژیانەی ئەنجامدابوو، بە فڕۆکە بەسەر ئەو چەمە سامناکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا تێپەڕیبوو، کە پێی دەوترا (گراند کانیۆن). لە راستیدا بیرۆکەی بوونی بە قەشەیەکی سواڵکەر هەردوو ئارەزووەکەی ناخی تێر دەکرد، ئارەزووی خواپەرستیو ئارەزووی سەرکێشی.

ئەو بەیانییە سرینقاس ئیسراحەتی لەخۆی تێکداو لە بەڵەکۆنەی خانووەکەی هاتە خوارەوەو چووە دەرەوە تا بزانێت ئەو ژاوەژاوەی دەرەوە چییە،

تەماشادەکات کۆمەڵێك لاوی تەڵەکەباز بەسەر ڕێگاکاندا دەڕۆنو شێتانە هاوار دەکەن، لەو هاوارە ئەوە تێگەیشت کۆڕەوێکی سەیرو سەمەرە بەڕێوەیەو خەڵکانێك تێیدا بەشدارن کەلوپەلیان پێیەو بەڕێگەی پەتاتەدا بەرەو شەقامی سەرەکی دەچن" کچێکی پرچ زیوی لە پێشیانەوەیەو چەندین پۆل پەپوولەیش سێبەری بۆ کردوون، لە دوایشیانەوە میرزا سەعید ئەختەر لە ئۆتۆمبێلە (مارسیدس ستەیشن)ـە سەوزەکەیدا ڕێ دەکات.

شارۆچکەی شاتنا باتنا شارۆچکەیەکی گەورە نەبوو، بۆیە هاتنی سەدو پەنجا کەس دیاردەیەك بوو نەدەتوانرا پشتگوێ بخرێت. کۆڕەوەکەی تیتلبیر بە گریانی کۆرپەو هاواری منداڵو گرمەگرمی ژنو پیاوەکانەوە گەیشتە شاتنا باتنا. عوسمانی گاوانی تیزەجاڕی لە ئایین وەرگەڕایش، ئەو عوسمانەی هیچ سەنگێکی لەلای سرینقاس نەبوو، بە لێشاو نوکتەی دەگێڕایەوە. کاتێکیش منداڵەکان هەواڵی ئەوەیان بە سرینقاس ڕاگەیاند کە ژنەکەی زەمەندار میرزا سەعیدو خەسویشی لە کۆڕەوەکەدا بەشدارنو وەك جوتیارەکان جلی شڕو سادەیان لەبەردایەو بە پیادە دەڕۆن، سرینقاس کەوتە ڕێو چوو بەرەو خواردنگەیەك، کە لە چەقی ڕێگاکەدا بوو، حاجییەکانی تیتلبیر بەدەوریدا دەسوڕانەوەو تەماشای ئەو خواردنانەیان دەکرد کە لە پەتاتەو چەندان شتی تر دروستکرابوون. لەم کەین و بەینەدا ئۆتۆمبێلێکی جیب لە بنکەی پۆلیسی شاتنا باتناوە گەیشتە ئەوێ، لێکۆڵەرەکە لە پێشیەوە وەستابوو بە بلندگۆیەك بانگەوازی کردو وتی ئەگەر هەر ئێستا بڵاوەی لێنەکەن لێپێچینەوەی توند بەرامبەر بەم ڕێپێوانە تیرەگەرییە دەکەن، سرینقاس لە دڵی خۆیدا وتی: "ئای لەم بەڵایە، کێشەیەکی تر لەگەڵ ئەم موسوڵمانە هیندستانیانەدا دروستنەبێ باشە"..

میرزا سەعید رۆیشت بۆ لای ئەفسەرەکەو راستییەکەی پێراگەیاند، میرزا سەعید بە ئەفسەرەکەی وت: "ئەمانە کەسانێکی پیاوچاکو دڵپاکن، دەیانەوێ بە پیادە بچن تا دەریای عەرەب، پێیانوایە لەوێ ئاوی دەریاکە لە بەردەمیاندا دوولەت دەبێت". ئەفسەرەکە لێیپرسی: "ئەم قسانە بە جددی دەکەیت؟" میرزایش وتی: "من باسی خۆم ناکەم، بەڵام ئەمانە هێندەی دۆزەخ بە راستییانە، من لە هەوڵی ئەوەدام ئەم بیرۆکەیە لە مێشکیان دەرکەم بەرلەوەی شتێك رووبدات ناخۆشی بەدوادا بێت". ئەفسەرەکەی پۆلیس پێیوت: "چۆن دەتوانم رێبدەم ئەم هەموو خەڵکە لە شەقامی سەرەکیدا کۆببنەوە؟ ئەمە هەستی ئەو خەڵکە دەبزوێنێتو خەڵك رادەپەڕێنێت، رەنگە تووشی کێشەیەکی نوێ ببین". حاجییەکان نەختێك دوورکەوتنەوە، ئەوکات سرینقاس بۆی لوا بە بەژنوباڵای ئەو کچەدا بڕوانێت کە پەپوولە لەشی داپۆشی بوو، پرچە بەفرینیەکەیشی هەتا ئاستی قاچی شۆڕببووەوە. سرینقاس خۆی پێڕانەگیراو هاواری کرد: "ئەی خوایە، ئەمە تۆی عائیشە؟ چیت لێ قەوماوە؟" ئینجا گێلانە درێژەی داو وتی: "ئەی چی لەبارەی ئەو بووکەڵانەی بەڵێنتدا دروستیان بکەیت بۆم؟". هەموان تەماشای عائیشەیان دەکرد کە بەدەم زەردەخەنەوە بەرەو ئەفسەرە سینگ پانەکە دەچوو، ئەفسەرەکە شلەژاو وەك لاوێکی بچوك هاتەگۆو وتی: "باشە، ببورە هەرگیز تورەت ناکەم، تکادەکەم ببەخشە".

لێرەدا کۆتایی هات بە کێشەکانیان لەگەڵ پۆلیس. سرینقاس کاتێ بە نێو حاجییەکاندا دەگەڕا، چاوی کەوتە سەر زەمەندار میرزا سەعید بە نیگەرانییەوە لە کوشنی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەیدا راکشابوو، سرینقاس پێیوت: "تۆ بڕوات بەم کچە نییە". میرزا سەعید پاش ئەوەی شێوازی دانیشتنەکەی رێککردەوە وتی: "سرینقاس

ئێمەی پیاوی مۆدێرنین، دڵنیاین کە ڕەنگە لەم گەشتە دوورو درێژە دژوارەدا بەتەمەنداچووەکان بمرن، خوداش نەخۆشی شێرپەنجە چاك ناکاتەوە، ئەو دەریاش بەرامبەر هیچ کەس دووکەرت نابێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ سنورێك بۆ ئەم کارە پڕوپوچەی ئەوان دابنێین. وەرە لەگەڵم، ئۆتۆمبێلەکە فراوانەو ڕەنگە بتوانیت هاوکاریم بکەیتو پێکەوە بڕوایان پێبهێنین دەست لەم گەوجەتییە هەڵبگرن. ئینجا عائیشە چاکەی تۆی لەبیر ناچێتو پێدەچێ گوێت بۆ بگرێت". سرینقاس وتی: "بە ئۆتۆمبێلەکەی تۆ بێم؟ ئەی ئیشو کارو بازرگانیم چۆن جێبێڵم؟" میرزا سەعیدیش پێیوت: "من پێویستم بە هاوکاری تۆیە، لەبەرامبەریشدا پارەت دەدەمێ". سرینقاس لە ترسا خۆی کێشا دواوەو وتی: "پارە بەلای منەوە هیچ گرنگ نییە. بمبورە، بەهەرحاڵ پێویستە بیری لێبکەمەوە". بەر لەوەی دووربکەوێتەوە میرزا سەعید وتی: "منو تۆ کەسانێکی ڕەگەزپەرستو توندڕەو نین، من موسوڵمانمو تۆش هیندۆسیت، دەتوانین ببینە کرۆکی سەنگەرێك لە دژی ئەم وڕێنەیە". سرینقاس وەڵامی دایەوەو وتی: "دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەیت کە من کەسێکی باوەڕدارمو وێنەیەکی خواوەند لاکشمیـیم بە دیوارەکەمەوە هەڵواسیوە". میرزا سەعید بە رابواردنەوە پێی بڕیو وتی: "پارە خۆشەویستترین خواوەندە لای هەموو بازرگانەکان". سرینقاس وەك ئەوەی گوێی لێنەبووبێت قسەی هێنا بەسەرداو وتی: "وێنەیەکی تریشیم لەسەر دیواری دڵم هەڵواسیوە". میرزا سەعید کۆنترڵی لەدەستداو بە توڕەییەوە هاواری کرد: "سوێند دەخۆم ئەو خواوەندە تەنها سیمبولێکەو هیچی تر، فەیلەسوفەکانیشتان پشتگیری ئەم قسەی من دەکەن، بەرجەستەبوونی ئەم خواوەندەش خۆشباوەڕییە!". سرینقاس کە ئەوکات تەماشای عائیشەی دەکرد لەژێر پەردەپۆشی پەپوولەکاندا نوستبوو، وتی: "من فەیلەسوف نیم". خەریکبوو دڵی لە

دەمیەوە بازبدات کاتێ هەستیکرد روخساری ئەم کیژە نوستووە لە روخساری خواوەند لاکشمی دەچێت، بەڵام گوزارشتی لەم هەستەی نەکرد.

کاتێ حاجییەکان لە شاتنا باتنا دەرچوون سرینقاسیان لەگەڵدا بوو، ئەگەرچی ژنەکەی تکای کردو پاڕایەوەو مینۆی کچیانی هەڵگرتو بە بەرچاویەوە رایوەشاند، بەڵام سرینقاس پشتگوێخستو خۆی لێ کەڕ کرد، ئینجا بە عائیشەی وت لە ئێستادا حەزی لێ نییە سەردانی مەککە بکات، بەڵام زۆر حەزی لێیە بۆ ماوەیەك لەگەڵیدا بێت تەنانەت ئەگەر تا لای دەریاکەیش بچێت. ئەوەبوو سرینقاس خۆی تێکەڵ بە دانیشتوانی تیتلبیر کردو هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیاندا رۆیشت، بە سەرسامییەوە تەماشای ئەو پۆلە پەپوولانەی دەکرد کە وەك چەترێکی زەبەلاح سێبەریان بۆکردبوونو نەیاندەهێشت تیشکی خۆریان بەرکەوێت. دوای ساتێك دەیان پەپوولە بەسەر شانیەوە نیشتنەوەو دەستبەجێ رەنگیان وەك رەنگی کراسە سورەکەی ئەمیان لێهات. تێبینی کرد ئەو پیاوەی لە تەنیشتیەوە رێی دەکرد موحەمەد دینی ئەنجومەنی تیتلبیرە، خۆیو خەدیجەی هاوسەری ئەگەرچی زۆر پیریشن بە ئارامی لەگەڵ حاجییەکاندا رێدەکەن. کاتێکیش موحەمەد دین تەماشای کرد خوا هیدایەتی بازرگانی بووکەڵەکانی داوەو هاتووەتە سەر رێی راست، دەستیی گرتو بەبێدەنگ گووشی.

دیاربوو باران دەمێکە نەباریوە، کۆمەڵێك پیادەی زەبوونی نێو ئەو خێزانانەی بەرەو باشور دەچوون بەهیوابوون ئاوی خواردنەوەیان دەستکەوێت. میرزا سەعید سەبارەت بەم دیمەنە هاواری لە دانیشتوانی تیتلبیر کردو وتی: "دەبینن؟ ، ئەمانە بە شوێن ئاوی شیریندا دەگەڕێن بیخۆنەوە، نەك بە شوێن ئاوی سوێردا لە بەردەمیاندا دووکەرت ببێت، ئەمان دەیانەوێت بە زیندووی بمێنن، بەڵام

ئێوەی گەوج دەتانەوێ بمرن". سەعید هەندێجار لە ئۆتۆمبێلەکەیەوە بازی ئەداو دەچوو لە ژنەکەی دەپاڕایەوە کە لە سەرەمەرگدابوو، دەیوت: "وەرەوە سەر هۆشی خۆتو ئیسراحەت بدە بەخۆت". بەڵام ژنەکەی رازی نەدەبوو. دایکی بەم قسانە خۆی لێدەرباز دەکردو دەیوت: "سەعید ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزانێت تۆ کەسێکی نەرێنییت، ئەم نەرێنیبوونەی تۆش تووشی نیگەرانیو خەمۆکیمان دەکات، برۆ بەرێی خۆتداو بچۆرەوە بۆ دەردەسەری خۆت، برۆو لەنێو ئۆتۆمبێلە فێنکەکەتدا چێژ لە خواردنەوەی کۆلای سارد وەربگرەو بە ئاشتی لێمان بگەرێ".

لە پاش هەفتەی یەکەم، شۆفێرەکەی میرزا سەعید دەستی لەکار کێشایەوەو چووە ریزی حاجییە پیادەکانەوە، زەمەندار ناچاربوو بە دەستی خۆی شۆفێری بکات، دواتر کە نیگەران دەبوو رادەوەستاو بەنێو حاجییەکاندا دەهاتو دەچوو، تاوێك بە تورەییەوە هەرەشەی لێدەکردن، تاوێکی تر بەرتیلی دەخستە رێیان، پاشان بەدیار چاو و گوێی خۆیەوە دەکەوتە نەفرەت لێکردنی عائیشە، لەبەرئەوەی ژیانی ئەمی وێران کردوە. بەڵام نەیدەوێرا بۆ ماوەیەکی زۆر رووبەڕووی ببێتەوە، چونکە ئەگەر زۆر سەیری بکردایە ئارەزووی هەڵدەسا، ئەمەش دواجار تووشی شەرمەزاری دەکردو دووردەکەوتەوە.

پێستی میشێڵی ژنی میرزا سەعید پاش ئەوەی شێرپەنجەکە بە لاشەیدا بڵاوەی کردبوو رەنگی گۆڕابوو بۆ خۆڵەمێشی. قورەیشی خانمی دایکیشی هەستیدەکرد شەکەت بووە، وێڕای ئەوەش ئەو جادووەی عائیشە لێیکردبوون بە توندی کۆنترۆڵی کردبوون. میرزا سەعید هەرچی هەڵمەتی دەبردە سەر حاجییەکانو دەیویست پەشیمانیان بکاتەوە لە کۆتاییدا بە ماندویی و بەدەستی بەتاڵ لێی دەردەچوو. ئەوکاتانەی لەگەڵ ئەوان پیادەی دەکرد لە تاو گەرماو بێئومێدیدا

سەری گێژی دەخوارد، بۆیەدەردەکەوت زۆر دوورکەوتوونەتەوەو ئۆتۆمبێلەکە لەدواوە بەجێماوە، ئەوجا بە خەمۆکییەوە بە شوێن پێی خۆیدا دەگەڕایەوە دیسانەوە بە ئۆتۆمبێلەکە دەکەوتەوە شوێنیان. جارێکیان کە گەڕایەوە تەماشادەکات سەرنشینی پاسێکی ڕێبوار گوێزێکی هیندی فڕێداوەو بەر شوشەی سەرەوەی ئۆتۆمبێلەکەی ئەم کەوتووە. شەویش کاتێ لە تەنیشت ژنەکەیەوە لەبەر ڕووناکی تیشکی مانگدا ڕاکشابوو بە ژنەکەیی وت. ئەویش دڵی دایەوەو وتی: "ئەمە نیشانەیەو بۆ تۆ هاتووە، تۆش پێویستە دەست لە ئۆتۆمبێلەکەت هەڵبگریتو بێیتە ریزمانەوە".

**خەوبینینی جوبریل بە بێبارانییەوە:**

لەژێر ئاسمانێکی بێباراندا زەوی تووشی وشکانی هات..

حاجییەکان بە خاوی دەڕۆیشتن، ڕۆژانە سێ کاتژمێر بەیانیانو سێ کاتژمێر ئێواران ڕێیان دەکرد، هێشتایش سەدو پەنجا میلیان ماوە بگەنە دەریا، ئەمەش لانی کەم یازدە هەفتەی تری دەوێت. یەکەم کەس کە مرد لە ڕۆژی پازدەهەمدابوو، ئەمەش پاش ئەوەهات خەدیجەی ژنی موحەمەد دین لە خەویدا تارمایی فریشتەیەکی بینیو بە چرپە پێیوت: "ئەوە تۆیت جوبریل؟" تارماییەکەش وەڵامی دایەوەو وتی: "نەخێر هەی هیچوپوچ من عزرائیلی فریشتەی مەرگم. داوای لێبوردن دەکەم کەوا بێهیوام کردیت". کاتێکیش ئاپۆڕەکە لە شوێنەوارێکی وێرانە نزیکبووەوە، بە مێردەکەیی وت: "دەبێ بچمە ئەم شوێنەو بنووم". موحەمەد دین نارەزایی خۆی دەربڕیو وتی: "چۆن شتی وادەبێ، لە ئاپۆڕەکە دوادەکەوین". خەدیجەش لە وەڵامدا وتی: "گوێمەدە، دواتر دەتوانیت پێیان بگەیتەوە". ئەوەبوو خەدیجە یەك خولەك لە پاش ئەوەی لەسەر زەوییەکە ڕاکشاو گیانی سپارد. پیرەپیاوەکەیش

بێهودە بۆیدەگریا، پاشان رایکردو کەوتەوە دوای حاجییەکان، کاتێکیش بە عائیشە گەیشت بە تورِەییەوە پێیوت: "نەدەبوا گوێم بۆ بگرتیتایە، ئەوەتا تۆ بوویتە هۆی مردنی ژنەکەم".

ئاپۆرِەکە راوەستاو میرزا سەعید ئەختەر هەولێدا ئەو هەلە بقۆزێتەوە، بۆیە بە دەنگی بەرز داوایکرد گۆرِێکی ئیسلامیانەی شیاو بۆ خەدیجە هەلٚکەنن، بەلاٚم عائیشە رازی نەبوو و وتی: "گەورەی فریشتەکان فەرمانی پێداوین راستەوخۆ بۆ دەریا بچین بێئەوەی نە بگەرِێینەوە نە لابدەین نە راوەستین". میرزا سەعیدیش روویکردە حاجییەکانو هاواری کرد: "ئەم ژنە هاوسەرە خۆشەویستەکەی ئەنجومەنەکەتانە، جا ئایا ئێوە لە چالێکی سەر رێگاکە جێیدەهێلٚن؟!" ئەوەبوو حاجییەکان رازی بوون لەسەر ئەوەی خەدیجە دەستبەجێو هەر لەو شوێنەدا بنێژرێت. میرزا باوەرِی بەخۆی نەدەکرد کەوا شوێن قسەی ئەو کەوتون، بەلاٚم تێبینی ئەوەیشی کرد حاجییەکان زیاتر لە جاران سورن لەسەر ئامانجەکەیان.

پاش ئەوە موحەمەد دین لە حاجییەکان دوورکەوتەوەو بەبێدەنگی دەگریا، بۆیە عائیشە داوای لێکرد بیبینێتو قسەی لەگەلٚ بکات، پێیوت: "دەبێ باوەرِت بەهێز بکەیت، ئەوەی لە رێی حەجی مەزندا بمرێت دەچێتە شوێنێکی تایبەتەوە لە فردەوس".

ئەو شەوە لەکاتێکدا میرزا سەعید لە نزیك ئۆتۆمبێلەکەیەوە دانیشتبوو، موحەمەد دین لێی نزیکبووەوەو پێیوت: "ببورە، ئایا دەتوانم سوار ئۆتۆمبێلەکەت ببم، وەك لە سەرەتادا داوات لێکردم؟" موحەمەد دین چووە ئۆتۆمبێلەکەوە، میرزا سەعیدیش لە خۆشیدا هاواری کرد: "ئەوە یەکەم هەلٚگەرِاو هاتە ریزەوە".

هەموو ئێوارانێك دەستەیەك حاجی بە دەوری ئۆتۆمبێلەکەدا دەسوڕانەوەو گوێیان بۆ میرزا سەعید دەگرتو ئەویش کۆمەڵێك قسەی لۆژیکی مەبەستداری بۆدەکردن، موحەمەد دین کە لە ئۆتۆمبێلەکەدا دەحەوایەوە دیمەنێکی بەڵگەداربوو بۆ ئەو قسانەی میرزا سەعید دەیکرد!

عائیشە هیچ هەوڵی نەدا حاجییەکان لە ئۆتۆمبێلەکە دووربخاتەوە، بەمەش جەختی لەسەر متمانە بەخۆبوونی خۆی دەکردەوە، ژمارەی هەڵگەڕاوەکانیش زیادی نەکرد. دواتر عائیشە ونبوو، بۆ ماوەی ڕۆژ نیوێك دیار نەما. کاتێ دووبارە دەرکەوتەوە پرچە زیویەکەی ناوبەناو تاڵی ئاڵتوونی تێکەوتبوو. گوندنشینەکانی کۆکردەوەو پێیوتن گەورەی فریشتەکان توڕەیە لێیان، چونکە لەوەتەی ڕۆحی یەکەم شەهیدیان سەرکەوتووە بۆ فردەوس، گومان دزەی کردۆتە ناخیانەوەو خەریکە باوەڕیان لەدەستدەدەن. فریشتە هۆشداری دابوو کە ڕەنگە چاوبخشێنێتەوە بە بڕیارەکەیدا سەبارەت بە دووکەرتکردنی ئاوی دەریا! جوتیارەکان بە جارێك تۆقینو کەوتنە پاڕانەوەو دەیانوت: "بمانبەخشە، بڵێ شتی وا رووی نەداوە".

لەو ڕۆژەدا حاجییەکان نەهاتن بەدەوری ئۆتۆمبێلەکەدا، میرزا سەعید لە ناخی خۆیدا وتی: "گێمی دووەم لە بەرژەوەندی گەورەی فریشتەکان بوو".

کێشەو گرفتی ڕاستەقینە لە هەفتەی پێنجەمەوە دەستیپێکرد، چونکە خواردن کەمی کردو زۆر بە گرانیش ئاو دەست دەکەوت، بەتەمەنداچەوەکانیش وردە وردە نەخۆشکەوتن، فرمێسك بە چاوی منداڵەکانیشەوە وشکبووەوە. کاتێکیش حاجییەکان گەیشتنە ئەو ناوچانەی لەڕووی دانیشتوانەوە چڕن، ئەگەری بێزارکردنو کاری توندوتیژی لەدژیان زیادی کرد. ماتۆرسوارەکان سوکایەتییان پێدەکردن، هەندێکیان کە بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕین پێیاندەوتن: "شێتانە، گێلانە،

موسوڵمانیینە". گاکەی عوسمان لەنێو قەرەباڵغی ماتۆرسوارەکاندا کەوتە سەر هەردوو چۆکی پێشەوەی، عوسمان هاواری لێکردو وتی: "هەستە هەی دەبەنگ، دەتەوێ شەرمەزارم بکەیتو لێرەدا لەبەرچاوی ئەم خەڵکە نامۆیانەوە بمریت؟". گاکە دووجار سەری دانەواندو بۆڕاندی "بوو، بووم!!" بەڵێ بەڵێ، ئەوجا گیانی لەدەستدا. پەپوولەکان گاکەیان داپۆشیو رەنگی بۆری ئەویان لەخۆگرت، عوسمان رایکرد بۆ لای عائیشەو لێی پرسی: "ئایا گاکان دەچنە بەهەشتەوە؟" عائیشەیش بێئەوەی ئاوڕبداتەوە وەڵامی دایەوەو وتی: "گا رۆحی نییە!" عوسمان بە نیگایەکەوە تەماشای کردو دڵنیابوو چیتر خۆشی ناوێت، ئینجا پێیوت: "تۆ بووییت بە شەیتان". عائیشەیش لە وەڵامدا وتی: "من تەنها پەیامبەرێکمو هیچی تر" عوسمانیش بە توڕەییەوە وتی: "کەواتە دەتوانیت پێمانبڵێیت بۆچی خواکەت حەزدەکات بێگوناهەکان بکوژێت؟ داخۆ چی وا لەم خوای تۆ دەکات لێیانبترسێت؟ چی وایلێدەکات متمانە بە خۆبوونی بهەژێنێتو پێویستی بەوە بێت بمرێت لەپێناو ئەوەی خۆشەویستی خۆی بۆ ئێمە بسەلمێنێت؟".

لەسەر ئەم کوفرکردنە عائیشە ئەرکی گرانترو قورسترى بەسەر شوێنکەوتەکانیدا سەپاند، بڕیاری لەسەردان کە دەبێت هەموو رۆژانی هەینییەك بەڕۆژوبن، لە هەفتەی شەشەمیشدا حاجییەکانی ناچارکرد چوار تەرم لە جێی خۆیان جێبهێڵن، تەرمی دوو پیاوی پیرو ژنێکی بەتەمەنداچوو و کچێکی منداڵی شەش ساڵان. بەڵام میرزا سەعید ئەختەر تەرمەکانی کۆکردەوەو بە هاوکاری موحەمەد دینو عوسمان رێورەسمێکی بەخاك سپاردنی بۆ ئامادەکردن.

ئەو حاجییە بێزارانەی بەدەوری ئۆتۆمبێلەکەدا دەسوڕانەوە شەو لەدوای شەو زیادیان دەکرد. هەشت هەفتە تێپەڕیو تێیدا پەیوەندی نێوان میرزا سەعید

ئەختەرو ژنەکەی تێکچوو، بە رادەیەك چیتر قسەیان پێکەوە نەدەکرد، بەر لەو دابڕانەش میشێڵ گلەیی لە مێردەکەی کردو وتی: "تۆ بە هیچ شێوەیەك سۆزت لەدڵدا نییە! ترسم لێت هەیە" میرزایش بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە: "چۆن شتی وادەڵێیت، ئەی تۆ نازانیت من لەبەر تۆ هاتووم بۆ ئێرە؟".

میشێڵ رایکردو وەدوی حاجییەکان کەوت، میرزایش بەسۆزەوە پێیدەوت: "وەرە لەگەڵم، دەتبەم بۆ باشترین نۆرینگەی پزیشکی لە ئەروپاو کەنەداو ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەوان لەوێ پەرجو دروستدەکەن". بەڵام میشێڵ پشتی تێکردو وتی: "من دەچم بۆ مەککە حەج دەکەم".

ئەوکات میرزا لە تورەییدا تەقییەوەو پێیوت: "هەی گێژی نەفامی نەفرەتی، کە تۆ لە سەرەمەرگدایت ئەمە نابێتە بیانوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم هەموو خەڵکەدا بیت". ئەوجا میشێڵ جێیهێشتو بێئەوەی ئاوڕ بەڕوویدا بداتەوە رۆیشت بەرەو ئەو خێوەتگای کە حاجییەکان هەڵیاندابوو، میرزا سەعیدیش روخاو پاش ئەوەی کۆنترۆڵی خۆیشی لەدەستدا لەسەر ئەژنۆ کڕنووشی بردو دەستیدایە گریان، ئەوەبوو لەدوای ئەوە چیتر میشێڵ لەگەڵیدا نەخەوت. میشێڵ لە رۆژدا بەنێو حاجییەکاندا دەگەڕاو ورەی بەرز دەکردنەوە، عائیشەیش خۆی بێدەنگ کردبوو، رابەرایەتیشی دابووە دەستی میشێڵ. میشێڵیش توانی کاربکاتە سەر حاجییەکان تەنها دایکی نەبێ! جارێکیان حاجییەکان راوەستان بۆ نانخواردن تەماشا دەکەن ریزێك ئۆتۆمبێل بەرەو روویان دێت. دەسبەجێ قورەیشی خانم راپەڕیو هەوڵیدا پیسو پۆخڵی جلەکانی خاوێنبکاتەوەو پرچی رێکبخات، میشێڵ سەیری دەکردو ئەویش بە هێواشی پاشەڕۆی سوراوێکی تواوەی لە لێوی دەدا، بۆیە میشێڵ هاواری لێکردو وتی: "ئەوە چیتە دایە، بۆ واخۆت شڵەژاندوە؟" دایکی بە دەستی ئاماژەی

کرد بەو ئۆتۆمبێلانەی بەرەو روویان دێن، پاش چەند ساتێك ئۆتۆمبێلەکان گەشتنەجێ، بەڕێوەبەری بانك بە بالآ پوچو جلە زبرەکانیەوە لە ئۆتۆمبێلێکیان دابەزیو لە بەردەمیاندا راوەستا، قورەیشی خانم بەبێدەنگی دەلەرزی لە کاتێکدا ئەو هاواری لێکردو وتی: "ئاوەها خۆت وندەکەیت بێەوەی هیچ شتێك بلێیت، ئەی تۆ نازانیت من پلەو پایەیەکی هەستیارم هەیە، بڕوانە چۆن بەم شێوە وێڵ بوویتو کەوتوویتەتەسەر جادە؟" کاتێ میشێڵ پێیڕاگەیاند شێرپەنجەیەتیو بە پێی بەڵێنی عائیشە ئەگەر بڕوات بۆ مەککە چاکدەبێتەوە، باوکی تکای تیاکردو وتی: "لێمگەڕێ با بە فڕۆکە بتبەم بۆ مەککە" بەڵام میشێڵ لە وەڵامدا وتی: "تەنها ئەوەم دەوێت دووربکەویتەوە، دایکم خزمەتم دەکات" دواجار بەڕێز قورەیشی بە ئۆتۆمبێلە لیمۆزینەکەیەوە چووە ریزی میرزا سەعیدەوەو شوێن ئاپۆڕەکە کەوت، بێهودە هەولی ئەدا هاوکاری کچەکەیو ژنەکەی بکات! پاش چەند رۆژێك بەڕێز قورەیشی جێیهێشتو گەڕایەوە بۆ لای ئیشو کارەکانی خۆی، یەکێ لە شۆفێرە ماتۆرسوارەکانی لەگەڵیاندا جێهێشت، بەڵام ئەم شۆفیرە دەستی لە ماتۆرەکەی هەڵگرتو هاتە ریزی ئاپۆڕە پیادەڕەوەکانەوە، عائیشەیش هیچی لەو بارەوە نەوت تەنها زەردەخەنەیەکی شەیتانیی پانی خستە سەر روخساریو هیچی تر، ئەم زەردەخەنەش سەعیدی دلنیاکرد کە عائیشە بەر لە هەموو شتێك کچێکە لە خوێنو گۆشت پێکهاتووە.

لە رۆژی دواتردا قورەیشی خانم بەرەو میرزا سەعید رۆیشتو کۆمەڵێك قسەی بریقەدارو خوشدوی بەرامبەر نواند کە میرزا نەیدەزانی لەبەر چ هۆکارێکە، ئینجا هێندەی نەبرد پێیوت: "کوڕم سەعید تۆ نازانیت من چەندەم خۆشدەوێت،

ئەگەرچی هەندێ جاریش توندم بەرامبەرت، ئێستاش لەبەرئەوەی دڵنیا بیت لە خۆشەویستیم سوار ئۆتۆمبێلەکەت دەبم!".

لەگەڵ دەستپێکی هەفتەی حەوتەمدا حاجییەکان کەوتنە بەر هێرشی بێزارکاری رۆژنامەنوس‌و سیاسەتمەداران، سیاسەتمەدارەکان داوایان لێدەکردن کراسێك بکەنە بەریان کە هەڵگری لۆگۆی ریکلامی شت‌ومەك‌و خزمەتگوزاری جۆراوجۆربوو.

دوای ئەوە هەواڵێکی ترسێنەر گەیشت بە حاجییەکان کە گوایە چەند گردبوونەوەیەکی توندڕەوی ئایینی خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات هەڵکوتێتەسەر ئاپۆڕەکەی عائیشە، چونکە ئاپۆڕەکەی عائیشە هەستی تیرەگەریی دەبزوێنێت. چەندان وتاریش سەبارەت بە عائیشە بڵاوکرایەوە، سەرکردەکردنی ئەو ئاپۆڕە لەلایەن ئەوانەوە واتەماشادەکرا ئامانج لێی دووبارە هەڵگیرساندنەوەی ئەو دووبەرەکەیی‌و ئاشوبەیە کە هێشتا لەناونەچووە.

لە پاش ئەوە عائیشە بێدەنگی خۆیی شکاندو بە حاجییەکانی راگەیاند هیچ کێشەیەك روونادات.

### خەوبینینی جوبریل بە شارۆچکەیەکەوە

کاتێ ئاپۆڕەکەی عائیشە لە شارۆچکەی سارانگ نزیکبووەوە، پیاوەکانی پۆلیس هەڕەشەی ئەوەیانکرد ناهێڵن ئاپۆڕەکە بێتەناو شارۆچکەکەوە، بەڵام سیاسییەکان ئامۆژگارییانکردن ئەوە نەکەن تاوەکو بە رەگەزپەرست تاوانبار نەکرێن، پیاوەکانی پۆلیسیش هۆشدارییاندا کە ناتوانن ئاپۆڕەکە بپارێزن‌و گەرەنتی ئەوەیش نییە بە ئاشتی لێی دەرچن.

شارۆچکەی سارانگ لە خەلۆزی بەرددا گەلیك دۆلەمەندبوو، گردبونەوە تایفیەکان هۆکاربوون بۆ هاندانی کریکارانی کانە خەلۆزەکان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی لەدژی حاجییەکان. میرزا سەعید دووبارە هەولیدا دانیشتوانی تیتلبیر رازی بکاتو دەست لەو سەرکیشیە هەلبگرن، عائیشەیش هەندێ وشەی سرپاند بە گوێی میشێلدا، میشێلیش دوابەدوا وتی: "بمرینو شەهیدبین باشترە لەوەی ترسنۆك بین". لەو ساتەدا سرینقاسی توندوتیژی سامناکی چەم بەزێن، بەهۆی ترسنۆکییەوە بوو بە پێنجەمین لەئایین هەلگەڕاو و چووە ریزی هەلگەڕاوەکانەی نێو ئۆتۆمبێلەکە.

لە بەرەبەیانی رۆژی دواتردا پۆلە پەپوولەکانی سەر حاجییەکان دیارنەمان، عائیشەیش ناچاربوو سارییەکی دیلۆی بکاتە بەری، ونبوونی پەپوولەکان بووە هۆی خەمباربوونی حاجییەکان.

ئەو جەماوەرە هەرچوپەرچیەی داوای راوەستاندنی ئاپۆڕە ئیسلامییەکەی دەکرد خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد بە شێوازی خۆی پێشوازی لە عائیشە بکات، پاش ئەوەی هەرچی رێگا هەیە بە سەرەپارچەی ئۆتۆمبێلو ماتۆری سیکرابو تایە گرتبوویان، کاتێ ئاپۆڕەکە گەیشتە دووڕیانەکە، لەپڕ نرکەو نالەی هەورە بروسکەیەك بەرزەوەبوو کە وەك زوڕنای رۆژی دوایی وابوو، لە هەموو لایەکەوە باران بە لێشاو دەهاتە خوارەوە، هەر لەبەر ئەمەش حاجییەکانو ئەو کەسانەیش کە هێرشیان دەکردە سەریان هاوسەنگییان تێکچوو. میرزا سەعید بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە زۆر بەخێرا بە نێو لافاوی سەر رێگاکاندا رۆیشتو ئەو کەلوپەلانەی بەشوێن خۆیدا خاکێش کرد کە دانیشتوانی شارۆچکەکە نەیانتوانی رزگاریان بکەن. کاتێکیش ئۆتۆمبێلەکە گەیشتە دووڕیانەکە، عوسمانو سرینقاس بەپەلە میشێل ئەختەرو

عائیشەیان هێنایە نێو ئۆتۆمبێلەکەوە، سەعیدیش بەو پەڕی خێراییەوە پێی لێناو لەو شوێنە دوورکەوتەوە. بەهۆی خێراییو شلەژانەوە لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا بەسەر یەکترەوە کەڵەکەیان کردبوو، میشێڵ ئەختەر لە ژێر ئەم کەڵەکەبوونەوە کەوتە جمێندان بە مێردەکەیو پێیوت: "هەی تاوانبار، هەی خایین، هەی هەرچیوپەرچی، هەی هێستر". مێردەکەیشی بە گاڵتەوە وتی: "شەهیدبوون هەروا بە ئاسانی نییە میشێڵ، دەی تۆ ناتەوێ چاوەڕێکەیتو ببینیت چۆن دەریاکە وەك خونچەی گوڵ لە بەردەمتدا دەکرێتەوە؟".

## خەوبینینی جوبریل بە لافاوەوە

کرێکارانی کانەخەڵوزەکانی سارانگ چاوەڕوانی حاجییەکان بوونو یەکی تەورێکیان هەڵگرتبوو، کاتێ حاجییەکان گەیشتنە لای لەمپەرەکان بە تەواوی لەو باوەڕەدابوون کە خودا لەگەڵ عائیشەدایەو پشتی ئەو دەگرێت، هەندێکیان هەوڵیاندا بەرەو حاجییەکان بچن، بەڵام گەردەلولەکە هێندەی تر زیادیکرد، وەك ئەوەی گومەزی ئاسمان لەگەڵ گومەزی زەویدا یەکی گرتبێت. تەنانەت جوبریل خۆیشی کە خەوی دەبینی، ئاوەکە خەوەکەی تەڵخو تەماوی کردبوو.

باران راوەستاو خۆر هەڵهات، بەڵام رێگاوبانەکانی سارانگ ببوونە جامو شتی وەك رۆژنامەو گوڵو چاویلکەو خاشاکو گڵۆپ بەسەریاندا نیشتبووەوە..

لەناکاو پۆلە پەپوولەکان لە شوێنێکی نادیارەوە گەڕانەوەو هەموویشیان رەنگی خۆریان گرتبوو، دانیشتوانی سارانگیش تووشی سەرسامییەکی زۆر بوون.

چیتر حاجییەکان لەسەر دەستی کرێکارانی کانەخەڵوزەکان تووشی گیروگرفت نەهاتن، چونکە کانەخەڵوزەکان روخانو بەهۆیەوە پازدە هەزار کرێکار

گیانیان لەدەستدا، عائیشە بە چاو نوقاوی وتی: "ئەمە فەرمانی خوایە لەسەریان بەرامبەر بەو هەوڵە شەڕەنگێزیەی دەیانویست لە دژی ئێمە ئەنجامی بدەن". میرزا سەعید بە تورەییەوە وتی: "خۆ ئەمانە لەلای لەمپەرەکاندا نەبوون، بەڵکو لەو ژێر زەویەدا کاری خۆیان دەکرد". عائیشەیش وەڵامی دایەوەو وتی: "ئەوان بە دەستی خۆیان گۆڕیان بۆ خۆیان هەڵکەند".

میرزا سەعید پێشنیاری کرد بۆ عائیشەو میشێڵ بە ئۆتۆمبێلەکە بە شوێن خۆیاندا بگەڕێنەوە، بەڵام عائیشەو میشێڵ گوێیان نەگرتو بەو شوێنەدا گەڕانەوە کە عائیشە دەستنیشانیکرد، ئەو ڕێگایەش لێوانلێو بوو لە ئاوی لافاو، سەعید بە ژنەکەیی وت: "میشێڵ لە خودا پاڕامەوە، ئاخر ئێستا من چی بکەم لە ئۆتۆمبێلەکە؟" میشێڵ وەڵامی نەدایەوە، خۆی دا بەسەر عائیشەداو بەسەر تەپۆکەکەوە هاتە خوارەوە. میرزا سەعیدیش لە شارۆچکەی سارانگ بە ناچاری دەستی لە ئۆتۆمبێلە نازدارەکەی هەڵگرتو بەشوێن ئەواندا بەپێ بەرەو دەریای عەرەب کەوتەڕێ. هەتا ئەو کاتەش حاجییەکان دیارنەبوون، سەعید وتی: "بێگومان یان کوژراون یان خنکاون، یان لانی کەم لێمان ونبوون، بەمجۆرە کەس نەماوە جگە لە خۆمان. گەشتەکەی حەج کۆتایی پێهات".

عائیشە سەیرێکی کرد، ئەوجا سەعید وتی: "لەبیری بکە چونکە هەڕەشەی خنکانت لەسەرە". لەناکاو عائیشە هاواریکرد "بڕوانن" دانیشتوانی گوندی تیتلبیر لەو کەندەڕو چاڵانەوە دەهاتنەدەر کە باران هەڵیکەندبوو، بەرەو ئەو شوێنە دەچوونەوە کە لێکتر جیابوونەوە. پەپوولەکان هەموویانی شادمان کردبوو، چەندین ڕێچکە پەپوولە لە پێشیانەوە بوو، وەك ئەوەی ئەم پەپوولانە پەتنو ئەوان لە بیری ئاودا هەڵدەکێشن. میرزا سەعید وتی: "باوەڕ بەمە ناکەم" بەڵام ئەمە ڕاستبوو. دواتر

حاجییەکان دەیانوت پەپوولەکان لەسەر برینەکانمان نیشتونەتەوەو تیماریان کردوە، تەنانەت دەیانوت هەندێکمان خنکاوینو ئەوان زیندوویان کردووینەتەوە. میرزا سەعید هاواری لێکردنو وتی: "گێژ مەبن، ئەوە گەردەلولەکەبوو ئێوەی رزگارکرد کاتێ ئەو کەسانەی رادا کە هەڕەشەیان لە ئێوە دەکرد". میشێڵ بەدەستی ئاماژەی بۆ زیاتر لە سەد ژنو پیاو و منداڵ کرد کە پەپوولەکان دایان پۆشیبوونو وتی: "ئەی زانستەکەی تۆ چی لەبارەی ئەم دیاردەوە دەڵێت؟!".

لە دوایین رۆژگاری گەشتەکەی حەجدا هەرچی لە شارەکەدایە لە دەوریان کۆبووبوویەوە، بەشێك لەوانەش ئەو پۆلیسانە بوون کە بە هەماهەنگی لەگەڵ میشێڵو عائیشەدا هێڵی ریکردنی ئاپۆڕەکەیان بەنێو ئەو شارەدا رێکخستبوو. ئەوەیشیان لەبەرچاوگرت کە دەبێ بەسەر رێگەیەکدا بڕۆن مزگەوتی لێبێت تاوەکو حاجییەکان لەبری ئەوەی بەشەودا رێگاکە بگرن بچن لەوێ بخەون. جەماوەرێکی زۆر وەستابوونو تەماشای حاجییەکانیان دەکرد، هەندێکیان خۆراكو دیارییان پێدەدان، هەندێکی تریش بەچاوی کینەو گاڵتەپێکردنەوە تەماشایان دەکردن. میرزا سەعید یەجگار پیسو پۆخڵیو ماندوێتی پێوە دیاربوو، هەستی بە شکستیش دەکرد کە نەیتوانیوە کەس بە گەڕانەوە رازی بکات تەنها چەند کەسێکی کەم نەبێت. ئەو پەرجوانە خزمەتی زۆری حاجییەکانی دەکردو لە بەرژەوەندی ئەوان بوو، سەعید لەژێر لێوەوە دای بەگوێی موحەممەد دینی ئەنجومەنداو وتی: "ئەو پەپوولە نەفرەتیانە، ئەگەر ئەوان نەبونایە من دەمتوانی شتێك بکەم".

بە ئاشکرا دیاربوو کە میشێڵ ئەختەر لە مردن نزیکبووەتەوە، چونکە رەنگی پێستی تاوی سەندبوو، هەر ئەمەش ترسی لە دڵی سەعیددا دروستکردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا میشێڵ نەیهێشت لێی نزیکبێتەوە، دایکیشی وەلانا، کاتێکیش لە

یەکێ لە مزگەوتەکاندا باوکی هات بۆلای رازی نەبوو قسەی لەگەڵ بکاتو وتی: "ناکرێ خواپەرستان لەگەڵ خوانەپەرستاندا بن". کاتێ سەعید ئەم قسەی ژنەکەیی بیست زۆر پێی بێهیوابوو و تەنها تروسکاییەك ئومێدی پێما. لە رۆژی هەینیدا عائیشە رازی بوو حاجییەکان لە مزگەوتدا نوێژ بکەن، لە کۆتایی نوێژەکەیاندا هەراو هوریایەك دروستبوو، میرزا سەعید هات تا بزانێ چییە، لە ناو قەرەباڵغیەکەدا بینی منداڵێکی کۆرپە کە تەمەنی لە دوو هەفتە تێپەڕناکات لەنێو سەبەتەیەکدایە. ئاشکرابوو ئەو منداڵە ناشەرعی بوو، حاجییەکانیش تیامابوون، پێشنوێژی مزگەوتەکەو عائیشە هاتن. کاتێ ئەو دووانە دەرکەوتن وەك چۆن تەپوتۆز دووکەرت دەبێ بەو جۆرە خەڵکەکە دووکەرتبوون. پێشنوێژەکە تەماشایەکی منداڵە زۆڵەکەی کردو وتی: "ئەم کۆرپەیە بەروبوومی جوتبوونێکی شەیتانییە، کەواتە منداڵی شەیتانە". گرمەگرمی توڕەیی لەنێو خەڵکیدا بەرزبوویەوە، میرزا سەعیدیش هاواریکرد: "ئەی تۆ دەڵێی چی کەشیشە عائیشە؟" عائیشە ژیرانە وتی: "هەرچیمان هەیە پرسیاری لەبارەوە دەکەین، هەرچییەکیش داوادەکەین دەیبەخشین". خەڵکەکە پێویستیان بە روونکردنەوەی زیاتر نەبوو، ئەوەبوو لەسەر ئەم هاندانە هەستان بە رەجمکردنی کۆرپە زۆڵەکەو هەتا مردن بەردیان پێوەنا.

لەدوای ئەم رووداوە حاجییەکان رازی نەبوون یەك بست لە جێی خۆیان بجولێن، چونکە بڕوایان وابوو رەجمکردنی ئەو کۆرپەلە لەجێی خۆی نەبووە، بە سەروچاویاندا وادەردەکەوت کە رەنگە نیازیان وابێت لاسارو یاخی بن. لەو ماوەیەدا میشێڵ هێندە بێدەسەڵاتو لاواز بووبوو نەیدەتوانی حاجییەکان هانبدات بۆ بەردەوامبوون لەو رێپێوانە، عائیشەیش هەر وەك جاران رازی نەبوو مشتومڕ بکات، ئینجا هۆشداریدا بە گوندنشینەکانو وتی: "ئەگەر پشت بکەنە خودا ئەوا

خودایش پشتتان تێدەکاتو دەستان لێبەردەدات". حاجییەکان لە یەکێ لە گۆشەکانی مزگەوتەکەدا کۆبوونەوە، سەعید هەلی گونجاوی خۆیی دەستکەوتو بڕیاریدا راستەوخۆ رووبەڕووی عائیشە بێتەوە، بۆیە بەرەوڕووی رۆیشتو لێی پرسی: "دەتوانی بە وردی پێمان بڵێیت گەورەی فریشتەکان چی پێوتوویت، تۆ بە وردی قسەکانی ئەوت بە ئێمە نەوتووە بەڵکو بۆخۆت شیکاری قسەکانی دەکەیت، ئێ ئەم دەستی دەستییەی بۆ چییە؟ بۆچی پوختو ئاسان قسەکانی ئەو بەم خەڵکە ناڵێیت؟!" عائیشە وەڵامی دایەوەو وتی: "ئەو بە شێوازێکی روون قسەم لەگەڵدا دەکات بەجۆرێك هەرگیز وشەکانیم لەبیر ناچێتەوە" میرزایش پرسی: "دەی دەتوانیت میهرەبانی بنوێنیتو بفەرمویت بزانین بە چ شێوازێکە؟" عائیشە وتی: "ئەو قسەکانی لەسەر ئاوازی گۆرانییە باوەکان دەڵێتەوە". میرزا سەعید چەپڵەیەکی لێداو دایە قاقای پێکەنینێك، کە گوزارشتی لە تۆڵەسەندنەوەو جنێدان دەکرد، عوسمانی لە ئایین وەرگەڕاویش لەگەڵیدا پێکەنیو لە خۆشیدا بازی ئەداو بەدەوری گوندنشینەکانەوە دەسوڕایەوەو نوێترین گۆرانی فیلمە سینەماییەکانی دەهۆنییەوەو دەیوت: "جوبریل وەها گۆرانی دەڵێت". ئەوجا حاجییەکان لەداخو بێئومێدبوونیاندا یەکە بەیەکە لە گۆڕەپانی مزگەوتەکەدا بەشدارییان لەو سەمایەدا کرد، هەتا پێشنویژی مزگەوتەکە بە راکردنو هاوارەوە هاتو نارەزایی دەربڕی کەوا لەو شوێنە پیرۆزەدا هەڵسوکەوتی وەها ئەنجام دەدەن، عائیشە بە میرزا سەعیدی وت: "تۆ پیاوێکی زیرەکیتو دەشزانیت چۆن هەل بقۆزیتەوە" میرزا وتی: "ئەوەتا ژنەکەم خەریکە دەمرێتو زۆریش پێویستی بەوەیە بگاتە مەککەی موکەرەمە. کەواتە منو تۆ بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیە". عائیشە زۆر بە باشی گوێی بۆ میرزا سەعید گرتبوو کاتێك وتی: "بزانە عائیشە من پیاوێکی خراپ نیم، من لە زۆر شوێنو هەڵویستدا

بەشێوەیەکی ئەرێنیانە کاریگەریم لەسەر ئەم خەڵکە هەبووە، ڕێگەم پێدان ئەزموونێکی ڕۆحی قوڵ تاقی بکەنەوە، لە کاتێکدا ئەوان ڕووبەڕووی ئەم هەموو سەرکێشییە بوونەوە، هیوام وایە واتێنەگەیت کەسانێکی وەك من کە سەردەمیانە بیردەکەنەوە دوورن لە ڕەهەندی ڕۆحییەوە". عائیشە وتی: "بەڵام ئەمانە خۆیان شەرمەزاریان کردم" میرزا وتی: "ئەوان ناچارن چونکە گومانیان هەیە، ئینجا کێشەکە ئەو کاتە ڕووندەبێتەوە کە دەیانبەیتە لای دەریاکەو بەڵێنەکەت بەدی نایەت، ئای خوایە، بێگومان ئەوکاتە هەموویان لەدژت دەوەستنەوە، ئێستاش من پێشنیارێکم هەیە بۆ تۆ: منو باوکی میشێڵ خەرجی تێچوونی ڕۆیشتنتان بۆ مەککە لە ئەستۆ دەگرین، واتە هەریەکمان نیوەی ئەو خەرجیە لە ئەستۆ دەگرین، تۆو میشێڵو دە یان دوازدە گوندنشین بە فڕۆکە دەنێرین بۆ مەککە، پاش چلو هەشت کاتژمێری تر دەگەنە ئەوێ. جا ئیتر تۆ خۆت کامیان بە باش دەزانی بۆ ئەو گەشتە خۆت دەستنیشانی بکە، بەم جۆرە لانیکەم لەلای هەندێ لە حاجییەکان پەرجوی خۆتت بەجێهێناوە، ئەمە باشترە لەوەی لەبەردەم هەموویاندا شکست بهێنیت. من بە بۆچوونی خۆم پێموایە ئەم گەشتە هەتا ئێستا خۆی بۆخۆی پەرجو بووەو زۆر شتت ئەنجامداوە". بۆساتێك هەناسەی لەخۆی بڕیو چاوەڕێی وەڵامی عائیشە بوو، ئەویش وتی: "پێویستە بیری لێبکەمەوە" سەعید زۆر پێیخۆشبوو، ئەوجا هانیداو وتی: "بیری لێبکەرەوەو ڕاوێژ بە گەورەی فریشتەکان بکە. وەگەر ڕازی بوو ئەوا بێگومان بەڕێگەی ڕاستدا چووین".

میرزا سەعید دەیزانی ئەگەر عائیشە بڵێت سەرۆکی فریشتەکان لەسەر پێشنیارەکەی ئەم ڕازی بووە، ئەوا بێگومان عائیشە بۆ هەتاهەتایە دەروخێ، چونکە لە دۆخێکی وەهادا گوندنشینەکان درکدەکەن کە عائیشە دەستی بڕیوون، بەڵام

چۆن دەتوانێت پێشنیارێکی وەها رەتکاتەوە، ئینجا چ رێگایەکی تری لەبەردەستدایە؟ تۆڵەسەندنەوە بەچێژە، هەر ئەوەندەی ئەو خەڵکە متمانەیان بەم ژنە نامێنێت ئەوا بێگومان دوابەدوای ئەوە میشێڵ دەبات بۆ مەککە ئەگەر ئەوکات میشێڵ ئارەزووی لێبمێنێت.

عائیشە لە پاش شەوێك بەبێداریی، بەر لە سپێدەی ئەو رۆژە لە مزگەوتەکەدا دیارنەما، بەیانی کە هاتەوە لەدوای نوێژ داوای لێکردن کۆببنەوەو پێیوتن: "شەوی رابردوو فریشتە هات بۆلام، بەڵام وەك جاران نەبوو، باسی گومانی بۆکردم، باسی ئەوەی دەکرد چۆن شەیتان گومان بەکاردەهێنێت، پێموت چی بکەم؟ ئەوان گومانیان لێمە، ئەویش لە وەڵامدا وتی: تەنها دڵنیایی گومان دەڕەوێنێت". لەپاشان باسی پێشنیازەکەی سەعیدی بۆکردنو وتی: "ئەو داوای لێکردم پرس بە فریشتە بکەم، بەڵام من بێئەوەی پرسیار بکەم پێشنیارەکەیم رەتکردەوەو وتم: من چۆن دەتوانم یەکێکتان لەویتر بە باشتر بزانمو هەندێکتان هەڵبژێرمو هەندێکی ترتان پشتگوێبخەم، یان هەمووومان پێکەوە بەردەوام دەبین یان بەردەوام نابین". ئەنجومەنەکە لێی پرسی: "چۆن لە دوای ئەو هەموو مردوە شوێنت بکەوین، چۆن لە دوای رەجمکردنی کۆرپەکە شوێنت بکەوین؟" ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی: "کاتێ ئاوی دەریاکە دەبێت بە دووکەرتەوە، هەموویان دەردەکەون، ئەوجا پێکەوە دەچین بۆ بەرزەخی خودای گەورە". میرزا سەعید هاواری لێکردو وتی: "ئەمە چ ئاوێکە؟ ئینجا چۆن دووکەرت دەبێت؟" عائیشە وتی: "شوێنم بکەون، لەدوای دووکەرتبوونی دەریاکە بڕیار لەبارەی منەوە بدەن".

ئەو نمایشەی میرزا سەعید پێشکەشی عائیشەی کرد پرسیارێکی کۆنی لەخۆگرتبوو: "تۆ چ لەشفرۆشێکی؟" ئەویش لەوەڵامدا وتی: "من خۆمم نوێکردەوە، ئێستا دوورم لە گومان، ئیدی ئەوان بەخشیمیان!".

کاتێ حاجییەکان گەیشتنە تەنیشتی کەنار، شەپۆلەکان جمەیان دەهات، بۆ یەکەمجار لە ژیانیاندا حاجییەکان راوەستانو تەماشای ئاوی دەریای عەرەبیان کرد.

ئەوکاتە میشێڵ بەسەر شانی دوو پیاوی گوندنشینەوە بوو، ئەو ئێستا ناتوانێت بە تەنها لەسەر پێی خۆی راوەستێت، عائیشەیش لێیەوە نزیکبوو.

گوندنشینەکان دەرکیان کرد گەوجانەیە ئەگەر لە پاش تێپەڕاندنی ئەو هەموو ماوەیە بگەڕێنەوە، چونکە ئەوان ئێستا بە یەکەم ئامانجیان گەشتوون. خۆڕاگرییان گومانەکانی ئەم دواییەی لەناوبرد، پەپوولەکان بەسەر سەریانەوە دەفڕین دەکرد. سەعید هاواری لە عائیشە کردو وتی: "ئەی ئێستا چی عائیشە؟ تۆ ئێمەت هێناوە بۆ سەر لێواری مەرگ، داخۆ ئێستا فریشتەکەت لە کوێیە؟" عائیشە چووە سەر شوێنێکی بەرزو بە دەنگێکی زوڵاڵەوە وتی: "جوبریل دەڵێت دەریا وەك رۆحمان وایە، جا ئەگەر رۆحمان کراوە بێت ئەوا دەتوانین بە دانابیدا شۆڕببینەوە، وەگەر بتوانین دڵمان بکەینەوە ئەوا دەتوانین دەریاکە دووکەرت بکەین"! هێندەی نەبرد عائیشە هاواری لە خەڵکەکە کردو داوای لێکردن گوێی بۆ بگرن، ئینجا بە چرپەوە وتی: "فریشتە وا خەریکە دەگاتە ئێرە"! ئەو خەڵکەی لەسەر کەنارەکەبوون پەپوولەکانیان نەدەبینی، هەروەك چۆن دواتریش نەیانتوانی ئەوە ببینن کە روویدا. بەڵام میرزا سەعید توانی ئەو پەڵە هەورە زەبەلاحە ببینێت کە بەسەر دەریاکەوە دەدرەوشایەوە، خۆی لەشێوەی بوونەوەرێکی پرشنگداری زەبەلاحدا دەنواند. عائیشە وتی: "ئەوەی ئێستا ئێوە دەیبینن فریشتەیە، بەدرێژایی رێگایش لەگەڵماندا

بوو، دەی ئێستا باوەڕتان پێکردم؟" حاجییەکان دایەنە پرمەی گریان، لێی دەپاڕانەوە بیانبەخشێت، هاواریان دەکردو دەیانوت: "بەڵێ، بەڵێ، ئێمە جوبریل دەبینین، ئەی خوایە". پاش کەمێك پەڵە هەورەکە ئاڕاستەی خۆی گۆڕی‌و بەرەو هەناوی دەریاکە رۆچوو، لەو ساتەدا گوندنشینەکان لەخۆشیدا کەوتنە هاوارو سەماکردن‌و دەیانوت: "دووکەرتبوون، دووکەرتبوون". هەندێ لەو کەسانەی لەسەر کەنار وەستابوون بانگیان لە میرزا سەعید کردو لێیانپرسی: "هێی بەڕێز، ئەو خەڵکە بۆ وەها گڕ بەربووەتە هەستیان؟ ئێمە هیچ نابینین!".

عائیشە بەرەو ئاوەکە کەوتەڕێ، دوو گوندنشینەکەیش میشێلیان بە هەمان ئاڕاستەدا راکێشا، سەعید بەرەو روویان رۆیشت‌و بەری بە دوو پیاوەکە گرت‌و هاواریکرد: "هەرئێستا واز لە ژنەکەم بهێنن، نەفرەتتان لێبێت، دەستە چەپەڵەکانتانی لێدووربخەنەوە". بەڵام میشێل لەژێر لێوەوە وتی: "ئەوان جێمناهێڵن، ئەوە تۆیت دەبێ جێمبهێڵیت، دووربکەوەرەوە سەعید، تۆ دڵت داخراوە، دەریاش تەنها بەڕووی دڵکراوەکاندا دەکرێتەوە".

گوندنشینەکان هەموویان بەرەو رووی ئاوەکە رۆیشتن، بەهێزەکانیان لاوازو پیرو منداڵەکانیان هەڵگرت، ئینجا خۆیان هەڵدایە نێو ئامێزی مەرگەوە.

میرزا سەعید بە ئاڕاستەی ئاوەکەدا رۆیشت‌و هاواری لە ژنەکەی دەکرد بگەڕێتەوە، لەسەر کەناریش خاتوو قورەیشی‌و عوسمان‌و ئەنجومەنەکە وەستابوون. خاتوو قورەیشی بە پرمەی گریانەوە دەیوت: "ئای منداڵەکەم، ئای منداڵەکەم، چیت بەسەر دێت؟" ئەوکات عوسمان وتی: "کە بۆیان دەردەکەوێت پەرجو نییە دەگەڕێنەوە". سرینقاس پرسی: "ئەی پەپوولەکان چی؟ داخۆ تەنها رێکەوت بوو؟" گوندنشینەکان خۆیان هەڵدەدایە نێو ئاوەکەو هاواریان بەسەر یەکتردا دەکرد،

ئەوانەیشی لەسەر کەنارەکە وەستابوون حەزیان دەکرد بچنە ناو ئاوەکەوە، وەك ئەوە وابوو بەسەر ئاگرەوە سەمادەکەن! کۆمیسەری پۆلیس گەیشتە ئەوێو پرسی: "ئەوە چی روودەدات؟ ئەم هەموو هەراو هوریا بۆ چییە؟" سەعید کە هەرئێستا لەنێو ئاوەکەوە هاتبووە دەر، بە هەناسە برِکێوە هاواری لێکرد: "بیانوەستێنن، ئەوان دەمرن".

هێندەی نەبرد گوندنشینەکان گەیشتنە قولاّییە مەترسیدارەکەو تێیانپەڕاند، پاشان کەوتنەژێر ئاوەوە، پاش چەند ساتێك حاجییەکانی عائیشە لەچاو ونبوون. هاوکات هەریەك لە سەعیدو عوسمانو ئەنجومەنو تەنانەت خاتوو قورەیشییش لە ئاوەکەدا رایاندەکردو هاواریان دەکرد: "فریاکەون، خەلّکینە یارمەتیمان بدەن، بەزەییت بێت خوایە".

ئاشکرایە مرۆڤێك هەرِەشەی خنکانی لەسەر بێت هەر چوار پەلی رادەوەشێنێتو لەنێو ئاوەکەدا شەپە شەپ دەنێتەوەو بەرگری دەکات تاوەکو نەخنکێت، بەلاّم عائیشەو میشێلو گوندنشینەکان بەوپەڕی ویستی خۆیانەوە چوونەناو ئاوەکەو لەوێش بەوپەڕی خۆبەدەستدانەوە لەبەرچاو ونبوون.

پیاوەکانی پۆلیس گەیشتنە لای خاتوو قورەیشیو بەرەو کەنار رایانکێشا، لە کاتێکدا خاتوو قورەیشی دەموچاوی مۆرببوویەوەو سییەکانی پڕبووبوون لە ئاو، نەختێك دوای ئەویش پۆلیسەکان سرینقاسو ئەنجومەنیان راکێشا، تەنها کەسێك بۆ ماوەیەکی درێژ لەنێو دەریاکەدا مایەوە میرزا سەعید ئەختەر بوو، سوربوو لەسەر ئەوەی بەردەوام بێتو بچێتە ژێر ئاوەکەوە، تا دواتر پاش ئەوەی لە هۆشی خۆی چوو رزگارکرا، ئەمە کۆتایی گەشتەکەی حەج بوو.

سەعید لە نەخۆشخانەیەکی سەر بە یەکێ لە گرتووخانەکان هۆشی هێنایەوە. ئەوانەی لە ئاپۆڕەکەی عائیشە رزگاریان بوو، دەسەڵات تۆمەتی ئەوەی خستبووە شوێنیان گوایە بەشێوەیەکی نایاسایی کۆچیان بەخەڵك کردوە، پشکنەرەکانیش قسەی هەریەکیان بەجیا تۆماردەکرد، بۆئەوەی چانسی ئەوەیان نەبێ کۆببنەوەو راوێژ بەیەکتر بکەن.

موحەمەد دین کاتێك لێدوانی بۆ لێکۆڵەرەکان دا بەمشێوەیە دوا: "لەو چرکەساتەدا کە خەریکبوو بمرم، بە هەردوو چاوی خۆم بینیم دەریاکە دووکەرت بوو، بینیم هەموویان بەرەو دوور رۆیشتن، خەدیجەی هاوسەری منیشیان لەگەڵدا بوو". عوسمانی گاوانیش وتی: "سەرەتا دەترسام بخنکێم بەڵام دواتر راستیەکەم بۆ دەرکەوت، زۆر بەلامەوە گرنگبوو بزانم عائیشە چی لێدێت، ئەوەبوو پەرجوەکە روویدا، ئاوەکە لە بەردەمیاندا بوو بە دووکەرتەوە، ئەوانیش بەسەر بنی دەریاکەداو لەنێوان ماسییە مردووەکاندا بەرەدەوامبوون لە رۆیشتن"!

سرینقاسیش سوێندی بە خواوەند لاکیشما خواردو وتی بە هەردوو چاوی خۆم بینیم دەریای عەرەب بوو بە دووکەرتەوە. قورەیشی خانمیش هەمان ئەم چیرۆکەی لەسەر شێوازی خۆی گێڕایەوەو وتی: "بڕوادەکەن یان نا کەیفی خۆتانە، ئەوەی چاوم بینی مەگەر بەس زبانم بتوانێ گوزارشتی لێبکات!". لێکۆڵەرەکان بۆ لێکۆڵینەوە رێگایەکی تریان لەگەڵدا گرتنەبەر، ئەوەبوو ئەنجومەنیان هێناو پێیانوت: "باش گوێمان بۆ بگرەو هەوڵمەدە دیسانەوە تڕ بەدەمت لێبدەیت، کەسانێکی زۆر لەوێوە تێپەڕوینو کەسیان هیچ لەو شتانەیان نەبینیووە کە تۆ بانگەشەی دەکەیت، ئەوەتا ئێستا تەرمی خنکاوەکانیش کەوتوونەتەسەر ئاو و وەك دۆزەخ ئاوساونو بۆگەنیان کردوە".

ئەویش وتی: "چیتان لەدەست دێت بیکەن، من دڵنیاتان دەکەم ئەو شتانەم بە چاوی خۆم بینیووە". میرزا سەعید ئەختەر هەر ئەوەندەی هۆشی هێنایەوە پشکنەرەکان چواردەوریان داو لێیان پرسی: "چیت بینی؟" ئەویش بەرپەرچی پرسیارەکەیانی دایەوەو وتی: "چۆن رووتان دێت پرسیار لە من بکەن، من ژنەکەم خنکاوە، جا بۆیە بە پرسیارەکانتان ماندووم مەکەن". دواتر کاتێك سرینقاس بۆ میرزا سەعیدی گێڕایەوە چییان بینیووە، ئەوجا میرزا بۆیدەرکەوت تەنها کەسێکە لە نێوان رزگاربووەکاندا دووکەرتبوونی ئاوەکەی نەبینیبێت، سرینقاس وتیشی شەرمەزارییە بۆمان شایانی ئەوە نەبووین لەگەڵیان بچین، وەك چۆن دەروازەکانی فردەوس دادەخرێ ئاوا رێگا ئاوییەکە بە رووماندا داخرا.

میرزا سەعید بەدرێژایی هەشت شەو و هەشت رۆژ گریا، کاتێکیش هەنسکەکانی فرمێسکیان لێبڕا بەبێ فرمێسك دەگریا، تا ماوەیەکی زۆریش لەشی دەلەرزی، دواتر گەڕایەوە بۆماڵەوە.

لەوێ هەموو شتێك تێکچووبوو، کرم کتێبخانەکەی خواردبوو، کاتێکیش هەولێدا بەلۆعەی ئاوەکان بکاتەوە تەماشادەکات ماری لێدێتەدەر. چرپا گەورەکەیشی بووبووە بێخەفی مارو مێرو، وەك ئەوەی بەم چەند مانگە چەندین سەدە تێپەڕیبێت.

گەرماوەکانیش پڕبووبوون لە بۆقی چاونی شاخدار. چەقەڵێش بەشەودا دەهاتنو لەگەڵ هەڵکردنی بادا دەستیاندەکرد بە لورەلور، دارە زەبەلاحەکەیش دارزابوو، کێڵگەکانیش وشکبووبوون.

میرزا سەعید گەڕایەوە بۆ بیرستانو دەرگا ژەنگاویەکانی کردەوە، ئینجا دەستبەجێ رۆیشت بۆلای تەلەفونەکەو تەلەکەیی چڕی، چونکە چیتر باکی بەهیچ

نەمابوو، نەیشدەویست کەس پەیوەندی پێوەبکات. پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك دەرکی کرد خەریکە لەبرساندا دەمرێت، ئەوجا گەڕا بە شوێن خواردندا. باشتر وایە لەسەر ئەو کورسییە دانیشم‌و بیر لە دوایین ڕۆژی ژیانی نەکەمەوە، گوێی لە دەنگی کەسێك بوو گەڵای دارەکانی بە پێ دەشێلا. بۆنێکی بەهێزی بیست، بۆیدەرکەوت بۆنی سوتانی دارە گەورەکەیە، هێندەی نەبرد قەدی دارەکە بوو بە هەزار پارچەوە. ئەوجا ڕۆیشت بۆ ئەو شوێنەی کە بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا عائیشەی تیا بینی، لەوێ بەسەر خۆڵە وشکەکەوە ڕاکشا، بەرلەوەی چاوی داخات هەستیکرد دەستەیەك پەپوولە هەوڵدەدەن دزە بکەنە دەمییەوە. ئاوی دەریاکە هەڵیلوشی، کاتێ چاوی هەڵهێنا تەماشادەکات لەتەنیشتی عائیشەدایە، عائیشە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە جەستەی ژنەکەی ئەمەوە هاتەدەرو هاواری لە میرزا کردو وتی: "هێی! خێرا دڵت بکەرەوە" بەڵام میرزا تووشی شۆك بووبوو و هیچ وەڵامدانەوەیەکی نەبوو، فارگۆنی ئاسنینی دەبینی نوقمدەبوون، عائیشەیش لەگەڵیاندا نوقمدەبوو، دەیبینی ئاو لە دەمیەوە دێتەدەرو دەئاوسێت، تەواوی لەشی لە ملیەوە هەتا سەرو ڕانی بوو بە دووکەرتەوەو تیاچوو. عائیشەیش والابوو و هەموان شوێنی کەوتن، لەو ساتەدا ئاوەکە بوو بە دووکەرتەوەو هەموویان بەڕێکەوتن بەرەو مەککە، بەرەو خاکی عەرەب.

## بەشی نۆیەم

سەلاحەدین چمچا گەڕایەوە بۆ ماڵی باوکی تەماشادەکات باوکی تووشی دەردێکی کوشندە بووە، نەسرینی دووەمی باوەژنی پێیوت: "ماوەی دوو ساڵە کێشی دادەبەزێو ئەژنۆکانی ئازاری دێت، پێمانوابوو دەرکەوتەی پیرییە، هەرگیز نەماندەزانی تووشی ئەم دەردە پیسە کوشندە بووە". کاستوبرایش کە کۆنە باجی سەلاحەدین بوو هاتە ریزیانەوە، هێشتا هەر جلەکانی دایکی لەبەردەکرد، ئەمیش بەشبەحاڵی خۆی سلاوی لە سەلاحەدین کردو بەدەم ماچو باوەشکردنەوە کەوتە گریانو وتی: "من تا ئێستاش گەشبینم بەوەی پەرجویەك روودبداتو باوکت رزگار بکات، ئەو هێشتا هەناسە دەدات". پاشان کاستوبراو نەسرینی دووەم یەکتریان لەئامێز گرت، نەسرینی دووەم سەری نایەسەر شانی کاستوبرا، بە ئاشکرا دیاربوو خۆشەویستییەکی قوڵ لە نێوانیاندا دروستبووە، وەك ئەوەی ئەم دۆخەی مەرگ دەستی بەسەرداگرتووە هۆکارەکانی ئیرەیی‌و ناکۆکییەکانی ئەمانی شۆردبێتەوە. نەختێك دوای ئەوە نەسرین ئاوڕی بەڕووی سەلاحەدیندا دایەوەو وتی: "بابڕۆین، دەبێ زۆر بەخێرا باوکت بتبینێت". سەلاحەدینیش لێی پرسی: "ئایا ئەو جۆری نەخۆشییەکەی خۆی دەزانێت؟" ئەویش وەلامی دایەوەو وتی: "ئەو پیاوێکی زیرەکە، پرسیاری زۆریشمان لێدەکات، هەموو جارێك دەڵێت: تەنها دوو نەخۆشی دەبنە هۆی دروستبوونی ئەم کەمخوێنیەی من پێوەی دەناڵێنم، یەکێکیان سیلە، بەلام ناوی

نەخۆشیەکەی تر ناهێنێت". نەسرین بە خەمباری سەری نەوی کرد، سەلاحەدینیش لێی پرسی: "ئایا باشتر نییە راستییەکە بزانێت؟" نەسرینیش ساتێك بێدەنگبوو پاشان وتی: "ڕەنگە قسەکەی تۆ راست بێت". بەڵام کاستوبرا ئارامی لێبڕاو هاواری کرد: "نەخێر، چۆن دەتوانین جۆری نەخۆشی بە نەخۆش بڵێین، ئەمە رەنگە هەراسانی بکات".

شێرپەنجە لەشی شانجێری پیرەپیاوی دارزاندبوو، بەڕادەیەك دڵی نەیدەتوانی چالاکییەکانی خۆی ئەنجام بدات، سەلاحەدین دەرکی کرد باوکی لە ئەنجامی تەشەنەکردنی ئەم نەخۆشیەدا دەمرێت. رەنگە بەرلەوەی نەخۆشییەکە بیکوژێت دەرئەنجامەکانی بیکوژن، رەنگە بە زوخم تێزانی سییەکانی بمرێت، یان رەنگە بە ژانە گورچیلە بمرێت، پزیشکەکان ناردبوویانەوە بۆ ماڵەوە تاوەکو لەوێ چاوەڕوانی ئەو کۆتاییە لەگومان بەدەرە بکات، چونکە ئەم دۆخەی ئەو لە چارەسەرکردن نەدەهات نە بە تیشكو نە بە دەرمانی کیمیایی، تەنها یەك دەرمانیان بۆ نووسیبوو ئەویش کاری لەسەر خاوکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە دەکرد. کاستوبرا وتی: "وێڕای هەموو شتێك پەرجویەك لەم دۆخەی باوکتدا هەیە، چونکە ئەم نەخۆشیە واناسراوە تووشی هەر کەسێك ببێت ئازاری زۆری پێدەگەیەنێت، بەڵام ئەو هیچ ئازاری نییە، رەنگە لەبەرئەوەیش کە نوێژی بۆ دەکەین بەزەیی بەسەردا رژابێت".

سەلاحەدین داوای لێکرد لەگەڵیدا بێت بۆ بینینی باوکی، کاتێکیش بە هێمنی چووە ژوورەکەوە تەماشادەکات باوکی بەبێ جوڵە چاوی بڕیوەتە بانی ژوورەکە. پێیوابوو مردووە، بەڵام پیرەپیاوەکە چەند جارێك کۆکیو بەلای دەرگاکەدا ئاوڕیدایەوە، هێندەی نەبرد دەستی بەرەو کوڕەکەی راکێشا. سەلاحەدینیش بەپەلە رۆیشت بۆلایو دەستی لە دەستی ئاڵاند.

دیمەنێكی جوانە لەپاش چەند دەیەیەك دابڕانو لێكتر تووڕەبوون كوڕو باوكێك بەیەك بگەنەوە. سەلاحەدین تێبینی ئەوەیكرد باوكی بەجارێك بۆتە ئێسكەپەیكەر، بەچەشنێك كولمی بۆتە چاڵو چۆڵ، سەلاحەدین بیری لەوە دەكردەوە كە زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت ئەو دەمەی ماڵئاوایی لە باوكی دەكات هەمان ئەو دەمە بیناسێت.

لە بەرەبەیانی دووەم رۆژی هاتنی سەلاحەدیندا باوكی داوای لێكرد ریشی بۆ بتاشێتو وتی: "ئەم دوو ژنە نازانن چۆن گوێزانی كارەبایی بەكاربهێنن". ئەوەبوو سەلاحەدین ئارەزووەكەی باوكی بەجێهێنا، دوو ژنەكەیش بە وردی تەماشای ئەو دیمەنەیان دەكرد، كاستوبرا بە نەسرینی وت: "بڕوانە چۆن چاوی بڕیوەتە كوڕەكەیو هەر تەماشای دەكات".

ئەو رۆژە سەلاحەدین داوای لە دوو ژنەكە كرد ئەركی پێدانی دەرمان بە باوكی بسپێرن بەمەو خۆیشیان بچن لە شوێنی خۆیان بحەوێنەوە. ژنەكانیش بە سینگێكی فراوانەوە رازیبوون، ئەو رۆژە سەلاحەدین بەنێو كتێبخانەو ژوورەكاندا گەڕا، تەماشایكرد لەمپا مسەكە هێشتا هەر لەشوێنی خۆی ماوەو بەسەر یەكێ لە رەفەكانی ژووری خوێندنەوەوەیە. حەزیدەكرد لەمپاكە داگرێتو سێ جار دەستی لێخشێنێت بەو هیوای جنۆكەیەك یان دێوێكی لێبێتەدەرو ئاواتەكانی بۆ بەدیبهێنێت، بەڵام ئەمەی نەكردو لەمپاكەی خستەوە جێگەی خۆی، لەبری ئەوە رۆیشت بۆ ژوورەكەی باوكی تاوەكو دەرمانەكەی پێبدات.

ئەو شەوە دوو ژنەكە لە ژووری خۆیاندا مانەوە، سەلاحەدینیش لە ژوورەكەی باوكیدا مایەوەو چاودێریو خزمەتی دەكرد، پیرەپیاوەكە سێ كاتژمێر نووست، پاشان داوایكرد بیبات بۆ ئاودەست، بۆیە سەلاحەدین هاوكاری كرد لە

هەستانەوە، لەو ساتەدا تێبینی کرد باوکی چەندە لاوازبووە، ئینجا لاوازی ئێستایو قەڵەویەکەی جارانی بەراوردکرد بەیەك. کاتێکیش پیرەپیاو گەیشتە ئاودەستەکە رازی نەبوو سەلاح هیچ هاوکارییەکی بکات، کاستوبرایش لەمبارەیەوە وتی: "ئەو هەمیشە وایە، ناهێڵێت کەس یارمەتی بدات، چ پیاوێکی شەرمنە". لەکاتی گەڕانەوەیدا بەسوکی دەستی بەقۆڵی کوڕەکەیەوە گرت، لەو ساتەدا سەلاح ئارەزووی دەکرد باوەش بکات بە باوکیداو بیلاوێنێتەوەو گۆرانی بۆ بلێت، بەلام ئەو ئارەزووەی سەرکوتکردو وتی: "باوکە، من بەو هیوایە هاتووم هەرچی ناکۆکی نێوان منو تۆ هەیە نەمێنێت". ئەوجا شانجێر بە مشتی قۆڵی کوڕەکەی گرتو وتی: "ئەو مەسەلە هیچ بایەخێکی نەماوە، بە تێپەڕبوونی کات هەڵوەریوە".

بەیانی نەسرینو کاستوبرا بە جلی خاوێنەوە هاتنەوە، دیاربوو ئیسراحەتیان کردبوو، بەلام وتیان بە درێژایی شەو خەومان لێنەکەوتووەو خەیاڵمان هەر لای شانجێر بووە. دوو ژنەکە خۆیاندا بەسەر شانجێرداو کەوتنە ماچکردنی، سەلاحیش دوورکەوتەوە تاوەکو سەربەستانە گوزارشت لە خۆشەویستیی خۆیان بکەن.

لەڕۆژی دواتردا زبانی پیرەپیاوەکە ئاوسابوو، زۆر بەگران دەیتوانی قسە بکات یان شت قوتبدات، بۆیە هەر خواردنێکیان بۆدەهێنا نەیدەخوارد، دواجار نەختێك شۆرباو پەتاتەی هاڕاوی خوارد، لەگەڵ تۆزێك کیستەردا، هەر لەو رۆژەدا داوایکرد دەرگا بەڕووی هیچ کەسێکدا دانەخەنو وتی: "دەمەوێت هەندێ روخساری مژدەبەخش ببینم، ئەم روخسارە خەمبارە هێرشبەرانەی ئێوە ماندووی کردم".

لەو رۆژەدا زۆر دۆستو هاوڕێی هەمەجۆر هاتن بۆ سەردانی، لە پاش چوونەدەرەوەی هەموو ئەوانە کە هەندێکیان وێنەیشان لەگەڵ ئەم پیاوەدا گرت کە

سەری لە گوێی قەبر دەلەرزی، سەلاحەدین بە دوو ژنەکەی وت: "پێویستە راستیی جۆری نەخۆشییەکەیی پێبلێین".

ئەو شتەی سەلاح داوایدەکرد لە بەرەبەیانی رۆژی دواتردا کرا، ئەوەبوو داوایان لە بانکاری پزیشکی تایبەت کرد بێتو وەلامی هەر پرسیارێك بداتەوە کە بە خەیالی ئەم نەخۆشەدا دێت.

دوای ئەوەی پزیشکەکە رۆیشت، هەموویان چوونە ژوورەوە تا بزانن کاردانەوەی چییە، ئەویش پێیوتن: "من تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووم، نەخۆشییەکەیش بە تەواوی لە لەشمدا بلاوەی کردوە، ئەمەش هیچ بە لامەوە سەیر نییە، من هەر لە سەرەتاوە پێموتن بێگومان تووشی نەخۆشییەکی مەترسیدار بووم، ئەگینا بەمشێوە کەمخوێن نەدەبووم". کاتێك لە ژوورەکە هاتنەدەرەوە کاستوبرا بە سەلاحی وت: "سەرەتا کە هاتیت چاوەکانی گەشانەوە، ئێستا تەواو خامۆش بووە، پێموایە ناتوانێ تا ماوەیەکی زۆر بەرگری بکات".

ئێوارە سەلاحەدین هەر خۆیو باوکی بە تەنیا بوون، دوو ژنەکە سەرخەویان دەشکاند، شانجێر بە سەلاحەدینی وت: "دەمەوێت پێتبلێم من هیچ نەشلەژاوم، چونکە مرۆڤ چەندە بژی هەر دەبێ دواجار بمرێت، بەمزوانە بێت یان دواتر، مردنەکەیش دەبێ هۆکارێکی هەبێت. من بۆخۆم لە گەنجێتیدا نەمردوم، ئەوەتا ئێستا پیرم، خەیالی ئەوەم نییە بۆ کوێ دەچم، چونکە هیچ شوێنێکی تر لەدوای ئەمە بوونی نییە، بەلای منەوە ئەمە کۆتایی هەموو شتێکە. هیچ رێگریش لەو شتە ناکەم کە لێی دەترسم، ئەویش ئازارە، ئازار رێزی مرۆڤ لەلای خەلکی ناهێلێت، من نامەوێت تووشی دۆخێکی وەها ببم". سەلاحەدین لە دەنگیدا هەستی بە پەنهانی دەکرد، چەندە باوکی خۆشدەویست کاتێ ئەم قسانەی دەکرد هێندە ئەو

قسانە بۆ ئەم بەسود بوو، ئەوەبوو سەلاحەدین وەلامی باوکی دایەوەو وتی: "پزیشکەکان هاودەنگن لەسەر ئەوەی ئەم دۆخەی تۆ دۆخێکی دانسقەیە، لە ملیۆنێك دۆخدا دۆخێکی دانسقەی تێدایە، وادیارە تۆ هیچ ئازارت پێناگات". سەلاح هەستیکرد باوکی بە بیستنی ئەم قسانە حەواوەتەوە، ئەوەبوو بە سەلاحی وت: "کەواتە من ئامادەم، هەر بەو بۆنەوە ویستم پێتبڵێم: کاتێ ئەم بارودۆخە کۆتایی دێت دەتوانیت لەمپاکە بۆ خۆت بەریت". پاش کاتژمێرێك لەو دیدارە پیرەپیاوەکە تووشی نۆرەیەکی توندی سکچوون هات، هیچ دەرمانێك کەڵکی نەبوو، جگەلەوەش هیچ خواردنێکی نەدەخوارد.

کاتژمێر سێ شانجێر لەوپەڕی لاوازیدابوو، سەلاحەدین بڕیاریدا دەستبەجێ بیگوازێتەوە بۆ نەخۆشخانە، گیانەلای پێکەوتبوو، هەر بۆیە شانجێر وتی: "هەندێ توشبووی شێرپەنجە نەخۆشییەکەیان زۆر بە هێواشی بلاوە دەکات، بەلام وادیارە توشبوونەکەی من لە جۆرێکی زۆر خێرایە". سەلاحەدین بە درۆ پێیوت: "گوێمەدە باوکە، باشدەبیت". وەلێ باوە سەری بزواندو وتی: "من پیاوم کوڕی خۆم" ئەوجا سینەی لەرەلەری پێکەوت‌و کەوتە رشانەوە. رشانەوەکەی تێکەڵبوو لەخوێن، زۆر بەپەلە گەیاندیانە نەخۆشخانەیەکی نزیك ماڵەوە، لە قاوشێکدا لەسەر چرپایەك رایانکشاند، پەنجەرەکان داخرابوون، سەلاح لێی پرسی: "باوکە پەنجەرەکانت بۆ بکەمەوە؟" باوە وتی: "نەخێر" سەلاحەدین پاش ماوەیك درکی کرد ئەو وشەیە دواین وشە بووە کە باوکی درکاندوویەتی.

شانجێر بە ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن برایەوە بۆ ماڵەوە، پاش ئەوەی پیاوێك شۆردی پارچەیەك پەڕۆی رەشی خستە دەمیەوە، ئەو پیاوە بە سەلاحی وت: "ئەم پەڕۆ پیرۆزە، لە مەککەوە هێنراوە". سەلاح هاواریکرد: "خێرا دەریبهێنە لە دەمیا".

پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی: "من نازانم مەبەستت چییە، دەڵێم ئەم پەڕۆ لە مەککەوە هێنراوە". سەلاّح بەدەنگێکی بەرزتر هاواریکردو وتی: "تۆ باش تێدەگەی مەبەستم چییە، پێموتی خێرا دەریبهێنە". پیاوەکە بە خەمباری وتی: "خوار بەزەیی بە رۆحتدا بێتەوە!" دواجار شانجێر چمچا والی نێژرا، سەلاّح خستیە نێو ئەو گۆڕەی کە وەك دوایین ئارامگە بۆی دەستنیشانکرابوو.

کەسێك نوسیوویەتی دەڵێت: "ئێمە ناتوانین بیسەلمێنین جیهان راستەقینەیە تەنها ئەو کاتە نەبێ کە دەمرین".

کاتێ سەلاّحەدین لە گۆڕستان گەڕایەوە، ئەو لەمپا مسە چاوەڕێی بوو کە لە باوکییەوە بە میراتی بۆی مابووەوە. چووە ژووری خوێندنەوەوەو دەرگای لەسەر خۆی داخست، هێندەی نەبرد لەمپاکەی گرت بەدەستیەوەو لەسەر مێزەکەی باوکی دانیشت، ئینجا دەستەسرێکی لە گیرفانییەوە دەرهێناو سێ جار لە لەمپاکەی خشاند..

گلۆپی ژوورەکە کرایەوەو زینات وەکیل هات بەژووردا، بەدەنگی بەرز وتی: "ئەی خوایە، رەنگە حەزت کردبێ گلۆپەکان کوژاوەبن، بەلاّم کەشی ئێرا زۆر دڵتەنگە، بمبورە کەوا پێشتر نەهاتم بۆ سەردانت، لە چ کاتو لە چ بۆنەیەکدا هاتم، بەهەرحاڵ من خۆشحاڵم بە بینینت، هەی هەتوی هەژار!".

زینات هەر وەك جاران کەسێك بوو حەزی دەکرد گرنگی بە هەموو شتێکی ژیان بدات، گرنگی بەوە دەدا لە کۆڕە هونەریەکاندا بەشداربێت، بەردەوامیشبوو لەسەر کاری خۆی لە نەخۆشخانە، هەمان ئەو نەخۆشخانەی باوکی سەلاّحی تێدا مرد، لە چالاکی سیاسییشدا هەر بەردەوام بوو! زینات بە سەلاّحی وت: "ئەو دەمەی تۆ هاتیت بۆ نەخۆشخانە من لەوێ بووم، بەلاّم لەم دواییەدا زانیم

باوکت مردوە، من چ سۆزانییەکم، ئەگەر دەتەوێت بمکەدەرەوە هیچ ڕێگریت لێناکەم". زینات ژنێکی بەخشندە بوو، سەخیترین‌و بەخشندەترین ژن کە لە ژیانیدا ناسیبێتی ئەو بوو. سەلاحەدین بەوپەڕی خۆڕسکییەوە وڵامی دایەوەو وتی: "من تۆم خۆشدەوێت!" زیناتیش وتی: "باشە، لەمبارەیەوە وەڵامت نادەمەوە". شادمانی دەموچاوی زیناتی پۆشیبوو کاتێ درێژەی بە قسەکانی داو وتی: "مارەییەکەم ئەوەیە دەبێ دەروونت هاوسەنگ بکەیتەوە، چونکە دیارە تێکچوویت! بەهەرحاڵ ئەم قسەیەی ئێستا کردت دەبێ پاش چل ڕۆژی تر دووبارەی بکەیتەوە –دەبێ وریا بیت– چونکە ئەوکات ئەگەر بلێیت خۆشمدەوێیت بە جددی وەریدەگرم، بەڵام ئێستا ڕەنگە تەنها مەبەستێکی سادەت لە پشتییەوە هەبێت".

ئەو ژیانەی لە ئینگیلتەرا بەسەریبرد، بە هەموو دەردەسەری‌و ئازارێکەوە، رووی‌و بەسەرچوو، ئەوەتا ئێستا ژیانێکی نوێ دەستپێدەکات، ژیانێکی گەشی رووناك، ژیانێك کە هیچ شتێك ناتوانێت بەری پێبگرێت مەرگ نەبێت، ژیانێك بە هەتیوی دەستپێدەکات هەر وەك موحەممەدو ئەوانی تر، ژیانێك کە وەك لەمپایەکی جادوویی گەشاوەیە.

ئێستا پڕ بە مانای وشە دەوڵەمەند بووە، چونکە بە پشت بەستن بە وەسێتنامەکەی باوکی بووەتە خاوەنی بەشێك لە قازانجەکانی پڕۆژە بازرگانییەکان. ئەوی تریشی، باوکی وەسێتی کردبوو دابەشبکرێت لە نێوان نەسرینی دووەمی ژنی‌و باجی کاستوبرادا. سەلاح بیری لەوە کردەوە لە پاش مردنی ئەم دوو ژنەش هەموو شتەکان دەبن بەهی خۆی. خانووە کۆنەکەش لە پشکی کاستوبرا بوو، ئەو کاستوبرایەی باوکی سەلاحەدینی بە (پارچەی سێهەمی) خۆی دەزانی. کاستوبرا دەستبەجێ ئاشکرایکرد ئەو خانووە دەفرۆشێت بەو کەسانەی حەزیان لە خانووی

دێرینه، سەلاحەدینیش بە توندی نارەزایی دەربڕی، چونکە هەستیدەکرد کارێکی وەها سوکایەتیکردنە بەرامبەر بە یادگارییەکانی خۆیو دایکو باوکی، بەلام زینات هێوری کردەوەو پێیوت: "واز لە هەموو ئەمانە بهێنە، بەهەرحاڵ تۆ ناتوانیت لە خانوویەکی وەهادا بژیت کە زیاتر لە مۆزەخانە دەچێت وەك لەوەی لە ماڵ بچێت". سەلاح هەستیکرد زینات راستدەکات، ئەوجا بڕیاریدا هەرشتێك پەیوەندی بە رابردووەوە هەیە لەبیری بکاتو تەنها بیر لە ئاینده بکاتەوە، زیناتیش بردی بۆلای ئەو هاوڕێیانەی دوایین جار لە بۆمبای بینیبوونی، هەر لەوانیشەوە یەکەمجار هەواڵی گەڕانەوەی فریشتە جوبریلی بیست، بۆ ئەوە هاتبووەوە مێژووی جارانی وەدەست بهێنێتەوە.

سەلاحەدین تێگەیی لەوەی جوبریل دەیەوێت دەست بەو پەتەوە بگرێت کە دەیگەیەنێتە ئەو شکۆمەندییەی لە بۆمبای بەدەستیهێنا، شکۆمەندی ئەستێرەیەکی سینەمایی مەزن. قسەو باسی ئەوەیش هەبوو گوایە جوبریل بەهۆی شکستهێنانی لە خۆشەویستیداو بەهۆی ئەوەی (ئالیلۆیا کاون) بەجێیهێشتووە برینداربووە، پاش ئەو ئاگرەی لە بیزکهول کەوتەوە.

سەلاحەدین ئەوەیشی زانی جوبریل هەموو توانایەکی خستۆتەگەڕ بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێك لەبارەی چیرۆکێکی ئایینیی مێژوویی، بەلام دەیەوێت سەرجەم کەسایەتییەکانی ئەو چیرۆکە کولتوورییە بە جلوبەرگی سەردەمیانەوە دەرکەون، هەر بۆیە زۆربەی ئەوانەی گرێبەستیان لەگەڵدا واژۆکردوە دەستیان لە فیلمەکە هەڵگرتووە، چونکە بە تێڕوانینی ئەوان کارێکی لەو جۆرە کوفرو گومڕاییە. لەهەموو شتێك سەیرتر ئەوەبوو جوبریل بۆنی هەناسەی دەمی وەك جاران بۆگەن ببووەوە. لەهەموو شتێکیش خراپتر ئەوەبوو کۆمەڵێك ئەفسەری پۆلیس

لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردبوو لەبارەی مردنی ریخا میرسانتەوە، مێردەکەی ریخایش سوێندی خواردبوو هەرکاتێك ببینێت ئێسکی دەشکێنێت، بۆیە جوبریل ناچار بۆ هەرکوێ دەچوو پاسەوانی تایبەتی لەگەڵ خۆی دەبرد.

دوای دوو رۆژ سەلاحەدین لە یەکێ لە رۆژنامەکاندا هەواڵێکی خوێندەوە تێیدا هاتووە دەڵێت کۆمەڵێك شاخەوان بەرێوەن بۆ هیندستانو دەیانەوێت بەسەر (لوتکەی شاراوە)ـدا سەرکەون کە دەکەوێتە چیاکانی هیمالایا، لەنێو ئەو کەسانەشدا شاخەوانی بەناوبانگو شاژنی ئیڤرست خاتوو ئالیلۆیا کاونە. لەپاش خوێندنەوەی ئەو هەواڵە سەلاحەدین هەستیکرد بۆ هەر کوێ دەچێت وەدوی دەکەون، هەستیدەکرد خێو شوێنی کەوتووە، خەونێکی چارەنوسسازیش هەیە پەیوەستە بەمەوە، لەدڵی خۆیدا وتی: "ئێستا باش دەزانم خێو چییە، خێو پرۆژەگەلێکە بەو کۆتاییە نەگەییوە کە پێشتر لەچارەی نووسراوە".

ئالیلۆیا کاون بەراستی دوو رۆژ دوای ئەو بەروارە گەیشتە بۆمبای، سەلاح تێگەیی ئالیلۆیا بە تەواوی لە دەردو ئازارەکانی قاچی رزگاری بووە، ئینجا پەیوەندیشی لەگەڵ جوبریلدا کۆتایی پێهاتووە، سەلاح بەخۆیی وت: "داخۆ بۆچی هاتبێت بۆ ئێرە؟ بێگومان چارەنووسێکی لەگومان بەدەری تراژیدی لەم شارەدا چاوەڕوانیەتی". زیناتیش لەو قۆناغەدا زۆر بەخەمی سەلاحەدینەوە بوو، چونکە سەلاحەدین خۆی نوقمی چالاکییە سیاسییەکان کردبوو، جارێکیان پێیوت: " ئازیزم سەلاحەدین، ئەگەر سوریت لەسەر ئەوەی ئەو ئینتیما بیانییە لەخۆت بتەکێنیت، تکاموایە وریابیتو نەگەیتە دۆخێك هیچ ئینتیمایەکت نەمێنێت. تەنها چارسەرێکیش ئەوەیە ئەم شارە لە ئامێز بگریت –شارەکەی خۆت– دەبێ بە سەرجەم کەموکورتیو هەڵەکانییەوە قبوڵی بکەیت، دەبێ هەوڵبدەیت ببیتە یەکێك لە

دانیشتوانی ئەم شارە، دەبێ بەو جۆرە ئینتیمات بۆی هەبێت کە هەیە، نەك بەو جۆرەی تۆ دەتەوێت". سەلاحەدین پاش ئەوەی زینات بە تەنها جێیهێشت، لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە: "داخۆ دەمەوێت جوبریل ببینم؟ ئایا تەلەفون بکەم بۆ ئالیلۆیا؟" هاودەم لەگەڵ ئەوەی ئەم پرسیارانەی لە خۆی دەکرد، هەستیدەکرد شتێك خەریکە روودەدات، بەڵام نەیدەزانی ئەو شتە چییە، نەیشیدەزانی چی بکات تاوەکو نەهێڵێت روویدات، بەڵام دڵنیابوو ئەو شتە رووداوێکی زۆر خراپ دەبێت.

لە رۆژی دواتردا رۆژنامەکان هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە تەرمی بەرهەمهێنەری سینەمایی ناسراو سیسودیا لە شوقەکەی فریشتە جوبریلدا دۆزراوەتەوە، پاش ئەوەی پێنج فیشەکی دەمانچە راستەوخۆ نراوە بە دڵییەوە. هاوکات رۆژنامەکان رایانگەیاند فریشتە جوبریل دیارنەماوەو خراوەتە ریزی گۆمانلێکراوەکانەوە، روونتر بڵێین گومانلێکراوی یەکەمە، بە تایبەت پاش ئەوەی تەرمی ئالیلۆیاش لە حەوشەیماڵەکەیدا دۆزراوەتەوە، سەلاح بە زیناتی وت: "نازانم، حەزدەکەم لەم کەشە تاوگرتووە خۆم دووربخەمەوە، پێمباشە بچمە ماڵە کۆنەکەو بۆ ماوەیەك لەوێ بمێنمەوە". ئەوەبوو سەلاح دەستبەجێ ئەم قسانەی کرد بە فرمان.

سەلاحەدین لە پەنجەرەی ئەو ژوورەدا سەری بەرەو دەریاکە دەرکێشابوو، ئەو ژوورەی رۆژێك لە رۆژان لە تەمەنی منداڵیدا خۆشیدەویست، کاستوبرا بە توندی لە دەرگای داو وتی: "پیاوێك هاتووە دەیەوێت بتبینێت، ئەو پیاوەیە کە ناوی جوبریلە، ئەوەی رۆژنامەکان باسیدەکەن. من دەترسم، نازانم چی بکەم، کردمە ژووری خوێندنەوەوە، ئێستا ئەو لەوێ چاوەڕوانت دەکات، بەڵام رەنگە واباشتر بێت نەیبینیت. باشتروایە پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەم، ئەمە کارێکی

مەترسیدارە". سەلاّح وەلاّمی دایەوەو وتی: "نا، نا، پەیوەندی بە پۆلیسەوە مەکە، دەچم دەیبینم".

جوبریل لەسەر لێواری چرپاکەی شانجێر دانیشتبوو، لەمپا جادووییەکەیشی گرتبوو بە دەستەوە. جلەکانی بەری پێس‌وپۆخڵ بوون، سیمای شاربەدەری پێوە دیاربوو، چاوەکانی شلەژابوون. ئاماژەی بۆ کورسییەکی تەنیشتی خۆی کردو بە سەلاّحی وت: "وەرە نازدار لەتەنیشتم دانیشە". سەلاّح سەرکێشی کردو وتی: "سیمات یەجگار قێزەونە" جوبریلیش وتی: "دەمت داخەو دانیشە بزانە چیت پێدەلێم".

سەلاّح لە دلّی خۆیدا وتی: "کەواتە تۆ بوویت ئەمەت کرد، تۆ بوویت سیسودیاو ئالیلۆیا کاونت کوشت".

جوبریل چاوی داخستو بێوچان بە تورەییەوە کەوتە قسەکردنو وتی: "لە راستیدا ئەوان کە هاتن بۆلام، کۆنترۆلّی خۆمم پێنەدەکرا، هەمیشە هەستمدەکرد بەشێك لەخۆم لەدەرەوەی جەستەم وەستاوەو فەرمانم پێدەدات، من بۆخۆم دەمزانی فریشتەی خوام، جوبرائیلی تۆلّەسێنم، فریشتەی تۆلّەسەندنەوەم. ئیشی من ئەوەبوو سەرەتا تۆلّە لە خۆم بسێنمەوە، چونکە مرۆڤ بووم، پاشان تۆلّە لە ئافرەت بسەنمەوە، تۆلّە لە هەرچی ئەو شتانە بسەنمەوە کە مێینەن. ئەو پیاوە ئالیلۆیای لەگەلّ خۆی هێنابوو، نیازی نەبوو هیچ خراپەیەك بەرامبەر بە من بکات، بەلاّم لەو ساتەدا گوێم لەو هۆنراوانەبوو لە هەناومەوە دەهۆنرانەوە، ئیدی ئالیلۆیا لەبەرچاوم گۆڕا، ئەوەبوو بە جێمندان پیایدا شۆڕبوومەوە، پێمدەوت: هەی سۆزانی، لە بێهۆشیدا کەوتمە تەقەکردنو چەند فیشەکێکم نا بە دلّی کابراوە. لەو ساتەدا ڕێخا بەسەر قالّییەکەیەوە بە بەرچاومدا دەفڕی، تۆ بێگومان ڕێخات وەبیر دێت، ڕێخا

رایوابوو ئالیلۆیا بەرمە سەر بانی تەلارەکە، کاتێکیش مرۆڤ دەچێتە لوتکە، هیچی لەبەردەم نامێنێت جگە لە هاتنەخوارەوە، من پاڵم بە ئالیلۆیاوە نەنا، ڕێگا پاڵی پێوەنا، خۆ من نەمدەتوانی شتی وەها بکەم، لێمتێدەگەیت نازدار؟ بۆخاتری دۆزەخ، من ئەو کچەم زۆر خۆشدەویست".

لەپڕ بە توندی لە دەرگا دراو هاوارکرا: "دەرگاکە بکەنەوە". کاستوبرایش هاواریکرد: "ئەمانە پۆلیسن". کەواتە کاستوبرا کاری خۆتت کردو پۆلیست بانگکرد.

جوبریل سەرقاپی لەمپا سەیرو سەمەرەکەی هەڵدایەوە، هێندەی نەبرد خستیەخوارەوەو دەنگێکی بێزارکەری لێوەهات، جوبریل دەمانچەیەکی لەناو لەمپاکەدا شاردبووەوە، ئەوانەی لە دەرگاکەیان دەدا بۆ ساتێك راوەستان، سەلاح هاواری لەوانەی دەرەوە کردو وتی: "وریابن، ئەم ژوورە پیاوێکی چەکداری لێیە". جوبریل لەمپاکەی گرتە دەستو خێرا دەمانچەکەی دەرهێنا.

سەلاح وایلێهات وەك ئەوەی لەدەرەوەی گۆڕەپانی رووداوەکاندا بێت، وەك جوبریل کە بێگومان لەژێر کاریگەری نەخۆشییە دەروونییەکەیدا بوو. جوبریل بە سەلاحەدینی وت: "من لەمێژە پێمووتی ئەم نەخۆشییە یەخەم بەرنادات، پێموتی ناتوانم بەرگەی بگرمو ناشتوانم لێی سەرفەرازبم".

سەلاحەدین لەجێی خۆیدا چەقیبوو، نەیدەتوانی هیچ جوڵەیەك بکات، هەوڵیدا شتێك بکات، بەڵام بەرلەوەی دەستی بجوڵێنێت جوبریل دەمانچەکەی ئاڕاستەی خۆی کرد، خستییە دەمییەوەو دەستی بە پەلەپیتکەکەدا نا، لەو ساتەدا لەهەموو شتێك رزگاری بوو!

سەلاّح لەلای پەنجەرەکەدا وەستاو بە رامانەوە تەماشای دەریای عەرەبی کرد، مانگ خەرمانەی دابوو، تەواوی کەناری دەریاکەی رووناك کردبووەوە. لە دلّی خۆیدا وتی: "ئەم شوێنە با بچێتە ئامێزی شەیتانەوە، با بلدۆزەر بێتو رەگو ریشەی هەلّکێشێت". لەو ساتەدا زینات وەکیل لەدوایەوە وتی: "دەی سەلاّح، دەی وەرە با بڕۆین بۆ مالّی من، با لێرە دەرچین بۆخاتری دۆزەخ". سەلاّحەدینیش وتی: "دێم لەگەلّت". ئینجا ئاوڕی دایەوەو لەو شوێنە دوورکەوتەوە.

## کۆتایی

# The Satanic Verses

## Salman Rushdie

سەلمان ڕوشدی

ئایەتە شەیتانییەکان

وەرگێرانی : شێروان فەد